ئەمجەد شاکەلی

# زمانی کوردی
# ناسنامە و نیشتمانی کوردە

**ناوی کتێب:** زمانی کوردی ناسنامە و نیشتمانی کوردە
**بابەت:** زمانەوانی
**نووسەر:** ئەمجەد شاکەلی
لە بڵاوکراوەکانی رۆژنامەی کۆمەڵ ژمارە (14)
**ژمارەی نێودەوڵەتی:** ISBN91-631-6132-X
**ساڵی چاپ:** 2011
**تیراژ:** 500
**دیزاین:** ڕەوشت محەمەد
**نرخ:** باس و دیدار
**چاپخانە:** شڤان

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانەکانە گشتییەکان
ژمارەی (1659)ی ساڵی 2011ی پێدراوە

بۆ باوکم،

بۆ دایکم،

کە یەکەم وشەکانی زمان و ژیانیان فێرکردم

# دەسپێک

ساڵانێک پێش ئەمڕۆ، لە ئەڵمانیا بە دیداری ڕەوانشاد"موحەممەد سەعید بەگی جاف"، یادی بەخێر، کە ڕووناکبیر و نووسەرێکی توانا بوو و دۆستێکی دێرینی باوکیشم بوو، گەیشتم. ماوەیەک پێش ئەو کاتە، لە جێیەکدا گوتارێکم بڵاوکردبووەوە و لەوێدا وشەی"زمان"ی تێدا بوو و میری جاف دیتبووی. لێی پرسیم، بۆ وشەی"زمان"ت بەکاربردووە و نەتگوتووە"زبان یا زوبان"! پێمگوت، ئێستا کورد زۆرتر"زمان" بەکار دەبەن، هەر بۆیە منیش "زمان"م بەکار بردووە، دەنا نازانم بۆ! نازانم جیاوازییەکانیان چین و کامیان ڕاستە و کامیان ڕەسەنە و کامیان کوردییە و کامیان کوردیی نییە!

دوای ئەو هەموو ساڵە، ئێستایشی لەگەڵ بێ، ئەوەم بۆ یەکلایی نەبووەتەوە. زمان، ئەزمان (بە کرمانجی سەروو)، زبان، زوبان و زوان، هەموو ئەم وشانەی لە کوردیدا بەکاردەبرێن، کامیان ڕاست و دروستە، من بۆ خۆم نایزانم، چونکە نە زمانزانم و نە پسپۆرم لە زماندا و نە ڕەگوڕیشە و بنجوبناوانی زمانان دەزانم و نە تا ئێستاش، نەک هەر ئەو وشانە، بەڵکە سەدان وشەی دیکەی کوردیی، یەکلایی نەکراونەوە و کەس ڕاستی و دروستییان نازانێت و هەریەکە، بە ئارەزووی خۆی دەیڵێ و دەینووسێ. فارس، کە نزیکترین نەتەوەن لە کوردەوە، وشەی"زبان" بەکار دەبەن و ئەویش وشەیەکی پەهلەوییە و بە شێوەی "زوفان" و "زوان"یش گوتراوە. لای کورد، هەندێ جار ڕێک وەک زەبان"زبان"ە فارسییەکە بەکار براوە و هەندێ جاریش کراوەتە"زبان، زوبان یا زوان". ئێستایش لەکن کوردی لەک و کەڵهوڕ و لوڕ و گەرمیانی، هەر دەگوترێ"زوان". ئیدی "زبان، زوبان و زوان" چۆن بوون بە "زمان"، من ئەمە نازانم!

زمان، بە کوردی، بێجگە لەوەی ئەو پارچە گۆشتەیە لەنێو دەمدا، کە بە هۆیەوە هەست بە چێژی خۆراک و خواردنەوە دەکرێ و پاروو پێ بەرەوخوار دەگلێنرێ، ئەو ئامرازەیشە،کە مرۆڤ پێی دەپەیڤێ و هەستی خۆی بە دەنگ و وشە و قسە دەردەبڕێ و مرۆڤ پێکەوە گرێدەدات و دەبەستێتەوە و بە هۆیەوە لەگەڵ یەکدی دەتوانن بپەیڤن و لەیەکتر تێبگەن و پێوەند ساز بکەن.

لە کوردیدا، وەک وشە و واتا و بەکاربردن و گوتن و لە ڕووی ڕێزمانەوە، ئەو جیاوازییەی، لەنێوان ئەو پلەگۆشتەی نێو دەم و ئەو ئامرازەی پەیڤین و پێوندەی نێوان مرۆڤ و مرۆڤ، وەک ئەوەی لە هەندێ زماندا دوو ناویان هەیە، نییە. کورد بۆ هەردوو ئەو دووە، یەک وشەی هەیە ئەویش "زمان"ە. عەرەب بە پارچەگۆشتەکەی نێو دەم دەڵێن: لیسان"لسان" و بەوی دیکەش دەڵێن: لوغە"لغة". ئینگلیز"Tongue" و "Dialect, Speech ,Language"یان هەن و لە زمانی سوێدییشدا "Tunga" و "Språk" هەن. زمانی فارسییش وەک کوردی وایە و بۆ هەردوویان یەک وشەی هەیە، کە زەبان"زبان"ە. بریا کوردیش، وەک عەرەب و ئینگلیز و سوێدی، دوو وشەی جودای بۆ ئەو دووە هەبووایە.

فێردینانـد دۆ سۆسـوور( Ferdinand de Saussure/1857 -1913 )ی زمـانزان (لینگویست)ی سویسری، پێیوایە، زمان، ئامرازی ئاخافتن و پێوەند، دەشێ بکرێتە دوو بەشەوە و لە دوو لایەنەوە باس بکرێت: یەکەمیان، وەک ئامرازی دەنگ و پەیڤین و دەربڕین و پێوەندی نێوان مرۆڤ و مرۆڤ. دووەمیشیان، وەک ڕێزمان و سیستمی بەکاربردنی وشە و ڕستە و پێکهاتە و بینا و قانوونەکانی زاراوەسازی و زمانی نووسین.

گەلێ جار بیرم بە لای ئەوەدا چووە و پرسی ئەوەم لا دروست بووە، کە ئەگەر هاتبا و زمان نەبووایە، ئایا جیهان چۆن دەبوو! هەموو یەکێک لە ئێمە، دەتوانێت وێنای وەها ڕەوش و بارێک بکات، چونکە نموونەی زیندووی گیانلەبەر و ئاژەڵمان لەبەرچاوە، کە بە لای یەکدا دێن و دەچن و تێدەپەڕن، جاری وا هەیە مڕەیەک، باڕەیەک، زەڕەیەک، باعەیەک، جووکەیەک، وەڕینێک، حیلکەیەک، فیشکەیەک، مرخەیەک، جریوەیەک، گمەیەک، قووقەیەک و...لەیەکدی دەکەن و جاری وایش هەیە، هەر هیچ و بێ دەنگ بە کن یەکدیدا دێن و دەڕۆن، بێ ئەوەی تەنانەت بچووکترین سرتە و ورتەیان لێوە بێت. ئاژەڵ، هەندێ جار بێ هیچ پێشەکییەک، پەلاماری یەکدی دەدەن و دەکەونە وێزەی یەکدی و جاروباریش سەلارسەلار، بە تەنیشت یەکدیدا دەڕۆن، بێ ئەوەی هێچ لەنێوانیاندا ڕوو بدات و جارجاریش، لە یەکتر نزیک دەبنەوە و خۆشەویستی و نزیکایەتی پێشانی یەکدی دەدەن. ئاژەڵ، لەگەڵ یەکدیدا قسان ناکەن و ناتوانن هەستەکانی خۆیان بە وشە دەربڕن و باس لە ژیان، داهاتوو، ڕابوردوو، خۆشەویستی، جوانی، چەوسانەوە، هەژاری، نادادی، ناڕەوایی، گەشت، هزر، پارە، ئایین، فەرهەنگ، سیاسەت و...بکەن. مەگەر تەنێ لای بلیمەتانێکی وەک: فەریدوددین عەتتار (فریدالدین عطار)، لە

مەنتیقولتەیر (منطق الطیر)ەکەیدا، کە سیمورغ، بولبول، سۆنە، تووتی، کونەپەپوو، تاووس، پەپووسلێمانی و...هەموو قسان دەکەن و بیر و ڕای خۆیان هەیە، یا لەکن جۆرج ئۆروێل، لە کێڵگەی ئاژەڵەکەیدا، کە بەراز، پەز، کەر و...هەموو هاوڕێیانیان دەبنە شۆڕشگێڕ و نەخشەی شۆڕش دادەڕێژن و ڕادەبن. ئاژەڵ مێژووی نییە و هێندە قووڵ و ڕەگاژۆ بە نێو پێشینە و پاشخانی خۆیاندا ناگەڕێن و ڕۆ ناچن و نایخوێننەوە و هێندەش داهاتوویەکی دوور نابینن و ناتوانن بیری لێ بکەنەوە. ئەگەر ئەو دەنگانەی ئاژەڵ دەیدەرێنن، بە زمان بێنە ئەژمارتن، ئەوا تەنێ لایەنی یەکەمی پێناسەکەی "دۆ سۆسوور" دەیانگرێتەوە و لایەنی ڕێزمان و قانوون و شیکردنەوە و پێکهاتە و زاراوەسازی و...نایانگرێتەوە. مرۆڤیش، ئەگەر زمانی نەبووایە، هەر وا دەبوو، ڕێک وەک ئاژەڵ دەبوو و هیچی دی.

زمانی کوردی، یەکێکە لە زمانانی ئێرانی و ئەو زمانانەش لقێکن لە زمانانی هیندۆ-ئێرانی و هیندۆ - ئەورووپایی. تۆ ناتوانیت لە پێگە و شوێن و دیرۆکی زمانی کوردی تێبگەیت، ئەگەر ئاوڕێک لە مێژووی زمانانی ئێرانی و چۆنیەتیی دابەشبوونیان نەدەیتەوە.

لە ڕووی مێژووییەوە، زمانانی ئێرانی بە سەر سێ قۆناغدا دابەش دەبن: ئێرانیی کۆن، ئێرانیی نێوەند(ناوەڕاست، ناوەند) و ئێرانیی نوێ. بە گوێرەی نێزیکایەتی و خزمایەتی زمانانی ئێرانی لەیەکدییەوە و لە گوێن شوێن و جیۆگرافیایان، دەبنە دوو بەشەوە: گرۆی باکوور و گرۆی ڕۆژاوا. گرۆی باکوور، بەسەر دوو شێوەی باکووری ڕۆژاوا و باکووری ڕۆژهەڵاتدا، دابەش دەبێ و گرۆی ڕۆژاواش، بەسەر باشووری ڕۆژاوا و باشووری ڕۆژهەڵاتدا، دابەش دەبێ.

<u>ئێرانیی کۆن:</u> فارسیی کۆنیشی پێ دەگوترێ و ئەمە لە گرۆی زمانە ئێرانییەکانی باشووری ڕۆژاوایە، کە لە سەردەمی هاخامەنشییەکان(521 – 331ی پ.ز )دا، پێی نووسراوە. ئاڤێستایی، کە دەقەکانی "ئاڤێستا"، کتێبە پیرۆزەکەی زەردەشتی پێ نووسراوەتەوە، ئەویش بەشێکە لە ئێرانیی کۆن، کە لە سالآنی 300ەکانی زاییندا، نووسراوەتەوە. ئێرانیی کۆن بە تیپی بزماری نووسراوە و ئاڤێستاییش لەسەر بنەمای ئەلفبێی ئارامی نووسراوە و بزوێنی تێدا بەکار براوە. زمانی میدی، کە لە دەوڵەتی میدییەکاندا لە نێوان( 549 — 700ی پ.ز ) بەکار براوە و زمانی سکایی، هیچکامیان نووسراویان لە پاش جێ نەماوە و نییە.

ئێرانیی نێوەند: پارسی لە سەردەمی دەوڵەتی ئاشکانیاندا( 250ی پ.ز — 226ی زایینی ) بەکار براوە. ئێرانیی نێوەند، پەهلەویشی پێ گوتراوە و لە نێوان( 226 – 651ی زایینی ) لە ئێراندا بەکار براوە. ئالانی، سوگدی( کە لە ساڵانی 300ەکانەوە تا دووسەد ساڵێک دواتر بەکار براوە ) و خوارەزمی، وەک ئێرانیی ناوەند دەژمێردرێن.

ئێرانیی نوێ: لە فارسیی نوێ، کوردی، بەلووچی، ئۆسسەتی، یاغنۆبی، دەڕی و تاجیکی پێکهاتووە. ئەم زمانانە زیندوون و لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا بەکار دەبرێن.

لە ڕووی جیۆگرافیاییەوە، زمانانی ئێرانی، دەڤەر و ڕووبەریکی زۆری زەوی دەگرنەوە، لە ڕۆژهەڵاتی ناڤینەوە تا ئاسیا. لە وڵاتگەلێکی وەک ئێران، عیراق، تورکیا، سووریا، ئەفغانستان، پاکستان، گورجستان، ڕووسیا، ئەرمەنستان، ئازەربایجان، قیرغیزستان، تاجیکستان و چین، زمانانی ئێرانی بەکار دەبرێن.

زمانی فارسیی؛ کە لە دەسپێکدا شێوەزاری دەڤەری فارس بووە لە ئێران و کە زمانێکی ئێرانی باشووری ڕۆژاواییە، لە ئێران و ئەفغانستان( لەوێ دەڕیشی پێ دەگوترێ ) بەکار دەبرێ. بەلووچی؛ لە ئێران، ئەفغانستان و پاکستان، پەشتۆ؛ لە ئەفغانستان و پاکستان، ئۆسسەتی؛ لە گورجستان و ڕووسیا، یاغنۆبی؛ لە تاجیکستان و ئەفغانستان، تاجیکی؛ لە تاجیکستان و ئەفغانستان، کوردی؛ لە ئێران، عیراق، تورکیا، سووریا، ئەرمەنستان، ڕووسیا، گورجستان، ئازەربایجان و لوبنان، بەکار دەبرێن.

زمانی کوردی، کە زمانێکی باکووری ڕۆژاوایی ئێرانییە، ڕەگوڕیشەی دەگەڕێتەوە سەر زمانانی میدی، کە زمانێکی ئێرانیی کۆنە و زمانی پارسی، کە زمانێکی ئێرانی ناوەندە. هەرچەند کورد بۆ خۆی پێیوایە، کە زمانی کوردی لە زمانی میدییەکانەوە نێزیکە و دەگەڕێتەوە سەر ئەو زمانە، لێ زۆرێک لە شارەزایان و زمانزانە ئەوروپاییەکان، لەگەڵ ئەوەدا نین و دوورایییەکی کات و زەمەنێک لە نێوان میدی و پارسی و کوردیدا دەبینن. زمانی بەلووچییش، کە لە هەندێ دەڤەری ئێران، پاکستان و ئەفغانستان قسەی پێ دەکرێ، هەر بەو جۆرەی زمانی کوردییە.

لە هەموو زمانێکدا لە جیهاندا، چەندین زاراوە هەیە. لە ژیانی ئاسایی و زمانی ڕۆژانەدا، وشەگەلی زمان و زاراوە، بۆ یەک مەبەست بەکار دەهێنرێن. نۆرلاندی و سکۆنەیی دوو زاراوەی زمانی سوێدین، لێ سوێدی و ئەڵمانی دوو زمانی جیاوازن. مرۆڤ دەتوانێ بڵێ،

زمانی تاجیکی، کە لە تاجیکستان قسەی پێ دەکرێت، شێوەیەکە لە زاراوەیەکی زمانی فارسیی نوێ. زۆرجاران دۆزینەوەی هێڵی جیاواز لە نێوان دوو شێوازی جیاوازی زماندا، کە وەک دوو زمانی جیاواز یا دوو شێوە و دوو زاراوەی یەک زمان، بێنە ئەژمارتن، گەلێک سەختە. زاراوە، شێوەیەکی زمانە، لە سەر بنەمای دەڤەر و جیۆگرافیا هاتووەتە گۆڕێ، هەرچی زمانە، ڕووبەرێکی بەرینتر دەگرێتەوە و ڕەسمییە و شێوەیەکی ستانداردی نووسینی هەیە و لە خوێندن و فێرکردن و سیاسەت و ئابووری و فەرهەنگدا بەکار دەبرێ.

هەرچی دابەشبوونی زمانی کوردییە بە سەر زاراوەدا، بیروڕا و دیدی جیاواز لەو ڕووەوە هەن. زمانزانە ئەوروپاییەکان و ڕۆژاواییەکان، گەلێ جار، زمانی کوردی بە سەر سێ گرۆ زاراوەی سەرەکیدا دەبەشنەوە: باکوور، ناوەند و باشوور. گرۆی زاراوە باکوورییەکان، لە نێو کوردانی تورکیا، سووریا، باکووری کوردستانی عیراق و ئێران، ئەرمەنستان، ئازەربایجان، گورجستان و لوبنان، قسەی پێ دەکرێ و پێی دەگوترێ کرمانجی یا کوردیی باکوور(سەروو). گرۆی زاراوەکانی ناوەند، لە ناوەندی کوردستانی عیراق و ئێران(سلێمانی، کەرکووک، هەولێر، مەهاباد و سنە) بەکار دەبرێ و پێی دەگوترێ کوردیی ناوەند یا سۆرانی. گرۆی زاراوەکانی باشوور، لەکی و کرماشانی، لە کوردستانی ئێران و خانەقینی، لە کوردستانی عیراق، دەگرێتەوە.

کورد بۆ خۆی، بۆچوونێکی جیاوازی لەو بارەیەوە هەیە. کورد، زمانی کوردی بە سەر چوار گرۆ زاراوە و کۆمەڵێک وردە بنزاراوەدا، دابەش دەکات. بە گوێرەی زمانزانانی کورد، ئەو چوار گرۆ زاراوانە ئەمانەن: کوردیی باکوور/ سەروو(کرمانجی)، کوردیی باشوور/ خواروو(کە بە هەڵە سۆرانیشی پێ دەگوترێ. سۆرانی زاراوەیەکە لە دەسپێکدا لە دەوروبەری ڕەواندز لە کوردستانی عیراق بەکار براوە)، گۆرانی، کە لە هەورامی و زازا(دملی) پێکهاتووە و لە هەندێ شوێنی کوردستانی عیراق و ئێران و تورکیا قسەی پێ دەکرێ و گرۆی چوارەمی زاراوەکان، لوڕییە(کە لە کەڵهوڕی، لەکی، کرماشانی، فەیلی و خانەقینی پێک دێت). هەندێ جار، کورد ئەو زاراوانە بە جۆرێکی دیکە، دابەش دەکەن: زاراوەکانی باکوور(کرمانجی و زازاکی)، زاراوەکانی نێوەند(سۆرانی و گۆرانی) و زاراوەکانی باشوور(کەڵهوڕی، لوڕی و لەکی)، یا دەیانکەن بە: کرمانجیی سەروو، کرمانجیی ناوەند و کرمانجیی خواروو یا تەنێ، کرمانجی سەروو و کرمانجی خواروو. لە کاتێکدا، کە کورد بۆ

خۆی، زاراوەگەلی لوڕی، زازاکی و هەورامی، بە بەشێک لە زمانی کوردی دەژمێرێت، زمانزانە ڕۆژاواییەکان، وەک بەشێک لە بیرکردنەوە کۆلۆنیالیستییە تێکدەر و دژەڕۆژهەڵات و دژەئیسلام و دژەکورد، وەک زمانی جیاواز و سەربەخۆ سەیری ئەو زاراوانە دەکەن و دەوڵەتانی داگیرکەری کوردستانیش، سوود لەو تێزانە وەردەگرن و برەوی پێ دەدەن.

ئەو دوو زاراوە کوردییە، کوردیی باکوور(کە زۆرجاران پێی دەگوترێ کرمانجی) و کوردیی باشوور(کە زۆرجاران پێی دەگوترێ سۆرانی)، کە تا ڕادەیەک جیاوازییان لە نێواندا هەیە، ئەمڕۆ ئەو دوو زاراوەیەن، کە بوونەتە زمانی نووسین. جیاوازییەکانی نێوان ئەو دوو زاراوە سەرەکییە، لە دەنگ و دەراندنی دەنگ و شێوەی نووسین و ڕێزمان و بەکاربردنی نێر و مێدا، دەبینرێن. بە تێپەڕبوونی کات و بە هۆی باری سیاسی و جیۆگرافیایی و مێژووییەوە، کە کورد هەمیشە، وەک نەتەوەیەکی داگیرکراو و ژێردەستە و خاکەکەیشی، وەک خاکێکی دابەشکراو، بێ ئەوەی دەسەڵاتێکی ناوەندیی یا حوکومەتێکی بووبێت، کە هەموو کورد و هەموو پارچەکانی کوردستان، لە چوارچێوەی یەک دەوڵەتدا خڕکاتەوە، لەبری بە ستانداردکردنی زمانی کوردی و سازکردنی زمانێکی سەرتاسەری و ڕەسمی بۆ هەموو کورد، زمانی کوردیی پتر بەشبەش بووە و زاراوەکانیشی پتر لەیەکدی دوورکەوتوونەوە. ئەو دوو زاراوە سەرەکییە، هەریەکەو بۆ خۆی، بەرەوپێش چووە و هەردوویشیان، ئەگەر ڕەوش وەک ئێستا بڕوات و چارەسەرێکی خێرا نەکرێ، بەرەو ئەوە دەڕوات ببنە دوو زمانی جیاواز.

ئەگەر مرۆڤ بەراوردێک لە نێوان زاراوە کوردییەکان و زمانانی باکوور (نوورد)دا، کە وڵاتانی سکەندیناڤیایی(نۆروێژ، سوێد، دانمارک، ئایسلاند و فەرئوێیەکان دەگرێتەوە)، بکات، ئەوەی بۆ خویا دەبێ، کە زمانی کوردیی ڕێک بەرەو ئەو ئەنجامە دەڕوات، وا زمانانی باکوور پێی گەیشتوون. زمانانی باکوور، کە ئێستا لە: نۆروێژی، دانی (دانمارکی)، سوێدی، ئایسلاندی و فەرئوێیی پێکهاتوون و کە لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا، فرە جیاواز نین لەیەکدی، هەموویان زاراوەگەلێک بوون لە یەک زمان، کە پێی دەگوترا، زمانی باکووریی کۆن، کە لە باکوور(نوورد) لە ساڵانی 700ەکانەوە دەست بە بەکاربردنی کرا و لە دەوروبەری ساڵانی 1000یشدا، بوون بە چەند زمانێکی جوداجودا. زمانانی باکوور(نوورد) بەپێی زمانزانان، لە دەسپێکدا دوو شێوە یا دوو زاراوە بوون: زمانی باکووری ڕۆژهەڵاتی(دانی و سوێدی) و باکووری ڕۆژاوایی(نۆروێژی، ئایسلاندی و فەرئوێیی). کە مرۆڤ دەنۆڕێتە ئەمڕۆی زمانی

کوردی، ئەوەی بۆ ڕوون دەبێتەوە، کە زمانی کوردی، مەترسییەکی گەلێک مەزنی لەسەرە و ڕەنگە ئەو زاراوانەی زمانی کوردی، وەک زمانانی باکوور(نوورد)یان لێ بێت، واتە: ئەو دوو زاراوە سەرەکییە(کرمانجی سەروو و خوارووە) یا ڕەنگە تەواوی زاراوەکانی دیکەش، هەریەکەو بۆ خۆی ببێتە زمانێکی سەربەخۆ.

ئەگەر شیعرەکانی بابا تاهیری هەمەدانی(935 – 1010) شاعیر، کە بە زاراوەی لوڕییە، بە دەسپێکی نووسینی کوردی دانرێت، ئەوا دەشێ دەسپێکی ساڵانی 1000ەکان، بە سەرەتای بەکاربردنی زمانی کوردی وەک زمانی نووسین بژمێردرێ.

سێ میرنشینی کورد، نۆرەیەکی مەزنیان لە پێشڤەبردنی زمان و ئەدەبی کوردیدا، بینی. ئەو سێ میرنشینەش: بۆتان، ئەردەڵان و بابان.

میرنشینی بۆتان، لە ساڵانی 1400ەکاندا لە بەشەکانی باکووری کوردستان، ئێستای کوردستانی تورکیا، هەبوو و باژێڕی جەزیرە پێتەختی بوو. ئەو زمانەی لەوێ بەکار دەبرا، بنزاراوەی جەزیری بوو، کە سەر بە گرۆ زاراوەی کوردیی سەروو(کرمانجی)یە و بە تێپەڕبوونی کات، بوو بە زمانێک/ زاراوەیەکی ستانداردی نووسین بۆ گرۆ زاراوەکانی کوردیی باکوور.

میرنشینی ئەردەڵان، لە ساڵانی 1400ەکاندا لە شارەزوور لە کوردستانی عیراق، هەبوو، لێ لە دوای 1612، کە شارەزوور،کەوتە بندەستی دەوڵەتی عوسمانی، باژێڕی سنە، لە کوردستانی ئێران، بوو بە پێتەختی میرنشینی ئەردەڵان. زمانی نووسین و زمانی ئەدەب، لە سەردەمی میرنشینی ئەردەڵاندا، زاراوەی گۆرانی (هەورامی) بوو. ئەم زاراوە کاریگەریی تا ڕادەیەکی زۆر لە سەر هەموو بەشەکانی خوارووی کوردستان هەبوو. هەورامی، ئەو زاراوەیە بوو، کە یارسانان (ئەهلی حەق) لە کتێبە پیرۆزەکانیاندا، بەکاریان دەبرد.

میرنشینی بابان، لە ساڵانی 1700ەکاندا، لە ئێستای کوردستانی عیراق، پەیدا بوو و پێتەختەکەیشی لە دەسپێکدا، قەڵاچوالان بوو، کە نزیکی شاری سلێمانیی ئەمڕۆیە. ساڵی 1784، بابانەکان سلێمانییان دروست کرد و کردیان بە پێتەختی خۆیان.

ئەودەمەی ئەو سێ میرنشینە هەبوون، زاراوەی جەزیری(کرمانجی یا کوردیی سەروو) و زاراوەی سلێمانی(ناوەند یا کوردیی خوارروو) و زاراوەی هەورامی، زمانی نووسین بوون لە

کوردستان. بە هاتنی بابانەکان، زاراوەی هەورامی، نۆرە و پێگەی خۆی لەدەست دا و زاراوەی سلێمانی بوو بە زمانی ئەدەب و ڕەسمی.

کوردیی باکوور، لە سەردەمی میرنشینی بۆتاندا و تا ناوەڕاستی سالانی 1800ەکان، بوو بە زمانی ستانداردی هەموو کوردانی باکوور. دوای ئەوەش لە دەرەوەی خاکی کوردستان نۆرەی خۆی بینی. لە قاهیرە یەکەم ڕۆژنامە بە زمانی کوردی( کوردی سەروو )، بە ناوی کوردستان، لە ساڵی 1898دا، چاپ و بڵاوکرایەوە، لە تورکیا و سووریا، کە زۆرترین کوردانی کوردیی باکوور پەیڤەر نیشتەجێن، زمانی کوردیی هەرگیز نەبووە بە زمانێکی ڕەسمی یا زمانی خوێندن، هەر بۆیە نۆرەیەکی هێندە مەزن و لەبەرچاوی لە ژیانی فەرهەنگیی کورددا نەبینیوە. بەڵام لە دەرێی کوردستان، ئەو زاراوەیە پتر پێشکەوت، بەوەی کە کتێب و بڵاوکراوەی پێ چاپ کرا و بوو بە زمانی خوێندنی منداڵان، لە سوێد و هەندێ وڵاتی دیکەی ئەوروپا. لە یەکیەتیی سۆڤیێتی جاران، کوردیی باکوور لە بواری خوێندن و میدیا( ڕۆژنامە و ڕادیۆ )دا بەکار دەهێنرا و دەهێنرێت.

لە کوردستانی عیراق و ئێران، کوردیی باکوور، نۆرەیەکی هێندە لەبەرچاوی نەبوو، چونکە کوردیی خواروو، هەر لە سەردەمی بابانەکانەوە، بوو بە زمانێکی ڕەسمی یا ستاندارد و زمانی نووسین، لە عیراق و ئێراندا. لە ناوەڕاستی 1900ەکانەوە کوردیی خواروو تا ڕادەیەک بوو بە زمانێکی رەسمی لە کوردستانی عیراقدا و لە خوێندن و میدیا و ئەدەبدا بەکار دەبرا و بوو بە زمانێکی ستاندارد.

زمانی کوردی، بە سێ جۆرە ئەلفبێی جیاواز دەنووسرێ. لە ئێران و عیراق، کورد، ئەلفبێیەکی عەرەبی- فارسی چاککراو بەکار دەبەن، کە گۆڕینی تێدا کراوە و بە جۆرێک گونجێنراوە لەگەڵ زمانی کوردیدا. لە 1000ەکانەوە، کە کورد بە زمانی کوردی دەستیان بە نووسین کردووە، ئەلفبێی عەرەبی و فارسییان بەکار بردووە و ڕێک وەک عەرەب و فارسان و زمانانی ئەوان، کوردیش بەکاریان بردووە، بەڵام لەگەڵ تێپەڕبوونی کاتدا، کورد هەندێک گۆڕینیان لەو ئەلفبێیانەدا کردووە و لەگەڵ دەنگ و سرشتی زمانەکەی خۆیاندا زۆر بە باشی گونجاندوویانە.

لە نێو کوردانی تورکیا و سووریادا و لە ساڵی 1932وەوە، دوای ئەوەی موستەفا کەمال ئەتاتورک، سەرۆکی تورکیا، دەستی بە بەکارهێنانی ئەلفبێی لاتینی بۆ زمانی تورکی کرد،

کوردەکانیش لەوێ دەستیان بە بەکاربردنی ئەلفبێی لاتینی کرد. جەلادەت بەدرخان، ئەلفبێیەکی لاتینی، بە کەمێک جیاوازیی لەگەڵ تورکییەکەدا و برێک گونجاو لەگەڵ زمانی کوردیدا، چێکرد. کوردیی باکوور( کرمانجی )، لە عیراق و ئێران، بە هەمان ئەلفبێی عەرەبی، کە کوردیی باشوور( سۆرانی )، بەکاری دەهێنیت، دەنووسرێت. لە هەندێ بەشی کەونەسۆڤیێتی جاران، زمانی کوردی( کوردیی باکوور )، بە ئەلفبێی کریلیک، دەنووسرێت.

بەم سێ ئەلفبێیە و بەم سێ زاراوەگەلە( ئەگەر زازاکیش بژمێردرێ )، هێچ هاسان نییە بۆ زمانی کوردی و چ ئاسۆیەکی ڕوونیشی لەپێشدا نییە. زمانی کوردی، لە تەنگژە و کێشە و قەیرانێکی مەزندایە، کە بەرەو ئەوە ناچێت ببێتە زمانێکی ستاندارد و یەک ئەلفبێ و یەک شێوە و زاراوەی کوردیی، بۆ هەموو کورد.

دابەشبوونی کوردستان بە سەر چەند وڵاتێکی جیاوازدا، کە هەریەکە هەلومەرج و ڕەوش و ژێرخان و سەرخانی سیاسی، جڤاکی، ئابووری و فەرهەنگیی تایبەتی خۆی هەیە، هۆکارێک بووە بۆ چێنەبوونی زمانێکی کوردیی ستاندارد بۆ هەموو کورد و هۆکارێک بووە بۆ ئەوەی زمانی کوردیی بە دوو زاراوە( یا زیاتر ) و سێ جۆرە ئەلفبێ بنووسرێت. ئەمەش بووەتە هۆی کەمیی سەرچاوە و ژێدەر لەمەڕ ئەدەبی کوردییەوە، کە هەموو مێژووی ئەدەبی کوردیی وەک یەکەیەک بگرێتەوە. ئەمڕۆ، کە باس لە ئەدەبی کوردی دەکرێ، باس لە ئەدەبێکی پارچەپارچە و بەشبەشی چەند کوردستانێک و باس لە ئەدەبێکی بە چەند زاراوەیەکی جیاواز نووسراو دەکرێت.

لە 1400 و 1500ەکاندا، ئیدی زمانی کوردی، برێک فراوانتر، وەک زمانی نووسین بەکار هێنراوە. پێش ئەوە زمانی کوردی، شیعرەکانی بابا تاهیری هەمەدانی لێ دەرچێت، فرەتر تەنێ زارەکی و وەک فۆلکلۆر بەکار براوە، هەربۆیە ڕەگوڕیشەی ئەدەبی کوردی، دەگەڕێتەوە سەر ئەو ئەدەبە زارەکییە.

ئەمڕۆ، سەرباری ئەو ئازادییەی کورد بە خۆیەوە دەیبینێت و سەرباری ئەو هەموو میدیا و دەسگای ڕاگەیاندن و پارە و دەسەڵاتەی کورد هەیەتی ( مەبەست باشووری کوردستانە ) و سەرەڕای ئەو هەموو تەکنیک و پێشکەوتنە، لە بواری ڕاگەیاندن و گەیاندن و پەخش و چاپەمەنییەی، کە دەستی کورد پێی ڕا دەگات، زمانی کوردی، لە قەیران و کێشەیەکدایە، کە هەرگیز و بە درێژایی مێژوو، قەیران و کێشەی وای بە خۆیەوە نەدیوە. زمانی کوردی، تا

دێت، خراپتر و خراپتر دەبێت و تا دێت خراپ و خراپتر بەکار دەبرێ و ئەتک دەکرێ و تا دێت بەرەو لەتبوون و داڕووخان دەڕوات. ئەمڕۆ، کۆمەڵێک خەڵک بە ناوی زمانزانی و شارەزایی و پسپۆری و خوێندووییەوە، باس لە بەشبەشکردنی زمانی کوردی دەکەن. بڕێک، باس لە جووت ستاندارد و بڕێک باس لە فرە ستانداردی زمانی کوردی دەکەن. هەندێک، وەک چۆن لە سیاسەتدا باس لە مافی چارەنووسی گەلان دەکرێ و مرۆڤ بەزەیی بە نەتەوە و کەمینە جیاوازەکانی جیهاندا دێتەوە و بە مافی ڕەوای خۆیان دەزانێ، کە ئازاد و سەربەخۆ بن و وەک ئەرکێکی مرۆڤانە هەوڵ بۆ ئەو مەبەستە دەدات، هەر بەو جۆرەش دەنۆڕێتە زمانی کوردی و نەک هەر زاراوە، بەڵکە بنزاراوەکانی زمانی کوردییش، بە زمانگەلی چەند خەڵکێک، یا چەند گەلێکی جیاواز دەژمێرێ و داوای ئەوە دەکات، کە هەر زاراوە و بۆ خۆی ببێتە زمانێکی سەربەخۆ. تۆ بیر بکەوە، کرمانجی، سۆرانی، هەورامی، کەڵهوڕی و زازاکی، ببنە زمانی سەربەخۆی نووسین و ڕەسمی و ستاندارد، ئیدی لەکوێی ئەم جیهانە، ناوێک بۆ کورد دەمێنێت! کورد، ئەودەمی وەک نەتەوەیەک نامێنێت و لەبری کورد، نەتەوەگەلی، کرمانج، سۆران، هەورامی، کەڵهوڕ و زازا(ڕەنگە موکریانی و گەرمیانی و هەولێری و ماچۆیی و خودا دەزانێ چی دی) پەیدا دەبن. ئەوە مەبەستێکە، تەنێ نەیارانی کورد، کۆششی بۆ دەکەن و بەرەوی پێ دەدەن و وا خەریکە بە هۆی کورد خۆیەوە، بە بنکۆڵکردنی بنەڕەت و بینا و دیوارێکی، ئەو زمانەی هەیە و سەدان ساڵە دامەزراوە و جێی خۆی گرتووە، سەردەکەون.

لە مێژووی کورددا، دوو قەوارەی سەربەخۆی کورد هەبوونە. یەکەمیان، شانشینەکەی باشووری کوردستان، کە شێخ مەحموودی حەفید، پاشای بووە و دووەمیان، کۆمارەکەی کوردستان لە مەهاباد، کە قازی موحەممەد، سەرکۆماری بووە. لە هەردوو ئەو قەوارانەدا، ئەم زمانە کوردییەی ئەمڕۆ لە باشوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا، ستاندارد و ڕەسمییە و زمانی میدیا و دەوڵەت و خوێندنە و لەسەردەمی میرنشینی بابانەوە، جێی خۆی گرتووە و چەسپیوە و گەشەی کردووە و پێشکەوتووە، زمانی ڕەسمی و دەوڵەت و ستاندارد و میدیا و خوێندنی، ئەو دوو قەوارەیە بووە. جێی خۆیەتی، ئەم زمانە، هەروا بەو ڕەسمی و ستانداردییەی بمێنێتەوە و پەرەی پێ بدرێ و دەوڵەمەند بکرێ و پێش بخرێ و ڕێبەریەتی باشووری کوردستان، کە دەسەڵاتەکەی و دەسترۆیشتوویی و توانستی، گەلێک لە هەردوو قەوارە سەربەخۆیەکەی شێخی حەفید و قازی و چوار ساڵە ئازادییەکەی 1970 – 1974ی سەرۆک موستەفا بارزانیی باشووری کوردستان، فراوانتر و بەرینتر و جێگرتووتر و چەسپاوترە، بڕیارێکی بوێرانەی

ڕەسمی، بۆ بەڕەسمیی ناساندن و بەستاندارد ناساندنی، بۆ دەر بکات و کێشەکە، بۆ باشووری کوردستان بە پلەی یەکەم و ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش(بە شێوەیەکی ئەوتۆماتیکی)، بە یەکجاریی چارەسەر بکات. وەها بڕیارێک، بە قازانجی تەواوی نەتەوەی کورد، دەگەڕێتەوە و پێچەوانەکەیشی، خۆدزینەوەیە لە بەرپرسیاریەتییەکی مێژوویی و کۆمەکێکە بە نەیارانی کورد، بۆ سڕینەوەی ناوی کورد و کردنی بە کۆمەڵە نەتەوەیەک و گۆڕینی ناوی کوردستان بۆ هەورامان، سۆران، موکریان، کرمانجستان، لوڕستان، گەرمیان، زازاکیستان و...

ئەم لاپەڕانەی دوای ئەم بەراییە دێن، سێ گوتار و دوو دیدار و وەرگێڕانێک لە خۆ دەگرن، کە شەش بابەتن. هەموو ئەو بابەتانە، لێرە و لەوێ، لە ڕۆژنامە و گۆڤار و بڵاوکراوە و ماڵپەڕی ئینتەرنێتدا و لە کاتی جیاوازدا، بڵاو کراونەوە، بەڵام تا ئێستا، وێکڕا و لە تویێی کتێبێکدا، ئەوە یەکەمجارە ڕووناکی دەبینن. وەرگێڕانەکە، دیدی نووسەرەکەیەتی، کە مامۆستای زانستگە و زانایەکی سوێدییە. ئەوەی لەو گوتار و دیدارانەدا، من گوتوومن، بیروڕای خۆمن و ئەنجامگریی هەندێ سەرنج و تێبینی و بۆچوونی خۆمن, لەمەڕ زمانی کوردی و کێشەکانی. ئەوەی من گوتوومە و بیرم لێ کردووەتەوە، لێکۆڵینەوە و توێژینەوە و شیکارییەکی زانستی و ئاکادیمی نییە، بەڵکە تەنیا بە پەرۆشەوەهاتنی زمانی کوردییە و خەم و پەژارەیەکە، گەرەکە هەموو کەسێک، کە بە کوردی دەپەیڤێ، هەیبێ.

زمان، وەک لەش و تەندروستی، خاوێنی، ژینگە، کشتوکاڵ و خۆشەویستی وایە، چەندی پێیەوە شەکەت بیت و خجڵی بیت، هێندە بەهێز و ساغ و دروست و بێگەرد و پاک و پڕبەرهەم و بەبڕشت و گەش و تۆکمە و جوان و خۆش و لەبەردڵان دەبێت. زمان، وەک هەموو گیاندارێک، بوونەوەرێکی زیندووە و هەمیشە لە گۆڕاندایە.

ئەگەر کۆمەڵێک مەرج بۆ نەتەوەبوون هەبن، گرنگترینی ئەو مەرجانە، زمانە. ئینجیل دەڵێ:"لە دەسپێکدا وشە هەبوو". زمان، دەفری هەموو هزر و شارستانی و مێژوو و فەرهەنگی نەتەوەیە. ئەمە وشەگەلێکە بۆ هەموو نەتەوە و هەموو مرۆڤێک دەستدەدات، بەڵام بۆ کورد، کە تا ڕادەی لاوازیی و نەبوون، مەرجەکانی دیکەی تێدا نین و لە دەرێی زمانەکەی، چ ناسنامەیەکی دیکەی نییە، زمان پیرۆزترین شت و هەموو شتێکێتی، زمان، ناسنامە و نیشتمانیەتی.

**ئەمجەد شاکەلی / ستۆکهۆڵم — سوێد**
**2010 - 12 - 3**

# گیروگرفتی ئەلفبێ و دیالێکت لە زمانی کوردیدا و چەند سەرنجێک

پاییزی 1985، لە یەکێک لە کتێبخانەکانی شاری ستۆکهۆڵمدا، گۆڤاری "حۆیۆدۆ"م بەرچاوکەوت، کە بە زمانی عەرەبی، ئاشووری و سوێدی دەردەچێت. لەوێدا و لە بەشە عەرەبییەکەیدا و لە گوتارێکدا سەبارەت بە کۆنگرەی یەکیەتیی ئاشوورییان لە سوێد، کە پێشتر گیرابوو، ئاوها نووسرابوو:"بابەتی دووەم، کە کۆنگرە گرنگییەکی تایبەتی پێدا، لێدوان و دەمەتەقە بوو لەمەڕ ئەو بڕیار و ئاگادارییەی، کە دەسگای دەوڵەتیی کاروباری بیانییان لە 1983دا دەریکردبوو، بە دانانی ناوی نوێ بۆ زمانی سریانی، کە بەڕێوەبەرایەتیی پەروەردە و فێرکردن پێڕۆی کردووە و دەیەوێت ئەلفبێی سریانی بگۆڕێ بۆ ئەلفبێی لاتینی و وەک هەنگاوی یەکەمیش کتێبی "توخوقورنیا"، کە تایبەتە بۆ فێرکردنی منداڵان لە چاپ درا. وەک ئاشکرایشە، یەکیەتیی لە کاتی خۆیدا بە هەموو شێوەیەک هەوڵ و تەقەلایەکی زۆری دا بۆ بەرپەرچدانەوە و وەلانانی ئەو هەوڵ و کۆششە، کە دەکران بۆ لێدانی شوێنەواری ژیاری و زمانە پیرۆزەکەمان. بۆ نموونەیش: پێوەندکردن لەگەڵ مامۆستایان و خێزانی منداڵاندا و ڕەفز و ڕەتکردنەوەی کتێبەکە و گرتنی پارێزەرێک بۆ شکاتکردن، لە دەسگای دەوڵەتیی کاروباری بیانییان. کۆنگرە هەڵوێستی ڕاست و نەگۆڕی خۆی نوێ و دووپات دەکاتەوە، بەرانبەر بە هەر کەسێک، کە ڕێگە بە خۆی دەدات و دەیەوێت لە پایە و ڕۆڵی زمان و کەلەپوورەکەمان لە ژیاریی مرۆڤایەتیدا کەم بکاتەوە و لێڵ و تەماوی بکات و تێکبدات. ئێمەیش هاوار دەبەین بۆ ئەو برا و هاوڕێیانەی، کە ڕەنگە پێشکەوتنی ژیاریی ئەوروپا، کە ئێمەیش ئینکاری ناکەین، مەستیان بکات، داوایان لێ دەکەین، لە ڕووخاندنی گرنگترین پایە و بنگەی شوێنەوارماندا بەشداری نەکەن و منداڵەکانمان لەو تیپانەی، کە شوێنەوار و بیری باوباپیرانی پێ نووسراونەتەوە - لێرەشدا بوار کەمە، لەو ڕۆڵە مەزنە بدوێین، کە ئەم تیپە و ئەم زمانە لە ژیاریی مرۆڤدا بینیویانە- بێ بەری بکەن. کۆنگرە ناڕەزایی دەربڕی و بڕیاری ڕەتکردنەوە و ڕەفزی کاری بەڕێوەبەرایەتیی پەروەردە و فێرکردنی دا و لە سەر داوای قانوونیی خۆیشی بەردەوام دەبێت"[1]. ئەم نووسینەم بۆیە بە نموونە هێنایەوە، چونکە زمانی کوردی ماوەیەکە دووچاری تیپی لاتینی بووە و کوردێکی زۆر و زەوندەیش هەن، بەکاربردنی تیپی لاتینی بە چارەسەر و دەرمانی هەموو گیروگرفت و دەردەکانی زمانی کوردی دەزانن، دەنا منیش ئەوە

[1] گۆڤاری حویۆدۆ، ئۆرگانی یەکیەتیی ئاشوورییان لە سوێد، ژمارە 5، ساڵی8، 1-5-1985، ل 27.

دەزانم، کە "مەسەلەی زمانی ستانداری کوردی (زمانی ئەدەبی ی یەکگرتووی کوردی)، مەسەلەیەکە: لەوە ئاڵۆزتر و پڕ گرێ و گۆڵترە کە لێرەدا(تاقە وتارێک) بتوانێ لێ ی بکۆڵێتەوە و تەنگوچەڵەمەکانی بخاتەڕو و دەستنیشانی هەر هەموو خاڵەکانی چارەسەرکردنی بکات.."[2]، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەم تاقە گوتارە و گوتارێکی دیکە و یەکێکی دیش، دەبنە هۆی کردنەوەی دەرگەی موناقەشە و بیروڕاگۆڕینەوە و گەیشتن -بەلایەنی کەمەوە- بە هەندێ ئەنجام و لێکتێگەیشتن و مەبەستی سەرەکی منیش لەم باسە ئەلفبێی کوردییە، کە -بە ڕەوشی ئێستایەوە- ئەورۆکە گەورەترین و خەتەرترین گیروگرفتی زمانی کوردی و فەرهەنگی کوردییە.

بۆ نەهێشتنی نەخوێندەواری و بۆ ئەوەی بیانی فێری کوردی بکەن، تیپی لاتینی دەکرێتە دەرمان و چارەسەر،"زمانی کوردی فێربوونی کەمێک هاسانە و ئەگەر پیتی لاتینی بەکاربهێنرێ، نەخوێندەواری زووتر لەناودەچێ وبێگانەش زمانەکە هاسانتر فێردەبێ"[3]. پێش هەموو شتێک، زوو و درەنگیی لەنێوچوونی خوێندەواری، چ پێوەندێکی بە ڕێنووس و تیپەوە نییە. ئەو کارە -نەهێشتنی نەخوێندەواری- پێوەندی بە هۆشیاری و دەسەڵات و دڵسۆزی و خۆتەرخانکردنەوە هەیە و بەوانە وەدی دێت. ئەگەر نەهێشتنی نەخوێندەواری، نیاز و مەبەست نەبێت و نەبێتە ئامانجێک، با تیپەکەش لاتینی بێت، ئەوە هەرگیز کارەکە هاسان ناکات و هیچیش لە مەسەلەکە ناگۆڕێت. تورکیا، ئیسپانیا، پورتوگال، یۆنان، ئەڵمانیا و زۆربەی وڵاتانی ئەوروپای خۆرهەڵات و تەواوی ئەمەریکای لاتین(خواروو)، ئەمڕۆ بە تیپی لاتینی دەنووسن. هیندوستان لە ساڵی 1839 وە زمانی ئینگلیزی، بووە بە زمانی ڕەسمییان و پاکستانیش هەر ئینگلیزی زمانی ڕەسمییەتی و زۆربەی وڵاتانی ئەفریقایش هەر بە زمانی ئینگلیزی یا فرانسەیی دەنووسن و دەخوێنن و زمانی ئینگلیزی و فرانسەییش بە تیپی لاتینی دەنووسرێن، کەچی هێشتا میلیۆنان نەخوێندەوار لەو وڵاتانەدا هەن و نەخوێندەواری دەردێکی کارییە لەو ناوە و ئەگەر بە تیپ بووایە، دەبوو نەخوێندەواری زۆر لەمێژە لەنێوچووبا و دەبوو "سۆمال"یش، کە تیپی لاتینی بەکار دەبەن، مینا ئینگلستان و سوێد، تاقە یەک نەخوێندەواریشی نەبووایە. کەواتە تیپ چ ڕۆڵێک لە زوولەنێوبردنی نەخوێندەواریدا نابینێت.

---

[2]. پیرباڵ، فەرهاد، کۆنگرەی زمانی ستانداری کوردی، یەکگرتن، ژمارە 2، 1987، ل157.

[3] قاسملوو، دکتور عەبدولڕەحمان، کوردستان و کورد، وەرگێرانی عەبدوڵلا حەسەن زادە، بنکەی پێشەوا، 1973، ل31-32.

هەرچی مەسەلەی فێربوونی بیانیشە، خۆ ئەگەر بیانییەک بیەوێت زمانێک فێر بێت، ئەوا زۆر بە هاسانی فێری دەبێت، سا ئیدی تیپەکەی هەرچی بێت. هەزاران بیانی - بە تایبەت ئەوروپایی و ئەمەریکایی- هەن، کە عەرەبی، فارسی، هیندی، عیبری، چینی، ڕووسی و دەیان زمانی دیکە، کە بە تیپی لاتینیش نانووسرێن، زۆرچاک دەزانن و بە هاسانییش فێری بوون. مەسەلەی فێربوونی زمانی کوردی لە لایەن بیانییەوە، دەگەڕێتەوە بۆ گرنگیی کورد بۆ خۆی وەک میللەت و ڕۆڵی کورد لە پرۆسێس و ڕووداوە ئابووری و سیاسی و فەرهەنگییەکانی ئەمڕۆی جیهاندا. لە چاوی ئەوروپایی و ئەمەریکاییشەوە بە تایبەت، ئابووری ڕۆڵ دەبینێت. ئایا کورد چ گرنگییەکی ئابووری هەیە و لە سیاسەتدا چ دەکات؟ پێموایە هەموومان وەرامی ئەو پرسیارەمان پێ دەدرێتەوە و گرنگیی ئابووری و سیاسی کوردیش دەزانین، وەلێ با تەماشایەکی دەوروبەری خۆمان بکەین و با دوور نەڕۆین، خۆ هاوسێیەکانی کورد، عەرەب و فارس - کە کوردی عیراق و ئێران بە تیپێک دەنووسن، کە هەمان تیپی ئەوانە بە تۆزێک دەستکارییەوە- تا چ ڕادەیەک فێری کوردی بوون؟! من پێموایە هەرگیز هێندەی ژمارەی قامکەکانی دەست، عەرەب و فارس نابینینەوە، زمانی کوردی بە نووسین و خوێندنەوە بزانن. هەروەها لایەنەکەی دی و هاوسێیەکەی دیکەشمان، تورک، ئەوڕۆکە کوردی تورکیا ، تیپی لاتینی بەکار دەبەن و تورکیش هەمان تیپ، چ تورکێک هەیە کوردی بە نووسین و خوێندنەوە بزانێت؟! لام وایە مەسەلەکە هەرگیز کاری بە سەر تیپەوە نییە، بەڵکە بەرژەوەند و ڕۆڵی ئەو زمانە لە جیهاندا، کارەکە ساغ دەکاتەوە.

بێجگە لە لایەنی ئابووری و سیاسی، ئایینیش ڕۆڵێکی مەزنی هەیە. خەڵکێکی زۆر بۆ ناسین و تێگەیشتن لە ئیسلام، خۆ فێری عەرەبی دەکەن و قورئان دەخوێننەوە. بۆ تێگەیشتن لە جوولەکە، چ وەک ئایین و چ وەک بیر و سایکۆلۆژی، خەڵک خۆ فێری عیبری دەکەن. بۆ تێگەیشتن لە "باگاڤەگیتا"ی کریشنا و ئایینی هیندۆیزم، خەڵک خۆ فێری زمانی سانسکریت دەکەن و بۆ تێگەیشتن لە ئایینە کۆنەکانی ئێرانییش، خەڵک خۆ فێری ئاڤێستا و پەهلەوی دەکەن، بەڵام کورد لەو بارەیەشەوە کلۆڵە و خاوەنی ئەو جۆرە شتانە نییە، هەرچەندە ڕەنگە بگوترێ، کوردیش نووسراوی ئایینی تایبەتی خۆی هەیە، لەفەن "مسحەفی ڕەش" و "جلوە" و "سەرەنجام"، لێ ئەو نووسراوانە نەک هەر بیانی، بەڵکە کورد بۆ خۆیشی نەیانیبینیوە و لە نێو خەڵکدا بڵاو نەبوونەتەوە.

جاری وایش هەیە خەڵکی لەبەر سیاسەت و بۆ چوونەناو کۆمەڵگەی کۆمۆنیستییەوە، زمانی چینی و ڕووسی فێر دەبن. من پێموانییە، فێربوونی عەرەبی و عیبری و سانسکریت و چینی - بۆ ئەوروپاییەک- بەو تیپانەی کە هەیانە، هەرگیز لە فێربوونی کوردی بەم تیپانەی کە هەیەتی، هاسانتر بێت، وەلێ سێکوچکەی "ئابووری، سیاسی، ئایین"، کارەکە سەختتر یا هاسانتر دەکەن.

جاری وا هەیە جوانی و ئاسان و ڕەواننووسین، دەکرێنە بیانوو بۆ بەکارهێنانی تیپی لاتینی "زمانی کوردی کە یەکێکە لە زمانە ئاری یە نەژادەکان و لە بنچینەدا شان بەشانی زمانە هەرە پێشکەوتووەکانی ئاری یەکان دەوەستێ، بەتیپی لاتینی نەبێ، جوان و دروست و ئاسان و ڕەوان نانووسرێت"[4]. ئەگەر زمانی کوردی یەکێک بێت لە زمانە ئارییەکان و لە نێو هەرەپێشکەوتووەکانی ئەوانیشدا بێت، چی داوە بە سەر ئەوەی بە چ تیپێک بنووسرێت، جوان و ئاسان و دروست و ڕەوانە! خۆ زمانی فارسییش لە زمانە هەرەپێشکەوتووەکانی ئارییە و بە تیپی غەیرەلاتینیش دەنووسرێت، کەچێ زۆر جوان و دروست و ئاسان و ڕەوانیشە. ڕێنووسی کوردی گەلێک لە ڕێنووسی فارسی پێشکەوتوتریشە - بە تایبەت لە ڕووی چارەسەرکردنی بزوێن(ڤاوڵ) و لابردنی هەندێک کۆنسونانت، کە تایبەتن بە زمانی عەرەبییەوە و هێشتا لە فارسیدا ماون- و فارسان هەرگیز گلەیی لە بەختی خۆیان ناکەن و قایلن بەو ڕێنووسەی خۆیان و هەر بەو ڕێنووسەش، شاکارەکانی حافز(حافظ) و سەعدی و عەتتار(عطار) و ڕوومی و فیردووسی و سەدان شاکار لە بوارەکانی هزر و فەلسەفە و مێژوو و هەموو جۆرە زانستێکدا نووسراون و دەنووسرێن و هەرگیز پێشموانییە، بەتەمای گۆڕینی ئەلفبێیەکەیان بن!

بێجگە لە جوانی و دروستی و ڕەوانی، ئابووری و کاتیش، دەکرێنە بیانوو و داوا لە عەرەبیش دەکرێت، ئەلفبێی خۆیان بکەن بە لاتینی "جا ئەم جۆرە نووسینە چ لەڕووی ئابوورییەوە، چ لەڕووی کاتەوە، چ لەڕووی ئەرکەوە، زۆر دەکەوێتە سەرمان. بەڵام لەبەر هەندێ هۆی زرنگ کاری و ئایینی کە لەئارادان، ئێستاکە ناتوانین(ئەلفوبێ ی کوردی) بەلاتینی

---

[4] فەتاح، شاکیر، گیروگرفتەکانی ڕێنووسی کوردی و شێوەی چارکردنیان، گۆڤاری کۆڕی زانیاری عێراق، دەستەی کورد، بەرگی نۆهەم، 1982، ل113.

بنووسین، تا برا عەرەبەکانیشمان دەکەونە سەر ئەو بیروباوەڕە و جێ بەجێ یشی دەکەن"[5].
مرۆڤ لەوە تێناگات، کە بۆ ئەم جۆرە ئەلفبێیە لە ڕووی کات و ئەرکەوە زۆر دەکەوێت لە سەرمان. دەبێ ئەو لەسەرکەوتنە چ پێوەندێکی بە شێوەی تیپەوە هەبێت! خۆ ئەو تیپانەی، کورد پێیان دەنووسێت"تیپی عەرەبی"، لە تیپی چینی و ژاپۆنی و ئەرمەنی و تیگرینی و ئاشووری و عیبری، سەختتر نین. مەسەلەی ئابووری و کات و ئەرکیش، دەگەڕێتەوە بۆ لەبارانەبوونی خۆمان و کەسانێک، کە بە چاپ و چاپەمەنییەوە خەریکن و بە شێوەیەکی سەرەکییش بۆ تەکنۆلۆژیا. هەرچی چاوەنۆڕیی ئەوە بین، کە "براعەرەبەکانمان" ئەلفبێی خۆیان بگۆڕن و بیکەن بە لاتینی، بۆ ئەوەی سەختیی لە سەر ئێمە لابەن و ڕێگەش بۆ ئێمە خۆشکەن و گرێدانی ئەو کارەش بە هەندێک هۆی زرنگکاری و ئایینییەوە، کە ئێستا ڕێگەیان لە زمانی کوردی گرتووە، بە لاتینی بنووسرێت، بەلای منەوە بۆچوونێکی چەوت و نادروستە، چونکە پێش هەموو شتێک، ئەو هۆ ئایینییانەی، کە "شاکیر فەتتاح" باسیان لێوە دەکات، هۆگەلێکی هێندە پتەو و قایم و قووڵن، کە تەنێ بەهۆی ئەوانەوە، عەرەب زمان و فەرهەنگ و بوونی خۆیان پاراستووە و سەرچاوەی ئەوەش قورئانە، کە بەو تیپانەیە. عەرەب ئەگەر ئیسلامی لێ بستێندرێتەوە، چی دەمێنێتەوە؟ کەواتە ئەوە خەیاڵە و چاوەنواڕیی ئەوەش بێهوودەییە[6]. بۆ کوردیش لام وایە ئەو هۆ ئایینییانەی، کە ئێستاکە لە ئارادان، هەروا لە ئارادا دەبن و ڕەنگە بەهێزتریش بن.

---

[5] سەرچاوەی پێشوو، ل 133.

[6] نووسەری مسری سەلامە مووسا"سلامة موسى"، کاتی خۆی نامیلکەیەکی بە ناوی "الحروف اللاتينية للغةالعربية" بڵاوکردەوە، لەوێدا ئەویش داوای دەکرد، کە زمانی عەرەبی بە تیپی لاتینی بنووسرێت. بەڵگە و بەهانەیشی بۆ پشتگریی ڕایەکەی خۆی ئەوە بوو کە:

- لە عەرەبیدا تەنێ سێ بزوێن(ڤاوڵ) هەن و لە لاتینیدا شەش.
- عەرەبی بەو تیپانەی ئێستای نموونەی کۆمەڵگەی دەرەبەگایەتی و کشتوکاڵییە، ئەگەر بە لاتینی بنووسرێت، ئیدی کۆمەڵگەی عەرەبی دەچێتە ڕیزی کۆمەڵگە پیشەسازییەکانەوە.
- تیپی لاتینی بەرگی بیری نوێیە، کە دەکاتە بیری ڕاستی، بەڵام تیپی عەرەبی بەرگی دەرەبەگایەتی و کۆنە.
- بەکاربردنی تیپی لاتینی ڕێگەی فێربوونی زمانانی ئەوروپایی، ئەو زمانانەی کە یەک ملیار مرۆڤ قسەی پێ دەکەن، بۆ عەرەب هاسان دەکاتەوە.
- بە بەکارهێنانی تیپی لاتینی عەرەب هەزار ساڵ پێشدەکەوێت.

بیانوویەکی دیکە بۆ بەکارهێنانی تیپی لاتینی ئەوەیە، کە تیپی کوردی( عەرەبی- فارسی دەستکاریکراو )، تەنێ بۆ دیالێکتی سلێمانی و سۆرانی دەستدەدات و لاتینییەکە بۆ کرمانجی سەروو چاکترە. سادیق بەهائەددین ئامێدی دەڵێت: "ئەڤ رێنڤیسینا نهول کار( ب کاردێت ) بێ گومان بزاڤ و کۆششی ژ بۆ هاتینەکرن کو زمانێ کوردی زاری سلێمانیێ پێ بێتە نڤیسین ب درستی. ژ بەر هندێ ژ رێنڤیسینا کوردی ب تیپێت لاتینی کو کرمانجی ژ دەرڤەی عیراقێ و ئیرانێ پێ تێتە نڤیسین جودایە. ئەڤ جودایە ژی دڤێ چەندی دایە کو زمانێ کوردی ب تێکڕایی پێ تێتە نڤیسین، بەروڤاژی رێنڤیسینا ب تیپێت عەرەبی یا جهێ پێ ئاخاڤتنا مە. رامان و پەژن ئانکۆ مەبەست ژڤێ دەست نیشانکرنێ ژی ئەو نینە کانێ کی ژ هەر دوو رێنڤیسینا باشترە...بەلی رامان و پەژن ژێ ئەڤەیە زمانزانێت کورد ل عیراقێ ئەڤ رێنڤیسینە بۆ زاری سلێمانیێ ب تنێ یان ژی سۆرانی دانایە کو پێ بێتە نڤیسین؛ هەر ژ بەر هندێ ژی چەند لایێت کێم ب هزرا من تێدا هەن دێ دەست نیشان کەم کود کێمن..."[7].

ئەو کەمایەسییانەش، کە ئامێدی دەستنیشانیان دەکات ئەمانەن:

1. نەبوونی دەنگی( وی- Ü،û ) وەک ئەوەی، لە تورکی و ئەڵمانیدا هەیە، بۆ نموونە: شێوەی دەربڕینی ئەم وشانە: سوور، دوور، دوو، موو، توو، بوو، خەسوو، خەزوور، گوو، تووتن، تووتی، تووڕک( تووترک )، هوون( ئێوە )، نووا( پێش )، لووت، تووتکە، چوو و...، کە لە دەڤەری بادینان - نەک هەمووی- و لە دیالێکتی لوڕی و دەڤەری کرماشان و ئیلام و خانەقین و لە هەندێک ناوچەی گەرمێندا لە خوارووی کوردستان دەبنە: سویر، دویر، موی، توی، بوی، خەسوی، خەزویر، گوی، تویتن، تویتی، تویرک، هوین، نویا، لویت، تویتکە، چوی و...، کە بە تیپی کوردی( عەرەبی- فارسی دەستکاریکراو ) نانووسرێن[8].

2. دەنگی ( i )ی تیپی لاتینی، کە بە تیپی کوردی نانووسرێت.

---

[7] ئامێدی، صادق بەهائوددین، رێنڤیسینا کوردی ب تیپێت عەرەبی، گۆڤاری کۆڕی زانیاری عێراق، دەستەی کورد، بەرگی نۆهەم، 1982، ل135-146.

[8] کاک فەهمی کاکەیی بۆی گێڕامەوە گوتی:"لە سەردەمی پێشمەرگایەتیدا، جارێکیان لە مامۆستا "مەلا عەزیزی سیامەنسووری"، کە کادرێکی کۆنی پارتیی دیموکراتیی کوردستان بوو، پرسیم: مامۆستا گوو خۆشە یا گوی! ئەویش گوتی: وەڵلا برا گوی وەدەم خۆشە". مەبەستی هەردووک کاکەیی و سیامەنسووری لە "گوو" و "گوی"، شێوەی دەربڕین و دەنگەکەیان بووە.

3. دەنگی (ز) بۆ: بەز، پەز، زاڤا و...، کە لە هەندێک دەڤەری بادینان بە (ظ) دەردەبڕدرێت.

4. دەنگی (ت) بۆ: تاڤ، تۆڤ، تەڤ، تاری و...، کە لە هەندێک ناوچەی بادینان و هەندێک وشە لە زاراوەی سلێمانیدا، بە (ط) دەردەبڕدرێت.

5. دەنگی (س) بۆ: ساڵ، ساڤا، ساماڵ، سوور و...، کە لە هەندێک ناوچەی بادینان و هەندێک وشە لە زاراوەی سلێمانیدا، بە (ص)دەردەبڕدرێت[9].

ئامێدی، لە هەمان گوتاردا دەڵێ "بێ گومانە کو زمانێ کوردی، هۆزان و چیروک و رێزمان ژی ژ کەڤندا ژ سەدی چارێ و پێنجێ مشەختی هەڤبەری دەهێ یازدێ زاینی وەرە کو ب عبدالصمد بابک یێ هەکاری یێ سالا (362)ێ مشەختی هەڤبەری(1019-1020) زاینی ژی هۆزان ب کوردی و عەرەبی ڤەهاندین دەست پێ دکەن ب زارێ کرمانجی و ب تیپێت عەرەبی"[10]. هەروەها لە شوێنێکی دیکەدا دەڵێ:"ڕەنگە کرمانجی ژ زارێت کوردی یێت ژ زێڤە(پێشیێ) بیت کو روشەنبیری یا کوردی پێ هاتبتە نڤیسین، ل دوی شوینەوار و دەستنڤیسێت کوردی یێت نهو د دەستدا، کو هۆزانێت هۆزانڤانێت کلاسیکی نە وەکی، عبدالصمد بابەکی، تەرموکی- تەرەماخی، جزیری، عەلی حەریری و فەقێ تەیران، هتد. و چیرۆکێت ئەلکزەندەر ژابایی سالا (1860)ێ ل پترۆگرادی-لینینگرادێ چاپکرین، صرف و نحوا کوردی تەرەماخی، مەم و زینا سەیدایێ خانی، مەولیدا باتەیی و نهج الانام یا سێرتی. د سەرێ سەدێ بیستێ چەند کتێب لە ستامبولێ وەکی مەم و زینێ چاپبون ب تیپێت عەرەبی"[11]. ئەگەر- وەک ئامێدی- دەڵێ ئەو هەموو شتانە بە تیپی عەرەبی نووسرابن و دیالێکتی کرمانجی(ژووروو) لە پێش زاراوەکانی دیکەی کوردیدا پێی نووسرابێت و ئەو تیپانەش لە سەدەی دەیەمی زایینەوە پێیان نووسرابێت و پاشان گۆڕانکارییان بە سەردا هاتبێت، بۆ دەبێ تەنێ بۆ دیالێکتی سلێمانی و سۆرانی بێت؟ ئەو تیپە لاتینییانەی، ئەو باسیان دەکات، کە گوایە لە دەرەوەی عیراق و ئێران، کوردییان پێ دەنووسرێن، تەنێ لە ئەوروپا بەکار دەبرێن و لە کوردستاندا نین. بێجگە لەوەش بەشێک لەو

---

[9] ئامێدی،، رێنڤیسینا،، ل135-146.

[10] سەرچاوەی پێشوو.

[11] سەرچاوەی پێشوو.

کرمانجەش - کوردی سۆڤییێت - کە ئەو دەیڵێت، ئەو تیپانە نازانێت، بەڵکە بە تیپی کریلیک دەنووسێت. ئەو دەنگانەی ئامێدی بە کەمایەسی دادەنێت و لە ئەلفبێی کوردی (عەرەبی- فارسی دەستکاریکراو)دا بەکار دەبرێن، بەرهەمی پرۆسێسێکی دووروودرێژە و لە ئەنجامدا وای لێ هاتووە. دەنگی(وێ- Ü،Û )، کە هەندێک ناوچەی بادینان و لوڕ و زەنگاباد و چەند دەڤەرێکی گەرمێن بەکاری دێنن، هەموو کورد بەکاری ناهێنێت، منیش پێموایە هەبوونی باشە و دەبوو تیپێکی بۆ دانرابا، بەڵام کە نییە و دانەنراوە، لوڕێک و زەنگابادییەک و گەرمێنییەکیش ناتوانن بە تیپی کوردی(عەرەبی- فارسی دەستکاریکراو) و بە دیالێکتی خۆیان ئەو دەنگە بنووسن، لەگەڵ ئەوەشدا ئەوان قایلن بەوەی، کە نییە و نانووسرێت و وەک خەڵکەکەی دیکە دەنووسن و ڕەخنەش ناگرن. لە هەمان کاتدا ئەو دەنگە لەو تیپە لاتینییانەی، کە ئەوڕۆکە کوردیش بەکاریان دێنێت، نییە. دەنگی (ظ، ط، ص) عەرەبین و تەنانەت فارسیش، کە بەکاریان دەبەن، وەک کورد دەیانکەنە (ز، ت، س)، هەرچەندە ئەوان - فارس- دەیاننووسن، وەلێ وەک عەرەب نایانخوێننەوە، ئیدی ئەگەر بە تەنێ لە ئامێدی وا بگوترێ، خۆ هەموو کورد وا ناڵێت. ئەگەر بەو پێوەرە بێت، خۆ دەبێ کوردێکی هەورامییش داوای ئەوە بکات، کە دەنگی (ث، ذ)، کە لە هەورامیدا هەن و زۆریش بەکار دەبرێن و لە ڕێنووسی کوردی ئەمڕۆدا بوونەتە (س، ز) - فارسیش دەنووسن (ث، ذ)، بەڵام بە(س، ز) دەیخوێننەوە- بنووسرێن.

کوردگەلێک کە بە دیالێکتی گۆرانی - دملی( زازایی) لێ دەرچێت- و لوڕی گفتوگۆ دەکەن، ئەمڕۆ هەر بەو ڕێنووس و زمانە ئەدەبییە یەکگرتووەی کوردستانی عیراق و ئێران دەنووسن و کەسیش لاریی لەوە نەبووە[12]. ئامێدی لە شوێنێکی دیکەدا دەنووسێت:"بێ گومانە کو کرمانجی ب درستی ب تیپێت عەرەبی ناهێتە نڤیسین؛ گروڤ ژی ئەمەیە، زانایێت عەرەب ب خو لە سەر وێ باوەڕێ نە کو زمانێ عەرەبی یێ ئەڤە چەند هزار سالە پێ نڤیسی، هێژ فینکاراکەن ب لاتینی بنڤیسن. ژبەر هندی ئەز ل سەرڤێ بیروباوەڕێ مە کو زمانی کوردی

---

[12] لە کاتێکدا کە لێرە و لەوێ لەم ئەوروپایە، هەندێک نووسەری کورد - ئەوانەی کە بە دیالێکتی کرمانجی ژووروو دەنووسن- باس لەوە دەکەن، کە لە عیراق ڕێگەی بە کرمانجی نووسینیان نەبووە یا سەخت بووە، چونکە کوردانی سۆران ڕێگەیان نەداوە، ئەمە ڕێک وەک بۆچوون و هەڵوێستی هەندێک لە ئاشوورییەکانی کوردستانی تورکیایە، کە کاتێک دێنە ئەوروپا دەڵێن:"کوردی موسوڵمان ئێمەی چەوساندووەتەوە و لە دەست ئەوان هەڵهاتووین".

نەمازە کرمانجی ب تیپێت لاتینی نەبیت ب راستی دەنگێت وی ناهێتە نڤیسین ب تیپێت عەرەبی"[13] . ئامێدییش - وەک شاکیر فەتتاح- دەیەوێت عەرەبیش خوا لێیان تێکدات و واز لە تیپەکانی خۆیان بهێنن و ڕێنووسی لاتینی هەڵبژێرن. جا کە وای لێهات، گەلۆ دەنگی(ث، ح، ذ، ص، ض، ط، ظ، ع....) چۆن بە لاتینی دەنووسرێن! خۆ هەر ئەو دەنگانەش، کە لە ئەلفبێی کوردی (عەرەبی- فارسی دەستکاریکراو )دا نانووسرێن و ئامێدی بە کێماسی و کەلێنیان دادەنێت، وەک(وی-Ü،Û ، ط، ظ، ص) لەو تیپە لاتینییانەشدا، کە ئەو بەلایەوە پەسەندن و لە ئەوروپا کوردی( کرمانجی ژووروو )یان پێ دەنووسرێت، نین. ئەمڕۆ کە شیعری مەلای جزیری و خانی و نالی و تەنانەت گۆرانیش، دەکرێنە تیپی لاتینی، ناتەواوییەک و کەلێنێکی زۆر گەورە وەپێش دێت، ئەویش نەبوونی ئەو تیپانەیە، کە لە عەرەبیدا هەن و لە لاتینیدا نین. ئەو دیاردەیە بە زۆری لە شیعری کلاسیکدا وەپێش دێت. بێجگە لەوانەش، تیپی(ح، ع)، کە لە ئەلفبێی کوردی(عەرەبی- فارسی دەسکاریکراو )دا هەن، لە لاتینییەکەدا دەبنە(E,H )، کە لەگەڵ(هێ، ئە/ ە)دا چ جیاوازییان نییە. دەنگی(ڵ، ڕ)، کە لە کرمانجی خوارووودا هەن، لە لاتینییەکدا نانووسرێن. ئەگەر عەرەب - وەک ئامێدی پێشنیاز دەکات- تیپ بگۆڕن و بیکەن بە لاتینی، کە ئەمە عەقڵ ناتوانێت قەبووڵی بکات و کارێکی یەکجار خراپیشە، دەبێ قورئان، کە بنگە و بناخەی زمانی عەرەبییە، چۆن بکەن بە لاتینی! ئەگەر مرۆڤ زۆر شارەزا و گەلێک کونجکاوی و ورد نەبێت، ناتوانێت بە ڕێکوپێکی و بێ هەڵە قورئان - بەو تیپانەی ئێستایشی- بخوێنێتەوە. جا ئەگەر کرا، بەو لاتینییەی ئامێدی، ئەوا چ جیاوازییەک لە نێوان( رحمن) و (ڕەهمان) و (رحیم) و (ڕەهیم) و (عبس) و (ئەببەسە) و (والضحی) و (وەززوها )و... دا نامێنێت و ئەودەمەش قورئان لە قورئانیەتی دەکەوێت و دەبێتە شتێکی دیکە.

بۆ ئێمەی کورد دانانی تیپی (ز) لە بری(ذ، ز، ض، ظ) و دانانی (س) لە بری(ث، س، ص) و دانانی(ت) لە بری(ت، ط)، کە لە عەرەبیدا هەن، بارێکی گەورە و گرانمان لە سەر شان لادەبات و دەبێ نەمانی ئەو دەنگانە و کردنیان بە یەک دەنگ، بە پێشکەوتن و سەرکەوتن بدەینە قەڵەم، چونکە"ئێمە ئەگەر بێتو بۆ هەموو دەنگێکی شێوە جیاجیاکانی زمانی کوردی

---

[13] ئامێدی،، سەرچاوەی پێشوو، ل 148.

پیتێکی تایبەتی دابنێین، کاتێک دەزانین پیتەکانی ڕێنووسی زمانی کوردی دەبن بە (سەد) پیت و بگرە زیاتریش، کە ئەمەش کارێکی ناپەسەندە و نەشیاوە، چونکە ئێمە کە نەتوانین لە پیتەکانی ڕێنووسی کوردی کەم بکەینەوە بۆچی زیادیان بکەین بە دووقات"[14]. عومەر عەبدوڕڕەحیم، باس لە ئەلفبێی کوردیی عیراق و ئێران دەکات، لێ ئەگەر بەو شێوە بکرێت، کە ئامێدی دەیەوێت، ئەلفبێیەکە بە دڵی خەڵکی ئامێدی بێت و (ط، ظ، ص) و ئەوانە بگێڕدرێنەوە بۆ ئەلفبێی کوردی(عەرەبی- فارسی دەستکاریکراو)، ئەوا دەبێ(ث، ذ)یشی بۆ زیاد بکەین، چونکە لە هەورامان بەکار دەبرێن و لەبەر خاتری خەڵکی هەولێریش، هەرچی (ڵ)ە، بکرێن بە (ر)، "دووکەڵ" و "ماڵ" و "گوڵ"، بکرێن بە "دووکەر" و "مار" و "گور"، لەبەر سلێمانییانیش هەرچی (ەند، ەن)، بکرێن بە (نگ) و (س، ت)یش، لە "سەد" و "تایە" و "سەگ"دا، بکرێن بە (صەد، طایە، صەگ) و لەبەر موکریان و ئەو ناوەش، هەرچی (ر) بکرێن بە (ڕ)، "شەراب" بکرێت بە "شەڕاب" و "فرانسە" بکرێت بە "فڕانسە" و "پرۆسێس" بکرێت بە "پڕۆسێس"، ئیدی بۆ ئێمە ئەو حەلە، مەسەلەکە وەک ئەوەی لێ دێت، کە عومەر عەبدوڕڕەحیم باسی دەکات. ئەگەر نەبوونی ئەو تیپانە - وەک ئامێدی دەیڵێت- کەموکووڕی بێت و زیادکردنیان پێویست بێت، ئەوا نەک هەر لە ئەلفبێیە(عەرەبی- فارسی دەستکاریکراو)ەکەدا وایە، بەڵکە لەو ئەلفبێیە لاتینییەیشدا، کە کوردی کوردستانی تورکیا و سووریایش بەکاری دەبەن، لەوێشدا هەر وایە. کە ئاوهایش بێت، ئیدی چۆن کرمانجی بە تیپی لاتینی ڕێکوپێک نانووسرێت! ئامێدی زۆرجاران ئەوە دووپات دەکاتەوە و سوورە لە سەری، کە دیالێکتی کرمانجی ژووروو، بەلاتینی باش دەنووسرێت و بە ڕای ئەو ئەلفبێی کوردیی عیراق و ئێران، هەر بۆ زاری سلێمانی و سۆرانی دانراوە. ئەو دەڵێت:"بەلێ زمانێ کوردی کو زمانەکی هندوئورپی یە ب تیپێت عەرەبی نەمازە زارێ کرمانجی ناهێتە نڤیسین ب درستی و هویبوین(فێربوین) ژی ب ساناهی ناهێتە دەست..."[15]. ئەگەر بە وردی و ڕەخنەگرانە بنۆڕینە نووسینەکانی ئامێدی، بۆمان دەردەکەوێت، کە ئەو ڕێک و ڕەوان بڕوای

---

[14] عەبدولڕەحیم، عومەر، ڕێنووسی کوردی، گۆڤاری کۆڕی زانیاری عێراق، دەستەی کورد، بەرگی نۆهەم، 1982، ل184-185.

[15] ئامێدی، صادق بەهائوددین، جەلادەت بەدرخان، گۆڤاری کۆڕی زانیاری عێراق، دەستەی کورد، بەرگی حەوتەم، 1980، ل263.

بەوە هەبووە، کە تەنێ دیالێکتی کرمانجی ژووروو بە تیپی لاتینی بنووسرێت، چونکە ئەم ئەلفبێ کوردییەی کە هەیە -بە ڕای ئەو- هەر بۆ زاری سلێمانی دانراوە. بە قسەی ئەو زاری سلێمانی یا سۆرانی پێویستی بە لاتینی نییە. زۆر باشە، بۆ ئەمەیان ئێمەش لەگەڵیداین، بەڵام نەک زاری سلێمانی و سۆرانی، بەڵکە کرمانجی ژوورووویش پێویستی بە لاتینی نییە. ئەو ڕایانەی ئامێدی نەک هەر خزمەتی مەسەلەی یەکگرتنی زمانی ئەدەبیی کوردی و یەکیەتیی کورد ناکەن، بەڵکە پتر ڕێگەی دوورکەوتنەوە و جیاوازی خۆش دەکەن. ئەگەر - حاڵ وەک ئێستا بێت- کرمانجیی سەروو بە تیپی لاتینی بنووسرێت و کرمانجیی خواروو بە تیپی عەرەبی و کرمانجی سۆڤیێت بە تیپی کریلیک و دملی (زازایی) بە دیالێکتی خۆیان بنووسن، ڕەنگە سبەینێش هەورامی یا لوڕ یا هەر دیالێکتێکی دیکەی کوردی، ئەلفبێی چینی، پەهلەوی یا عیبری هەڵبژێرن بۆ نووسین، ئەوجا دەبێ کورد چی بەسەر بێت، بە لای کەمەوە دەبێتە چوار پێنج میللەت و هەر کەچەدیالێکتێکیش لە زمانی کوردیدا دەبێتە زمانێکی سەربەخۆ[16] .

سەبارەت بەوەی - وەک ئامێدی دەڵێ- کە کوردیی زمانێکی هیندوئوروپییە و ب تیپێت عەرەبی نەمازە زارێ کرمانجی ناهێتە نڤیسین، دەکرێ بگوترێ، کە :"ئێمە سەردەمێکمان بەسەردا تێپەڕی ئەوەی داوای بە لاتینی نووسینی کوردیی نەکردبایە لەلایەن زۆر کەسەوە بە زۆڵە کورد و کۆزمۆپۆلیت و شتی وا دائەنرا، وەک بڵێی گەلی کورد یەکێک بێ لە گەلە لاتینی یەکان. ئەو هەموو گۆڕانە سیاسی یانەی بەسەر وڵاتەکەماندا هاتن، کارێکی ئەوتویان کرد زۆر کەس چاو بەهەڵوێستی خۆیدا بگێڕێتەوە و ڕەخنەیەک لەخۆی بگرێ"[17] . ڕاستە کوردیی زمانێکی هیندو-ئەوروپاییە، لێ مەرج نییە هەموو زمانێکی هیندو- ئەوروپایی بە

---

[16] ژنێکی فلستینی، کە مامۆستای زمانی عەرەبییە لە ستۆکهۆڵم، پێش چەند ساڵێک پرسیاری ئەوەی لێ کردم، بۆ وانەی کوردی بە دوو سێ منداڵی کورد، کە لەو فێرگەیەدا بوون، ئەو کاری تێدا دەکرد، ناڵێمەوە، چونکە مامۆستای کوردییان نەبوو. گوتم:"منداڵەکان خەڵکی کوێن؟" گوتی:"وا بزانم کوردی تورکیان". گوتم:"ئەوان بە کرمانجی ژووروو و تیپی لاتینی دەخوێنن و من بە کرمانجی خواروو و تیپی عەرەبی وانە دەڵێمەوە". گوتی:"جا کە واتە دوو زمانی کوردی هەیە! واتە ئێوە دوو میللەتن". گوتم:"نەخێر یەک زمانی کوردی هەیە و ئێمە یەک میللەتین، بەڵام بارودۆخی جیۆگرافی و سیاسی و دابەشبوونی کورد بە سەر چەند وڵاتێکدا و نەبوونی قەوارەیەکی سیاسی و...وای لێکردووین". گوتی:"جا خۆ ئێمە بیست دیالێکتمان هەیە و جیاوازیی هیندێکیشیان دەگاتە ڕادەی لێکتێنەگەیشتن و لەگەڵ ئەوەشدا یەک زمانی نووسین و یەک ئەلفبێمان هەیە. سیاسەت و سنوور و دابەشبوون کەی کاردەکاتە سەر یەکیەتی زمان و ئەلفبێ".

[17] کریم، محمد ملا، پێداچوونەوەی هەندێ بیروڕا لە دەوروبەری ڕێنووسی کوردی و یەکخستنیدا، نووسەری کورد، ئابی 1979، بەغدا، ل 71.

تیپی لاتینی بنووسرێت. فارسیی، کە یەکێکە لە سێکوچکەی"عەرەبی، فارسی، تورکی"، زمانانی جیهانی ئیسلامی و ڕۆژهەڵات و زمانێکی هەرە پێشکەوتوو و دەوڵەمەندیشە، زمانێکی هیندو- ئەوروپاییە و بە تیپی لاتینییش نانووسرێت، بەڵکە بە تیپی عەرەبی دەنووسرێت. زمانی تورکی تا ئەو تیپە لاتینییانەی ئەتاتۆرک نەسەپێنرا، بە ئەلفبێی عەرەبی دەنووسرا. زمانی ئوردوو، ئێستاش بە ئەلفبێی عەرەبی دەنووسرێت.

ئەو ئەلفبێیە کوردی - عەرەبی دەستکاریکراوانەی، کە ئێستا لە عیراق و ئێران زمانی کوردییان پێ دەنووسرێت و تەواوی گەنجینەی فەرهەنگ و هزری کوردی پێ نووسراونەتەوە، گەلێک بیراز کراون و گۆڕانکارییان بەسەردا هاتووە، لە دەسپێکی بە کوردی نووسیندا، شەش حەفت سەدەیەک پاش هاتنی ئیسلام، وەک ئێستای ئەلفبێی عەرەبی و فارسی بووە. واتە: کورد توانیویەتی لە ماوەی شەش حەفت سەدەیەکدا، ئەلفبێ عەرەبی- فارسییەکە، لەگەڵ تایبەتمەندێتی زمانی کوردیدا بگونجێنێت[18]. ئەلفبێ و زمان دوو شتی جیاوازن. ئەلفبێ نیشانە و هێمایەکە بۆ ئەو دەنگانەی، کە لە زماندا دێنە دەراندن. ئەو نیشانە و هێمایانەش،کە ناوی ئەلفبێیان لێ دەنرێن، مرۆڤ بۆ خۆی دروستیان دەکات و دایان دەنێت و لە سەریان پێکدێت و ڕێکدەکەوێت. ئەگەر زمان تایبەت بێت بە گەلێک یا کۆمەڵە مرۆڤێک، کە پێی دەپەیڤن و لەیەکتر تێدەگەن و مۆرک و موڵک و ناسنامەیەکی نەتەوەیی هەبێت، ئەوا ئەلفبێ ئەو تایبەتمەندییەی نییە. هەموو ئەلفبێیەک دەتوانێت، دەربڕی هەموو جۆرە زمانێک بێت و هەموو جۆرە دەنگێک بدەرێنێت و مرۆڤیش هەر کاتێک ویستی و بە پێویستی زانی، دەتوانێت بۆ هەر دەنگێک، هێمایەک چێ بکات. ئەگەر هەر ئەلفبێیەک، تایبەت بێت بە دیالێکتێکەوە، وەک ئامێدی دەیەوێت، بێجگە لە کوتکوتکردنی زمانی کوردی و جوێکردنەوە زێتر هیچی دیکە نییە، وەک ئێستا بە چاوی خۆمان دەیبینین، ئەوەش بەرهەمی کۆششی سەیدا ئامێدی و کەسانی دیکەی هاوبیری ئەون.

---

[18] مامۆستایەکی ئێرانناس"Iranist"، بە ناوی "کارینا جەهانیCarina Jahani"، لە زانستگەی "ئوپسالا" لە سوێد، کە سەردەمێک مامۆستایشم بوو، دەیگوت:"کوردەکان زۆر زیرەکانە، گیروگرفتی ئەلفبێیان چارەسەر کردووە و خۆیان لە گرێ و سەختیی ئەلفبێی عەرەبی ڕزگار کردووە و دوورخستووەتەوە و ئەگەر ئەلفبێی کوردی لەگەڵ فارسییشدا بەراورد بکرێت، ئەوا کوردییەکە زێتر پێشکەوتووە".

ڕێنووس، وەک مەسعوود موحەممەد دەڵێت: "دەفری نووسین و خوێندن و ڕۆشنبیرییە و هەر تەقەڵێکی هەڵوەشێتەوە کەلێن دەدا بۆ فرەوان بوونی مەودای لەگەڵ یەکدیدا و نەگونجانی نووسەران. میللەتێک هێندی کورد پێویستی بە یەکیەتی هەبێت ناشێ خوێندەوارەکانی لە هەوەڵ هەنگاوی خامەگیرییانەوە، کە ڕێنووسە، لەیەکدی بترازێن. ئێمە کە لەسەر چۆنیەتی نووسینی( کەرەباب )ی بەری سۆران و (ئەفەنگی ) بەری بابان پێک نەیەین چۆن لە ئاست شتە ژیوەریە گرنگەکان تێک دەگەین"[19] . پێموایە گیروگرفتی کەرەباب و ئەفەنگی، نێوان بەری سۆران و بەری بابان و گیروگرفتەکانی دیکەش لە نێوان زاراوە کوردییەکاندا، کە بە تیپی عەرەبی دەنووسن، ئیدی چ سۆران و موکریان و گەرمیان و سلێمانی بێت یا لوڕ و هەورامی، تا ڕادەیەک چارەسەر بوون و هەموو بەو ئەلفبێ و ڕێنووسەی، کە لە کوردستانی عیراق و ئێراندا هەیە، قایلن و پێڕۆی دەکەن، بەڵام گیروگرفتەکە لە نێوان تەواوی ئەو دیالێکتانەی، کە بە تیپی عەرەبی دەنووسن و کرمانجی ژووروودایە، کە بە تیپی لاتینی دەنووسرێت.

بێجگە لەوەش ئەو دیالێکتانەی، کە بە تیپی عەرەبی دەنووسن هەموو لە دەوری دیالێکتی سلێمانی "کە جێی خۆیەتی ببێتە بنەمای نووسینی ئەدەبی کوردی. ئەوەندە لایەنی بەهێز و جوان و ڕاست و ڕەسەنی تێدا هەیە، کە پێویستی بە سەپاندنی شتی نارەسەن نەبێت. خزمەتی شێوە نووسینی ئەدەبی و شێوەی ئاخاوتنی سلێمانی خۆیشی لەوەدایە، کە هەر وشە و تەعبیر و دارشتنێکی کوردی لە ڕەسەنایەتی و ڕاست بووندا بەسەر هی دیکەدا کەوتەوە ئەویان قبوول بکرێ نەک جوانی و ئاورینگی لەهجەی بنەمای ئەدەبی شەفاعەت بکەن بۆ ئەو بەکارهێنانەی نادروستن و لەگەڵ خۆیدا بەسەر هەموو زمانەکەیدا بسەپێنێ"[20] کۆبوونەتەوە و بەو "زمانە ئەدەبی یە یەکگرتووەی کوردی کە لە سەردەمی بابانەکانەوە،( نالی )ی مەزن و هاوکارەکانی کردیان بەزمانی شیعر و ئەدەبیاتی کوردی و ڕۆڵێکی سەرەکیان لەگەشە پێ کردن و دەوڵەمەندکردنی دا بووە.."[21] دەنووسن، چونکە "ناتوانین بڵێین ئێستاکە کورد پتر لە زمانێکی ئەدەبی یەکگرتووی هەیە. چونکە ئەم زمانە ئەدەبییە لە دەوری بابانەوە تا ئێستا هەر

---

[19] محمد، مسعود، چارەسەرکردنی گیروگرفتەکانی ڕێنووس و ئەلف و بێی کوردی، گۆڤاری کۆڕی زانیاری عیراق، دەستەی کورد، بەرگی نۆهەم، 1982، ل 269.

[20] سەرچاوەی پێشوو، ل287-288.

[21] شارەزا، کریم، نالی و زمانی ئەدەبیی یەکگرتووی کوردی، 1984، ل46.

زمانی ئەدەبی ناوچەیەکی گەورەی کوردستانە و، لە ساڵی( 1922 )ەوە تاکو ئەمڕۆ زمانی خوێندن و نووسینی بەشێکی زۆری ئەو ناوچەیەیە. هەر لەو کاتەدا شێوە زمانێکی تر نابینین کە لە دەوری بابانەوە تا ئێستا بەو شێوە فراوانە و بەو بەردەوامی یە زمانی ئەدەبیاتی بێت"[22]. ئەگەر ماڵجیایی نەکرابا و هەموو کورد لە دەوری ئەو ڕێنووس و زاراوەیە کۆ بووایەوە، بێگومان گەورەترین و دژوارترین گیروگرفتی نەتەوەی کورد چارەسەر دەکرا و ڕێگەی یەکگرتن و یەکیەتی خاک و نەتەوەکە، هاسانتر و کورتتر دەکرایەوە، چونکە "ئەو ڕێگایەی کە بنچینەی زمانی ئەدەبی یەکگرتووی نەتەوە لە دیالێکتێک یا لە بەشە دیالێکتێکی زیندووی زمانەوە وەردەگرێت، بۆ کورد لە هەموو ڕێگایەکی تر دروستتر و گونجاوترە، بە مەرجێ بە وشەی جوان و پتەوی دیالێکتەکانی دیکە موتوربە بکرێت"[23].

هەژاری موکریانییش لە سەر ئەو ڕایەیە، کە تیپی لاتینی تیماری دەردی کورد دەکات و دەڵێت:"پیتەکانی کە ئەمڕۆ پێ ی دەنووسین کە پاشماوەی خەتی ئارامی چەندین هەزار ساڵەیە هەرچەندە ئێمە بە ئیعراب بە حروفەوە دەینووسین و لە عەرەب و فارس وارد و باشتر و هاسانترمان کردوە، بەڵام ئەگەر ناچاری نەبێ ئەبەد بەکاری کوردی نووسین نایە. چاکترین خەت بۆ کوردی نووسین ئەو خەت و ئەلف و بایە کە ئێستا لە کوردستانی تورکیا باوە...لەڕاستی دا لاتینی نەبێ بۆ کوردی لەنووسینی بێ گرێ و گۆڵ بەمراد ناگەین"[24]. زۆرم پێ سەیرە، کوردیزانێکی وەک هەژاری موکریانی، بەو شێوەیە بنوارێتە مەسەلەکە. ئێمە کە ڕێنووسی کوردیمان لە عەرەب و فارس وارد و باشتر و هاسانتر کردبێت، ئیدی بۆ دەبێ هەر بە ناتەواو و خراپی بزانین لە کاتێکدا، کە عەرەبی زمانی پتر لە بیست دەوڵەت و نێزیکەی چەندسەد میلێۆنێک مرۆڤ و زمانی قورئانیشە، کە زمانی ئیسلامە و ئایینی چواریەکی هەموو دانیشتووانی سەر گۆی زەوییە. فارسییش زمانی دەوڵەتێکی مەزن و کۆنی سێ چوار هەزار ساڵەیە و زمانی ئەدەبیی چەندین گەل و نەتەوەی دیکەی ڕۆژهەڵاتە. بێجگە لەوانەش هەم عەرەبی هەمیش فارسی، دوو زمانی ئەدەبیی هەرەپێشکەوتوون و لە نێو ئەدەبی مرۆڤایەتیدا گەلێک دیارن و گەلێکیشیان خزمەت بە فەرهەنگی مرۆڤایەتی کردووە و بە

---

[22] سەرچاوەی پێشوو.

[23] Stefan Lindgren, Bambupennan som vapen, förr och nu, nr 1, 1987, s7.

[24] چاوپێکەوتنێک لەگەڵ شاعیر و نیشتمانپەروەری گەورەی کورد(هەژار )، پێشەنگ، ژمارە 11، ئازاری 1986، ل28.

بەراورد لەگەڵ ئێمەی کورددا، ئەوان زۆرزۆر لە نوواوە(پێشەوە)ن و ئێمە بەواندا نەگەیشتووین و وا بە هاسانییش ناگەین. کە ئەوان بەو حاڵەی خۆیانەوە، بەو ئەلفبێیە ڕازی بن - بە مەرجێکیش توانستی گۆڕینیان هەبێ، بەڵام هەرگیز هەڵەی وا ناکەن- ئیدی بۆ دەبێ خۆمان بە نەخۆش بزانین و لاتینی تیماری دەردەکانی ئێمە بکات و ئەلفبێیەکەی خۆمان پڕبێت لە گرێ و گۆڵ!

هەندێک پێیان وایە، کە بە تیپی لاتینی نەبێت، زانین لە نێو میللەتی کورددا ناچێتە سەر و لەبەر ئەوەی منداڵی کورد لە تورکیا بە تیپی لاتینی ڕاهاتوون و ڕادێن، ئیدی لاتینی چاکە. سادق بەهائەددین ئامێدی دەڵێت: "بەلاڤکرنا زانینێ ژی بۆ ملەتێت وەکی ملەتێ کورد ب ڕێکا نڤیسینا زمانێ کوردی ب تیپێت لاتینی نەبت ناچتە سەری؛ ژبەر کو نڤیسینا زمانێ کوردی ب تیپێت لاتینی زویتر و باشتر ب دەستڤەتێت، چکو دەنگ یا فۆنێم د زمانێ کوردی ی دا ب تیپێت عەرەبی ناهێتە نڤیسین و زارۆکێت کورد ژی ل تورکیای ب تیپێت لاتینی دخوینن و دنڤیسن، نەشێن کتێبێت کوردی یان ڕۆژنامە و کۆڤارێت ب تیپێت عەرەبی تێنە نڤیسین بخوینن. هەکە هات و وەکی بەرێ ب تیپێت عەرەبی هاتنە نڤیسین وێ روشنبیرێت کورد ب درستی بێ بەهرە بن خاسما ناڤێ(کورد) ئینان لە تورکیا لەسەر دچیت. هەر ژبەر هندێ ژی بەهەشتی ئەلفابێ یا ڕاست دانایی ژینێ گوهی نێزیکی ئەلفبێیا تورکی کر داکو کوردێت تورکی بخوینن تێ بگەهن. هەر ژبەر هندێ یە ژی کوردێت تورکی ژ چاپەمەنی یێت کوردی لە عێراقێ زربەهرن"[25]. پێموایە ئەگەر خەڵک لە بڵاوکردنەوەی زانیاری بن و ئەوەیان لا مەبەست و گرنگ بێت، ئەوا بە تیپی بزمارییش بێت، دەتوانن بڵاوی بکەنەوە. ئەگەر بەراوردێکی وەک یەک و دوولایەنی و هاوتا بگرینەبەرچاو، پێموانییە میللەتانێک، کە بە تیپی غەیرەلاتینی دەنووسن، لە میللەتانێک، کە بە تیپی لاتینی دەنووسن، کەمتر زانیاری و هزر و فەرهەنگ بڵاو بکەنەوە. ئەو مەسەلە بە ڕادەی خوێندەواری و پێشکەوتنی هەر میللەتێکەوە بەندە و چۆنیەتی تیپەکە هیچ ڕۆڵێک لەو بارەوە نابینێت. ئاگایی و هۆشیاربوونەوە و پێشکەوتن چ پێوەندێکی بە ئەلفبێ و تیپەوە نییە. کە زارۆکی کوردی تورکیا ناتوانن کتێب و گۆڤار و ڕۆژنامەی کوردیی عیراق بخوێننەو،ە لە سەرێکەوە لەبەر

[25] ئامێدی،، جەلادەت،، ل271.

ئەوەیە، کە بە تیپی کوردیی عیراق ڕانەهاتوون و نایزانن و لە سەرێکی دیکەیشەوە، ئەوان هەر لە زاراوەکەیش تێناگەن. ئەمە بێجگە لەوەی، کە ئەو کتێب و ڕۆژنامە و گۆڤارە کوردییانەی کوردستانی عیراق، بە هۆی سنوور و سیاسەتی تورکیا و عیراقەوە، هەر ناگەنە ئەوان. منداڵی کوردی تورکیا، نەک هەر بڵاوکراوە و نووسینی کوردستانی عیراقی بە تیپی عەرەبی نووسراو ناخوێننەوە، بەڵکە بە خوێندنەوەی کوردیی لاتینییش هەر ڕانەهاتوون، چونکە ئەوان بە کوردی ناخوێنن و زمانی خوێندنیان تەنێ تورکییە. ئەو کتێب و گۆڤار و ڕۆژنامە کوردییانەی، کە بە تیپی لاتینی دەنووسرێن، لە ئەورووپا و دەرەوەی کوردستان دەردەچن و بە دەگمەنیش ناگەنەوە کوردستان. واتە: زارۆکی کوردی تورکیا مەگەر لە ئەورووپا- ئەویش ئەگەر زۆر بە تەنگییەوە بن- فێری زمانی کوردی ببن. سادق بەهائەددین ئامێدی، ئەوەی لە بیر کردووە، کە ئەو نووسینە کوردییە لاتینییە، بۆ کوردی عیراق و ئێران، هەمان شێوەی کوردییەکەی ئێران و عیراقە بۆ کوردی تورکیا، ئەوانیش نەدەیزانن و نە دەگاتە دەستیشیان. هەروەها هەردوو شێوە نووسینە کوردییەکەی عیراق- ئێران و تورکیا- سووریا، بۆ کوردی سۆڤییەت نامۆن و لێی نازانن، خۆ کوردییە کریلیکییەکەی ئەوانیش بۆ سەرتاپای کوردستان، نامۆیە و کەس سەری لێ دەرناکات.

بڕیاری یەکلایەنە و بێ سێودوولێکردن و بێ ڕاوێژکردن بە خەڵک، زۆرجاران بڕیارێکی سەرکەوتوو نابێت. هی وا هەیە لە خۆیەوە وای بڕیارداوە، کە تیپی لاتینی ببێت بە ئەلفبێی زمانی کوردی. شاهین سۆرەکلی دەڵێت: "یەک ژ گاڤێن، کویێ ب کاربە ڕۆڵەک گەورە بۆ یەکەتییا گەلێ کورد بلیزە، یەککرنا نڤیسا زمانی کوردی یە. ئاڤێتنا ڤێ گاڤێ ل بەرچاڤێن هنان، ب تایبەتی ل بەرچاڤێن هن هەڤوەلاتێن مەێین سۆران، ژ دەرکەتنا سەر هیڤیێ دژوارتر بوویە.."[26]. لام وایە هەموو کوردێک لەگەڵ ئەو ڕایەی سۆرەکلیدایە، کە یەکخستنی ڕێنووسی کوردی و بەکاربردنی یەک ئەلفبێ، هەنگاوێکە ڕۆڵێکی مەزن دەبینێت لە یەکیەتی گەلی کورددا و کەس لاریی لەوە نییە، وەلێ کە لەبەرچاوی هەندێ هاووڵاتیانی سۆران لە چوونە بان مانگ دژوارترە، ئەمەیان جێی خۆی نییە، چونکە ئەگەر مرۆڤ تیپی لاتینی کردە بنگە و بنەما و ڕاستییەک و چ موناقەشەی لە سەر نەکرێت، ئەوە حەتمەن مەسەلەکە وەک سۆرەکلی

[26] Sorekli, Sahin B, Tek-kirina nivisa kurdi, Rewsen, Hejmar 1, Havin 1988, Rupel 28.

دەیڵێت، وا دەشکێتەوە، بەڵام بۆ دەبێ تیپی لاتینی بکرێتە بناخە و بنگە بۆ ئەلفبێی کوردی! لام وایە ئەگەر بشگوترێ، کە هەر دەبێ ئەلفبێی(عەرەبی- فارسی دەستکاریکراو) بکرێتە ئەلفبێی هەموو کورد، ئەودەمە هەڤوەلاتیێن مەیێن کرمانجیش بەلایانەوە لە سەرکەوتنە سەر مەریخ دژوارترە. لە هەمان گوتاردا سۆرەکلی داوا لە پارتییە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵات و باشووری کوردستان دەکات، کە کۆمیتەیەک ساز بکەن بۆ وەی "بەیعەت" بە تیپی لاتینی بدرێت و بیکەن بە ئەلفبێی زمانی کوردی. جارێ پێشەکی کەنگێ پارتییە سیاسییەکانی کوردستان ئارەزووی کاری فەرهەنگی و زمانەوانی و جڤاکییان هەبووە و هەیە و چی لێ دەزانن! ئەوان دەیان ساڵە و تا ئێستاش لە سەر ئامانج و ئاوات و خواستەکانی، نەک هەر گەلی کورد بەڵکە هی خۆیشیان، لە سەر دروشمەکان و دەستنیشانکردنی دۆست و دوژمنی خۆیان و لە سەر واتا و یەکالاکردنەوەی هێندێک دەربڕینی سەرەتایی، وەک ئۆتۆنۆمی، ئۆتۆنۆمی ڕاستەقینە، خودموختاری، مافی چارەنووس، سەربەخۆیی، دیکتاتۆری، فاشی، شۆڤینی، چەپ و ڕاست و...پێک نەهاتوون و لێیان تێکەڵ دەبن و دەشێوێن. ئەوان تا ئێستاش 75%ی نووسین و بڵاوکراوەکانیان بە عەرەبی و فارسی و تورکی دەنووسن و بڵاودەکەنەوە و دوا زمان، کە بیری لێ دەکەنەوە کوردییە، ئیدی دەبێ چەند تامەزرۆی زمان و نووسینی کوردی بن! پاشان وا کۆمیتەیان ساز کرد و بەیعەتیشیان دا، دەبێ لە چ قوژبنێکی کوردستاندا بتوانن ئەو بڕیارە جێبەجێ بکەن و بیخەنەگەڕ، چونکە ئەسڵەن ئەوان هیچ شوێنێکیان بە دەستەوە نییە و ئەگەر هێندەی ساجێکیش خاکیان بە دەستەوە بێت، ئەزەلی و ئەبەدی نییە و قابیلی گۆڕان و لەدەستچوونە.

سۆرەکلی، ئەلفبێیەکەی گۆڤاری "هاوار" دەکاتە پێوەر و داواش دەکات، کە"ددەستپێکی دە ب زاراڤێن زازاکی (دنبلی)، سۆرانی و کورمانجی وەرن وەشاندن و بەلاڤ کرن.."[27]. بەو سێ زاراوەیەی، کە سۆرەکلی ناویان دەبات، لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا نووسینی کوردی بڵاو دەبێتەوە. زاراوە سۆرانییەکە وەک زاراوە و ئەلفبێش، لەو دوو زاراوەکەی دی جوێیە، بەڵام کرمانجی ژووروو بۆ خۆی، کە بە سێ ئەلفبێی جیاواز، عەرەبی، لاتینی و کریلیک دەنووسرێت و ماوەی پەنجا شێست ساڵێکیشە بەو شێوەیە ڕوویشتووە، و تا لاتینی و کریلیک

---

[27] سەرچاوەی پێشوو.

پەیدا نەبووبوون، ئەلفبێ عەرەبییەکە هەموو زمانی کوردی گرتبووە خۆی و پێی دەنووسرایەوە، وەلێ لەوەتی ئەو دوو جۆرە تیپەی دیکە هاتوونەتە مەیدانەوە، ئایا وا ڕوویداوە، کە هەر کرمانجی ژووروو بۆ خۆی بە یەک ئەلفبێ بنووسرێت؟ یا هەوڵی ئەوە دراوە یا کارەکە بۆ خۆی بەرەو ئەوە چووە، کە ببێتە یەک ئەلفبێ؟ نەخێر هەرگیز...!! بەهەرحاڵ پێموایە کارەکە نە بە "هەر دەبێ" و نە بە "ئەلفبێی هاوار" و نە بە "پارتییە سیاسییەکان"یش مەیسەر دەبێت! ئەگەر چاوەنۆڕی پارتییە سیاسییەکان بین مەسەلەی زمانمان بۆ چارەسەر بکەن، پێموایە بەبێ زمان و بێ ئەلفبێ سەردەنێینەوە. ئەوان با پێشتر چارەسەری چەوتیی و هەڵە و پەڵەی دەیان ساڵەی سیاسەتی خۆیان بکەن.

بۆ شارەزاییەکی باشتر و تێگەیشتنێکی زێتر لە ڕێنووسی کوردی، وا چاکە ئاوڕێک لە مێژووی ڕێنووسی زمانی کوردی بدەینەوە. لە کتێبی "زمانی یەکگرتووی کوردی"دا، جەمال نەبەز، لەبارەی ڕێنووسی زمانی کوردییەوە بە دووردودرێژی دەدوێت و قۆناغەکانی پێشکەوتن و گۆڕانی ڕێنووسیش باس دەکات. نەبەز، لەمەڕ مێژووی بەکوردی نووسینەوە دەڵێت:"هەرچەندە بەداخەوە نازانرێ لە کەیەوە بە کوردی دەنووسرێ، بەڵام ئاشکرایە؛ پاش ئەوەی ئایینی ئیسلام لە کوردستاندا بێخی داکوتا، کوردەکانیش وەک فارسەکان، دەستیان کرد بە بەکارهێنانی ئەلف و بێی عەرەبی بۆ نووسینی زمانەکەیان. هەرچەندە ئەو بەڵگانەی، تا ئێستە لە چەند سەد ساڵێک تێپەڕ نابێ، بەڵام ئەز لەو باوەڕەدام کە مێژووی نووسینی کوردی گەلێک لەو تێکستانە کۆنترە کە پێمان گەیشتوون"[28]. بەمەدا تێدەگەین، کە لەگەڵ هاتنی ئیسلامدا بۆ کوردستان، ئیدی کوردیش ئەلفبێی عەرەبی بۆ نووسین بەکار بردووە. ڕەنگە پێش ئیسلامیش، کورد هەر ئەو ئەلفبێیەی، کە فارس بەکاری بردووە، ئەویش بەکاری بردبێت، چونکە بە گشتیی زمانی دەسەڵات و خەڵکی فەرمانڕەوا - ئیدی هەرکەسێک بووبێت- زمانی نووسین بووە. ئەو گریمانەیەش کاتێک دەسەلمێت، ئەگەر ئەسڵەن بە کوردی شت نووسرابێتەوە، کە من بۆ خۆم بڕوا ناکەم. سەبارەت بە هاتنی ئیسلامیش بۆ کوردستان، نەبەز دەڵێت:"ئایینی ئیسلام لە دەوروبەری 639ی زایندا هاتە کوردستانەوە، بە ماوەیەکی کەم ئایینی زەردەشتی ی لە هەموو کوردستان و هەموو ئێراندا لەنێوبرد و کتێبە پیرۆزەکەی کە قورئانە و بە عەرەبی

[28] نەبەز، جەمال، زمانی یەکگرتووی کوردی، 1976، ل78-79.

نووسراوەتەوە بە تەواوی جێی ئاڤێستای گرتەوە. کوردەکان هەرچەندە لە سەرەتاوە بەربەرەکانی ئەم ئایینەشیان کرد، بەڵام لە ئەنجامدا و لەبەر گەلێک هۆ بەزۆری بوونە موسوڵمان و دەستیانکرد بەخزمەت کردنی ئایینی ئیسلام و زمانی عەرەبی"[29]. کەواتە ئەگەر کورد لە پێش ئیسلامدا نووسینێکی بووبێت، ئەوا نەماوەتەوە بۆ ئێستا و تەنانەت نووسینەکانی پێش هاتنی ئیسلامیش - وەک نەبەز دەڵێت- هەر هی چەند سەدەیەکی لە بەردەستدایە، بەڵام ئەوە ڕوونە، کە ئەلفبێی عەرەبی لە دوای هاتنی ئیسلامەوە بۆ کوردستان، بووە بە ئەلفبێی کوردیش. هەرچەندە بێجگە لە تیپی عەرەبی"کەمەیەکی کەمی ئەو نووسینانە بە خەتی سریانی و کەمتریش لەوە بە خەتی ئەرمەنی نووسراونەتەوە"[30]، واتە: تا ئەو کاتە سێ ئەلفبێ بۆ نووسینی کوردی لە ئارادا هەبوون، عەرەبی، سریانی و ئەرمەنی. بێجگە لەوانەش وا پێدەچێت زمانی کوردی بە ئەلفبێیەکی دیکەش نووسرابێتەوە، ئەویش ئەلفبێی "ئێزدی"یە، کە پرۆفیسۆر قەناتێ کوردۆ، لە گوتارێکیدا لەو بارەیەوە بە دوورودرێژی و تێروتەسەلی باسی لێوە دەکات و وێنەیەکی ئەلفبێیەکەیشی لەوێدا بڵاو کردووەتەوە[31]. دوکتۆر حوسەین ڕەهبەر، لەمەڕ ئەو ئەلفبێیەوە دەڵێت:"پرۆفیسۆر قەناتێ کوردۆ، ڕاستییەکی دیرۆکی پێشاندده لە بەندا (ل بابەت نڤیسکار، زمان و ئەلفابێ یا پرتووکێت ئێزدییان) و بەڵگەیێن بەرچاڤ نیشاندکە، کو ئەلفابێ یەکە کوردی سەربخۆ، نەتەوەییە، نە نەستووریی یە و نە جهووکی یە. لێ پێویستە بێ گۆتن، کو ئەلفابێ دبن ئێتاعەتا بنکە و ڕێبازا عەرەبی دا هاتی یە ڕێک و پێک کرنێ. ئەو ئەلفابێ یا کوردی ب تەمامی یا خو ڤا ژ ئەلفابێ یا عەرەبی جیاوازترە"[32]. جەمال نەبەزیش لەمەڕ ئەو ئەلفبێ ئێزدییەوە دەڵێت:"ئەلف و بێی ی ئیزدی ئەو ئەلف و بێ یە یە کە هەدوو کتێبە پیرۆزەکەی ئێزدی یەکان بەوە نووسراوەتەوە، واتا(مەسحەف ڕەش) و (کتێبی جەلوە). هەرچەندە نازانرێ کەی ئەم ئەلف و بێ یە دانراوە؛ بەڵام ئەوەی ئاشکرایە ئەوەیە کە ئەو

---

[29] سەرچاوەی پێشوو، ل10.

[30] سەرچاوەی پێشوو، ل79.

[31] کوردۆ، پرۆفیسۆر قەناتێ، ل بابەت نڤیسکار، زمان و ئەلبایێ پەرتوکێت دینێ ئێزیدیان، گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد، بەرگی یەکەم، بەشی یەکەم، بەغدا1973،ل132-172.

[32] ڕەهبەر، د. حوسین، جەلادەت بەدرخان وەک هیمدارێ ئەلفابێیا لاتینی کوردی، رۆشنبیری نوێ، ژمارە 105، ساڵی 1985، ل96.

کەسەی دایناوە شارەزایی یەکی تەواوی لە ئەلف و بێ ی عەرەبیش و فارسیشدا بووە"[33]. کە ئەلفبێی ئێزدی - وەک کوردۆ و نەبەز باسی دەکەن- لە ژێر کاریگەریی ئەلفبێی عەرەبی و فارسیدا بوویێت، دەکاتە ئەوەی، کە ئەو ئەلفبێیەش هەر دوای هاتنی ئیسلام بۆ کوردستان چێ کراوە، چونکە ئێزدییەکانیش، کە کوردن و هەر لە کوردستاندا بوون، ئەوانیش بە هاتنی ئیسلام بۆ کوردستان، شارەزای ئەلفبێی عەرەبی بوون، دەنا خۆ پێشتر ئەلفبێی عەرەبی لە کوردستاندا نەبووە. تا ئێرە ژمارەی ئەلفبێی کوردی دەگاتە چوار: عەرەبی، سریانی، ئەرمەنی و ئێزدی.

ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ سەرەتای پەیدابوونی ئەلفبێی عەرەبی، کە کورد و فارسیش لە پاش هاتنی ئیسلامەوە، بەکاری دەبەن، ئەوا دەبینین، دەوروبەری دووهەزار ساڵێک پێش زایین، فینیقییەکان، ئەلفبێیەکیان بەکار بردووە، کە لە ڕاستەوە بۆ چەپ پێیان نووسیوە و لەو ڕێنووسەوە ئەلفبێی عەرەبی و گرێکی و لاتینی گەشەیان کردووە. تەنانەت گرێکییەکان، کە لە ڕۆژهەڵاتەوە فێری نووسین بوون، هەر لە ڕاستەوە بۆ چەپ دەیاننووسی تا دووسەد ساڵێک پاش زایین و ئیدی لەو دەمەوە وردەوردە بەرەو ئەوە چوون، کە لە چەپەوە بۆ ڕاست بنووسن، ئەویش ڕەنگە بە هۆی ئەوەوە بێت، وەک "دۆناڵد باکسسۆن"، لە کتێبی "مێژووی هونەری نووسین Skrivkonstens historia "دا دەڵێت، کە ئەگەر وەک عەرەب لە لای ڕاستەوە بۆ چەپ بنووسرێت، ئەوە دەبێتە هۆی شاردنەوەی وشەکان لە پشتی دەستەوە و جێنەهێشتنی چۆڵایی بە ڕێکوپێکی لە نێوان وشەکاندا، لێ لە لای چەپەوە نووسین ئەو دەرفەتە دەڕەخسێنێت، ئەوجا ڕەنگە گرێکییەکانیش لەبەر ئەوە لەچەپەوە بۆ ڕاست نووسینیان هەڵبژاردبێت[34]. بێگومان کوردیش ئەلفبێ عەرەبییەکی وەرگرتووە، بەڵام پاشان تێکەڵ بە فارسی کراوە و پاش کۆمەڵێک دەستکاری و گۆڕانکاری، گەیشتووەتە ئەمەی، کە ئێستا لە ئارادایە. مەسەلەکە لەوەدا نەوەستاوە، بەڵکە تیپی لاتینییش هاتە ئاراوە، کە ئەویش بە چەند قۆناخێکدا تێپەڕیوە و گەیشتووەتە ئەمەی، کە ئەوڕۆ هەیە.

لە پاش یەکەم جەنگی جیهانییەوە، لە لایەن "مێجەر سۆن"ەوە، هەوڵی دانانی ئەلفبێیەکی لاتینی دراوە، بەڵام ئەو ئەلفبێیە بڵاو نەبووەتەوە. لە ساڵی 1930دا، زانای ئەرمەنی"ئیسحاق

---

[33] نەبەز...، زمانی...، ل84.

[34] Lindgren, Stefan, Bambupennan som vapen, För och Nu, nr 1, 1987, s:7.

مۆرگۆلۆڤ" و "عەرەبی شەمۆ"، ئەلفبێیەکی لاتینییان دانا و لە نێو کوردەکانی سۆڤێیتدا تا ساڵی 1938 بەکار براوە. بۆ نموونە ڕۆژنامەی "ڕێیاتەزە"، کە بە کوردی دەردەچێت، لە ژمارەی یەکەمیەوە، لە ساڵی1930- 1938، بە لاتینی دەرچووە. لە ساڵی 1938-1955، ڕێیاتەزە، دەرنەچووە. لە 1955یشەوە تا ئێستا، بە تیپی کریلیک دەردەچێت، وەلێ جەمال نەبەز دەڵێت:"ئەلف و بێ ی سریالی بە زۆری لە ساڵی 1946وە بەکاردەبرێ"[35]. لە ساڵی 1932یشدا، جەلادەت بەدرخان، ئەلفبێ لاتینییەکەی خۆی بڵاو کردەوە. ئەو لە ساڵی 1919ەوە دەستی بە ڕێکخستنی ئەو ئەلفبێیە کردبوو. لە پێشگوتنی کتێبێکدا، کە لە ساڵی 1932دا، لە شام نووسیویەتی، جەلادەت بەدرخان، باسی ئەوە دەکات، کە ساڵی 1919 لە خەرپووت و دیاربەکر و چیای مەلەتیێ و لە نێو عەشیرەتی (ڕەشوان یا ڕەوان)دا، کاتێک کە لەگەڵ "مێجەر نۆئێل"[36] ناوێکی ئینگلیزدا دەبێت، کە سۆرانی دەزانێت و هەوڵدەدات فێری کرمانجی بێت، کاتێک کە مەتەڵ و ستران و چیرۆکان کۆدەکەنەوە و دەنووسن و بەراورد دەکەن، نۆئێل بەرانبەر بە تیپی عەرەبی، تیپی لاتینی دەنووسێت و دەستنووس و خەتی خۆی بە هاسانی دەخوێنێتەوە و وەک جەلادەت بەدرخان دەڵێت:"ب بلێکرنەکە بیانی، لێ بێ دژواری دەست نڤیسا خۆ دخواند، لێ بەلێ ئەز، هەیا کو مـن (وو) ژ (ۆ) و (ی) ژ (ێ) دەرخستن دکەتم هەزار دژواری"[37]، ئەوجا دەڵێ:"د جهدا قەرارا خو دا و ژ خورا ب حەرفێن لاتینی

---

[35] نەبەز...، زمانی...، ل84.

[36] ڕەفیق حیلمی، لە بارەی "مێجەر نۆئێل"ەوە، باسی ئەوە دەکات، کە "نۆئێل"یەکێک بووە لە ئەفسەرە ئینگلیزە شارەزاکانی هەرێمی کوردستان. ڕاوێژکاری شێخ مەحموود و یەکەم نوێنەری ئینگلیز بووە لە کوردستان. زمانانی فارسی و فرانسەیی زۆر باش زانیوە و لە ئێراندا زۆر ماوەتەوە. لە ڕێی سیاسەتەوە خزمەتی بریتانیای کردووە. ڕۆژی 1-11-1918، لە کۆبوونەوەیەکدا، بە خەڵکی سلێمانی، کە "عولەما، ئەشراف، سادات و توججار"ی تێدا بەشدار بوون، بە ناوی نوێنەری بریتانیاوە قسەی کردووە و بەو خەڵکەی ڕاگەیاندووە، کە شێخ مەحموود، لە لایەن حاکمی گشتیی عیراقەوە، بە "حوکمداری کوردستان" ناسراوە. نۆئێل و لە پشت ئەویشەوە "ویلسن"ی حاکمی گشتیی عیراق، دەیانەویست لە نفووزی شێخ مەحموود کەڵک وەرگرن و لە هەرێمی کوردستاندا، بێ هێزێکی سەربازی، نفووزی ئینگلیز جێگیر بێت و بە هۆی شێخ مەحموودەوە، سیاسەتی حوکوومەتی بریتانیا، بەڕێوە ببەن. نۆئێل، ناوی "حاکمی سیاسی" لێ نرا. حیلمی دەڵێت "زەمان بە دڵی (نۆئێل) بچوایە بەڕێوە شکم لەوەدا نیە کە بناغەی (کوردستانی گەورە)ی دائەمەزراند..". نۆئێل، شوباتی 1919 چووەتە تورکیا و لە لایەن کۆمەڵگەکانی سیاسی کوردیشەوە، "میر جەلادەت بەدرخان" و دوو کوردی تریش گەیشتوونەتە لای و لەگەڵ "نۆئێل"دا یەکیان گرتووە و بە ناو کوردەکانی خەرپووت و دیاربەکردا سووڕاونەتەوە و بۆ کورد و کوردستان گفتوگۆیان کردووە. بنۆڕە: حیلمی، ڕەفیق، یادداشت، بەرگی یەکەم، چاپخانەی مەعاریف، ساڵی 1956، ل58-73.

[37] هاوار، هەژمار 13، 1932، ل1.

ئەلفابێ یەک لێک ئانی"[38] و پاشان باسی ئەوە دەکات، کە سوودی لە ئەلفبێی یۆنانی و ڕووسی و لاتینی و فرانسەیی وەرگرتووە، بۆ چێکردنی ئەلفبێی لاتینی بۆ کوردی و کاتێک تورکان ئەلفبێی لاتینی خۆیان بڵاوکردەوە ئیدی "ژ بونا هێمانکرنا خوەندنا نڤیسارێن مە ژ کوردمانجێن ترکیرا، مە دەنگێن هن حەرفان ب هەڤ گوهارتن ئو هەرچەند هەبو مە ئەو چەند ژ ئەلفابێ یا خوە خست نێزیکی ئەلفابێ یا ترکان کر"[39]. بەدرخان، باسی ئەوەش دەکات، کە پرسی بە زۆر خوێندەوار و زانا و نووسەری کورد و بیانی کردووە، بۆ نووسینی ئەلفبێ لاتینییەکەی و گوایە سێزدە ساڵ هەوڵی بۆ داوە. پێموایە جەلادەت بەدرخان، بۆ دانانی ئەلفبێی لاتینی بۆ زمانی کوردی، پرسی بە هیچ زمانزانێکی کورد نەکردووە، بەڵکە بڕیارێکی نابەرپرسانە و سەرەڕۆیانەی خوێندەوارێکی هزر و فەرهەنگ ئەوروپاییێندراو بووە و بە تەنێ بۆ خۆی داویەتی. بەدرخان هەروەک پرسی بە کوردیزانی دیکەی کورد نەکردووە، بۆ خۆیشی دیالێکتە کوردییەکانی دیکەی نەزانیوە و تەنێ لە ڕوانگەی دیالێکتی کرمانجیی باکوورەوە ئەو بڕیارەی لەبەرچاو گرتووە. دوای بڵاوکردنەوەیشی ئیدی بەرەبەرە، ئەلفبێ لاتینییەکەی جەلادەت بەدرخان، جێی خۆی گرت و بوو بە بنگەی نووسینی کوردی بە تیپی لاتینی و تا ئێستاش ڕۆژ لە دوای ڕۆژ لە برەودایە.

ساڵی 1933 تەوفیق وەهبی، کتێبی "خوێندەواری باو"ی بڵاوکردەوە و پتر تیپی ئینگلیزی بەکار بردبوو. ساڵی 1956، جەمال نەبەز، کتێبی "نووسینی کوردی بە لاتینی" دەرکردووە و دەنگی "ڵ" و "ڕ"ی بۆ ئەلفبێیەکەی بەدرخان زیاد کردووە و پاشانیش دەنگی"وێ ö "ی خستە سەر و بەو گۆڕانانە تا ڕادەیەک ئەلفبێیەکەی بەدرخانی کاراتر کرد. لێ ئەوانەی، کە تیپی لاتینی بەکار دەبەن بۆ نووسینی کوردی، ئەو گۆڕانکارییەی جەمال نەبەزیان لەبەرچاو نەگرتووە، کە ئەوەش بۆ خۆی کەلێنێکە لە ئەلفبێی لاتینیدا. ساڵی 1972، گیوی موکریانی، کتێبی "ئەلف و بێی کوردی وێنەدار بە تیپی لاتینی"ی دانا.

سەرباری ئەو ئەلفبێیانەی، کە تا ئەوڕۆکە کەم و زۆر بۆ نووسینی کوردی بەکار براون، وەک عەرەبی، ئەرمەنی، سریانی، ئێزدی، لاتینی و کریلیک، دەگوترێ کە جوولەکەکانی کوردستان، کە ئەوڕۆکە لە ئیسرائیلن، بە تیپی عیبری، نووسینی کوردییان نووسیوە. لە ساڵی

---

[38] سەرچاوەی پێشوو.

[39] ئامێدی،، جەلادەت،،ل266.

1872یشدا لە ئیستەنبوول و بە ئەلفبێی ئەرمەنی کتێبی"پەیمانا نوو"، کە وەرگێڕانی ئینجیل بووە بۆ زمانی کوردی بڵاوکراوەتەوە.

ئەو ئەلفبێیەی لە هەمووان زێتر پێی نووسراوەتەوە، ئەلفبێی عەرەبییە، کە لە کوردستانی ئێران و عیراقدا و بە هەردوو دیالێکتی کرمانجی ژووروو و خواروو پێی دەنووسرێت و زمانی خوێندن و دەیان ڕۆژنامە و گۆڤارە و سەدان کتێبی پێ دەنووسرێت و هەزارانی پێ نووسراوە و لە ڕادیۆ و تەلەڤزیۆنیشدا بەکار دەبرێ. پاشان ئەلفبێی لاتینییە، کە کوردی کوردستانی تورکیا و سووریا، بە دیالێکتی کرمانجی ژووروو پێی دەنووسن، ئەویش لە دەرێی کوردستان (هەندەران). دواییش ئەلفبێی کریلیک، کە کوردانی سۆڤیێت بە کرمانجی ژووروو پێی دەنووسن. ئەو سێ ئەلفبێیە شانبەشانی یەکدی دەڕۆن و خەڵکی فێریان دەبن و وەچە لە دوای وەچەیش پێی دەنووسن. سەرەڕای ئەو دیالێکت و ئەلفبێیانە، دیالێکتی دملی(زازایی)یش ئەورۆکە لە دەرەوەی کوردستان بە تیپی لاتینی دەنووسرێت. بە گوێرەی ئەو نەخشەی دابەشبوونی ئەلفبێ و دیالێکتانە، سەختیی گیروگرفتەکەمان زێتر بۆ ڕوون دەبێتەوە.

مێژووی گەشەکردن و گۆڕانکاریی ئەلفبێی کوردی، پێشانمان دەدات، کە تا ساڵی 1930یەکان، تاکە ئەلفبێیەک، کە کورد پێی نووسیوە، ئەلفبێی "عەرەبی- فارسی دەستکاریکراو" بووە و هەموو کوردیش لە هەموو ناوچەیەکی کوردستاندا و هەر دیالێکتێکی بووبێت، پێی نووسیوە. گۆڕانی ڕێژیمی تورکیا، لە خیلافەتەوە بۆ کۆماریی و هاتنی موستەفا کەمال ئەتاتورک، بۆ فەرمانڕەوایی تورکیا و گۆڕینی ڕێنووس و ئەلفبێی زمانی تورکی، لە ئەلفبێی عەرەبییەوە بۆ لاتینی، کەسانێکی وەک جەلادەت بەدرخانی خستە سەر ئەو ڕایەی، کە دەبێ کوردیش ئەلفبێی خۆی بکاتە لاتینی. ئەڵبەتە وەک پێشتریش گوتمان، جەلادەت بەدرخان بۆ خۆی باسی ئەوە دەکات. بەدرخان لە ساڵی 1932دا و پاش ئەوەی، کە لە تورکیا ئەلفبێ کرایە لاتینی، ئەلفبێیەکەی خۆی بڵاوکردەوە و بۆ نێزیکخستنەوەیشی لە ئەلفبێی تورکی لاتینی، هێندێک دەنگی کوردی وەک ئەو(تورکییەکە) لێکرد. پاش پەیدابوونی کۆماری بۆرژوازی میللی لە تورکیا لە ساڵی 1932 دا "بڕێ ئیسلاحات لە وڵاتدا بەدی کران. خەلیفایەتی ئاشبەتاڵی پێ کرا، ئایین لە دەوڵەت جوێ کرایەوە، فێرگەکان، قوتابخانە ئاینی

یەکان داخران، فێرگە و قوتابخانەی نوێیاو کرانەوە"[40]. بەمەدا بە ڕوونی دەردەکەوێت، ئامانجی تورکە لاوەکان، کە لە تورکیادا فەرمانڕەواییان گرتە دەست، خۆی لە خۆیدا نەهێشتنی خیلافەت و جوێکردنەوەی ئایین بوو لە دەوڵەت و داخستنی فێرگە و قوتابخانە ئایینییەکان و...بووە. هەر بۆیەش بۆ دژایەتی ئایینی ئیسلام، دەبووایە مەسەلەکە لە بنەڕەتەوە هەڵتەکێنن، ئەویش بە گۆڕینی ئەلفبێ عەرەبییەکە و کردنی بە ئەلفبێی لاتینی، کە لە ڕاستیدا ئەلفبێیەکی لاتینی نەبوو، بەڵکە تورکی بوو و تایبەت بۆ زمانی تورکی دانرابوو، هەربۆیەش بە ناوی "ئەلفبێی کەمالی"یەوە واتە: کەمال ئەتاتورکەوە ناو نرابوو. ئیدی بەوە تەواوی مەسەلەکان بەرەواژە دەبنەوە، بەڵام ئەوان لەپڕێک نەبوونە کورێک. ئەو گۆڕینە بە پرۆسێسێکی دوورودرێژدا تێپەڕی و وردەوردە هەنگاوی بۆ نرا و بە بڕیاری تاکەکەسیش نەکرا!

ئەوان(تورکەکان) کارێکی وایان کرد، کە لە نێوان ساڵانی 1923- 1928دا "هەر نووسینێک لەبارەی زمانەوە نووسرابا زۆرتر لە ڕێنووس و ئەلفبێتکە دەدوا"[41]، ئیدی بە هەموو شێوەیەک لێکۆڵینەوە و نووسین لە سەر ئەو مەسەلە گرنگە ئامادە دەکرا تا "لە مارتی ساڵی 1926دا لە باکۆ کۆنگرەی تورکناسی بەسترا. لە کۆنگرەدا مەسەلەی پەسەندکردنی ئەلفبێتکەی لاتینی بۆ زمانە تورکی یەکان وەکو یەکێ لە مەسەلە بنەڕەتەکان خرایە پێش چاو. لەم کۆنگرەیەدا برێ تورکناسی بەناووبانگ لە مەسەلەکەیان کۆڵی یەوە و ئەلفبێتکەی عارەبی و ئەلفبێتکەی لاتینی یان بە باڵای یەکتر گرت و لەگەڵ یەکیان بەراوردکردن و گرنگی ئەلفبێتکەی لاتینی یان بە وردی ڕوون کردەوە و لەبەرچاوگرت"[42]. بەو قسانەدا زێتر بۆمان ڕوون دەبێتەوە، کە پاش کۆششێکی زۆر و پاش بەراوردکردنێکی وردی هەردوو ئەلفبێیەکە و دەمەتەقەیەکی زۆر لە سەریان، هێشتا دوابڕیاری یەکلاکەرەوەی لە سەر نەدرا و تەنێ ئەوەیە، کە ئەلفبێی لاتینی پەسەند کرا. پاش ئەو پەسەندکردنە بە دوو ساڵان و لە 9ی ئابی ساڵی 1928دا، پاش ئەوەی، کە کەمال ئەتاتورک گوتارێکی خوێندەوە و گوتی:"زمانە شیرین و دەوڵەمەندەکەمان ئیتر لەمەوپاش بە پیتی نوێباوی تورکی خۆی دەنوێنێ. پێویستە خۆمان لە

---

[40] ئوسمانۆڤا، بارات، لەبارەی چاک کردنی زمانی تورکی یەوە، شوکور مستەفا لە ئازەربایجانی یەوە کردوویە بە کوردی، گۆڤاری کۆڕی زانیاری عێراق، دەستەی کورد، بەرگی حەوتەم، 1980، ل67-69.

[41] سەرچاوەی پێشوو.

[42] سەرچاوەی پێشوو.

پیت و پێوار و نیشانەبەنی و نائاشنایانەی کە چەندین چەرخە بیر و هۆشیان لە چوارچێوەیەکی ئاسندا شاردووینەوە ڕزگارکەین"[43]. ئەتاتورک بە گۆڕینی ئەلفبێ و کردنی بە لاتینی، وەک خۆی دەڵێت، بۆ ئەوە بوو، کە بیر و هۆشی تورکان، لەو چوارچێوە ئاسنینە، کە تیپی عەرەبی و ئایینی ئیسلامە، ڕزگار بکات! لە یەکی تشرینی دووەمی ساڵی 1928دا، ئەنجومەنی میللەت ئەلفبێی لاتینی پەسەند کرد و چەندین کۆڕ و کۆمەڵەش، وەک "کۆڕی زمان" و "کۆمەڵی وردکردنەوەی زمانی تورکی" دانران بۆ لێکۆڵینەوە و کارکردن، لە سەر هەموو لایەنێکی زمانی تورکی. ئیدی لە پاش ئەوەوە لە بنی هەمانەکەیان دا و - خۆیان گوتەنی- خۆیان ڕزگار کرد. وەلێ ئەو خۆڕزگارکردنە هەرگیز سروشتی نەبوو و بە خواست و ئارەزووی خەڵک و بە هۆی گۆڕانکاری نێو کۆمەڵگەوە نەبوو، بەڵکە"کارێکی ناسروشتی و دەستکرد و زۆرەملێ بوو بەسەر گەلانی تورکیادا سەپێنرا و لەپێویستیی ژیانی کولتووری و لەناخی گەل و پێویستی یەکانیەوە هەڵنەقوڵابوو"[44].

ئەگەر بنوارینە ئەزموونی خەڵکێکی دیکە - هەرچەند بڕێک لێمانەوە دوورن- کە تیپیان گۆڕیوە، بێگومان لەوانیشەوە هەندێک شتمان بۆ ڕوون دەبێتەوە، ئەو خەڵکەش گەلی "ڤیێتنام"ە. گۆڕینی ئەلفبێ لە ڤیێتنام، بە پرۆسێسێکی دوورودرێژدا تێپەڕیوە. ماوەی هەزار ساڵێک و تا دەوروبەری سالانی 1800، هەموو نووسراوێک، ئیدی کتێب و هەموو شتێکی دیکە، بە تیپی چینی دەنووسران. پێش دووسەد ساڵێک، کە فرانسییەکان بۆ بلاوکردنەوەی ئایینی مەسیحی گەیشتنە ئەو ناوە، لەگەڵ خۆدا تیپی لاتینییان گەیاندە ئەوێ و لە شارە گەورەکانی ڤیێتنامدا، لەگەڵ پرۆپاگەندەی عیسایەتیدا لە نێو خەڵکدا بلاویان کردەوە و خەڵکیش وردەوردە دەستیان بە بەکارهێنانی کرد. ڤیێتنام تا دەوروبەری 1820، کۆلۆنیی چین بووە و لەوەش بە دواوە تا 1954 کۆلۆنیی فرانسە بووە. ئیدی بە حوکمی ئەو بار و ڕەوشە - بێگومان نەک بە بڕیار- تیپی لاتینی وردەوردە جێی تیپی چینی گرتووەتەوە. تا ئێستاش کتێب و نووسینی ڤیێتنامی، بە تیپی چینی ئەو سەردەمە، هەر ماون و زۆر شت هەن، کە هەر نەکراونەتە تیپی لاتینی. هەرچەندە لە 1920ەوە لە خوێندنگەکاندا، خوێندن و

[43] سەرچاوەی پێشوو.

[44] کریم.، پێداچوونەوەی.، ل70.

نووسین کرا بە تیپی لاتینی، بەڵام تا ئێستاش ئەلفبێی چینی هەر ماوە و خەڵک هەردوو ئەلفبێیەکە دەزانن[45].

بە بڕێک وردبوونەوە و بە لەبەرچاوگرتنی دیتن و بیروڕای ئەو کەسانەی، کە لایەنگریی لە نووسینی کوردی بە تیپی لاتینی دەکەن و واقیعی ئەوڕۆی نووسینی کوردیی و ئەزموونی خەڵکانێک، کە ئەلفبێی خۆیان گۆڕیوە بۆ لاتینی، دەگەینە ئەم ئەنجامانە:

1. هەموو هەوڵ و تەقەلا و کۆششێک بۆ گۆڕینی تیپی کوردی و کردنی بە لاتینی، ئەگەر لە دڵپاکی و بەتەنگەوەهاتنی کورد و خۆشویستنی زمانی کوردییەوە بووبێت و بێت، تەواوی ڕاستیی نییە، بەڵکە بنگە و بنەڕەت و هۆی دیکەی هەن، کە دەکرێ لە چەند بۆچوون و دیتنێکدا کۆ بکرێنەوە، کە ئاوها خۆ دەنوێنن:

ئا. ڕکبوونەوە لە هەموو شتێکی هەردوو نەتەوەی سەردەست و داگیرکەر، عەرەب و فارس و هەوڵدانی خۆ جوێکردنەوە لەوان لە هەموو ڕوویەکەوە. دیارە لە ڕووی سیاسی و ئابوورییەوە جێی خۆیەتی، لێ لە ڕووی کۆمەڵایەتی و ئایینی و فەرهەنگییەوە کارێکی نادروستە و ناکرێت. ئیدی لەبەر ئەوەی ئەلفبێی کوردی و ئەوانەی ئەوان وەک یەکن، ئەوا دەبێ کورد بیگۆڕێت و بیکاتە لاتینی. ئەمە لە دیتنێکی نەتەوەیی تەسک و دابڕانێکی فەرهەنگی و کاڵفامی زێتر هیچی دیکە نییە.

ب. دیتنێکی ئەنتیئیسلامی"دژەئیسلامی": زۆر کوردی"هاوچەرخ و نوێخواز و پێشکەوتنخواز" و "ئەوروپاییندراو" پێیانوایە، کە تەواوی نەگبەتی و کلۆڵی کورد، بە هۆی ئیسلامەوەیە و ئیسلام، بە هۆی دواکەوتنی کورد دەزانن. لە بەر ئەوە داوای گۆڕینی ئەلفبێی کوردی دەکەن بۆ لاتینی. لە ڕووی مێژووییشەوە دەبینین، کە سەرەتای هەوڵدانی خۆ قوتارکردن لە تیپی عەرەبی و سازکردنی تیپی لاتینی، لە کەسانێکەوە، کە هەم ناکورد"غەیرەکورد" و هەم ناموسوڵمان "غەیرەموسوڵمان"یش بوون، دەستی پێ کردووە، وەک "مێجەر سۆن" و "ئیسحاق مۆرگۆڵۆڤ" و "مێجەر نۆئێل"، کە هاندەری جەلادەت بەدرخان بووە. ئەو کەسانەش وەک ئایین مەسیحی بوون و بە مەبەست هەوڵی دوورخستنەوەی کوردیان لە ئەلفبێی عەرەبی- ئیسلامی داوە.

---

[45] ساڵی 1986 لە شاری کاڵسکووگا(سوێد)، مامۆستایەکی زمانی ڤێتنامی، بە ناوی "ئان"،کە هاوکار بووین، بۆی گێڕامەوە.

ئـەو دەنگانـەی - لـە نێـو کـورد خۆیـدا- کـە پێیـان وایـە، ئیـسلامبوونی کـورد هـۆی پاشکەوتنێتی، هیچ بناخە و بنەمایەکی زانستی و وردبینانەیان نییە و چ بەڵگەیەکی سەلمێنـەر و قایلکەریش بۆ پشتیوانیی بۆچوونەکانیان نییە. ئێمە ئەگەر بنۆڕینە جیۆگرافیای کوردستان و تەواوی خۆرهەڵاتی نێوەڕاستیش، دەبینین جڤاکێکی ناموسوڵمان وەک: فەلە"دیان، مەسیحی"، لەنێو ئەو وڵاتانەی ئەو دەڤەرەدا دەژین. ئەو فەلانەش بە سەر کۆمەڵێک نەتـەوە و گـەلدا دابـەش دەبن؛ وەک: "ئەرمەن"، "ئاشووری"، "کلدان"، "سریان" و...ئەو نەتەوە و گـەلانـەیش، هـەر لـە سەرەتای مێژووەوە، لەو خاکەدا ژیاون و خودانی شارستانییەت و فەرهەنگەلێکی مەزنیش بوونـە و بۆ نووسینی زمانـەکانیـشیان، ئـەلفبێی تایبـەتی خۆیـان هـەبـووە و هـەیـە و بـە نێزیـک تیپـی لاتینیـشدا هـەرگیـز نـەچـوون. بێجگـە لـەو "دیـان"انـە، خـەڵکـانی دیکـەش، کـە وەک ئـایین؛ "ئێـزدی"، "یارسـان"، "عـەلـەوی"،"دورزی"، "مـەنـدائی، سـابیئە" و "زەردەشـتی"ن، و وەک نەتـەوەیش؛ کـورد، عـەرەب، تـورک یا فارسن و لەو دەڤـەرە ژیـاون و دەژیـن و هـەندێکیشیان ئەلفبێی تایبەتی خۆیان هەبووە و هەیە. باشە ئەگـەر ئیـسلام، کـوردی دواخستبێت، ئـەی ئـەوانـە بەو ناموسوڵمانیەتییەی خۆیانەوە، بۆچی نەک هەر پێشنەکـەوتـوون، بـەڵکـە گـەلێـک لـە کـوردیش دواکەوتووترن.

پ. خۆ بە پێشکەوتنخواز و هاوچـەرخ و نوێخـواززانیی، وا لـە هـەنـدێک کـورد دەکـات، کـە تیپـی لاتینـی بـۆ کـورد هـەڵبژێرێـت و بـە باشـی بزانێـت، چونکـە تیپـی لاتینـی زمانگـەلێکـی پێشکەوتووی وەک ئینگلیزی و فرانسەیی و ئەڵمـانیی پـێ دەنووسـرێن، کـە زمـانی دەیـان وڵاتـی پێشکەوتوون، بەڵام تیپی عەرەبی و فارسی لـە وڵاتـانی ڕۆژهـەڵات و ئیـسلامیدا بـەکـار دەبـرێن، کـە وڵاتگـەلـی جیهـانی سـێیەم و چـوارەمـن. ئیـدی بـۆوەی کـوردیش لـە دواکـەوتـوویی و ڕۆژهەڵاتیەتی دوورکەوێتەوە، بە ڕای ئەمانە دەبێ تیپی لاتینی بەکاربهێنێت.

ت. بانگاشـەی جـەلادەت بـەدرخـان و ئـەوانـی وەک وی بیـر دەکـەنـەوە و هـەنـدێک لـە خوێنـدووانی کـورد لـەمـەڕ گـۆڕینی ئـەلفبێـی کـوردی( عـەرەبـی- فارسـی دەسـتکاریکراو ) بـۆ ئـەلفبێی لاتینی، لـە خراپـی و ناپـەسـەنـدیی ئـەلفبێی عـەرەبـی و باشـی و جـوانی و تۆکمـەیـی ئـەلفبێی لاتینییـەوە نییـە، بـەڵکـە لـە چاولێکـەری و مۆدەیـەکـی بـاوی لاسایـیکردنەوەی هـەمـوو شتێکی ئەوروپاییەوەیە و هیچی دی.

**2.** بەکاربردنی ئەلفبێی لاتینی بۆ زمانی کوردی بووەتە و دەبێتە هۆی دابڕان لە هەموو مێژوو و فەرهەنگ و ئەدەبی نووسراوی کورد، کە سەرلەبەری بە تیپی عەرەبی- فارسی دەستکاریکراو نووسراون. هەروەها دەبێتە هۆی دابڕان لە فەرهەنگی ئیسلامی، کە **1400** ساڵێکە فەرهەنگی کوردیشە. ئەلفبێی لاتینی، کورد لەو فەرهەنگە مەزنە و لەو دوو زمانە مەزنە، عەرەبی و فارسی، کە کۆڵەکەی فەرهەنگی ئیسلامن، دوور دەخاتەوە. تەواوی ئەو فەرهەنگ و ئەدەبە نووسراوە، کە ئەوڕۆکە کورد هەیەتی و شانازیی پێوە دەکات، سەرجەمی لە پاش ئیسلامەوەیە و کورد هیچ شتێکی نووسراوی پێش ئیسلامی نییە و ئەگەر هەیشبێت، ئەوا ئەوڕۆکە لە ئارادا نییە و پێشمونییە تازە پەیدا بێت. ئەو جۆرە دابڕانە فەرهەنگیی و مێژووییە لە نێو کوردی سۆڤیێت و باکووری کوردستاندا بە ڕوونی وەدی دەکرێت[46]. وەچەیەکی وایان تێدا پەیدا بووە- دۆمەڵان ئاسا- بێ ڕەگوڕیشە و بێ هەست، بەو ماڵوێرانی و دابڕان و لە هەوادا مەلەکردنە. عەلی شەریعەتی، لەمەڕ وەلانانی ئەلفبێی عەرەبی و هەڵبژاردنی تیپی لاتینی بۆ ئەلفبێی تورکیاوە دەڵێت: "وەچەیەکی نوێ فێری بوو و پەروەردە کرا، ئیدی ئەوانە وا باوەڕیان هێنا، کە مێژووی ئەوان لەو ساڵانەوە دەست پێ دەکات، کە ئەلفبێ بووەتە لاتینی"[47]. ئەگەر ئەوە، پاش چل ساڵان، لە گۆڕینی ئەلفبێ و بە شێوەیەکی بنەڕەتی و وەک پرۆسێسێکی لەسەرەخۆ و تۆکمە و نەخشەبۆداڕێژراو، حاڵی تورکی خودان دەوڵەت بێت، دەبێ کوردێکی بە لاتینی نووس، چی بەسەر بێت و چۆن بیر بکاتەوە!.

هەرچەندە ڕەنگە نووسینی کوردی بە تیپی لاتینی، وەک موحەممەدی مەلا کەریم دەڵێ، هەندێ گیروگرفتی ئێستای ڕێنووسمان بۆ چارەسەر بکات"بەڵام کۆمەڵێک گیروگرفتی نوێ یشمان لەڕوودا ئەکاتەوە و، ئەویش بەبێ دەسکاری یەکی زۆر بەدەنگی دەنگە کوردی یەکانەوە نایەت. سەرەڕای ئەوە پێوەندیمان بە کەلەپووری کۆنی خۆمان و گەلانی عەرەب و فارسەوە

---

[46] زۆرجاران دۆست و برادەری کوردی باکووری کوردستانم، کە کتێبێکی کوردی بە ئەلفبێی عەرەبی نووسراویان دیوە، بە قورئان یا هەر کتێبێکی عەرەبییان زانیوە و هەرگیز بەلای ئەوەدا نەچوون، کە ئەوە کوردییە و ئەگەر گوتومە ئەوە کوردییە، گوتوویانە: ها سۆرانییە! کوردی بە لای ئەوانەوە، تەنێ ئەوەیە کە بە تیپی لاتینی نووسرابێت. ئیدی دابڕان و نەگبەتی دەبێ چۆن بێت!

[47] شريعتي، الدكتور علي، العوده إلیالذات، ترجمة ابراهيم الدسوقي شتا، الزهراء للاعلام العربي، القاهرة **1989**،ص**122**.

ئەبڕێت کە ناتوانین نەڵێین بەشێکی گەورەی بناخەی کولتوورمانی لێ پێک دێت. بۆ نموونە گەلە موسوڵمانەکانی سۆڤیەت کە لەبەر پێوەندیان بە یەکیەتی سۆڤیەتەوە وەک دەوڵەتێک کە زمانی ڕووسی زمانی سەرەکی یە تیایدا و، بە هیوای ئەو پاشە ڕۆژە گەش و ڕووناکەوە کە لەم ڕێگایەوە چاوەڕوانی یان دەکات و هەر لە ئێستاشەوە نیشانەی بەئاشکرا دەرکەوتووە، بە پێویستیان زانی دەست لە ئەلف و بێی عەرەبی هەڵگرن و ئەلف و بێی ڕووسی- بە وردە دەسکاریەکەوە- وەربگرن و بیکەن بە ئەلف و بێی زمانە نەتەوەیی یەکانی خۆیان. ڕادەی پێشکەوتوویی تێکڕای یەکێتی سۆڤیەتیش گەلێ کون و کەلەبەری ژیانی کولتووری یانی بۆ پڕکردنەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لەبیر چوونەوەی تیپی عەرەبی و فارسی زیانێکی زۆری بەپەیوەندی کولتووریان بەڕابوردووی خۆیان و گەلە موسوڵمانەکانی دراوسێ یانەوە گەیاندووە. ئەمە ڕاستی یەکە ناکرێ هەرگیز لەبیری بکەین. کەواتە ئەبێ ئێمە لەپێناوی چیدا ئەم پێوەندی یەمان ببڕین و چاوەڕوانی چ خێر و بێرێکی تایبەتی بین لە بەکارهێنانی تیپی لاتینی وە بەسەرماندا بباریێ"[48]. گەلانی موسوڵمانی سۆڤیێت هەرگیز بەپێویستیان نەزانیوە، دەست لە ئەلفبێی عەرەبی هەڵگرن و ئەلفبێی ڕووسی وەرگرن. کە دەستیشیان هەڵگرتووە، دەستیان پێ هەڵگیراوە و هەرگیز بە حوسن و ڕەزای خۆیان نەبووە، بەڵکە بە زۆر و تۆبزی ئەو کارەیان بە سەردا سەپێنراوە، بۆ ئەوەی پێوەندیان بە کەلەپووری کۆنی خۆیان و گەلانی عەرەب و فارسەوە، کە بەشێکی گەورەی بناخەی فەرهەنگیانی لێ پێک دێت، بەو کارەش بە تەواوی لە فەرهەنگی ئیسلام و گەلانی هاوئایین و هاوزمانی خۆیان دابڕێن. لە هەمان کاتدا، کە ئەو سیاسەتە لەهەمبەر گەلانی موسوڵمان ئەنجام دراوە، گەلانی ئەرمەن و گورجی، کە ئەوانیش لە نێو هەمان سۆڤیێتدا دەژین، ئەلفبێی خۆیان هێڵراونەوە و نەگۆڕدراون بە ڕووسی. گەلانی موسوڵمانی سۆڤیێت - تەنانەت گەلانی دیکەی ناموسوڵمانیش- لە سایەی سۆڤیێتدا، نەک هەر پاشەڕۆژی گەش و ڕووناکیان نەبووە و نییە، بەڵکە کۆڵێکیش سەختیی و ناهەموارییان تووش بووە. ڕادەی دواکەوتوویی سۆڤیێتیش، ئەگەر بۆ خەڵکی دیکە هەندێ کون و کەلەبەری ژیانی فەرهەنگییانی پڕ کردبێتەوە، ئەوا بۆ ئەوان نەک هەر پڕی نەکردووەتەوە، بەڵکە کون و کەلەبەری دیکەی بۆ کردوونەتەوە و پتر ڕووساندوونی و لە فەرهەنگی خۆیانی داماڵیون. هەر

---

[48] کەریم.،، پێداچوونەوەی..،ل67-73.

بۆیەش پاش ئەو گۆڕانانەی، کە ئەوڕۆ لە سۆڤیێتدا لە ئارادایە، گەلانی موسوڵمانی ئەوێش، ئازەری و تاجیک و ئۆزبەک و...داوای گەڕانەوە دەکەن بۆ ئەلفبێی عەرەبی و فارسی جارانی خۆیان، چونکە ئێستا پاش ئەو گۆڕانانە و پاش تێپەڕبوونی شێست حەفتا ساڵێکی ژیانیان لە ژێر دەسەڵاتی ڕووسیدا، زیان و مەترسی ئەو دابڕان و بچڕانی پێوەندەیان بۆ دەرکەوتووە. پێموایە کوردیش بە تیپی لاتینی، هەرگیز لەوان باشتری بەسەر نایەت، بەڵکە هەر زۆر خراپتریشی بەسەر دێت، چونکە هەر نەبێت ئەوان قەوارەیەکی سیاسی خۆیان هەیە، هەرچەندە لە نێو سۆڤیێتیشدا بێت، ئەمڕۆ یا سبەی خۆیان دەبنە خاوەنی خۆیان.

دانانی ئەلفبێی لاتینی و بەکاربردنی بۆ زمانی کوردی، لادانە لە قانوونێکی سروشتیی زمانەکە و ڕێک وەک دەرچوونی شەمەندەفەرێکە لە هێڵەکەی خۆی. زمانی تورکییش بە هۆی ئەتاتورکەوە تووشی ئەو دەردە بوو، بۆ کورد دەبێ شەفەندەفەرە لە هێڵ دەرچووەکە، بگێڕدرێتەوە سەر هێڵە ڕاستەکەی خۆی، نەک هەموو شەمەندەفەرەکانی دیکەش بە سەر هێڵە چەوتەکەدا بڕۆن و هەڵەکانی زمانی تورکی و ئەتاتورک دووپات بکەنەوە. ئەلفبێی کوردی( عەرەبی- فارسی دەستکاریکراو ) بزاڤ و گیانێکی زیندوو بووە و هەیە لە نێو ژیانی کورددا و تێکەڵە بە ویژدان و بیرکردنەوە و مێژووی کورد، بە بەکاربردنی ئەلفبێی لاتینی ئیدی کورد نووسراوی سەر کێلی گۆڕەکانی باوان و باوک و باپیر و داپیریشی بۆ ناخوێنرێتەوە و لەوەش بێبەریی دەبێت.

3. ئەوەی پێیوایە، ئەگەر زمانی کوردی بە ئەلفبێی لاتینی نووسرا، ئیدی کوردیش دەچێتە ڕیزی زمانە پێشکەوتووەکانی وەک، ئینگلیزی و فرانسەیی و ئەڵمانی و سپانیۆلی و...، هەڵەیەکی یەکجار گەورە دەکات، چونکە تەکنۆلۆژیا و پێشکەوتنی ئابووری و جڤاکی و هەلومەرجی ژیان و خۆشگوزەرانیی ئەو گەلانەی، کە خۆیان خاوەنی ئەو زمانانەن - ئەورووپای ڕۆژاوا، نەک وڵاتانێک کە بندەست و داگیرکراو بوونە و بە تۆبزی فێری ئەو زمانانە کراون- چەندین سەدە لە پێشی کوردەوەن، بەو پێشکەوتنەش زمان پێشدەکەوێت و مەسەلەکە چ پێوەندی بە تیپگۆڕینەوە نییە و بە تیپی لاتینی خەڵک پێش ناکەوێت. ئەگەر وا بووایە، دەبوو زمانی تورکی، کە ئەوڕۆ بە تیپی لاتینی دەنووسرێت، لە ڕیزی ئینگلیزی و فرانسەیی و...دا بووایە، یا بە هۆی ئەلفبێی لاتینییەوە، تورکیا لە ڕیزی وڵاتانی ئەورووپای ڕۆژاوادا بووایە و ژاپۆن و چین و کۆریا و ئیسرائیلیش، کە ئەلفبێی تایبەتی خۆیان هەیە، لە ڕیزی وڵاتانی

جیهانی سێیەم و چوارەمدا بووایەن. لە کاتێکدا کە تەواو بە پێچەوانەوەیە، تورکیا دەرۆزە دەکات و ئیسرائیل و ژاپۆنیش ملانێی ئەمەریکا و ئەوروپای ڕۆژاوا دەکەن. ئەگەر زۆریی خەڵکیش، کە بە ئەلفبێی لاتینی دەنووسن بکرێتە پێوەر، ئەوا چین کە یەک ملیار مرۆڤە، بە ئەلفبێی لاتینی نانووسن. بێجگە لەوانیش زمانانی دیکەی وەک، عەرەبی، فارسی، ئوردوو، هیندی، ژاپۆنی، کۆریایی، عیبری، کوردی، ئەرمەنی، تیگرینی و دەیانی دیکەش، بە ئەلفبێی لاتینی نانووسرێن، کە ئەمانەش لە یەک ملیار زیترن.

4. ئەلفبێی لاتینی، کارێکی وای کردووەتە سەر دیالێکتەکانی زمانی کوردی، کە پتر لەیەکی دوورخستوونەوە. ئەوڕۆ ئەگەر لە ڕووی زمانەوانیشەوە یەک زمانی کوردی هەبێت، لە واقیع و پراکتیکدا، یەک زمانی کوردی نییە، یا بە لای کەمەوە، یەک زمانی کوردیی یەکگرتوو و ستاندارد نییە، بەڵکە زۆر ئاشکرایە، زمانی کوردی بە پێی ئەلفبێ، بووە بە سێ زمان و بە پێی دیالێکتیش بە سێ زمان. بە دەگمەن هەڵدەکەوێت کوردێک ئەو دوو دیالێکتە/ زمانە( کرمانجی ژووروو و کرمانجی خواروو )، بە ڕێکوپێکی و بە تەواوی بزانێت، ئەگەر بڵێم هەر نییە، ڕەنگە درۆ نەبێت. بۆ کوردێک، کە بە کرمانجی خواروو دەخوێنێتەوە و دەنووسێت، فێربوونی کرمانجی ژووروو بەو تیپە لاتینییەی، هێندەی فێربوونی زمانێکی بیانی سەختە. بۆ کوردێکیش، کە بە کرمانجی ژووروو دەخوێنێتەوە و دەنووسێت، فێربوونی کرمانجی خواروو و بە تیپی عەرەبی، هەمان سەختیی هەیە. خۆ ئەگەر باس لە دملی( زازایی ) و ئەلفبێی کوردیی سۆڤیێت بکەین، ئەوا مەسەلەکە یەکجار ئاڵۆز و سەخت و دژوار دەبێت و بۆ یەکێکی نەک هەر ناکورد، بەڵکە بۆ کوردیش، فێربوونی ئەو هەموو کوردییانە، وەک فێربوونی سێ چوار زمانی بیانی وایە. ئەگەر خۆمان نەخاپێنین و بە چاوی واقیع بنۆڕینە مەسەلەکە، پێموایە جیاوازیی نێوان نۆرویژی و سوێدی، کە دوو زمانی سەربەخۆن، گەلێک کەمترە لە جیاوازیی نێوان دیالێکتی هەولێر و سلێمانی و جیاوازیی نێوان دانمارکی و سوێدی، کە دوو زمانی سەربەخۆن، گەلێک لە جیاوازیی نێوان کرمانجی ژووروو و کوردیی فەیلی کەمترە. پێموایە ئەگەر هەر بە ئەلفبێیەکەی خۆمان( تیپی عەرەبی ) قایل بووایەین و بەو دیالێکتە، کە تا ڕادەیەک بووە بە زمانی ئەدەبیی یەکگرتووی کوردی و لە کوردستانی عیراقدا، جێی خۆی کردووەتەوە و چەسپاوە، بماننووسیبا و بیرمان لە یەکیەتیی زمانی کوردی بکردایەوە، کارەکە وای بەسەر نەدەهات و جیاوازیی دیالێکتەکانیش هێندە مەزن و زەق نەدەبوو.

**5**. ئەلفبێی لاتینی هەستێکی وای لای زۆر کورد - بە تایبەت ئەوانەی کە بە کرمانجی ژووروو دەنووسن- ئافراندووە، کە زێتر خۆ بە کرمانج، نەک کورد بزانن، یا بە دەربڕینێکی دی، تەنێ کرمانجی ژووروو، نەک دیالێکتەکانی دیکە، بە زمانی کوردی بزانن. دروستبوونی ئەو هەستە و گەلاڵە و تەشەنەکردنی، لەو باس و نووسین و بانگەواز و داخوازییانەوە هەڵدەقوڵێت و سەرهەڵدەدات، کە ساڵانێکی زۆر و دوورودرێژە، کەسانێکی زۆر هەوڵی بۆ دەدەن و بانگی بۆ دەدەن. جەلادەت بەدرخان و سادیق بەهائەددین ئامێدی، لە سەرووی ئەو کەسانەوەن، کە هەردەم لەوە دواون، کە تیپی لاتینی پڕبەپێستی دیالێکتی کرمانجی ژوورووە. زۆری دیکەش هەمان بیروڕایان هەیە و ئەورۆکە لە ئەوروپایش لەو دەنگانە زۆرن و زۆر خەڵکیش بە مەبەست و لە زانینەوە، کار بۆ ئەوماڵجیایی و لێکدابڕانە دەکەن.

لە ئەوروپا و شوێنگەلی دیکەش زۆر گۆڤار و ڕۆژنامەی کوردی بڵاودەبنەوە، کە بە دوو سێ دیالێکت و دوو ئەلفبێ دەردەچن. گۆڤاری "بەربانگ"ی فیدراسیۆنی کورد لە سوێد، گۆڤاری "هیوا"ی ئەنیستیتووی کوردی لە پاریس و گۆڤاری "پێشەنگ"ی پارتی گەلی دیموکراتی کوردستان، هەندێ نموونەن. بێجگە لەوانەش دەیان کتێب ئەورۆکە لەم دیالێکتەوە وەردەگێڕدرێنە سەر ئەو دیالێکتی دی، نەک هەر ئەلفبێیەکەیان دەگۆڕدرێت، بەڵکە زمانەکەیشیان، ڕێک وەک ئەوەی، ڕووسی بکرێتە عەرەبی یا سپانیۆلی بکرێتە فارسی و...ئەز بۆ خۆم هەرگیز ئەو دیاردەیە بە نیشانەی لەشساغی دانانێم و هەرگیز لەگەڵیدا نیم و ئەوەش بێجگە لەوەی، کە سەختیی جیاوازیی دیالێکتە کوردییەکان دەسەلمێنێت، دیاردەیەکی شووم و پڕ لە نەگبەتییشە، کە پتر بە زانینەوە و بۆ خۆمان مەسەلەکە سەختتر دەکەینەوە و کۆمەک بە لێکدابڕان دەکەین. شاکیر فەتاح - خودای لێ خۆش بێت-، لە کۆڕێکی ئەدەبیدا لە هەولێر لە ساڵی 1976 یا 1977بوو، باشم وەبیر نایەتەوە، گوتی: ماجید مستەفا، کە وەزیرێکی کورد بوو لە حوکوومەتی عیراقدا لە سەردەمی پاشایەتیدا، حوکوومەت بە کارێک ناردبووی بۆ دەڤەری بادینان و ئەویش داوای لە خەڵکەکە کردبوو، کە خوێندنی کوردی هەڵبژێرن و ئیدی دەست بکرێت بە خوێندن بە کوردی لەو دەڤەرەشدا، بەڵام خەڵکی ناوچەکە گوتیان ئێمە نامانەوێ بەو کوردییە بخوێنین و بە عەرەبی دەخوێنین باشترە. لەمەڕ هەمان مەبەستەوە، کە شاکیر فەتتاح ئاماژەی پێ دەکات و بووەتە هۆی دابڕانی بەشێکی کورد، لە خوێندن بە زمانی کوردی و چ زیانێک بە چێبوونی زمانێکی یەکگرتووی کوردیی کەوتووە، موحەممەد

ڕەسووڵ هاوار دەڵێت:"لەدوای ئەوەی ولایەتی موصل لەساڵی 1926دا خرابوە سەر عراق، لە هەندێ شوینی کوردستاندا دەست کرابوو بە خویندن بە کوردی، لە هەندی قەزاو ناحیەکانی موصل دا تاقمیکی ریژگاوی کەروگای هەڵخەڵەتاو پەنجەموری خەڵکیان کۆدەکردەوەو دەیان نارد بو میری کە نامانەوێ بەکوردی بخوینین...بۆ ئەم مەبەستە چەند خۆپیشاندانیکیان بە مندالەکانیان کرد، ئەوە بوو ئەو کەریتیە هەر مەگەر خوا بزانیت چەند کەوت لەسەر زمانی کوردی و چ زیانێکی گەورەی لی داین و هەر ئەو دەمارگیری و ناوچەگیریەش بوو هەتا ئیستەش کاریکی پیچەوانەی کرد بۆ پێک نەهینانی زمانیکی ئەدەبی یەکگرتووی گشتی لە هەموو ناوچەکانی کوردستاندا"[49]. کە باس لەوە کراوە لە هەموو باشووری کوردستاندا، لە یەک زاراوە زیاتر بکرێت بە زمانی ڕەسمیی کوردی، مێژوونووسی کورد، موحەممەد ئەمین زەکی، گوتوویەتی:"یەکێتی زمانی کوردی تێک ئەدرێ، کە ئەمە ئەبێتە سەبەبی عاجزی و نەفرەتی کورد و قەت دەلالەت لە حوسنی نییەتی حوکوومەت ناکا دەرحەقیان"[50].

داگیرکەرانی کوردستانیش باش لەو مەسەلەیە گەیشتوون، ئەوەتا لە عیراق ڕێگە بە دەرچوونی ڕۆژنامەیەکی کوردی( کرمانجی ژووروو ) بە ناوی "بزاڤ" دراوە، هەر بۆ وەی کرمانج ڕۆژنامەی خۆیان هەبێت و سۆران هی خۆیان هەبێت و کەس هی یەکدی نەخوێننەوە. بێجگە لەوەی، کە بەرنامە و پرۆگرامی ڕادیۆ و تەلەڤزیۆن زۆر لەمێژە وەک دوو زمان لەگەڵ سۆرانی و کرمانجیدا مامەڵە دەکەن. لە ئەوروپایش فەرهەنگی زمان (وێژەنامە)ی سۆرانی و کرمانجی لەیەک جودان و هەرکەس هی خۆی بەکار دەبات.

---

[49] هاوار، کوێرەوەری و بیرەوەری، 1984،ل33. گەلێک جاریش زۆریی ژمارەی ئەوانەی کرمانجی ژووروو قسان دەکەن، لە لایەن هەندێکەوە دەکرێتە بەڵگە و بیانوو بۆ ئەوەی، کە ئەلفبێی لاتینی و کرمانجی ژووروو، زمانی کوردییە و بەس. لە نامەیەکیدا، کە لە بەلژیکەوە بۆی ناردووم و باسی "مەحموود باکسی" دەکات، کە خۆی بە نووسەر و ڕووناکبیر دەزانێت و سەری بەلژیکی دابوو ئەو کاتە، "ئا..ش" دەنووسێت:"دوێنێ...لێرە بوو، لە سوێدەوە هاتبوو (مەحموود نازانم کێ)، لای خۆی نووسەرە، دەیفەرموو، ژمارەی کورد بیست ملیۆنە و سۆرانییەکان پێنج ملیۆنن...منیش گوتم، کاکی برا سەد ڕەحمەت لە سەددام، ئەو هەر دەڵێ، گەلی کورد و ناڵێ سۆرانی و گەلی بادینانمان". ئەوجا ئەوە بیر و بۆچوونی زۆربەی ئەو نووسەرە پێ لە زەوی بڕاوانەیە، کە لە هەوادا مەلە دەکەن.

[50] زکی، محمد امین، دوو تەقەلای بێ سوود، سەباحی غالب توێژینەوە، لێکۆڵینەوە و پێشەکی بۆ نووسیوە و پەراوێزی بۆ ڕێکخستووە، چاپخانەی هەڵوێست، لەندەن 1984، ل 51.

6. دانانی ئەلفبێی لاتینی و بڵاوکردنەوەی لە لایەن جەلادەت بەدرخانەوە، نەک هەر خزمەتی بە مەسەلەی نێزیکخستنەوەی دیالێکتە کوردییەکان لەیەکدی و یەکگرتنی زمانی کوردی و یەکیەتیی کورد نەکردووە، وەک بۆ خۆی باسی دەکرد "د هەرتشتی دا یەکیتی..دیەکیتی یا زمێن دا گاڤا پێشین یەکیتی یا عەزمانە"[51]، بەڵکە گەورەترین زیانیشی بە کورد و زمانەکەی بەخشی و تاوانێکە لەهەمبەر زمانی کوردی و یەکیەتیی کورد ئەنجام درا.. ئینگلیزەکان و فرانسەییەکان و پەیمانی لۆزان، چەند ڕۆڵێکی خراپیان لە دابەشکردنی کوردستاندا بینیوە، جەلادەت بەدرخانیش، کارێکی هێندە خراپی کردووە و ڕۆڵێکی هێندە خراپی، لە لەتوپەتکردنی زمانی کوردی و کورددا بینیوە. ئەو خەڵکانەش، کە ئەرۆکە شوێنپێ و ڕێگەی ئەویان گرتووەتەبەر، لە خزمەت بە لێکدابڕان و پەرتکردنی کورد و خزمەت بە نەیارانی زێتر، چ ڕۆڵێکی دیکە نابینن.

سازکردنی ئەلفبێی لاتینی بۆ زمانی کوردی، لە لایەن جەلادەت بەدرخانەوە، وەنەبێ پێویستییەکی مێژوویی بێت و کورد لەبەر ئەوەی، کە تیپی لاتینی بەکار نەبردبێت پەکی کەوتبێت، بەڵکە بە کاریگەریی"مێجەر نۆئێل" ی ئینگلیز و لەژێر کارتێکردن و هاندانی ئەودا و پێشتریش بە کاریگەریی "ڕۆژێ لیسکۆ"، جەلادەت بەدرخان، هاتووەتە سەر ئەو ڕایەی، کە دەبێ تیپی کوردی بگۆڕێ بۆ لاتینی، چونکە "نۆئێل" وەک نوێنەرێکی ئینگلیزی کۆلۆنیالیست و ئەوروپاییەک، دروستکردنی ڕاڕایی و دوودڵی لای جەلادەت بەدرخان و سەلماندنی پەسەندیی و باشیی ئەلفبێی لاتینی لای ئەو، بۆ تێکدانی یەکیەتیی زمانی کوردی و دابڕینی فەرهەنگی کوردی لە فەرهەنگی ئیسلامی، بە ئەرکێکی خۆی زانیوە و هەوڵی بۆ داوە، چونکە ئەو کۆلۆنیالیست و ئەوروپاییانە، سەرلێشێواندن و دواخستنی نەک تەنێ کورد، بەڵکە تەواوی ڕۆژهەڵات و جیهانی سێیەم مەبەستیانە و بە هەموو شێوەیەک و لە هەموو بوارێکیشدا کاری بۆ دەکەن. زمانیش یەکێکە لەو بوارە هەرەگرنگانە، دەنا بیانووی جوێکردنەوەی "وو" لە "ۆ" و "ی" لە "ێ"، مەسەلەیەکی هێندە گرنگ و دژوار نییە و نەبووە، مرۆڤ بخاتە سەر ئەوەی، کە دەبێ ئەلفبێی زمانەکەی خۆی بە بڕیارێکی یەک کەسیی و دەسبەجێ بگۆڕێت، وەک جەلادەت بەدرخان بۆ خۆی باسی دەکات. جەلادەت بەدرخان، بێ

---

[51] هاوار، هەژمار 10، ساڵی 1932.

ئەوەی ئاگاداری ڕەوشی زمانی کوردی - وەک یەکەیەکی جیانەکراوە- بێت و بێ ئەوەی شارەزایی و زانیاری لە دیالێکتەکانی دیکەی زمانی کوردیدا هەبێت و بێ بیرکردنەوە لە بەرژەوەندی کورد وەک نەتەوەیەک و بێ لەبەرچاوگرتنی دوارۆژی کوردستان، ئەو بڕیارە کوشندەیەی لەمەڕ گۆڕینی ئەلفبێ داوە و بەوەش هەڵەیەکی هێندە مەزنی کردووە، کە چاککردن و پینەکردنی یەکجار سەخت و دژوارە. جەلادەت بەدرخان و کامران بەدرخانی برای زۆر لە مێژ بووە لە ژێر کاریگەریی ڕۆژاوا و نیوەندە دەسەڵاتدار و بڕیاردەرەکانیاندا بوونە و خواستی ئەوانیان جێبەجێ کردووە. کامران بەدرخان یەکەم کوردێک بووە، کە پێوەندی بە ئیسرائیل و زایۆنیزمەوە هەبووە و کاری بۆ کردوون و بنەماڵەی بەدرخانیش هەر لە سەردەمی میرنشینییەکەیانەوە لەو جۆرە پێوەندانەیان هەبووە. ئەو جۆرە پێوەندانە و تێکەڵاوی دەسگا سیخوڕی و بڕیاردەری ڕۆژاوا و ئیسرائیل، هیچ کاتێک بە قازانج و سوودی کورد نەشکاوەتەوە، بەڵکە ئەوان لەو پێوەندانەدا سوودمەند بوون و کوردیش دۆڕاو. گۆڕینی ئەو ئەلفبێیەش هەر دەکەوێتە خانەی ئەو دۆڕانە مەزنانەی، کە بە سەر کورددا هاتووە.

7. ئەگەر خاک و زمان و مێژووی هاوبەش و هەستکردن بە ئینتیما(إنتماء) مەرج و پێناسەی نەتەوە بن، ئەوا ئەو مەرجانە لە کوردیشدا هەن، لێ ئەگەر بە چاوی واقیع و ڕاستگۆیانەتر بنواڕینە ڕەوشی کورد لە هەموو ڕوویەکەوە، حاڵەتەکە بە جۆرێکی دی خۆی دەنوێنێت. باری جیۆگراسی(جیۆگرافی- سیاسی)، کوردی کردووەتە چوار پێنج بەشەوە - ئەو مەسەلەیەش تا ئێستا ساغ نەبووەتەوە- و بەو دابەشبوونەش، هەر بەشێک لەوانە تا ڕادەیەکی زۆر لە بەشەکەی دیکە دوورکەوتووەتەوە و هەستی گرێدراوی بە میللەتەکەی هاوسێیەوە، عەرەب، تورک، فارس، ئەرمەن، ئازەری و گوروزی، تا ڕادەیەک بەهێزە. ئەو فاکتەرە جیۆگراسییە کارێکی وای کردووەتە سەر زۆرینەی کورد، کە هەست بە "ئێرانیەتی، تورکیایەتی، عیراقیەتی، سووریایەتی و سۆڤێیتیەتی" بکات، لەبەر ئەوەی هەر کوردێک، هاونیشتمانیی یەکێکە لەو وڵاتگەلە و ناسنامە و ڕەگەزنامە و تەسکەرە و دەفتەرچە و پاسپۆرت - ئەگەر هەیبێت- ی یەکێک لەو وڵاتانەی هەیە. زمانی خوێندن و فەرهەنگیی، زمانی عەرەبی، تورکی، فارسی، ڕووسی، ئەرمەنی، ئازەری و گوروزییە و دەسگای ڕاگەیاندنی کوردیش یا هەر نییە یا ئەگەر هەشبێت فرەوان و ئازاد نییە. لەبەر ئەو هۆیانە ئەگەر 50%ی فەرهەنگی خەڵکی کورد هاوبەش بێت و فەرهەنگێکی کوردی بێت، ئەوا 50%کەی دیکەی لەگەڵ

میللەتە هاوسێیەکەیدا هاوبەشە، واتە: تا ڕادەیەک دەربڕینی "نیوەمیللەت" یا "میللەتێک لە قۆناخی دروستبوون و ڕەسیندا"ی بۆ دەست دەدات.

8. ئەگەر لە سیاسەتدا، دژایەتی ئایین یا ئایینی ئیسلام یا حوکمی ئاخوند و ویلایەتی فەقیە لە ئێراندا، و کۆمونیزم لە سۆڤیێتدا، و فەرمانڕەوایی دیکتاتۆر و بنەماڵە و تاکەحیزب و تاکەکەس و شۆڤینیزمی عەرەبی لە عیراق و سووریادا، و عەلمانییەت و شۆڤینیزمی تورکی و کەمالیزم لە تورکیادا، سوودێک بە ئۆپۆزیسیۆنی نێو ئەو وڵاتانە یا کورد ببەخشێت، ئەوا ئەلفبێی زمانی کوردی (تیپی عەرەبی) لە تورکیا و سۆڤیێت، چەکی خۆڕزگارکردنە و دەکرا و دەکرێت سوود لەوە وەربگیردرێت و بەوەش تەنێ بەوە، خۆ لە تورکی عەلمانی و بە ئەلفبێی لاتینی نووس، و ئەرمەنستان و گوروزینیا و ئازەربایجانی کریلیک و هی دیکە نووس، جوێ بکرێتەوە. پێشموایە ئەگەر لە تورکیا، ئەرمەنستان، گورجستان، ئازەربایجان و شوێنانی دیکە، کە ئەوڕۆ بە ئەلفبێی لاتینی و کریلیک و شتی دیکە دەنووسن، ئەلفبێ عەرەبییەکەی زمانی کوردی لە شێوەیەکی نهێنیشدا بمابایەوە و لە نێو خەڵک و مزگەوت و پەناوپێچدا وەک "کلامە پیرۆزەکانی ئەهلی حەق و زمانی عیبری لە نێو جوولەکەی پەڕیوەی هەموو دنیادا و هەموو جۆرە نهێنییەکی خۆش"، ئەوا تا ئێستاش دەما و لەبەر ئەوەی، کە قەدەغەیش بوو، خەڵک پتر لێی نێزیک دەبوونەوە و فێری دەبوون و وەک چەکی خۆجوێکردنەوەیش، لە ئەلفبێ و فەرهەنگی سەردەست و دەسەڵاتدار بەکار دەبرا.

9. تەواوی ئەو زمانانەی بە تیپی عەرەبی دەنووسرێن بە زمانی کوردییشەوە، شانازی بەوەوە دەکەن، کە بەدەوکاری و خۆشنووسی و هونەرکاریی لە نووسیندا بەو تیپە عەرەبییانە، بەهرە و جوانییەک بە شێوەی نووسینەکە دەبەخشێ و ئەو نووسینە تا ڕادەیەک وەک تابلۆیەک، نیگارێک، دیمەنێک یا پەیکەرێکی جوان پیشان دەدرێ. نووسین بە تیپی عەرەبی و تیپی عەرەبی خۆی، هەمیشە سەرنجی هونەرمەند و فەرهەنگییان و خەڵکانی بیانی ڕاکێشاوە و ئەوان پێیانوابووە، ئەو تیپانە جوانترین تیپن. هەربۆیە گەورە ڕۆژهەڵاتناس و ئیسلامناسی فرانسی لووی ماسسینۆ( Louis Massignon ⁄ 1883- 1962 )، کە بێجگە لە زمانانی فرانسی، ئینگلیزی و ئەڵمانی، زمانانی عەرەبی، فارسی و تورکیشی بە باشی زانیوە و چەندین لێکۆڵینەوە و توێژینەوەی لەمەڕ سۆفیایەتی و ئیسلامەوە هەیە، هەمیشە مۆچیاری عەرەب و ناعەرەبی کردووە بەوەی دەست بە تیپەکانی زمانی عەرەبییەوە بگرن، چونکە ئەو تیپانە سیما

و هێمایەکی شارستانیەتی عەرەبە. هەر بەو پێیەش ئەو تیپە کوردییانەی ئێستای کوردیش ڕێک وەک ئەو تیپە عەرەبی  و فارسییانە، هێما و سیمای شارستانیەتی کوردن و جوانی و نازکی و بەهرە بە شێوەی نووسینی زمانی کوردی دەبەخشن و هەرگیز هی ئەو نین لەگەڵ تیپی لاتینیدا بەراورد بکرێن.

10. زمانی ستاندارد و یەکگرتووی عەرەبی، زمانی ڕەسمیی هەموو عەرەبی جیهانە، کە دە هێندەی کورد دەبن. ئەو زمانە ڕەسمییە، زمانی زگماک و زمانی دایک و پەیڤینی ماڵەوەی هیچ عەرەبێکی ئەم جیهانە، تەنانەت یەک دانە عەرەبیش، نەبووە و نییە، چونکە ئەوان بە زاراوە، زمان دەگرن و دەکەونە قسان و زار دەکەنەوە و وەک نەتەوەیش خاوەنی پتر لە 30 – 40 زاراوە و بنزاراوەن، کە هێندە دوورن لەیەکدییەوە تا ڕادەی لەیەکتێنەگەیشتنیان. هەموو عەرەبێک، کە دەچێتە بەر خوێندن بەو زمانە ڕەسمییە یەکگرتووە، کە زمانی ماڵەوەیان نییە، فێرە خوێندن و نووسین دەبێت، واتە: ڕێک وەک ئەوە وایە زمانێکی نوێ فێر بێت[52]. دەی بۆ ناکرێت هەموو کورد، ئەم زمانە کوردییەی ئێستای( کرمانجی خواروو و تیپی عەرەبی ) کە جێی خۆی گرتووە و چەسپاوە، فێر بێت و بیکاتە زمانی ڕەسمی و یەکگرتووی خۆی.

11. مەسەلەی هەڵبژاردنی کام ئەلفبێ و کام دیالێکت بۆ زمانی نووسینی کوردی، تا ڕادەیەک ڕوون و ئاشکرایە، چونکە ئەو دوو شێوە نووسینەی ئەمڕۆ"کرمانجی و سۆرانی" بەو

---

[52] لەنێو ئۆتۆبووسێکی گشتیی نێوان دوو گەڕەکی شاری ستۆکهۆڵمدا دانیشتبووم، ژنێک و منداڵێکی کچی تەمەن 4 - 5 ساڵانیش لە نێزیکی منەوە دانیشتبوون. منداڵەکە بە ژنەکەی دەگوت"عمة"، واتە: ژنەکە میمک( خوشکی باوک )ی بوو. لەگەڵ یەکدیدا بە شێوەزاری عیراقی، بەغدایی، قسەیان دەکرد. منداڵەکە بە زمانێکی عەرەبی ستاندارد و پاک و ڕەوانی زمانی کتێبان، چیرۆکێکی، کە لەبەری کردبوو، بە زمانی شیعر بۆ میمکەکەی دەگێڕایەوە. چەندین جار و تا من لە ئۆتۆبووسەکە دابەزیم، ئەو منداڵە داوای لە میمکەکەی دەکرد، گوێی لێبگرێ و هەمدیس چیرۆکەکەی دەگوتەوە. پێموابێ پێنج شەش جارانی، گوتەوە. بە دەنگێکی منداڵانەی ناسک و خۆش و لەگەڵ پاراستن و دەربڕینی مۆسیقای شیعرەکەدا، هێندە جوانی دەگوتەوە، من بۆ خۆم حەزم دەکرد دەیان جاری دیکەیشی بژنەفمەوە. ئەو زمانەی منداڵەکە چیرۆکە شیعرییەکەی پێ دەگوتەوە، نە زمانی زگماک و دایک و پەیڤینی ماڵەوەی منداڵەکە بوو و نە زمانی ماڵەوەی هیچ عەرەبێکی ئەم جیهانەیە، بەڵام زمانێکە هەموو عەرەبی یەکخستووە.
کە منداڵ بووم و لە شاکەل، شەوان هاوسێیەکانمان دەهاتن بۆ دەمەتەقە و دانیشتن و گوێگرتن لە هەواڵ و دەنگوباسی دنیا لە ڕێگەی ڕادیۆوە، کە ئەودەمی تازە پەیدا بووبوو. باوکم گوێی دەدایە پەخشی عەرەبی ڕادیۆی بی. بی. سی لەندەن و ڕادیۆی ئیسرائیل و قاهیرە و  بەغدا ئەوانە، هاوسێیە عەرەبەکانمان، کە نەخوێندوو بوون، زۆرکەم یا هەر هیچ لە هەواڵەکان تێنەدەگەیشتن و لە باوکمیان دەپرسی، ئەو هەواڵە چی بوو و چۆن بوو! باوکم، چونکە خوێندوو بوو تێیدەگەیشت و بۆیانی دەکردە ئەو عەرەبییەی قسەیان پێ دەکرد.

دوو ئەلفبێیەش، لام وایە هەر دەمێنن و ناکرێنە یەک، بەڵام تا ڕادەیەکیش ڕەوشی بزاڤی سیاسیی کورد و گەیشتنی بە ئەنجام لە بەشێک یا چەند بەشێکی کوردستاندا، و بوونی زمانی کوردی لەو بەشە یا لەو چەند بەشەدا، بە زمانی ڕەسمیی، کارگێڕی،کاروباری ڕۆژانە، ڕاگەیاندنی گشتیی، میدیا و دەسگاکانی بڵاوکردنەوە و پەخشی بیستراو و بینراو و نووسراو(ڕۆژنامە، ڕادیۆ، تەلەڤزیۆن، گۆڤار، کتێب، تەلەفۆن و...) و خوێندن و نووسین، ڕەنگە بڕێک کار بکاتە سەر بەشەکانی دیکە. دیارە دەشکرێت تا ئەو کاتە و تا ڕەخسانی ئەو هەل و دەرفەت و بوارە، شارەزایانی زمانی کوردی، لەو بارەوە بکۆڵنەوە و بتوێژنەوە و موناقەشەی تێروتەسەل لە سەر ئەو بابەتە بکەن و ڕا بگۆڕنەوە و بە لەبەرچاوگرتنی بەرژەوەندی کورد، هەوڵی دوورخستنەوەی زمانی کوردی لەو پاشاگەردانییە بدەن و لەو خەتەر و مەترسییەی، کە ئێستا تێیدایە ڕزگاری بکەن، ئەویش بە ناسینی ئەلفبێی کوردی(تیپی عەرەبی) بە ئەلفبێی هەموو زمانی کوردی و گەڕانەوە بۆ بەکاربردنی و پێشخستنی و پێ نووسینی. با فەرهەنگیان و زمانزانان و خوێندووانی کورد و هەموو تاکێکی کورد ئەوە بزانن، کە نەتەوە و گەلانی دێرین و خودان مێژوو، هەروا بە ئاسانی ئەلفبێی خۆیان ناگۆڕن. چینی و کۆریایی و ژاپۆنییەکان، بە بڕگە دەنووسن و تیبێتی و ئەرمەن و مەغۆل و عەرەب و جوولەکەکان بە ئەلفبێی تیبێتی و ئەرمەنی و مەغۆلی و عەرەبی و عیبری دەنووسن و شانازی بەو ئەلفبێیانەشیانەوە دەکەن و هەرگیزیش بیر لە گۆڕینیان بۆ لاتینی ناکەنەوە. سەرباری ئەوە وردەوردەش کورد دەبێ هەوڵی خۆڕزگارکردن لەو لاتینی و کریلیک و کەچەدیالێکتانەش- کە دزە دەکەنە نێو زمانی نووسینی کوردییەوە و خەڵک هەن داوا دەکەن پێیان بنووسرێت-، کە ئەوڕۆ لە سەختیی و گیروگرفت زێتر چی دیکەیان بۆ زمانی کوردی نەسازاندووە، بدرێت و هەڵبژاردنی دیالێکتێکی زێتر گەشەکردووی کوردی(کرمانجی خواروو، ئەوەی بە هەڵە پێی دەگوترێ سۆرانی) موتوربەکراو بە هەموو دیالێکتەکانی دیکەی زمانی کوردی، بکرێتە ئامانج و مەبەست.

**بەهاری 1990**

زمانی یەکگرتووی کوردی،
گەلێک لە دەوڵەتی کوردی، پێویستترە

لە گۆڤاری "هەڵەبجە"ی ژمارە 30ی ساڵی 1998دا، مامۆستا "ڕزگار کێستەیی"، گوتارێکی ڕەخنەیی، بە ناونیشانی "چەند تێبینیەک لسەر ناڤەرۆکا هەژمارە 29 یا گۆڤارا هەڵەبجە"، نووسیوە. باسەکەی مامۆستا "کێستەیی"، سێ خولکە (تەوەر)ی وەخۆ گرتووە:

1. وەرگێڕان ژ کوردیێ بۆ کوردیێ شاشی یە.

2. بەلاڤکرنا رۆژنامەیەکا خوەڕوو بکورمانجی نە کارەکی جوداکەر و زیانبەخشە ژ بۆ زمانێ مە.

3. بەرپەڕێن هەڵەبجە دپاکن بلا بئاخفتنێن کرێت نەهێنە هەڕماندن.

من لێرەدا ڕوونکردنەوەیەکم لەمەڕ خاڵی یەکەم و دووەم - بە تایبەتی- ی نووسینەکەی مامۆستا "کێستەیی" هەیە و خاڵی سێیەمیش، پتر پێوەندی بە دەستەی نووسەرانی گۆڤارەکەوە هەیە و کاری ئەوانە نەک هی من. خاڵی دووەمی نووسینەکەی مامۆستا "کێستەیی"، پێوەندی بە نامەیەکی منەوە هەیە، کە لە گۆڤاری هەڵەبجەی ژمارە 29دا بڵاو کراوەتەوە. ئەو نامەیەی من، تەنێ سوپاس و پێزانینێک بوو، بۆ مامۆستا "موحسین جوامێر"ی سەرنووسەری "هەڵەبجە"، بۆ ناردنی ڕۆژنامەگەلی "یەکگرتوو"، "ڕەسەن" و "ئایندە" بۆم. من ئەو نامەیەم تەنێ - تێبینییەکی تایبەت لەمەڕ زمان و زاراوە کوردییەکانەوە- بوو، بۆ مامۆستا "جوامێر" و بۆ بڵاوکردنەوەم نەشاندبوو، بەڵام کە مامۆستا "جوامێر" بڵاویشی کردبووەوە، چ عەیبێکم تێدا نەدی، چ گلەیی و گازندەیەکم نەبوو، ماڵی ئاوابێت و خودا کاری ڕاست بێنێت. من پێموایە، بۆ تێگەیشتن لە ڕەوش و واقیعی کورد و هەموو شتێکی کورد"هزر، سیاسەت، ئابووری، ئایین، جڤاک، فەرهەنگ، زمان و.."، دوو جۆرە دیتن هەن:

1. <u>دیتنێکی نەتەوەییانە:</u> کە دەیەوێت کورد چۆن بێت، کە کورد هەموو لە ژێر دروشمی کورد، کوردایەتی، کوردستان، یەک خاک، یەک نەتەوە و یەک مەسەلەدا، کۆ دەکاتەوە. ئەم دیتنە هەرچەندە خەیاڵئامێزانە و ڕۆمانسییانە دێتە بەر چاو، بەڵام خواست وئاوات و ئارەزوویەکە، هەموو کوردێک خەونی خۆشی پێوە دەبینێت.

2. <u>دیتنێکی واقیعییانە:</u> کە کورد وەک چۆنە ئاوها ببینرێت و بخرێتە بەر باس و بەپێی توانست چارەیش بۆ کێشەکانی بدۆزرێتەوە.

ئەگەر واقیعبینانە - دیتنی دووەم- بنۆڕینە ڕەوشی زمانی کوردی، کە مەبەستی باسەکەی ئێمەیە، دەبێ پێش ئەوەی خۆمان لە قەرەی هۆ و هۆکار و پاشخانی مێژوویی و ئەو جۆرە

شتانه بدەین، له میانەی چەند نموونەیەکەوە، نەخشە و وێنەیەکی ئەو بار و ڕەوشەی، زمانی کوردیی تێدایە، بخەینە بەر چاو:

ئا. حوکوومەتی عیراق له سەردەمێکدا ڕۆژنامەیەکی به ناوی "ئاسۆ" به کرمانجی خواروو (سۆرانی) دەردەکرد. بۆ جوێکردنەوە و دوورخستنەوەی زاراوەکان له یەکدی، کەوتە دەرکردنی ڕۆژنامەیەک به نێوی "بزاڤ"، تەنێ به زاراوەی کرمانجی ژووروو. هەردوو ڕۆژنامەکان به تیپی عەرەبی بوون.

ب. "بەربانگ"، گۆڤارێکە فیدراسیۆنی کۆمەڵە کوردستانییەکان له سوێد، به سێ زاراوە"کرمانجی ژووروو، کرمانجی خواروو(سۆرانی) و دملی(زازاکی)" و به تیپی لاتینی و عەرەبی دەری دەکات.

پ. "هیوا"، گۆڤارێکە ئەنیستیتووی کورد له پاریس، به تیپی لاتینی و عەرەبی و زاراوەی کرمانجی، سۆرانی و دملی دەری دەکرد.

ت. گۆڤارێک به ناوی "Peya"، به زاراوەی زازاکی و به تیپی لاتینی له سوێد، له لایەن کۆمەڵێک زازاوە، که خۆیان به کورد نازانن و خۆیان به نەتەوەیەکی جیاواز دەزانن، دەردەچێت.

ج. له کوردستانی عیراق، له هەولێر و سلێمانی، ژمارەیەکی زۆر ڕۆژنامە و گۆڤار، به زاراوەی سۆرانی یا تێکەڵ لەگەڵ زاراوەی کرمانجیدا و به تیپی عەرەبی دەردەچن. له دهۆکیش ژمارەیەکی زۆر ڕۆژنامە و گۆڤار به زاراوەی کرمانجی و به تیپی عەرەبی دەردەچن. لەم دوایییەشدا له دهۆک دەستکراوە به دەرکردنی گۆڤارێک به ناوی "Dicle", به زاراوەی کرمانجی و تیپی لاتینی.

چ. له سوێد، له بواری خوێندنی زمانی کوردیدا، له فێرگە و خوێندنگەکان، بێجگە لەوەی، کرمانجی و سۆرانی له یەک جوێکراونەوە، که کارگێڕیی خوێندنیش داوای مامۆستا دەکات بۆ کارکردن، هەر ڕێک دەنووسێت، که پێویستیان به مامۆستای سۆرانی یا کرمانجییە[53]. کارگێڕیی وەرگێڕان و بیانییانیش، که داوای وەرگێڕ دەکەن به هەمان شێوە داوا دەکەن و هەموو زاراوە کوردییەکان له یەک جودا دەکەنەوە. کارگێڕیی وەرگێڕان له شارەوانیی

53 شاکەلی، ئەمجەد، منداڵی کورد و فەرهەنگی کورد له هەندەران، سوێد 1989، ل62-63.

بووتشویرکا "Botkyrka" له ستۆکهۆڵم، له ڕاگەیاندنێکیدا بۆ پێویستییان به وەرگێڕ، کە داوای وەرگێڕی کوردیی دەکات، دەنووسێ: عەرەبی/ سۆرانی، فارسی/ سۆرانی و تورکی/ کرمانجی، وەک بڵێی ئەو زاراوە کوردییانە هەریەکەو زمانێکی تایبەت و بەشێک بن لە زمانانی عەرەبی، فارسی و تورکی[54]. هەڵسوکەوت لەگەڵ دوو زاراوە سەرەکییەکەی زمانی کوردیدا، وەک دوو زمانی جیاواز دەکرێت. هەندێ جار، کە داوای وەرگێڕ دەکرێن، وردە زاراوەی دیکەش قوت دەبنەوە، وەک هەورامی، بادینانی، فەیلی و هی دیکەش.

ح. ساڵی 1998، بۆ ئەوەی داوای کار لە جێگەیەک بکەم، دەبوو هەندێک بەڵگەنامە و بڕوانامە، پێشان بدەم، کە پێشتر چ کارگەلێکم کردووە. ئەودەمە و دواتریش وەک وەرگێڕ بۆ کارگێڕیی"وەرگێڕی ئێشککگر "Tolkjouren"، کارم دەکرد. بەڵگەنامەیەکیان بۆ نووسیم، کە من (ئەمجەد شاکەلی) وەک وەرگێڕی ئەم زمانانە کارم کردووە: عەرەبی، بادینانی، کرمانجی، سۆرانی و فەیلی. واتە: تەواوی ئەو زاراوە کوردییانە، حیسابی زمانی سەربەخۆیان بۆ کرابوون و ناوی زمانی کوردی هەر تێدا نەبوو[55]. لە هەمووش سەیرتر، کرمانجی و بادینانی، لەیەکدی جودا کرابوونەوە.

خ. جوداکردنەوەی زاراوە کوردییەکان، لە کن کارگێڕیی وەرگێڕان و کارگێڕیی پەنابەران، پتر کوردەکە بۆ خۆی سازی دەکات. زۆرجاران هۆیەکی سیاسی لە پشتەوەیە. خەڵکی دەڤەری بادینانی کوردستانی عیراق، بە وەرگێڕی کرمانجی- گەلەک جاران- قایل نابن، چونکە پێیانوایە، وەرگێڕە کرمانجەکان خەڵکی دیوی باکووری کوردستانن و ڕەنگە مەیلی"پ. ک. ک"یان هەبێت و ئەوانیش بۆ خۆیان، ڕەنگە خۆشیان لە "پ. ک. ک" نەیەت، بۆیە دەبوو و دەبێ کەسێکی بە زاراوەی بادینانی قسەکەر، کاری وەرگێڕانیان بۆ ئەنجام بدات.

د. کتێبخانەکانی سوێد، کە بەشی تایبەتیشیان بۆ کتێب بە زمانانی بیانی هەیە و کتێبی کوردییشیان تێدان، لە بەشی کتێبە کوردییەکاندا زۆرجاران نووسراون: کتێبی سۆرانی،

---

[54] ڕۆژنامەی مێترۆ "Metro"، سێشەممە 6-10-1998.

[55] ئەو خانمەی بەڵگەنامەکەی بە مۆرکراوی دایە دەستم گوتی:"پەککوو، ئەو هەموو زمانە دەزانیت!". گوتم:"خانمەکەم ئەو پێنج زمانەی لەسەر ئەم کاغەزە نووسراون بە هەموویان دوو زمانن، ئەوەی یەکەمیان عەرەبییە و ئەو چوار زمانەکەی دیکەش خڕ یەک زمانن ئەویش کوردییە، بەڵام بە هەر چواریشیانەوە ناکەنە یەک زمانی تەواو.

کتێبی کرمانجی، کتێبی زازایی، واتە: هەر زاراوەیەک وەک زمانێکی سەربەخۆ دراوەتە قەڵەم. جارنا تەنێ بۆ کتێبە کرمانجییەکان، کە بە تیپی لاتینی نووسراون، نووسراوە: کتێبی کوردی و هەندەک جاریش وشەی "کتێبی کوردی"ت هەر بەرچاو ناکەوێت و تەنێ ناوی زاراوەکان دەبینیت.

ڕ. گۆڤاری "سروە"، کە لە کوردستانی ئێران دەردەچێت، زۆرجاران دەقی کرمانجیش بە تیپی لاتینی بڵاو دەکاتەوە، بێجگە لەوەی، کە گۆڤارەکە هەم سۆرانی و هەمیش کرمانجی بە تیپی عەرەبی بڵاو دەکاتەوە.

ڕ. گۆڤاری "ئاوێنە"، کە لە تاران بە تیپی عەرەبی دەردەچێت، بێجگە لە سۆرانی، زۆرجاران نووسینی بە زاراوەی کرماشانی و هەورامیش تێدا بڵاو دەکرێتەوە.

ز. تەلەڤزیۆنی "مەدMED TV"، هەواڵ و دەنگوباسەکانی بە سێ زاراوەی کرمانجی، سۆرانی و زازاکی- ڕێک وەک سێ زمانی جیاواز- بڵاو دەکاتەوە.

ژ. زۆرجاران ئەنیستیتووی پاریس و کوردانێک، کە لە سەر هێڵی جیاخوازانەی "جەلادەت بەدرخان" دەڕۆن، لە سوێد و شوێنانی دیکە، کۆبوونەوەی زمانەوانیی ساز دەکەن، بۆ باسکردنی گیروگرفتی زمانی کوردی، مەبەستیشیان لە زمانی کوردی، تەنێ زاراوەی کرمانجی ژووروەوە، دەنا یەک کوردی دیکەی، سەر بە زاراوەیەکی دیکە، بۆ ئەو جۆرە کۆبوونەوانە، بانگهێشتن ناکرێت. ئەوانەش کە لەو جۆرە کۆبونەوانەدا بەشدار دەبن، زۆربەیان لەوەی زیاتر، کە دەزانن بەو زاراوەیەی خۆیان بپەیڤن، هیچی دیکە لەبارەی زمانەوە نازانن[56].

تەواوی هەوڵ و کۆششی ئەو بەڕێزانە، بۆ دوورخستنەوە و لێکدابڕینی، هەردوو زاراوەی کرمانجی و سۆرانییە لە یەکدی. هەژاری موکریانی دەڵێت:"هاناو کۆمەگی وێژەرو نوسەرانە کە وشە هاوماناکانی شێوەکانی جوداجودای زمانەکەی لە فەرهەنگ بێنێتەدەرێ و بەرانبەر بە یەکیان دانێ و گشتیان لەبەر یەکتر ڕانێ. کام وشە بۆ نوسینەکەی یا بۆ شیعر هۆنینەکەی لەبارەو لەسەرزار سوکەو لەبەرچاو قشت و خۆشکۆکەو لە گوێچکەی گۆهدار رەوانە، هەڵبژێرێ

56 کاک تاهیر هەورامی، کە ماوەیەک لە "خوێندنگەی بەرزی گەلیی Folkhögskolan" لە "بیسکۆپس ئارنوێ Biskops Arnö" لە سوێد دەیخوێند، گێڕایەوە، کە جارێک کۆمەڵێک لەو "زمانەوان و زمانناسانە"ی، کە بۆ کۆبوونەوەیەکی زمانەوانی لەوێ بوونە، دیوە و لە یەکێکیانی پرسیوە، ئەمانە چۆن زمانزانن و لەبارەی زمانەوە چییان کردووە، وەک نموونەش دەست بۆ یەکێک ڕادەکێشێت و دەڵێ ئا ئەوە! کابراش دەڵێ ئەوە شوان بووە لە کوردستان، کرمانجی باش دەزانێت. پرسیاری یەکێکی دیکە دەکات، کابرا دەڵێ ئەوە لە ئیتالیا چێشتخانەی هەیە، کرمانجییەکی باش دەزانێت.

و لە وشەی زلحۆرت و قەبەو گڕنی و زبرو زۆرو بە کلۆی خۆی دەیزانی واز بهێنی و ژیکەڵەکەی لەجێ دانێ. ناشێ شەڕەگەڕەک بکاو پێ دابگرێ کە هەر چونکە خۆی لەدایکی نەبیستوەو نەنکی خۆشی نەویستوە، کوردی نیەو گەرەک قت بکرێ و لابدرێ و بۆ کایە لەسەری نەکرێ. سوربون لەسەر هەڵقرچانی شیعر و پەخشان هەر بە شێوەی تەنیا مەڵبەندێکی بەرتەنگ، هەرچەنگ نوسەر زۆریش بۆخۆی بێنێ و بنەقێنێ و خۆی راژێنێ و بۆی رامێنێ و سەر بە نینۆک هەڵکرێنێ و چاو بە مۆلەق بوەستێنێ، ئەو کرەی بەرهەمی دێنێ هێند نەگریس و هەڵ و بێ شۆ و تەختەتەسک و بێ پۆ دەبێ لەسەرەوە شانگر نابێ و لەژێرەوەش - بیلاتەژبی- عەدەبی پێ داناپۆشرێ. بۆ نمونە ئەگەر موکوری و سۆرانی بە بێ ئاو ئێژن "وشکانی"، بۆچی "بەژ" کە کرمانجی یە جوانتر نیە؟"[57]. رێک بە پێچەوانەی ئەو بۆچوونە دروستەی "هەژاری موکریانی"یەوە، زۆرجاران لەو کۆبوونەوانەدا، کە بە شوێن وشەگەلێکی کوردیدا دەگەڕێن، بۆ وشەی زمانانی ئەوروپایی، ئەگەر وشەیەکی کوردی بە شێوەی کرمانجی، بۆ وشە ئەوروپاییەکە نەبێت، ئەوا ئەو مامۆستایانە، ئامادە نین سۆرانیی ئەو وشەیە، کە جێی خۆی گرتووە و بەکار براوە، بەکار ببەن و پەنا بۆ هیچ زاراوەیەکی دیکەی کوردییش نابەن، وەک هەژاری موکریانی دەڵێت، بەڵکە دەگەڕێن تا وشەیەکی تورکی یا عەرەبی، بۆ ئەو وشە ئەوروپاییە دەدۆزنەوە. وشە تورکی و عەرەبییەکەیان، لە وشەیەکی ڕەسەنی جێگرتووی زاراوەیەکی دیکەی زمانی کوردی، پێ باشترە.

س. خوێندنی زمانی کوردی لە ناوچەی بادینانی کوردستانی عیراق - وەک ناوچەکانی دیکەی ئەو پارچەیەی کوردستان- بە کاریگەریی مەلا مستەفای بارزانی، بە زاراوەی سۆرانی بوو. ئێستا لەم دواییەدا، کە ناوچەی بادینان لە ژێر دەسەڵاتی پارتیی دیموکراتی کوردستاندایە، خوێندنی پۆلی یەکەم، دووەم و سێیەم و ئەوانەی سەرەتایی، کراوە بە کرمانجی.

ش. گۆڤاری "هاڤیبوون" لە ئەڵمانیا، بە تیپی عەرەبی و بە هەردوو زاراوەی کرمانجی و سۆرانی دەردەچێت.

---

[57] هەژار، هەنبانەبۆرینە، فرهنگ کردی- فارسي، پێشەکی نوسەر، سروش، تهران1369، ل بیست و سە.

ع. سەرباری دیتنە تێکدەر و خراپکارانەکەی، ڕۆژهەڵاتناسە سیخوڕ و جاسووسەکانی ڕۆژاوا و دەسگا جاسووسییەکانی جیهانیی، کە فڵانە زاراوە کوردیی نییە و فڵانە بەش لە کورد، کورد نین، لە نێو کورد خۆیشیدا، لەو جۆرە دەنگانە بەر گوێ دەکەون. مەلای قەوسی، کە مەلایەکی هەورامی بووە و مووچەخۆری ئەدمۆنس بووە، لەژێرەوە بۆ ئەدمۆنسی نووسیوە، کە هەورامی کورد نییە..[58]، و هەورامی بە کورد دانەناوە، کە دەکاتە ئەوەی خۆیشی بە کورد نەزانیوە. دۆکتۆر کەمال فوئاد، لوڕ بە کورد ناژمێرێت و پێیشیوایە هەورامی، کورد نەبوون و لەگەڵ کاتدا بوون بە کورد و زازایش بە کورد ناژمێرێت. لە گفتوگۆیەکیدا لەگەڵ گۆڤاری "سروە"دا، و لەوەڵامی پرسیارێکدا، کە بەم شێوەیەیە: مامۆستا عەلائەدین سەججادیش، لە کتێبەکەی خۆیدا، باباتاهیر، بە یەکەمین شاعیری کورد، دادەنێ، بیروڕای ئێوە لەو بارەوە چیە؟ دۆکتۆر کەمال فوئاد دەڵێت:"لەو بۆچوونەدا من لەگەڵ مامۆستا سەجادی نیم. ئەو زمانەی باباتاهیر چوارینەکانی پێ نووسیوەتەوە لوڕی یە نەک کوردی، هەندێکیش بە "فارسی کەلیمی"ی دائەنێن...کۆمەڵە زاراوەی لوڕی لە ڕووباری سیمەڕەوە دەست پێ ئەکات(بەرەو خوار و بەرەو رۆژهەڵات) تا ئەگاتە ناوچەی بەختیاری (لوڕستانی گەورە)...لوڕی لە رووی رێزمانەوە ئەچێتەوە سەر کۆمەڵە زمانەکانی ئێرانی خوارووی رۆژئاوایی، کوردی زمانێکی ئێرانی باکووری- رۆژئاوایی یە. جیاکردنەوەی زمانە ئێرانی یەکان بە باکووری و رۆژئاوایی و رۆژهەڵاتی و خواروو لەسەر بناغەی رێزمان بڕیاری لەسەر ئەدرێت، نەک فەرهەنگی وشەکان. بەم پێ یە لوڕی زمانێکی سەربەخۆیە. نە فارسی یە نە کوردی، بەڵکوو لەناوەندی هەردووکیان دا جێگا ئەگرێت. ئەوەندی من بزانم لە رووی نەتەوەییشەوە لوڕ خۆی بە کورد نازانێت، براکوردەکانی ئێران ئەم راستی یە ئەزانن...لوڕی ئەچێتەوە سەر ئێرانی خواروو...هەندێک زانایانی زمان، لەوانەی خۆیان بە زمانی کوردی و زاراوە جۆر بەجۆرەکانی یەوە خەریک کردووە(لەوانەش ئۆسکارمان)، کۆمەڵە زاراوەکانی گۆران-زازاش بە کوردی دانانێن. لەم بارەیەوە بیروڕای من بەم جۆرەیە: ئەم کۆمەڵە زاراوانە لەگەڵ زاراوەکانی تری زمانی کوردی دا لە رووی فەرهەنگی وشەکان و دەستووری زمانەوە جیاوازی یان هەیە، بەڵام ئەمانیش وەک کوردی ئەچنەوە سەر کۆمەڵە زمانی ئێرانی باکووری رۆژئاوایی. لە رووی جۆگرافیشەوە

---

[58] هاوار، کوێرەوەری و بیرەوەری، 1984، ل73.

ئەکەونە ناو کوردستان. پەیوەندی ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسیشیان لەگەڵ کوردا بەهێزترە تا نەتەوەکانی تری ناوچە. سەرەڕای ئەمانە هەورامی کە یەکێکە لە زاراوەکانی گۆرانی بۆ ماوەیەکی زۆر(لە سەدەی شانزەهەمەوە تا سەدەی بیستەم) لە ناوچەیەکی فراوانی کوردستان دا (کوردستانی رۆژهەڵات و کوردستانی خواروو) زمانی ئەدەبی بووە. لە رووی نەتەوەییشەوە خۆیان بە کورد ئەزانن. بۆیە بوون بە بەشێک لە کورد و جیاناکرێنەوە"[59]. لە نێو بەشێکی دملییە(زازا)کاندا، بیروڕایەکی وا هەیە، کە ئەوان کورد نین و نەتەوەیەکی دیکەن، دوکتۆر کەمال فوئادیش پێیوایە، کە زازا کورد نین[60]. لەنێو ئێزدییەکانیشدا جاروبار دەنگێکی جیاوازیخوازی لەو جۆرە دەبیسرێت و خۆ بە ئێزدی، نەک کورد دەزانن. ڕەنگە سەرچاوەی تەواوی ئەو بیرڕوباوەڕانەش هەر دەستی دەرەکی و دنەدانی خەڵکانی دژەکوردی لە پشتەوە بێت.

غ. زۆرجاران لە لایەن کەسانێکەوە، کە لەگەڵ ئەدەب و شیعر و فەرهەنگدا سەر و سەودایان هەیە، باسی ئەدەبی شار و شیعری شار و شاعیری شار[61] دەکرێت و دەگوترێ شاعیری هەولێر، شاعیری هەورامان و  شاعیری بادینان  و...هێڵی چەپ و ڕاست بە نێویاندا دەکێشرێت و وای لێ هاتووە، وشەی سلێمانی یا هەولێر یا بادینان، جێی وشەی کورد بگرێتەوە.

ف. تا ئێستا فەرهەنگێکی زمانی کوردی/ کوردی، کە تەواوی زاراوە کوردییەکان بگرێتە خۆی، نییە. فەرهەنگی کوردی/ زمانی دیکە یا زمانی دیکە/ کوردی، هەر فەرهەنگی یەک

---

[59] گۆت و بێژ لەگەڵ دوکتۆر کەمال فوئاد، بەشی دووەم، گۆڤاری سروە،ساڵی پێنجەم، ژمارە39، ڕەزبەری 1368، ل31. کاتی بڵاوبوونەوەی ئەم گوتارەی دوکتۆر کەمال فوئاد، ئەم باسەم بۆ مام عەزیز قەیتوولی، یادی بەخێر، کە بە ئەبوو سامی(أبوسامی) بەناوبانگ بوو، گێڕایەوە، ئەو، کە خۆی کوردی فەیلی بوو، فەیلی بە لوڕ و لوڕیشی بە کورد دەزانی، گوتی: "ئەیە کی لەی فەنە ئویشت(کێ ئاوها دەڵێت)؟". گوتم: "دوکتۆر کەمال فوئاد". گوتی :"ئەیە کورەییە(ئەمە کوێندەرییە)؟"، گوتم :"سلێمانیەییە"، گوتی: "هەی هەی، وەخودا  ئەیە نە دوکتۆرە و نە هویچ، ئەیە موزەمیدیش نییە، با باتە لای من و لیوا بویشت، بزان وە قامەیەگ زگی نادڕنم، ئەگەر لوڕ کورد نەوت، دی کی کوردە، وەعەلی کەس کورد نییە(بەخوا ئەمە نە دوکتۆرە و نە هیچ، ئەمە پەرستاریش نییە، با بێتە لای من و وا بڵێت، بزانە بە قەمەیەک زگی نادڕم. ئەگەر لوڕ کورد نەبێت، ئیتر کێ کوردە، بە عەلی کەس کورد نییە)".

[60] عەلی، کەمال، رەخنە لەسەر گۆت و بێژی د. کەمال فوئاد، سروە، ساڵی شەشەم، ژمارە 56، رەشەمەی 1369، ل13.

[61] ئەو باسانە پتر لە نێو "بونیادگەران"دا باوە، شاریش لەکن ئەوان، شاری سلێمانییە، کە بە ڕای ئەوان، تازەگەری و داهێنان و هەموو نوێکردنەوەیەک، هەر دەبێ لەوێوە بووبێت و ببێت. ساڵانی1950 و1960ەکان و دیارە پێشتریش، خەڵکی سلێمانی، کە بچووایەن بۆ کەرکووک، دەیانگوت دەچین بۆ شار. ئەودەمە سلێمانی ئەو تایبەتمەندییانەی، کە شار هەیەتی - و لە کەرکووکدا هەبوون- تێیدا نەبوون.

زاراوەی کوردی/ زمانی دیکە یا زمانی دیکە/یەک زاراوەی کوردییە. بۆ نموونە: ئینگلیزی/ سۆرانی، سۆرانی/ ئینگلیزی، عەرەبی/ کرمانجی، زازایی/تورکی، فرانسی/ زازایی/ تورکی، سویدی/کرمانجی، سویدی/سۆرانی و زۆری دیکەش. ڕێزمانی کوردییش هەر بەو جۆرەیە. ڕێزمانی سۆرانی، ڕێزمانی کرمانجی، ڕێزمانی زازاکی و ڕێزمانی هەورامی، کەمجار لەیەک کتێبدا کۆ دەبنەوە، بەڵکە هەر یەکەو کتێبی سەربەخۆی خۆی هەیە.

ڤ. بەشێکی زۆری کتێبەکانی کتێبخانەی، هەر ماڵە کوردێکی خوێندوو -ئەگەر هەیبێت- تورکی، فارسی، عەرەبی و زمانی دیکەن. ئەگەر کتێبی کوردی هەبێت، ئەوا تەنێ بەو زاراوەیە هەیەتی، کە خۆی دەیزانێت و پێی دەخوێنێتەوە. ئەوانەی کتێب و نووسین بە هەموو زاراوە و بە هەموو ئەلفبێیەکی کوردی، کۆ دەکەنەوە و سوودیان لێ وەردەگرن، بە پەنجەی دەست دەژمێردرێن، دەنا ڕەنگە خڕکردنەوەی ئەوانە، لە کارێکی ئەرکیڤیانە زێتر، هیچی دیکە نەبێت.

ق. لە چل( 40 ) میلیۆن کورد، ڕەنگە لە باشترین حاڵدا 30%ی، کە دەکاتە دوازدە( 12 )میلیۆن، خوێندەوار بێت. لەو دوازدە میلیۆنە 1% ی ئەگەر نووسین و خوێندنەوەی هەردوو زاراوە و ئەلفبێیە سەرەکییەکان، کرمانجی/لاتینی(تورکی) و سۆرانی/عەرەبی و فارسی بزانێت، ئەوا دەکاتە 120هەزار کەس. من - لە باشترین حاڵدا- لەو بڕوایەدام، کە نەک 120هەزار کەس، بەڵکە 1200 کەس، کە دەکاتە 0،01%ی سەرجەمی خوێندووی کورد و 0،003%ی سەرجەمی کورد، نییە، کە بتوانن ئەو دوو زاراوەیە وەک یەک بەکار ببەن. ئەگەریش هەبن، دەبێ سوپاسگوزار بین.

ک. بە هۆی ئەو ڕەوشەوە، کە زمانی کوردیی تێدایە، نووسەرێکی کورد، یا شاعیرێکی کورد، تەنێ دەنگی بە نیوەی - بڕێک زیاتر یا کەمتر- خوێندووی کورد دەگات. ئەمەش ڕەوشێکی وای دروست کردووە، کە نووسەر و شاعیرانی کورد، تەنێ لە لایەن خەڵکانی سەر بەو زاراوەیە دەناسرێن[62]، کە پێی دەنووسن، نووسەرێکی کورد، کە بە شێوەزاری کرمانجی

[62] هاوینی 1984، لە "خوێندنگەی بەرزی گەلیی بیسکۆپس ئارنۆێ Biskops Arnö" لە "بیسکۆپس ئارنۆێ Biskops Arnö" لە سوید، کۆرسێکی یەک حەفتەیی کرابووە، بۆ باسکردن لە بارەی زمان و مێژوو و ئەدەبی کوردییەوە. نێزیکەی سی چل کوردێک، بەشدارییان تێدا کرد و منیش یەکێک بووم لەوان. فەرهاد شاکەلی و ڕەشۆ زیلان، سەرپەرشتکارانی کۆرسەکە بوون. یەکێک لە چالاکییەکانی کۆرسەکە ئەوە بوو، بانگهێشتنی هەندەک خەڵکی شارەزا و لێزان لە بواری ئەدەب و زمان و مێژووی کورددا بکرێت، بۆ ئەوەی لێکۆڵینەوە و باسی ئەزموونی خۆیان، پێشکەش بکەن. یەکێک لەو کەسانەی بانگهێشت کرا، سەیدا"جگەرخوین"ی شاعیر بوو. فەرهاد شاکەلی، شاعیری میوانی پێشکەش کرد و پاشان "جگەرخوین" باسی ژیانی خۆی

ژووروو دەنووسێت، تەنێ خەڵکانێک دەیخوێننەوە، کە بەو زاراوەیە دەخوێننەوە. دیارە ئەو نووسەرەش، کە بە کرمانجی خواروو (سۆرانی) دەنووسێت، ڕەوشی لە ڕەوشی نووسەرە کرمانجەکە باشتر نییە. هەر یەکێک لەو نووسەرانەش ئەگەر باس لە ئەدەبییاتی کوردی بکەن، هەر باس لە ئەدەبییاتی کوردی، بەو زاراوەیەی خۆیان دەکەن. بە دەگمەن هەن ئەوانەی، کە چوونیەک و بێجیاوازی و لێزانانە، لەگەڵ هەردوو یا هەرسێ یا هەر چوار دیالێکت و ئەلفبێدا مامەڵە بکەن. وەنەبێ تەنێ حاڵی نووسەر و شاعیر وابێت، بەڵکە سترانبێژان و شانۆکارانیش هەمان حاڵیان هەیە. لەبواری پەخشی ڕادیۆ و تەلەڤزیۆنیشدا، هەمان گیروگرفت وەپێش دێت. ئەگەر نووسەر یا شاعیر یا شانۆکار یا باسکارێکی عەرەب یا فارس یا تورک، تەواوی خەڵکانی سەر بەو گەل و نەتەوانە بیانخوێننەوە و بیانناسن، ئەوا لای کورد ئەو ڕەوشە نییە. دەکرێ نووسەرێکی عەرەب، ناوی "نووسەری هەموو عەرەب"ی لێ بنرێت، وەلێ نووسەرێکی کورد، لەبەر ڕەوشی زمانەکەی، هەرگیز نابێتە "نووسەری هەموو کورد"، بەڵکە لە باشترین حاڵدا " نووسەری نیوەی کورد" یا "نووسەری سێیەکی کورد"ە و بەوەش، دەبێتە "نیوەنووسەر" یا "نووسەرۆکە" یا "مینی نووسەر" یا شتێکی دیکە.

گ. بڕێک لەو نموونانەی سەرەوە، بەکارهێنانی لە یەک زاراوە زیاتر لە ڕۆژنامە، گۆڤار، ڕادیۆ و تەلەڤزیۆندا، پیشان دەدەن، بەڵام سەدان ڕۆژنامە، گۆڤار، ڕادیۆ و تەلەڤزیۆنی کوردیی لە کوردستان و لێرە و لەوێی جیهاندا هەن، کە هەر بە یەک ئەلفبێ، یا یەک زاراوەی کوردی -سۆرانی/ئەلفبێی عەرەبی، کرمانجی/ئەلفبێی لاتینی، زازاکی و ئەلفبێی کریلیک- دەنووسن و پەخش دەکەن. لەم حاڵەدا، ئەو نووسین و پەخشە، تەنێ بۆ خەڵکی سەر بە زاراوەیەک دەبێت.

بێگومان ئەو بارەی، کە زمانی کوردیی تێدایە، ناکرێت لە پاشاگەردانی و بەرەڵایی و بێبەرپرسیاریی زێتر، چ ناوێکی دیکەی لێ بنرێت. بەڵام وەنەبێ ئەم بارە، هەر لەخۆڕا وای لێ

---

و شیعرەکانی خۆی کرد و ماوەیەک قسەی کرد. پاشان گوتیان کێ پرسیاری هەیە با بفەرمووێت. لەبەر ئەوەی "جگەرخوین" پیر بوو و گوێی گران بوو، دەبوو ئەوەی، پرسیار دەکات بچێتە تەنیشتییەوە دانیشێت. برادەرێکی کەرکووکی پرسیاری هەبوو، هەڵسا و چووە کنی دانیشت و گوتی: مامۆستا ڕەئیت چییە بە لەتیف هەڵمەت و شیعرەکانی؟ منیش قاقایەکی پێکەنین گرتمی و یەکسەر خۆم پێ نەگیرا و هۆڵەکەم بەجێهێشت. دوای چارەکە سەعاتێک، کە باسەکە تەواو بوو و هەموو هاتنە دەرێ، هەندێک لەو برادەرانە لە منیان پرسی، کە بۆ وام کرد!. گوتم: برا "جگەرخوین" نەک لەتیف هەڵمەت، بەڵکە "گۆران"ی شاعیریش بەو مەزنییەی خۆیەوە ناناسێت!.

هاتبێت، بەڵکە پاشخانێکی مێژوویی و هۆ و هۆکارگەلێکی تایبەتی، بە ئەوڕۆیان گەیاندووە، کە ئەمانەی خوارەوە - بە ڕای من- چەند دانەیەکیانن:

1. کورد وەک نەتەوە هێشتا بە تەواوەتی دروست نەبووە، چونکە تایبەتمەندییەکانی 100%ی یەک نەتەوەی هێشتا تێدا نابینرێن، واتە: ئەوەی پێی دەگوترێ نەتەوەی کورد، هێشتا لە قۆناغی دروستبووندایە. ئەو خەڵکەی، کە خۆی بە کورد دەزانێت، تا ئێستاش، وەلائی بۆ خێڵ و تیرە، باژێڕ، گوند، ناوچە، زاراوە، ئایین و ئایینزا و حیزبەکەی، گەلێک زیاترە لە وەلائی بۆ کورد[63]. خەڵکی کورد ئێستاش سۆران، کرمانج، زازا، لوڕ، هەورامی،

---

[63] ئا. سالانی 1980کان، مامۆستایەک بە ناوی، دۆکتۆر عەلی عەبدولقادر(علي عبدالقادر)، خەڵکی ناسرییە (الناصرية)ی عیراق، لە کۆلێژی ئەدەبیاتی زانستگەی سلێمانی هەبوو، مامۆستای مێژوو بوو، دەیگوت:"أهل سليمانية عبالهم كردستان تبدي من گويژه الی قلياسان". واتە: خەڵکی سلێمانی پێیانوایە، کوردستان لە گۆیژەوە دەستپێدەکات تا قلیاسان. واتە: کوردستان تەنێ شاری سلێمانییە و بەس.

ب. ساڵی 1981، تازە هاتبووینە سوێد، یەکێک لەو ماڵانەی، کە هاتوچۆمان لەگەڵیاندا هەبوو، پیاوەکە خەڵکی سلێمانی بوو و ژنەکەشی ئەوروپایی بوو. جاری یەکەم، کە چووینە ماڵیان، ژنەکەی لێی پرسین(لە خێزانم و من)، کە خەڵکی کوێین؟ ئێمەش گوتمان خەڵکی کوردستانین. گوتی کوردستان دەکەوێتە کوێی سلێمانییەوە؟ دیار بوو سلێمانی بە لای ئەوەوە گەلێک لە کوردستان گەورەترە، بێگومان ئەوە دیتنی مێردەکەی بوو و ئەو ژنەکەی بەو شێوەیە فێر کردبوو، کە خەڵکی سلێمانییە و سلێمانییش لە عیراقە و ئیدی وشەی کوردستان فت.

پ. لە ساڵی 1991 بە دواوە ڕێگەی کوردی کوردستانی عیراق کرایەوە بۆ هاتوچۆی کوردستان. برادەرێک گێڕایەوە و گوتی: کۆمەڵە کوردێک، لە دیاربەکرەوە سواری فڕۆکەی ئیستەنبوول بووبوون، زۆربەیان خەڵکی سلێمانی بوون. کوردێکی هەولێری خۆی کرد بە ژووردا و گوتی، کوڕینە دەزانن ئیدی پێویست ناکات ئێمە لە ڕێگەی تورکیاوە هاتوچۆی کوردستان بکەین، چونکە هێڵی سەفەری ڕاستەوخۆ، کە فڕۆکە بۆ کوردستان دەکرێتەوە. کوڕەکان هەموو وێکڕا کردیان بە هەڵڵا و خۆشی و گوتیان بە خوا باشە ئیتر لەم سەرێشەیە ڕزگارمان دەبێت. پاشان پرسییان، باشە فڕۆکە لە چ فڕۆکەخانەیەک دادەبەزێت؟ ئەو برادەرەش گوتی، لە فڕۆکەخانەی هەولێر، ئەوەتا خەریکن چاکی دەکەن. کوڕەکان هەموو وێکڕا گوتیان، ئەی لەوە! ئەوە چۆن دەبێ، چۆن دەبێ فڕۆکە لە هەولێر دابەزێت و سەفەر بۆ هەولێر بێت!

ت. دەوروبەری سەعات پێنج و شەشی ئێوارەیەکی پاییزی 1988، لە کار دەگەڕامەوە، لە وێستگەی مێترۆی نێوەندەکی ستۆکهۆلم، تووشی ناسیاوێک بووم، کوردی سلێمانی بوو. دوای سڵاو و چاک و خۆشی گوتی، کاری چ دەکەیت. گوتم، دەرسی کوردی دەڵێمەوە. گوتی بە لاتینی. گوتم، نەخێر بە کوردی. گوتی، بە کرمانجی. گوتم، نەخێر، چونکە ئەو شاگردانەی من کوردی عیراق و ئێرانن و ئەوانیش بە تیپی عەرەبی و سۆرانی دەخوێنن. گوتی، نا تۆ دەبێ فێری کرمانجی و لاتینییان بکەیت. گوتم، کاکی برا تۆ خەڵکی سلێمانیت و تۆ لە کوردێکی هەولێری بە باشی تێناگەیت، ئەوجا چجای زاراوەی دیکە، هەرکەسێکیش ئەو قسەیە بکات، نەدەبوو تۆ بیکەیت. گوتی، بەخوا من کۆمەڵێک برادەری هەولێریم هەن و هەر لە سلێمانییش لە زانستگە تێکەڵاویم لەگەڵ هەولێریدا هەبووە. گوتم، جا برا توو خوا ئەوە قسەیە، جا منیش برادەری خەڵکی ئەمەریکای خواروو و پاکستانی و مسری و سۆمالی و فلستینی و ڕووسم هەن. برادەریی چ پێوەندێکی بە زاراوە و زمان و نەتەوە و ئایینەوە هەیە!.

ج. هەژاری موکریانی دەڵێت:"لەبیرمە جارێ هاوکارێ قیت و زیت و لەباری چاویلکەلەچاو، بەنێو خێوی کۆشێک شادەو بڕوانامەی خوێندەواری پلەی ژورو، زۆریش گەرمی کوردایەتی، تەوس و توانجی دە مەم و زینەکەم دەگرت کە بۆچی"ببتە"ت نوسیوەو نەت

سوننە، شیعە، یارسان (کاکەیی، ئەهلی حەق)، ئێزدی، بەختیاری، جاف، بەرواری، هەمەوەند، سوورچی، زیلان، قادری، نەقشبەندی، پەکەکە، پارتیی، دیموکرات، یەکیەتیی، کۆمەڵە، ئیسلامی و...سەد شتی دیکەن. بەر لەوەی کورد بن[64]. ئەوجا، کە کوردیش بن، کوردی ئێران، کوردی تورکیا، کوردی عیراق، کوردی سووریا، کوردی ئەرمەنستان، کوردی لوبنان و سەد شوێنی دیکەن. دەتوانین بڵێین تەواوی ئەو ئینتیمایانە، وردکردنەوەی نەتەوەی کورد و لاوازکردنی هەستی کوردبوونە.

**2**. ئەگەر فەرهەنگ و ئابووریی[65] سەربەخۆ، دوو مەرج و کۆڵەکە و پایەی گرنگی سەربەخۆیی سیاسی بن، ئەوا کورد هێشتا وابەستەی فەرهەنگ و ئابووریی بەهێزتری عەرەب و تورک و فارسە و بەو ئاسانییەش دەستبەردارییان نابێت. هەر سەرخۆبوونێکی سیاسییش، بێ سەربەخۆیی فەرهەنگ و ئابووری، بندەستی، پاشکۆیەتی، وابەستەیی و سەربەخۆییەکی ناتەواوە.

**3**. ئەگەر زمانی یەکگرتووی کوردی(زمانی ستاندارد)، ئەو زمانە بێت کە "کوردی هەموو لایەکی کوردستان و جیهان، بێ گوێدانە جیاوازی ی شێوەی قسەکردنیان، تێی بگەن

---

زانیوە شێوی هەولێر نارەوانە؟! عەرزم کرد چۆنم نوسیبا رەوانتر بو؟ فەرموی ئەبوا "ببێتەوانێ" بوبایەت کە شێوەی سلێومانی یە! وەناشوکری خودا نەوێ ئەم نەخۆشینە گرانە؛ لە مهاباد، سولەیمانی، لای هێندێکیش نوسەرانی بادینانی لەتەشەنە کردنایە. ئەگەر زۆر زو چاری نەکەین، لە شەرەشارو شەرەتاخ دەس بەرنەدەین، ئەم شەرەشاخە وێڵ نەکەین؟ دەبێ - خوا بەورۆژە نەکا- ئەوەندوکۆکە زمانەش کە لە چوار پەلان، گوێی ساغەو ئاهێکی پێوە نەماوە، لەناخی ئاخدا بنێژین و ئەلفاتیحای بەعەرەبی بۆ دابدەین". هەژار، هەنبانەبۆرینە، فرهنگ کردی- فارسی، پێشەکی نوسەر، سروش، تهران1369، ص: بیست سە و بیست و چهار.

چ. زۆرگلەت لە کوردی مەهابادیم بیستووە، شۆخی بە سنەیی و کرماشانی کردووە، تەنێ لەبەر ئەوەی فارسی بە سەر زاراوە کوردییەکەیاندا زاڵە.

[64] کوردانی خۆبەنەتەوییزان(ناسیۆنالیست)، دەڵێن: "پێش ئەوەی هەر شتێک بین، دەبێ کورد بین". ئەگەر مەبەست لەمە کوردبوون بێت، پێش سۆران، هەرکی، زازا، فەیلی و...بوون، ئەوە باشە، بەڵام ئەگەر کوردبوون، پێش مرۆڤبوون، خۆرهەڵاتییەتی، ئاسیاییەتی، ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیی بوون بێت، ئەوا پێموایە، هەرگیز لەگەڵ ژیربێژیدا ناگونجێت، چونکە مرۆڤی کورد پێش کوردبوونی، ئەو شتانەی دیکەیە. کەسایەتی هەر مرۆڤێکیش، تەنێ ناسنامە و ئینتیمای نەتەوەیی ئەو مرۆڤە نییە.

[65] ئێستاش دەوڵەمەند و بۆرژوازی کورد، پارە و پووڵیان لە پێتەخت و شارە مەزنەکانی عیراق(بەغدا)، تورکیا (ئەنقەرە، ئیستەنبوول، ئیزمیر)، ئێران(تاران، ئیسفەهان، شیراز، تەبریز)، سووریا(دیمەشق، حەلەب)، دەخەنە گەڕ و بەرهەمهێنان، چونکە وەک هەموو سەرمایەدارێک - کە بە شوێن جێگەی گەرمدا بۆ سەرمایەکەی دەگەڕێت- نایانەوێت پارەکەیان تووشی سەرەڕۆیی بکەن و دەشیانەوێت قازانجیش مسۆگەر بکەن. بۆ ئەوانیش کورد و کوردستان و نەتەوە و خاک و ئەو شتانە گرنگ نین، بەڵکە قازانج گرنگە. بەوەش پاشکۆیەتی ئابووریی کورد پتر دەچەسپێت.

و پێی بخوێننەوە و پێی بنووسن"[66]، ئەوا کورد هەرگیز نە زمانی یەکگرتووی هەبووە نە هەشیەتی.

**4**. کورد لەوەتی هەیە و وەک کورد ناسراوە، خاوەنی دەوڵەتی نەتەوەیی خۆی نەبووە و هەرگیز دەسەڵاتدارییەکی سەرتاسەری، کە تەواوی خاکی کوردستان و تەواوی گەلی کورد بگرێتەوە، فەرمانڕەوایی نەکردووە، بەڵکە هەموودەم پارچەپارچە و لەتوپەت بووە و هەر دەڤەرە و خێڵ و هۆزێک، خودانی دەسەڵاتداریەتی خۆی بووە. میرنشینەکان لە کۆندا و حیزب و ڕیکخراوە سیاسییەکان، لەم سەردەمەی ئێستادا و هەر هەموویشیان بندەستی هێزێک یا هێزگەلێکی دەرەکیی مەزنتر بوونە و هەن.

**5**. هەر میرنشینێک زاراوەی ئەو دەڤەرەی خۆی بۆ بووە بە زمانی نووسین و ئەدەبیی میرنشینەکە. لە میرنشینی بۆتاندا زاراوەی جزیرە، لە میرنشینی باباندا زاراوەی سلێمانی و لە میرنشینی ئەردەڵاندا زاراوەی گۆرانی( شێوەی هەورامی )، باو و زاڵ بووە.

**6**. بەو زاراوە کوردییانەی، کە پێیان نووسراوەتەوە و بڵاوکراوەتەوە، بنەمای زمانێکی خوێندنەوە و نووسین( ئەدەبی )، ساز بووە. لوڕی[67]، گۆرانی[68]، کرمانجی ژووروو[69] و کرمانجی خواروو[70]، هەر چواریان دەرفەتی گۆڕان و بوونیان بە زمانی ئەدەبی بۆ ڕەخساوە. بە گوێرەی ڕەوشی سیاسی و باری سەردەمیش هەریەکەیان پێشکەوتووە یا پاشەکشەی کردووە.

**7**. ئایین و ئایینزا، لە یەکخستنی نەتەوە و زمانی نەتەوەدا، تا ڕادەیەک نۆرەیەکی لەبەرچاو دەبینن. "قورئان"ی پیرۆز، کە بە زمانی عەرەبییە، بووەتە هۆی یەکخستن و پاراستنی زمانی عەرەبی، وەک یەکەیەکی پتەو و تۆکمە. کورد هەر وەک کتێبێکی پیرۆزی - بۆ هەموو کورد- نەبووە، دەرفەتی ئەوەیشی - لەبەر پەرتوبڵاوی- بۆ نەڕەخساوە، کە کتێبی پیرۆزی "مەسحەفی ڕەش"، "جەلوە" یا "سەرەنجام"، بۆ ببێتە بناخەی زمانێک بۆ هەموو کورد.

**8**. ئەگەر هاتبا و ئەو زاراوەیەی، کە "مەلای جزیری" و "ئەحمەدی خانی" پێیان دەنووسی، بووایە بە زمانی هەموو کورد، ئەوا ئێستا زاراوەی کرمانجی سەروو، دەبووە زمانی

---

66 نەبەز، جەمال، زمانی یەکگرتووی کوردی، بامبێرگ، ئەڵمانیا، 1976، ل5.

67 باباتاهیری هەمەدانی( عوریان ).

68 سەیید عەبدولڕەحیمی تاوەگۆزی مەولەوی.

69 مەلای جزیری و ئەحمەدی خانی.

70 نالی.

یەکگرتووی کورد. ئەگەر هاتبا و ئەو زاراوەیەی، کە "نالی" پێی دەنووسی، بووایە بە زمانی هەموو کورد، ئەوا ئێستا زاراوەی کرمانجی خواروو(سۆرانی)، دەبووە زمانی یەکگرتووی کورد. ئەگەر هاتبا و ئەو زاراوەیەی، کە "مەولەوی" پێی دەنووسی، بووایە بە زمانی هەموو کورد، ئەوا ئێستا زاراوەی گۆرانی(هەورامی)، دەبووە زمانی یەکگرتووی کورد. ئەگەر هاتبا و تەریقەتی "مەولانا خالید/ نەقشبەندی" هەموو کوردستانی گرتباوە، ئەوا ئێستا ئەو زاراوەیەی، کە "مەولانا خالید" پێی دەنووسی و دەئاخڤی، دەبووە زمانی یەکگرتووی کورد. ئەگەر هاتبا و تەریقەتی "شێخ سەعیدی نوورسی" هەموو کوردستانی گرتباوە، ئەوا ئێستا ئەو زاراوەیەی، کە "شێخی نوورسی" پێی دەپەیڤی، دەبووە زمانی یەکگرتووی کورد. ئەگەر هاتبا و هەموو کورد ئێزدی بووایەن، ئەوا ئێستا زاراوەی کرمانجی ژووروو(زمانی مەسحەفی ڕەش و جەلوە)، دەبووە زمانی یەکگرتووی کورد. ئەگەر هاتبا و هەموو کورد یارسان بووایەن، ئەوا ئێستا زاروەی گۆرانیی هەورامی(سەرەنجام)، دەبووە زمانی یەکگرتووی کورد. ئەگەر هاتبا و هەموو کوردستان، بکەوتایەتە بن دەسەڵاتی "شێخ عوبەیدوڵلای نەهری"یەوە، ئەوا ئێستا ئەو زاراوەیەی "شێخی نەهری"، دەبووە زمانی یەکگرتووی کورد. ئەگەر هاتبا و هەموو کوردستان بکەوتایەتە بن دەسەڵاتی "شێخ مەحموودی حەفید"ەوە، ئەوا ئێستا ئەو زاراوەیەی "شێخی حەفید"، دەبووە زمانی یەکگرتووی کورد. ئەگەر هاتبا و هەموو کوردستان بکەوتایەتە بن دەسەڵاتی "کۆماری مەهاباد"ەوە، ئەوا ئێستا ئەو زاراوەیەی، کە "هەژار" و "هێمن" پێیان دەنووسی، دەبووە زمانی یەکگرتووی کورد. ئەگەر هاتبا و هەموو کوردستان بکەوتایەتە بن دەسەڵاتی "مەلا مستەفای بارزانی"یەوە، ئەوا ئێستا زاراوەی کرمانجی خواروو (سۆرانی)، دەبووە زمانی یەکگرتووی کورد. ئەو هەموو ئەگەرانە هیچیان سەوز نەکرد و بەریان نەگرت[71] و هیچ یەکێک لەو زاراوانەش نەبوونە زمانی یەکگرتووی کورد.

**9**. چێکردنی تیپی لاتینی بۆ نووسینی کوردی، لە لایەن "جەلادەت بەدرخان"ەوە، گەورەترین کارەسات بوو - بە پێی دیتنە نەتەوەییەکە و خوێندنەوەی بەرژەوەند و پاشەڕۆژی کوردستان- بۆ زمانی کوردی. بەو کارە زمانی کوردی، کە تا پێشتر بە تیپی عەرەبی دەنووسرا، لەت کرا و کرمانجی سەروو بەرگی نوێی - تیپی لاتینی- لەبەر کرد و کرمانجی

[71] کورد دەڵێ:"ئەگەریان وەشاند، سەوز نەبوو".

خواروویش بەرگەکەی خۆی -تیپی عەرەبی- پاراست[72]. ئەو کارەی "جەلادەت بەدرخان" بە دنەدانی ئەوروپاییەکان و کاریگەریی ئەوان و کەوتنە داوی تورکیای نوێ و کەمالیزم و بیروباوەڕی ڕۆژاوایاندنی کۆمەڵگە ڕۆژهەڵاتییەکانەوە بوو. لاساییکردنەوەیەکی کوێرانەی ئەلفبێی تورکی و تورکاندنی فەرهەنگ، زمان، هۆش و کۆمەڵگەی کورد بوو[73]. لەو دەمەوە، کە "جەلادەت بەدرخان" ئەو کارە زیانبەخش و ناپەسەندەی کرد و ئەو ئاژاوەیەی نایەوە، ڕێڕۆی یەکگرتنی زمانی کوردی، تا دێت خراپتر و سەختتر دەبێت و زاراوەکانیشی تا دێن لە یەکدی دوورتر دەکەونەوە. خەڵکانێک و دەسگا و ڕێکخراوگەلێک هەن، نۆرەیەکی خراپ لەو بوارەدا دەبینن و پتر کۆمەک بە یەکنەگرتنی زمانی کوردی دەکەن.

کە ئەوە واقیعی کورد و زمانی کوردی بێت، مرۆڤ چۆن دەتوانێت، دڵی بە داهاتووی زمان و فەرهەنگی کورد خۆش بێت و گەشبین بێت! چۆن دەبێ مرۆڤ مەترسی ئەوەی نەبێت، کە هەر زاراوەیەکی کوردی بۆ خۆی ببێتە زمانێکی سەربەخۆ و ئەو کاتەش زمانی کوردی نەک ببێتە دوو زمان - کرمانجی و سۆرانی- بەڵکە ببێتە کۆمەڵە زمانێک. تاکە نێزیکایەتییەکیش، کە لە نێوانیاندا دەبێت، هەر هێندەی نێزیکایەتی نێوان زمانانی ئێرانی(فارسی، کوردی، پەشتۆ، بەلوچی و تاجیکی) یا لاتینی(فرانسی، ئیتالی، سپانیۆلی و پورتوگیسی) یا سکاندیناڤیایی (سویدی، نۆروێژی، دانمارکی و ئایسلاندی) دەبێت.

من لەگەڵ ئەو بیروڕایەشدا نیم، کە دەڵێ، نابێت باسی گیروگرفت و مەسەلەی زمان بکرێت و ئەو باسە دواخرێت بۆ کاتێکی دی. من پێموایە چەندی ئەو باسە دواخرێت و چەندی دێر(درەنگ)تر چارەسەر بکرێت، هێندە کارەکە سەختتر دەبێت و چارەکردنیشی نەک هەر ئاسان نابێت، بەڵکە هەر ناکرێت. زانای مەزنی تورک "ئیسماعیل بێشکچی"

[72] بێجگە لەو دوو ئەلفبێیە، ئەلفبێی کریلیکیش لە نێو کوردانی سۆڤیێتی کۆندا سەپێنرا. کاتی خۆیشی "قەناتی کوردۆ" لە گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد، بەرگی یەکەم، بەشی یەکەم، ساڵی 1973، ل 132-179دا و لە گوتارێکدا بە ناوی "ل بابەت نڤیسکار، زمان و، ئەلفبایێ پەرتوکێت دینێ ئێزیدیان"، ئەلفبێیەکی بە ناوی ئەلفبێی ئێزدی بڵاو کردەوە. ئەم ئەلفبێیە ئێزدییە لەم دواییەدا لە کوردستانی عیراق وەک کتێب لە چاپ دراوە.

[73] شاکەلی، ئەمجەد، گیروگرفتی ئەلفبێ و دیالێکت لە زمانی کوردیدا و چەند سەرنجێک، یەکگرتن، ژمارە 13ی ساڵی 1991، ل77-95. ئەم گوتارە لە گۆڤاری"هەڵەبجە"شدا بە چەند بەشێک بڵاو کرایەوە. هەروەها بنۆڕە: شاکەلی...، منداڵی...، ل13، 60-61.

دەڵێت:"بەکارهێنانی زمانی کوردی و بنیادنان و گەشەپێدانی زمانێکی هاوبەشی نووسین لە نێو کورددا مەبەست و ئەرکێکی سیاسییان تێدایە. ئەو ئەرکە سیاسییە ئەمەیە: کوردستان وڵاتێکی دابەشکراو و پارچەپارچەیە. حاڵی نەتەوەی کوردیش هەروایە. سیاسەتی ئیستیعمارگەرانەی<پەرت و بڵاویان بکە، زاڵ دەبی> خاسەتێکی هەڵاوردەی هەیە، کە نابێ لە بیرمان بچێتەوە و چاوپۆشی لێ بکەین. ئەم سیاسەتە دەتوانێ لەهەر کات و شوێنێکدا بچێتە بەرگێکی ترەوە و دەربکەوێتەوە. کۆمەڵی کوردەواری زۆر بە قووڵی دابەشکراوە. کورد لە تورکیا و ئەوروپا پیتی لاتینی و لە عێراق و سووریا و ئێران پیتی عەرەبی و لە سۆڤیەت پیتی ئەکلیرکی بەکار دەهێنێ، بەم پێیە بەکارهێنانی ئەم پیتە جیاوازانە، بووەتە هۆی ئەوەی باش لەیەکتر تێنەگەن. جا بۆ ئەوەی ئەم سیاسەتە لەکار بخەین، دەبێ تێبکۆشین زمانێکی کوردی هاوبەش، لە رووی نووسینەوە بنیادبنێین. ئەم مەسەلەیە خەباتێکی گورج و گۆلانەی درێژخایەنی پێ دەوێ. بۆیە چاوەڕوان کردنی دامەزراندنی دەوڵەت و دواخستنی ئەم ئەرکە بۆ ئەو کاتە هەڵەیەکی گەورەیە. ئەو هەڵوێستەی کە بایەخی پێویست بە زمان و روناکبیری دەدات، رێ بۆ کاروانی بنیاتنانی دەوڵەت خۆش دەکات و نێزیکی دەخاتەوە"[74].

پێموایە کورد بۆ خۆی، هێندەی بێشکچی مەزن، لە دژواریی ئەو مەسەلەیە نەگەیشتووە و هێندەی بێشکچی مەزنیش، پەرۆش و غەمخۆری ئەو مەسەلەیە نییە. کورد، هەموو کورد، بە خوێندوو و نووسەر و فەرهەنگییانییەوە ئارخەیان و بێئەندێشە پاڵیان لێ داوەتەوە و هەر دەڵێی هیچ مەترسییەک لە گۆڕێدا نییە و ئەوەی، کە بیری لێ ناکەنەوە و بە گیروگرفت و کێشە و قەیرانی نازانن، مەسەلەی زمان و ئەو شتانەیە. دەبێ ئەوەش لەبیر نەکەین، ئەوانەی ئەورۆ سەرەداوی سیاسەتی کوردیان بە دەستەوەیە، شتاقیان بیر لە زمان و فەرهەنگ و ئەو جۆرە شتانە ناکەنەوە. بۆ ئەوان دەسەڵات گرنگە. دەسەڵاتیش واتە: ناوبانگ، گیرفانی پڕ، تێری، پۆشتەیی، ڕابواردن و خۆشگوزەرانی. ئیدی چش لە زمان، چش لە فەرهەنگ. ئەو سیاسییە "دەڤەرییانە" ناتوانن هیچ جۆرە کۆمەکێک، بە سازکردنی زمانێکی یەکگرتووی کوردی بکەن،

---

[74] بێشکچی، ئیسماعیل، خوێندکاری کورد، ڕێکخراوی سۆسیالیستی کورد لە ئەوروپا - سۆکسە- دەری دەکات، ژمارە 26، گەلاوێژی 2610-1998، دوا لاپەڕە.

چونکە ئەوان ڕەهەندی بینینیان لە دەرەوەی ناوچەکانی خۆیان - بۆ پارە و پووڵ و تەماح نەبێت- تێناپەڕێت. هەر ئەوانیشن، کورد لە نێوان وەڵاتی گچکەگچکەدا ورد دەکەنەوە.

بۆ بەمەزنترزانینی کورد وەک نەتەوە، دەبێ هەوڵ بدرێت بۆ لاوازکردن و نەهێشتنی وردە ئینتیمای نێو کورد و خورتکردنی ئینتیمای کوردی و کوردستانی. وەها کارێک و هەوڵدان و کۆمەککردن، بۆ وەدیهێنانی زمانێکی یەکگرتووی کوردی، بە سیاسییەکی کوردستانی، کە تەواوی کوردستان و کورد لەبەرچاو بگرێت، دەکرێت. ئەگەر حاڵ بەم شێوەیەی ئێستا - بەرەڵایی، گوێنەدان- بڕوات، ئەوا کورد لە گەلی کورد، نەتەوەی کورد و کوردستانەوە، دەبێتە گەلانی کورد، نەتەوەکانی کورد و کوردستانان[75]. کە دەوڵەتی کوردیش لە داهاتوودا هەبوو، ئەوا وەک کۆریای باکوور و کۆریای باشوور، کوردستانی باکوور و کوردستانی باشوور دەبێت، یا لە باشترین حاڵدا، ئەگەر یەک دەوڵەتی کوردستان هەبوو، ئەوا دەبێ وەک سۆڤیێتی کۆن، یۆگوسلاڤیای کۆن یا چیکۆسلۆڤاکیای کۆن، لە چەند کۆمارێک یا ئۆتۆنۆمییەک یا فیدرالییەک - کۆماری یا ئۆتۆنۆمی یا فیدرالی کرمانج، سۆران، زازا، هەورامان، لوڕستان، ئیزدییان و خودا دەزانێ چی دیکەش- پێک بێت.

هەرچی مەسەلەی وەرگێڕانیشە، وەرگێڕان لە کوردییەوە بۆ کوردی - کە ناکرێ ناوی وەرگێڕانی لێ بنرێت، چونکە وەرگێڕان لە زمانێکی سەربەخۆوە بۆ زمانێکی سەربەخۆی دیکە دەبێت، وەک عەرەبی بۆ کوردی، ئینگلیزی بۆ فارسی، کوردی بۆ فرانسی و....بە ڕای منیش کارێکی شاشە و دەبێ نەکرێت. لێ ئەگەر بنۆڕینە ئەو وەرگێڕدراوانەی، کە لێرە و لەوێ، لە ڕۆژنامە و گۆڤاراندا و وەک کتێبیش بڵاو دەبنەوە، دەبینین بەشێکی وەرگێڕانی کوردی بۆ کوردییە، واتە: لە زاراوەیەکی کوردییەوە کراونە و دەکرێنە زاراوەیەکی دیکە. ئەم کارە بۆ کەسانێک، کە زاراوە کوردییەکان بە باشی بزانن، کارێکی هاسانە. ئێستاش خەڵکێکی زۆر هەن کاریان بووە بەمە. لێرەدا مەسەلەی ڕاستی و دروستی و شاشی و نادروستی ئەم جۆرە وەرگێڕانانە، دەگەڕێتەوە بۆ بۆچوون و نۆڕینی هەموو یەکێک لە ئێمە بۆ مەسەلەکە. ئەگەر کورتبینانە بنۆڕدرێتە بار و ڕەوشی ئەمڕۆی گەلی کورد و تەنێ بیر لە ئێستا بکرێتەوە و هیچ بەرژەوەندێکی نەتەوەیی و داهاتوو لەبەر چاو نەگیرێت، ئەوا وەرگێڕان لە نێو زاراوە

[75] لە ڕۆژهەلاتی کوردستان و بە تایبەت لە دەڤەری سنە و پاوە و ئەو ناوە، وشەی "کوردستانات"م ژنەفتووە، کە مەبەستیان ناوچە جیاوازەکانی کوردستان بووە.

کوردییەکاندا، ڕەنگە نەک هەر بە حەڵاڵ بزانرێت، بەڵکە دنەیش بدرێت و بژێویشی پێ پەیدا بکرێت، وەک لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا دەیبینین، بەڵام ئەگەر داهاتووی کورد و بەرژەوەند و یەکیەتی نەتەوەیی و یەکیەتی خاکی کوردستان لەبەرچاو بگیرێت، ئەوا وەرگێڕان لە نێو زاراوە کوردییەکاندا، دەبێ وەک کارێکی حەرام سەیر بکرێت و بە هیچ شێوەیەکیش نابێ ڕێگەی پێ بدرێت. بێگومان بۆ ئەنجامدان و چەسپاندنی ئەم بیرکردنەوەیە، دەبێ دەسەڵاتێکی کوردیی سەرتاسەری هەبێت، یا دەبێ مرۆڤ خۆی بخاتە ئاستی ئەو بیرکردنەوەیە و ویژدانی خۆی بکاتە دادوەر.

بە لەبەرچاوگرتنی تەواوی ئەو ڕاستییانەی سەرەوە، پێموایە مامۆستا **"کێستەیی"** تا ڕادەیەک ئەو مەبەستەی منی، کە لەو نامەیەدا هاتووە، شێواندووە و هەر لەخۆڕا منی وا ناونووس کردووە، کە دژی دەرکردنی گۆڤارێکی سەربەخۆی کرمانجیم. من هەرگیز نە شتی وام گوتووە و نە هێندەش بەرچاوتەنگ و کورتبین و زاراوەپەرستم. پێشموانییە، کە دەبێ زمان - چجای زاراوە- وەک بوونێکی کۆتایی، ڕەها، کامڵ، بێهەڵە، بێناتەواوی و پیرۆز، لەبەرچاو بگیرێت و بەکار ببرێت، بەڵکە دەبێ وەک پرۆژە و ڕێڕۆیەکی بەردەوامی بیرازکارانەی چێکەر، سەیر بکرێت. زمان - وەک زۆر شتی دیکە- بە لای منەوە شتێکی پیرۆز نییە. پیرۆزیی هەموو شتێک - تەنانەت ئایین، هزر و فەلسەفەش- بە لای منەوە لە ڕادەی سوودبەخشین و خزمەتکردنی ئەو شتەدایە بە مرۆڤ، دەنا هیچیان پووڵێکی قەڵب ناهێنن، ئەگەر وا نەبن.

**جەنیوەری 1999**

# پاشخانێکی "پەلکەزێڕینە" و
# پرۆژەی کتێبی خوێندنی کوردیی زارۆکان

دۆی دادە ڕوونە[76]، ناوی گوتارێکی مامۆستا حەمەسەعید حەسەنە، لە ژمارە 117ی ساڵی2000ی گۆڤاری "بەربانگ"دا و لە ڕووپەلانی 9-11 و 15-18دا، بڵاو بووەتەوە. گوتارەکەی مامۆستا حەسەن، گوتارێکی ڕەخنەیی و هەڵسەنگاندنێکی تەواوی بەرهەمەکانی مامۆستا سروە عەزیزە، کە کۆمەڵە کتێبێکن بۆ منداڵان نووسراون و ئامادەکراون و وەرگێڕدراون. مامۆستا حەسەن، زۆر وردکارانە و وردبینانە، ئەو بەرهەمانەی خوێندوونەوە و زیرەکانە تێبینی و سەرنجەکانی خۆی لە سەر نووسیون. منیش وەک کەسێکی هاوپیشە و هاوکاری - نێزیکەی دە ساڵێک کاری مامۆستاییم کردووە- مامۆستایان حەمەسەعید حەسەن و سروە عەزیز، هەم کتێبەکانی مامۆستا سروە عەزیز و هەم گوتارەکەی مامۆستا حەسەنم خوێندوونەوە و لە لاشم مەبەست بوون. مامۆستا حەسەن لە گوتارەکەیدا لێزانانە، هەم کەلێن و چەوتی و هەڵەکانی کتێبەکانی مامۆستا سروە عەزیزی دەستنیشان کردوون و هەمیش ڕاستی و دروستییەکانی. من نووسینەکەی مامۆستا حەسەنم کۆڵێک پێ جوان و باش و تۆکمەیە، دەستخۆشی لێ دەکەم و ئومێدەواریشم هەموو نووسینێک، مامۆستا حەسەن ئاسا، بۆ دەرخستنی ڕاستییەکان و وەرامدانەوەی پرسیارەکان، ڕەخنەگرانە بخوێندرێتەوە و هەڵبسەنگێندرێت و بخرێتە بەر باس و دەمەتەقە. گوتارەکەی مامۆستا حەسەن هانیدام، ئەم نووسینە، وەک ڕوونکردنەوەیەکی پێویست لەمەڕ ئەو بابەتەوە، کە تا ڕادەیەک دەکرێ وەک پاشخانێک، بۆ کتێبەکانی مامۆستا سروە عەزیز حیساب بکرێ، بخەمە بەر چاو.

ساڵانی 1970و 1980کان، مامۆستایانی زمانی کوردی - کرمانجی خواروو(سۆرانی) - لە سوێد، کە وانەیان بە زارۆکی کورد دەگوتەوە، کتێبی ئەلفبێی ئیبراهیم باڵداریان - بێگومان ئێستاش هەر وایە- وەک بناخە و بنەمایەک بۆ فێربوونی زارۆک، بەکار دەبرد. دواتر هەندەک کتێبی دیکە، کە هەر هەموویان لە سەر بیرۆکە و شێوەی کتێبەکەی مامۆستا باڵدار دانرابوون، پەیدا بوون، وەک ئەو کتێبانەی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، کۆمەڵەی

---

[76] لە گەرمیان لە بری وشەی"ڕوون"، وەک پێچەوانەی وشەی"خەست"، وشەی"ترنگ" هەیە. نگ"ng"، وەک"ng"ی سوێدی و ئینگلیزی. دەگوترێ: شلەیەکی خەست، دۆیەکی خەست و خۆشاوێکی خەست. پێچەوانەکانیشیان: شلەیەکی ترنگ، دۆیەکی ترنگ و خۆشاوێکی ترنگ. لە "هەنبانەبۆرینە"ی هەژاری موکریانی، "فەرهەنگی خاڵ"ی شێخ موحەممەدی خاڵ و "کوردستان"ی گیوی موکریانییشدا، وشەی "تراو"، هاتووە، کە دەکاتە: شتی زۆر شل و ڕوون، کە بەشی ئاوی زۆرتر بێت، بەرانبەر بە خەست. ئەو "تراو"ە دەکاتە: تێراو و هەر واتای وشەی"ترنگ" دەدات.

زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران و ئینتیشاراتی سەلاحەددینی کۆماری ئیسلامی ئێران، وەلێ ئەمانە ئایدیۆلۆژێنرابوون و سیاسەتاوی کرابوون و هەریەکەو دەیەویست و دەیەوێت زارۆکی بێگەردی پاکی فریشتەئاسا بکات بە ئەندام و هەوادار و چەکداری حیزب و بیروباوەڕەکەی خۆی. لە پاڵ ئەوانەشدا مامۆستایان بۆ خۆیان لەم کتێب و ئەو کتێب، گوتار و نووسینیان فۆتۆکۆپی دەکرد و بەکار دەبرد.

بەهاری 1987، ئەودەمی من مامۆستا بووم و لە باژێڕی "کارڵسکووگا Karlskoga " ی سوێد، کارم دەکرد. سیڤ نووردێل Siv Nordell ، خانمێک بوو بەرپرسی دەستگای کارگێڕیی خوێندنگە بوو، بانگهێشتنی جڤینێکی کردم، لە باژێڕی "ئوپسالا Uppsala"ی سوێد[77]. لەو جڤینەدا باس لە پێویستی دانانی کتێبی خوێندنی زمانی کوردی، بۆ زارۆکانی کوردی سوێد کرا. پێکڕا گەیشتنە ئەو ئەنجامەی، کە هەوڵ بدرێت، پێوەند بە کەسانی دیکەی شارەزا و پسپۆر لەو بوارەدا بکرێت و هەوڵی پێکهێنانی کۆمیتەیەک لەو کەسانە، بدرێت و هەوڵ بدرێت بۆ ئامادەکردنی کتێب بۆ سێ پلەی خوێندن و جڤینی دیکەش لەو جۆرە بکرێت و تەواوی مەسرەفی ئەو جڤین و کتێبانەش، کارگێڕیی خوێندنگەکان وەئەستۆی خۆی بگرێت. ئەو ئەنجامانە وەک پێشنیاز و پێشبڕیار، لە لایەن ئامادەبووانەوە پەسەند کران. ماوەیەک پاش ئەوە - ئەگەر بە هەڵەدا نەچووبم- بەهاریساڵی 1988، ئەودەمی من لە باژێڕی ستۆکهۆڵم وانەم دەگوتەوە، بانگهێشتنی جڤینێکی دیکە کرام لە ستۆکهۆڵم. بانگهێشتنەکە، لە لایەن سیڤ نووردێل یا مای بێییەر Maj Beijer ەوە بوو، کە ئەمەی دواییشیان هەر لە بواری کارگێڕیی خوێندنگە و ئەوانەدا کاری دەکرد[78]. لەو ڕوونیشتنەدا هەر ئەو باسانەی، کە لە جڤینەکەی ئوپسالادا باسکرابوون، بە مەسەلەی پێکهێنانی کۆمیتەیشەوە بۆ دانانی کتێبان، هێنرانەوە گۆڕێ و جەختیان لە سەر کرانەوە و بڕیاریان لە سەر درانەوە. لە جڤینێکی دیکەی کارگێڕیی خوێندنگە و ئامادەکردنی کتێبی

---

[77] لەو کەسانەی، کە لەو جڤینەدا بەشدار بوون، سیڤ نووردێل، وەک سەرپەرشتیکەری جڤینەکە، ئەمیری قازی، بەختیار ئەمین، فەرهاد شاکەلی، مارتین( موحەممەد )فەرەج، خانمێک بە ناوی ڕوقییە( مخابن پاشناویم وەبیر نایەتەوە )، مامۆستا عەزیز( مخابن پاشناویم وەبیر نایەتەوە ) و خۆم( ئەمجەد شاکەلی ).

[78] لەو جڤینەدا بێجگە لە "سیڤ نووردێل" یا "مای بێییەر" - بیرم نایەتەوە کامیان- سروە عەزیز، مامۆستا عەزیز، ڕوقییە و خۆم( ئەمجەد شاکەلی ) و زۆری دیکەش بوون، بەڵام من بۆخۆم وەبیرم نایەنەوە، بەشدار بوون.

خوێنـدنی زمـانی کـوردی بـۆ زارۆکـان، کـه لـه 1989/11/27دا کـرا[79]، بڕیـاری دامەزراندنی دەستەیەکی ڕاوێژکاریی بۆ کارکردن و بەشداربوون، لە پرۆژەی دانانی کتێبی کوردی بۆ زارۆکان، لە نێوان 15/7/1989- 20/6/1990 درا[80]. ماوەیەک پێش ئەوەش، کتێبی کوردی (کرمانجی سەروو) ئەم بخوینن Em Bixwinin ، بۆ زارۆکان چاپ کرا. هەرچی کتێبە بە کوردی (کرمانجی خواروو- سۆرانی)، چ پرس و ڕاوێژێک بە ئێمە نەکرا و ئەو دەستەی ڕاوێژکارییەش، کە بۆ پرۆژەی ئامادەکردنی کتێبان دامەزرێنرابوو، تەنێ لە سەر کاغەز بوو و من بەش بە حاڵی خۆم، بێجگە لە نامەی بڕیاری دامەزراندنی ئەو دەستەیە، کە لە نۆڤەمبەری 1989دا بە پۆستدا بۆم هاتبوو، نە کەس بانگی کردم، بۆ بەشداربوون لە دانانی کتێبدا و نە کۆمیتە ساز کرا و نە هیچ. وا دیار بوو، لە پشتی پەردەوە، کارەکان بە جۆرێکی دیکە ئەنجام دەدرێن. هەر لەو بەینەدا، مامۆستا سروە عەزیز، ڕەشنووسی کتێبێکی بۆ ناردم، بۆ ئەوەی تەماشایەکی بکەم و سەرنجی خۆمی لە سەر بدەم. کتێبەکە بێجگە لەوەی ڕەشنووس بوو، نە ناوی بە سەرەوە بوو، نە وێنەی تێدا بوو، نە هیچ زانیارییەکی - وەک بۆ چ پلەیەکی خوێندنە و بۆ منداڵی چەندساڵانە و ئەو شتانە- لە بارەوە نووسرابوو. ئەو ڕەشنووسە -وەک دواتر زانیم- کتێبی ڕاهێنانی "پەلکەزێڕینە"بوو. واتە: پێش ئەوەی بە کتێبی خوێندنەوەکەدا بچمەوە، من بە کتێبی ڕاهێنانەکەدا چوومەوە، چونکە سروە عەزیز خۆی لە پێشدا ئەوەی بۆ ناردبووم و بێ ئەوەی هیچ ڕوونکردنەوەیەکیشی لەگەڵدا بێت، کە شتی وا هەرگیز نابێت و منیش بە گوێرەی دیتن و بۆچوونی خۆم و تێگەیشتنم لێی، سەرنج و تێبینییەکانم لە نامەیەکدا بۆ سروە عەزیز نووسین و نامەکەم بۆ نارد. دەقی ئەو نامەیە لە خوارەوە وەک خۆی بڵاو دەکەمەوە و ناوی نامەی یەکەمی لێ دەنێم.

---

[79] بە بەشداربوونی: مای بێیەر، سیڤ نووردێل، حەسەن دەرویش، "ی سکووگمانJ Skogman " و ئا. هەسبەری.

[80] بە گوێرەی ئەو بڕیارەش دەبوو ئەو دەستەیە لەم کەسانە پێک بێت: سروە عەزیز، مەکی دالابا، ئیمرا ئەلیاجک، ئاسۆ گەرمیانی، حەسەن قازی، حەیدەر ئۆتلو، سەبیحە ئۆتلو، موستەفا ئوزون و ئەمجەد شاکەلی. ئەم دەستەیە لە مامۆستایانی کوردیی کرمانجی سەروو و کرمانجی خواروو پێکهاتبوو.

نامەی یەکەم:

خوشکی بەڕێز سروە خانم، سلاو.

کتێبەکەتم خوێندەوە، دەستخۆشی و پیرۆزباییت لێ دەکەم. هەرچەندە من کتێبی خوێندنەوەکەم نەخوێندووەتەوە و واپێدەچێت ئەم کتێبەش ڕاهێنانی ئەو بێت، بەڵام دەتوانم ئەم سەرنجانەی خوارەوە بخەمە بەرچاو و بێگومان بڕیاری سەرەتا و دوابڕیاریش هەر هی خۆتانە.

ل: بۆ لاپەڕە دانراوە[81] :

1. ئەگەر کتێبەکە بۆ منداڵی بچووکە - هیچ نەبێ سەرەتاکەی- ئەوا: من ناوم...، دەبێتە گیروگرفت و منداڵ دەبێ بنووسێت: من ناوم سەرکەوتە، هێرۆیە، ئەو(ە) یە تۆزێک ئاسان نییە. ئەگەر هەر بنووسرێت: ناو: ئازاد، سەرکەوت، هێرۆ، ڕەنگە ئاسانتر بێت، ل:1.

2. وشەی (ئەوین) هەر (ئەڤین)ەکەیە و کوردی لای خۆمان و زێتر ڕۆژهەڵاتی کوردستان وایان لێ کردووە و ڕەنگە هەر بە (ئەڤین) بمێنێتەوە باشتر بێت، ل:9، 18، 23، 24، 26، 41، 42، 45، 55، 73، 79، 81، 84، 89، 93.

3. مەبەست لە وشەی(زار) چییە؟ ل:5، 12، 22، 28، ئەگەر بە واتای (دەم) بێت، ئەوا: زارێکی ڕەش، دەمێکی ڕەش، ڕەنگە باش نەبێت. ئەگەر بە واتای (زار)ی تاوڵە (نەرد) بێت، ئەوا دەبێت.

4. لە بری وشەی (بەراز)، وشەیەکی دیکەی وەک (مەڕ)، ڕەنگە باشتر بێت، چونکە لە کوردەواریدا، بەراز هەر بەکار نابەن و پێموانییە لێرەش(لە ئەوروپا) لە ماڵە کورددا، بەراز ئاسایی بێت! ل:12، 14.

5. وشەی (گوێ) بگۆڕدرێت بە وشەیەکی دیکە، چونکە (ێ)ی گوێ بۆ خۆی لە (وێ Ö) دا هەیە و دەنگی (وێ Ö)ییش بۆ خۆی دەنگێکی سەربەخۆیە، هەرچەندە ئەو پینەوپەڕۆیەی کوردییە چارەسەری تەواو نییە. ل:33.

6. وشەی(دان)، بکرێت بە (ددان) باشترە، چونکە تەنێ لە سلێمانی دەگوترێت (دان) و تەواوی ناوچەکانی دیکەی کوردستان دەڵێن(ددان، دران، دگان، دندان)، بەڵام (ددان) لە هەموویان باشترە. ل:35.

[81] لێرەشدا مەبەست لە لاپەڕەکانی ڕاهێنانی پەلکەزێڕینەیە وەک ڕەشنووس نەک وەک کتێب.

7. (مەیمون) بکرێت بە (مەیموون) واتە: بە (وو) بنووسرێت. ل:8.

8. (مەڕەکە زەردە)، ڕەنگە بەکارهێنانی وشەی (زەرد) بۆ مەڕ، هەر ڕاست نەبێت، چونکە مەڕی زەرد نییە. دەزانم لە کتێبەکانی لای خۆمانیش وا نووسراوە، بەڵام هەڵەیە. مەڕ دەکرێ (ڕەش، سپی، بۆر، چار، پەر و...) بێت و شوان ئەوانە باشتر دەزانێت و ڕەنگە لێرەش خەڵکی پیر هەبن ئەوانە بزانن. ل: 39.

9. (دارۆ) هەر (دارا)یە. پێموانییە ناوی وا هەبێت. مەگەر بۆ خۆشەویستی یا بچووککردنەوە بکرێت بە (دارۆ). ل: 42، 55، 61، 84، 89.

10. (تابان)، فارسییە و بکرێت بە ناوێکی کوردی باشترە. ل:47، 63.

11. (نەنکم نان دەبرژێنێت بە تەنوور)، بکرێت بە (نەنکم بە تەنوور نان دەکات) باشترە، چونکە وشەی برژاندن بۆ (نان) زیادەیە و فرمان(فعل Verb)یش لە کوردیدا دەکەوێتە دواوە. ل:47.

12. تیپی(ک، گ) بە شێوەی فارسی بنووسرێن باشترە، نەک بە شێوەی عەرەبی، کە هەمزەیان لە سەرە(ك). ل:51، 57.

13. س+ک = سک. وشەی (سک) تەنێ لە سلێمانی بەکار دەبرێت، لە بری ئەوە بگوترێ(زگ)، ڕەنگە باشتر بێت، چونکە لە هەموو ناوچەکانی کوردستان وا دەڵێن. ل:53.

14. وشەی(بخوێنەرەوە، پڕبکەرەوە، بخەرە و...)، بکرێن بە (بخوێنەوە، پڕبکەوە، بخە و...)، ڕەنگە باشتر بن. ل: 58، 61، 79، 80.

15. گ+ڵا= گڵا، بنووسرێ(گەڵا) باشترە نەک (گڵا). ئەگەر لەوێش مەبەست گ+ شتێکی دیکە بێت، ئەوا وشەی (گەڵا) لا ببرێت و بگۆڕدرێت بە وشەیەکی دیکە. ل:58.

16. (ئاورنگ) بۆ خۆی (ئاورینگ)ە. (ئاورینگ مانگا دەدۆشێ)، ڕاستترە، چونکە (دۆشین) بە واتای (شیردۆشین) دێت و ئەوەش کارەکەیە، کە (دۆشین) بێت. واتە: (شیر) لە گوانی مانگا یا مەڕ دەردەکرێت و کارەکە(العملیة) دۆشینی پێ دەگوترێت. ل:59.

17. (هۆ ڕێوی ڕێوی...)، ئەگەر بە تەواوی بنووسرێت، ڕەنگە سوودی زیاتر بێت. ل: 63.

18. (مقەست) لە (مقص)ی عەرەبییەوە هاتووە و ڕاستە لە قسەکردندا بەکار دەبرێت، بەڵام وشەی کوردی لە بری(مقەست) بەکار ببرێت، بێگومان باشترە. ئەڵبەت وشەی (قەیچی، قاچی، دووێرد، دووێردە، دووێردک) کوردین و بە واتای (مقەست) دێن. ل:65.

19. (تەلەڤیزیۆن) یا (تەلەڤزیۆن) ڕاستترن لە (تەلەفیزیۆن)، چونکە ئێمە لای خۆمان وشەکە بە عەرەبی بەکار دەبەین و لە بەر ئەوەی عەرەب (ڤ)یان نییە، دەیکەن بە(ف) و ئێمەش هەر لە سەر ئەو هەڵەیە ڕۆیشتووین. ل:73، 83.

20. (جادووگەر) بە (وو) باشترە لە (جادوگەر) بە (و). ل:76.

21. (نەنکم شیری مانگا دەدۆشێ)، ڕاست نییە و بگوترێ (نەنکم مانگا دەدۆشێ)، چونکە کورد وا دەڵێ. ل:79.

22. (بۆیەچی، ڕاوچی)، ئەو پاشگری (چی)یە، لە تورکییەوە هاتووە. بۆ (ڕاوچی، ل:84) "گۆران"ی شاعیر، (ڕاوکەر)ی بەکار هێناوە. گۆران دەڵێ:

چاوی نووقاند پرخەپرخ          نووست تا ڕاوکەر وتی پخ

23. (حاجی لەق لەق) بکرێت بە (حاجی لەقلەق) باشترە. ل:85، دێڕی:10، 12، 14.

24. وشەی (ئێڤە) هەڵەیە و ڕاستییەکەی (ئێڤا)یە. ڕەنگە لێرە خەڵکی کوردیش هەبن ناویان (ئێڤا)بێت، بەڵام (ئێڤا) کوردی نییە، ئەگەر ئەم (ئێڤە)یەی ئەم وانەیە بۆ خۆی سوێدییە، ئەوا قەیدی نییە، بەڵام دەبێ بکرێت بە (ئێڤا)، خۆ ئەگەرکوردیشە ئەوا بکرێت بە ناوێکی دیکە باشترە.ل: 98.

25. تەواوی کرمانج و کوردی تورکیا و سووریا و سۆڤییێت و ئێرانیش - بە کاریگەریی فارسی- دەڵێن (سوێد). (سوید) کوردی عیراق دەیڵێن و بە کاریگەریی عەرەبی. ڕەنگە (سوێد)ەکە جوانتر بێت.

سەرکەوتنت دەخوازم.

ئەمجەد شاکەلی

1989/11/2

دوو سێ مانگێک دوای ئەو ڕاهێنانی پەلکەزێڕینەیە و وەڵامەکەی من، کتێبێکی دیکەم لە مامۆستا سروە عەزیزەوە بۆ هات، بۆ پێداچوونەوە. ئەمجارەیان کتێبی خوێندنەوەی پەلکەزێڕینە بوو. ئەمیش هەر وەک ئەوەی پێشوو، هیچ زانیاری و پلە و شتێکی وای لەگەڵدا نەبوو و وەک جاری پێشوویش ڕەشنووس بوو. ئەمجارەشیان پێیدا چوومەوە و تێبینی و سەرنجگەلێکم، کە هەبوون کردمن بە نامەیەک و بۆ سروە عەزیزم نارد. وا لە خوارەوە وەک خۆی دەقەکەی بڵاو دەکەمەوە و ناوی نامەی دووەمی لێ دەنێم.

<u>نامەی دووەم:</u>

بەڕێز سروە خانم، ڕێز و سڵاوم.

پاش خوێندنەوەی کتێبەکەت، ئەم سەرنجانەی خوارەوەم هەبوون، هیوادارم ئەگەر سوودمەندیش نەبن، بڕێک ڕووناکی بخەنە سەر کارەکە و بواری دەمەتەقە و لێوردبوونەوە لە کارێکی وادا، بەرین و بەرفراوانتر بکەن. ل: بۆ لاپەڕە دانراوە[82]:

<u>ل:1، 3، 5، 6:</u>

1. هەر وەک بۆ کتێبەکەی دی نووسیبووم، من وشەی (دارۆ)م پێ جوان نییە. وشەکە بە ئەسڵ(دارا)یە. (دارۆ) لە کوردیدا بە واتای(هەیە، هەیەتی) دێت و ئەگەر ببێت بە(دارڕۆ) دەکاتە: دەرمانی حەمام. زۆرجاران و زۆر منداڵ (ر)ی سووک بە (ڕ) دەخوێننەوە.
2. ڕاستە لای خۆمان وشەی (قوتابخانە) ڕۆیشتووە و باوە، بەڵام وشەیەکی خۆش نییە و لە (کتابی خانە)وە هاتووە، واتە: (ئەهلی کیتاب) و (خانە)کەیش بە واتای: (جێی ئەوان). ئەو (ک)ەیش هەر لە هیچەوە بووە بە (ق)، وەک چۆن کرمانجی باکووری کوردستان دەیگۆڕن. پێموایە وشەی (فێرگە) بۆ پلەی سەرەتایی باشە و (خوێندنگە)یش بۆ ناوەندی و دواناوەندی و بڕێک سەرەوەتریش باشە.

<u>ل:2، 3، 8، 16:</u>

1. من (ئەڤین)م لە (ئەوین) پێ باشترە.

---

[82] مەبەستیش لاپەڕەی پەلکەزێڕینەی خوێندنەوەیە وەک ڕەشنووس نەک وەک کتێب.

2. پێموایە سوێدی ناڵێن (ئێڤە)، بەلکە دەڵێن (ئێڤا)، جا کە وا بێت بۆچی (ئێڤا) نەبێت؟

3. مادام (خەت خەتین) واتایەک دەدات و یەک وشەیە، وا چاکە بە سەر یەکەوە بنووسرێت، بەم شێوەیە( خەتخەتین).

ل:9: بۆ لە بری وشەی (بەراز) وشەی (قاز) یا (ساز)، کە ئامێرێکی مۆسیقایە یا (هاز)، کە گیایەکی کێوییە و چێشتی لێ دروست دەکرێت، یا (پیاز) نەبێت؟ چونکە (بەراز) سەرباری ئەوەی، کە ناپەسەند و ناشیرینە، لە نێو کوردیشدا خۆشەویست نییە.

ل:10: کە دەڵێی (کەو لە سەر شاخ دەژی...)، مرۆڤ وا تێدەگات، کە (کەو) تەنێ لە سەر لووتکەی شاخ دەژین و لە لاپاڵ و دۆڵدا ناتوانن بژین! پێموایە (کەو) لە ناوچەی شاخاوی دەژین، نەک تەنێ(لە سەر شاخ).

ل:11: وشەی (مۆز) دووبارەیە و لە ل9 دا هاتووە، کە لە بارەی تیپی (ز)وەیە. ڕەنگە لە ل 11 دا وشەیەکی دی کە (ۆ) ی تێدا بێت، دابنرێت، باشتر بێت، وەک (جۆ)، بۆ ئەوەی منداڵەکە وشەیەکی نوێ بەو تیپە فێر ببێت.

ل:13: وشەی (پایز) بکرێت بە (پاییز) و (گەیوە) بکرێت بە (گەییوە).

ل:14، 25: (سوید) بکرێت بە (سوێد)، (ماتۆڕ) نییە و (ماتۆر)ە. لە بری وشەی (ماتۆڕ) وشەیەکی دیکە، کە بە (ڕ) تەواو دەبێت، دابنرێت ڕەنگە باشتر بێت. بۆ نموونە (دەستاڕ)، کە لە کوردەواریشەوە نێزیکە، یا (بازاڕ) یا (باژێڕ)، کە بە واتای: بازاڕ و شاریش دێت، یا شتێکی دیکە.

ل:15: ڕەنگە وشەی (ناو) ی: (ماسی لەناو ئاودا دەژی)، زیادە بێت و پێویست نەکات.

ل:16: 1. پێموایە لە نێوان بووکی ڕاستەقینە و بووکی یاریدا، جیاوازیی هەیە یا دەبێ هەبێت. بووکی یاری زێتر (بووکەشووشە و بووکڵە)ی پێ دەڵێن. ڕەنگە بەکارهێنانی یەکێ لەوانە کارەکە ئاسانتر بکات و بووک و بووکەشووشە لە یەک جیا بکاتەوە. ئەو شتانەش، کە منداڵ گەمەیان پێ دەکات، دەکرێت وشەی "لەیستۆک"یان بۆ بەکار ببرێت.

2. دەکرێ وشەی (توو)یش لەگەڵ ئەو وشانەدا بنووسرێت، چونکە دارتوو لە کوردستان زۆرە و کوردیش توو چاک دەخوات.

ل: 21، 44: (تەلەفون) بکرێت بە (تەلەفۆن).

ل: 22:  1. (مەیمون)ی دێڕی 4 بکرێت بە (مەیموون).

2. لە بری وشەی (مۆز)، کە لە شوێنی دیکەشدا بەکار هاتووە، وشەی دیکە بەکار بهێنرێت چاکترە. وەک (مشک، مار، مانگا، مێرووله، مایین، مریشک، مانگ، مەشکە).

ل: 23: باشە (ئاڵاکەت) لابردووە، بەڵام بە ڕاستی ئەم (من منداڵم)ەیش زۆر نارێکە و کێش و مۆسیقای لەنگە. دەکرێ لە بری ئەوە شیعرێکی دیکە دابنرێت، کە بۆ یا بە سەر یا بە زمانی منداڵەوە گوترابێت و پێشموایە لەو بابەتانە زۆر هەن، بۆ نموونە:

ئێمە منداڵی جوانین          ئاواتی نیشتمانین

شادمان و کامەرانین          کە نەوەی کوردستانین

ڕۆڵەی خاکی پیرۆزین     بۆیە هێندە بە سۆزین

ئەو شیعرە وەک گۆرانییش هەیە. ئەڵبەت من هەر ئەوەندەی لێ دەزانم، بەڵام بۆ خۆی زیاترە. ئەگەر هەوڵدەی ڕەنگە دەستت بکەوێت.

ل:24: پێموایە وشەی (سەربان) هەڵەیەکی بڵاوبووەوەیە، چونکە سەر= بان. وشەی (بان) لە گەرمیان بەکار دەبرێت و کە دەڵێن (لە بان مێزەکە) واتە: (لە سەر مێزەکە) یا کە دەڵێن (بانی خانوو) واتە: (سەری خانوو) یا (بە بان چاو) واتە: (بە سەر چاو). بێجگە لەوەش زۆر نووسەری گەورەم دیتووە، کە بۆ وشەی (سەربان) هەر دەنووسن (بان).

ل:26: وشەی (کاتێ) زیادەیە، (کە لە کوردستان بووم...) باشترە. (هەڵوژە) بکرێت بە (هەڵووژە).

ل:27: (تابان) فارسییە، بکرێت بە (تارا، تەوار، تەروو...) باشترە.

ل:31: لە بری (سابوونی ڕەقی) من (نانەڕەقە)م بیستووە، واتە: تەنێ سەردێڕەکە و یەکەم بەیت دەگۆڕدرێت و وای لێ دێت: (نانەڕەقە پشتەتەقە). پێموایە بەم شێوەیەیش باشتر لەگەڵ کێشی شیعرەکەدا دەگونجێت. من خۆم بە منداڵیی ئەو یارییەم کردووە. دوو منداڵ پشت دەکەنە یەکتر و قۆڵ لە قۆڵی یەکتر دەکەن و یەکێکیان دادەچەمێتەوە و یەکێکیان بەرز دەبێتەوە و ئەوجا ئەوی دی دادەچەمێتەوە و ئەوی دی بەرز دەبێتەوە و بەو جۆرە یەکدی لە سەر پشتی خۆیان هەڵدەگرن و لەگەڵ هەر داچەمینەوە و بەرزبوونەوەیەکدا یەکێکیان یەکەم بەیت دەڵێ و ئەوی دی دووەم بەیت. ئەگەر وێنەیەکی وای بۆ دابنێی باشە.

ل:**35**: (ئاورنگ) بکرێت بە (ئاورینگ) یا (ئاونگ).

ل:**36**: (پیشانی) بکرێت بە (پێشانی)، کە لە (پێنیشاندان)ەوە هاتووە، نەک (پینیشان). وشەی (لیَ ی) بکرێت بە (لێی) و بەسەریەکەوە بنووسرێت.

ل:**41**: (یاری مان) بکرێت بە (یاریمان). (لەبەردەمی) بکرێت بە (لەبەر). (لە بەر بارانەکە یارییان دەکرد؟) بکرێت بە (لە بەر باران یارییان دەکرد؟)، چونکە وشەی (بارانەکە) لەویَ یەک بارانی دەستنیشانکراو دیاری دەکات و دەگەیەنێت، بەڵام (باران) بە گشتییە. (نا، لەبەر بارانەکە یاریمان نەدەکرد) ئەو (بارانەکە)یە بکرێت بە (باران).

ل:**45**: 1. (من بە فڕۆکە هاتم بۆ سوید،..)، (سوید)ەکەی بکرێت بە (سوێد) و ئەو فاریزە(،) یە بکرێت بە (.)خاڵ(نوختە).

2. (کاتیَ شەش ساڵ بووم..) بکرێت بە (ئەو کاتە شەش ساڵان بووم)، چونکە کورد دەڵیَ (شەش ساڵان بووم) یا (تەمەنم شەش ساڵ بوو)، یا بکرێت بە (کاتێک کە شەش ساڵان بووم) یا (کە شەش ساڵان بووم) یا (کە تەمەنم شەش ساڵ بوو) و ئەو ڕستەیەش بخرێتە پێش (من بە فڕۆکە هاتم بۆ سوێد).

ل:**46**: (جادوگەر) بکرێت بە (جادووگەر).

ل:**50**: 1. (بەرخ ئاژەڵێکی ماڵی یە..)، ڕستەکە ڕاستە، بەڵام بەرخ بۆیە ماڵییە، چونکە دایکی، کە (مەڕ)ە ماڵییە. وەک ئەوە وایە بڵیی: (تووتکە ئاژەڵێکی ماڵییە) یا (بەچکەپشیلە ئاژەڵێکی ماڵییە) یا (جاشەکەر ئاژەڵێکی ماڵییە) یا (جووجەڵە باڵندەیەکی ماڵییە)، ئەڵبەت ئەگەر سەگ و پشیلە و کەر و مریشک ماڵی نەبن، تووتکەسەگ و بێچووەپشیلە و جاش و جووجەڵە، ماڵی نابن، بەڵام تۆ مەبەستت (خ)ەکەیە، دەنا تۆزێک لاوازە.

2. (دارخورما) بکرێت بە (خورما).

ل:**51، 59**: 1. (هەندیَ جار خەویان..)، (هەندیَ جار لە خەومدا..)، وشەی (خەو)، کە بۆ (حلم)ی عەرەبی و (Dream)ی ئینگلیزی و (Dröm)ی سوێدی دانراوە، بکرێت بە (خەون)، چونکە (خەون، دەکاتە:Dröm،Dream )، بەڵام (خەو) دەکاتە (خەوتن، نووستن، ڕازان). بێگومان هەر خەڵکی مەهابادیش بۆ خۆیان وا دەڵێن. بێجگە لەوەی، کە لە نووسیندا (خەون) و (خەو) لە یەک جیا دەکرێنەوە. عەرەب (نوم و حلم) بەکار دێنن و لە کوردییشدا (خەو و خەون) هەن.

2. (هەندێ جار لە خەومدا دەفرم بۆ لایان..)، پاش گۆڕینی (لە خەومدا) بۆ (لە خەونمدا)، (لە خەونمدا) هەر بکرێت بە (لە خەوندا) باشترە.

ل:54: (ئێمە لەسەرت ناکەین!)، نازانم مانای چییە، ئەگەر مەبەست یارمەتیدان و هاریکاریکردن و کۆمەک بێت، ئەوا کورد نالێ(لە سەرت ناکەین) بەڵکە دەڵێ: لە سەرت ناکەمەوە! لە سەرت ناکەینەوە! لە سەری دەکەمەوە! لە سەرم دەکاتەوە! لە سەری کردمەوە! لە سەرمی کردەوە! لە سەرمانیان کردەوە! لە سەریان دەکەینەوە! لە سەرتان دەکەینەوە! ئیدی بەو جۆرە.

ل:56: من ئەو شیعرە فۆلکلۆرییەم بەم شێوەیە بیستووە:

حاجی لەقلەق مار هات

ماری زەنگڵەدار هات

حوشتر بە قەتار هات

هەم درێژەی هەیە، بەڵام من نایزانم. دیارە بە شێوەیەکی دیکەش بیستوومە:

حاجی لەقلەق دەنووک تەقتەق

کیسە و کەمەر یا پێغەمەر

پێموایە (ماری سەوز و سوور هات) لەگەڵ کێشی (حاجی لەقلەق مار هات)دا، ڕێک نییە. بێجگە لەوەش دوو بەیتەکەی دوایی لە تازەبابەت دەچن.

ل:59: (دایکی لە دەنگی زۆزان ڕاچەنی..) بکرێت بە (دایکی لە دەنگی زۆزان ڕاچەنی و وتی:). (دایکی پرسیاری کرد:- کام بووکە؟)، (کام بووکە؟) بکرێت بە (کام بووک؟).

ل:61: (کەچی ڕۆژێکیان دار گوێزەکە گەڵاکانی وشک بوو و وەری) بکرێت بە (کەچی ڕۆژێکیان گەڵاکانی/گەڵای دارگوێزەکە وشک بوونەوە و وەرین).

ل:62: دوای (ژیایەوە) و (گەڵای دەرکرد) فاریزە (،) دابنرێت. دوای (گوێزی زۆری گرت) خاڵ/نوختە(.) دابنرێت.

ل:64: (..بڕوایان پێ نەکرد..وەکەس بە دەنگی یەوە نەچوو) بکرێت بە (بڕوایان پێ نەکرد و کەس بە دەنگییەوە نەچوو). بەکارهێنانی (وە) لە کوردیدا ڕاست نییە و ئەوە بەکارهێنانێکی عەرەبییە، چونکە عەرەب دەڵێن:(و، بە فەتحەکەی سەرییەوە)، کە دەکاتە (وە) بە کوردی. واتە:

فەتحەی عەرەبی دەکاتە (ە)ی کوردی. بۆ نموونە: (القلم و الکتاب) ئەگەر کورد بیکات بە (قەڵەم وە کتێب) ئەوە هەڵەیە و دەبێ ببێتە (قەڵەم و کتێب).

بێجگە لەو سەرنجانەی سەرەوە، چەند تێبینییەکی گشتیشم هەن:

1. کتێبەکە چ ناوێکی بە سەرەوە نەبوو. ڕەنگە خراپ نەبێت ئەگەر ناوێکی نوێی بۆ بدۆزرێتەوە، کە تا ڕادەیەک لەگەڵ تەمەنی منداڵدا بگونجێت.

2. پێموایە دەکرێ لە بری ئەو ناوە سوێدییانە، کە نووسیوتن ناوی دیکەیش دابنرێن، بۆ نموونە ناوی خەڵکی دیکەی ناسوێدی، کە لە سوێد دەژین.

3. ئەگەر لە پاڵ وشەی تەنیا و سەربەخۆکاندا، وێنە هەبێت زۆر باشە.

4. وشەی وەک (لیێ ی)، (گوێ ی)، (جێ ی)، (کێ ی)، (دەنگی یەوە) و....، پێکەوە بنووسرێن، بە لای منەوە چاکترە. واتە: بکرێن بە (لێی، گوێی، جێی، کێی، دەنگییەوە) بۆ ئەوەی هەر لە سەرەتاوە منداڵ بیزانێت و فێری بێت و بێجگە لەوەیش ئاسانترە بە سەریەکەوە بنووسرێن.

5. (ڕ) ئەگەر لە پێشەوەیش بێت، هەر بە (ڕ) بنووسرێت، واتە: حەوتەکەی/ کڵاوەکەی بۆ بکرێت، چونکە بۆ منداڵ ئاسانترە جیاوازی لە نێوان (ر) و (ڕ)دا بکات، بەڵام (ڕ)ی بێحەوتی/ بێکڵاوی پێشەوە و (ڕ) حەوتداری/ کڵاوداری ناوەڕاست و دواوە، کە هەموویان(ڕ) بن و یەکێک حەوتی/ کڵاوی نەبێت و یەکێک هەیبێت، منداڵ تووشی سەرلێشێوان دەکات و دەپرسێ بۆ؟ و لە ڕووی ڕاستییشەوە دەبێ(ڕ)ی قەڵەو لە هەر کوێ بێت، پاش، پێش و ناوەڕاست، هەر قەڵەو بێت.

6. پێموایە تێکستەکان کەمن و ئەگەر لەگەڵ کتێبەکەی (ئیبراهیم ئەمین باڵدار) و ئەوانەی کۆمەڵە و دیموکراتی کوردستانی ئێران و ئەوەی ئێراندا بەراورد بکرێ، ئەوان تێکستیان زۆرترە. بێگومان زۆریی تێکست و وشەی جۆراوجۆر، گەنجینەی وشە لای منداڵ زیاد دەکات.

7. شێوەی کتێبەکە و داڕشتنی زۆر لە (ئەم بخوینین Em bixwinin)ی کرمانجی دەچێت. شیکردنەوەی ڕستە بۆ بڕگەی بچووک بچووک و دەنگ، کارێکی باشە، بەڵام پێموایە، کرمانجەکان لەو بوارەدا ئەزموونێکیان نییە و هەر شتێکیشیان هەبێت، تەنێ تاقیکردنەوەی سوێدە.

8. له بری ئەو شیعرەی، کە لە سەر زستان و نەورۆز نووسراوە و هی (ن. ئەیار) ناویکە و لە کتێبەکەی کۆمەڵەدا هەیە، دەکرا شیعری باشتر هەڵبژێریت لە بارەی نەورۆزەوە، بۆ نموونە ئەوەی، کە ڕەفیق چالاک بە گۆرانی دەیگوت:

جەژنە جەژنی کوردستانە جەژنی نەورۆزە

بە تیشکی ئاگر دەنووسم جەژنە پیرۆزە

دەکرێ زۆرتر شیعری منداڵانە بخرێنە نێو لاپەڕەکانەوە، بە تایبەت شیعری شاعیری مەزن و ناسراو، وەک: گۆران، بێکەس(فایەق)، هەژار و زۆری دیکە، بۆ نموونە: کەروێشک لە ناو لانە...،کە هی گۆرانە.

9. ئەگەر، لە کۆتایی کتێبەکەدا، پاشکۆیەک وەک فەرهەنگۆک هەبێت، باشە، چونکە مادام بۆ منداڵی کوردی موکریان، سلێمانی، سنە، هەولێر، کەرکووک، کرماشان، خانەقین، کۆیە، سەقز، ورمێ و شوێنانی دیکەیە، دەبێ هەندێ وشە لێکبدرێنەوە و بە زاراوەیەکی دیکەش بنووسرێن. بۆ نموونە، شووتی، سک، یاپراخ، پوول، مانگا، ساج، قارچک و زۆری دیکەش. ئەڵبەت نەک هەر منداڵ، بەڵکە مامۆستاکەش سوودی لێ وەردەگرێ، چونکە ئەویش ڕەنگە هەندێ وشە تەنێ بە زاراوەکەی خۆی زێتر بە هیچی دیکە نەیزانێت و نموونەیش بۆ ئەوە زۆرە! لە کۆتاییشدا هیوام سەرکەوتنتە.

## ئەمجەد شاکەلی 1990/2/12

دوای ماوەیەک ئەو دوو ڕەشنووسەی، کە من پێیاندا چوومەوە، کران بە کتێب و لە سەر ئەرکی کارگێڕیی خوێندنگەکان چاپ کران. دواتر، پەلکەزێڕینە، چەند کتێبی دیکەی وەک: ڕەزبەر و گەڵاڕێزان و شتی دیکەیشی بە دوادا هاتن و چاپی دووەم و سێیەمیش کرانەوە. لەم وڵاتە و دیارە لە هەموو شوێنێکی جیهانیشدا هەر وایە، پێوەند و ناسیاوی و نێزیکایەتی کەسێتی و خۆنێزیکخستنەوە لە دەسەڵات و کاربەدەستان، ڕۆڵی خۆی دەبینێت. هەر بۆیەش کارەکان، کە دەبوو کۆمیتەیەکی پێکهاتوو لە کۆمەڵە خەڵکێکی تا ڕادەیەک بڕێک شارەزا، ئەنجامی بدەن، گۆڕدرا و بە تاقە یەک کەس سپێردرا. تاککاریی جێی کۆکاریی و هەرەوەزی گرتەوە. مامۆستا سروە عەزیزیش، کە ئیدی بوو بە خودانی پرۆژەکە، گوێی، دیارە نەک هەر بۆ سەرنج و تێبینییەکانی من، بەڵکە بۆ ئەوانەی مامۆستا پشکۆ نەجمەددین و مامۆستا

حەمەسەعید حەسەنیش، ڕانەدێراوە و شتاقیشیانی ڕەچاو نەکردوون. گومانیش لەوەدا نییە، پڕۆژەیەکی لەو جۆرە، ئەگەر کۆیەتی و بە کۆمەڵ کرابا و تاکەکەسی نەبووایە، گەلێک ڕێکوپێکتر و لەبارتر دەبوو، وەک لەوەی کە بوو، و دۆی دادەش هەرگیز بەو شێوەیە نەدەترنگا، بەڵکو دەخەستا و بەتامتریش دەبوو.

دیسەمبەری 2000

# ئەلفبێی لاتینی و زمانی ستاندارد

**دیدارێک لەگەڵ [ئەمجەد شاکەلی]دا**

**ی سازدان: ڕەوشت موحەممەد**

***ڕەوشت: بوونی گرفتی جۆراوجۆر لە ڕێنووسی کوردیدا، دروستنەبوونی ڕێنووسی ستاندارد و فراواننەبوون و پێشنەکەوتنی زمانی کوردیی وەکو پێویست، تاچەند پەیوەندی بە سروشتی پیتەکەی خۆیەوە هەیە؟***

***شاکەلی:*** ڕێنووس، وەک مەسعوود موحەممەد دەڵێت: "دەفری نووسین و خوێندن و ڕۆشنبیرییە و هەر تەقەڵێکی هەڵوەشێتەوە کەلێن دەدا بۆ فرەوان بوونی مەودای لەگەڵ یەکدیدا و نەگونجانی نووسەران. میللەتێک هێندی کورد پێویستی بە یەکیەتی هەبێت ناشێ خوێندەوارەکانی لە هەوەڵ هەنگاوی خامەگیرییانەوە، کە ڕێنووسە، لەیەکدی بترازێن. ئێمە کە لەسەر چۆنیەتی نووسینی( کەرەباب )ی بەری سۆران و (ئەفەنگی) بەری بابان پێک نەیەین چۆن لە ئاست شتە ژیوەریە گرنگەکان تێک دەگەین". ئەگەر مەبەست لە ڕێنووسی کوردی، ئەم ڕێنووسە بێت، کە ئێمە بەکاری دەبەین و باس لە گرفتە جۆراوجۆرەکانی ئەم ڕێنووسە بکەین، پێموایە گرفتی هێندە مەزن و لەبەرچاو لەم ڕێنووسەدا نییە. ڕەنگە هەندێک وردە گرفتی وەک: لکاندنی پێشگر و پاشگر بە ناو و کردارەوە یا نووسینی (و) یا (وو) بۆ هەندێک وشە یا نەبوونی ئەوەی عەرەب پێی دەڵێت"الكسرةالمختلسة"، کە لە تیپی لاتینیدا کراوە بە"i" و لە ڕێنووسی کوردییشدا بە "ی" دەنووسرێت یا نووسینی دەنگی "وێ"، کە لە زمانی سوێدیدا بە"ö" دەنووسرێت و کوردیش بە"و + ێ" دەینووسێت، ڕەنگە ئەمانە بڕێک وردە گرفت بن، لە ڕێنووسی کوردیدا، کە شتگەلێکی هاسان و کەمن و چارەسەرکردنیان، بە جڤینی چەند زمانەوانێک و چەند پسپۆڕێکی بارهێنان و خوێندن و ڕاگۆڕینەوە و پێکهاتنیان لە سەری، دێتە دی.

مامۆستایەکی ئێراناسی(ئێرانیستیک)"Iranian Studies"، بە ناوی "کارینا جەهانیCarina Jahani"، لە زانستگەی "ئوپسالا" لە سوێد، کە ئێستا پرۆفێسۆرە، سەردەمێکیش مامۆستام بوو، دەیگوت:"کوردەکان زۆر زیرەکانە، گیروگرفتی ئەلفبێیان چارەسەر کردووە و خۆیان لە گرێ و سەختیی ئەلفبێی عەرەبی ڕزگار کردووە و دوورخستووەتەوە و ئەگەر ئەلفبێی کوردی لەگەڵ فارسییشدا بەراورد بکرێت، ئەوا کوردییەکە زێتر پێشکەوتووە".

ئەم ڕێنووسە کوردییەی، کە ئێستا لە باشوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستان، زمانی کوردیی پێ دەنووسرێت و تەواوی گەنجینەی فەرهەنگ و هزری کوردی چەند سەدەیەکی پێ

نووسراوەتەوە، گەلێک بیراز کراوە و گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە، ئەگەر نووسین بە ئەلفبێی عەرەبی لە سەدەی حەوتەمی زایینەوە، هاتبێتە کوردستان، ئەوا ئەودەمە نووسین بە زمانی کوردی نەبووە و هەرچیش نووسرابێت، هەر بە عەرەبی یا فارسی نووسراوە، چونکە ئەوانە زمانی دەسەڵاتداران و فەرمانڕەوایانی کوردستان بوون. کورد ئەو دەمیش وەک ئێستا بۆ خۆی خاوەنی خۆی نەبووە، بەڵام ئیدی لە دەسپێکی بە کوردی نووسینەوە، کە نێزیکەی شەش حەفت سەدەیەکە، کورد توانیویەتی ئەلفبێ عەرەبی- فارسییەکە بەرەبەرە هەموار بکات و لەگەڵ تایبەتمەندیەتی زمانی کوردیدا بیگونجێنێت.

ئەلفبێ و زمان دوو شتی جیاوازن. ئەلفبێ نیشانە و هێمایەکە بۆ ئەو فۆنێم و دەنگانەی، کە لە زماندا دێنە دەراندن. ئەو نیشانە و هێمایانەش، کە ناوی ئەلفبێیان لێ دەنرێن، مرۆڤ بۆ خۆی دروستیان دەکات و دایاندەنێت و لە سەریان پێکدێت و ڕێکدەکەوێت. ئەگەر زمان تایبەت بێت بە گەلێک یا کۆمەڵە مرۆڤێک، کە پێی دەپەیڤن و لەیەکتر تێدەگەن و مۆرک و موڵک و ناسنامەیەکی نەتەوەیی هەبێت، ئەوا ئەلفبێ ئەو تایبەتمەندییەی نییە. هەموو ئەلفبێیەک، بە بڕێک دەسکاری و گونجاندن، لەگەڵ هەر زمانێکدا، دەتوانێت دەربڕی ئەو زمانە و هەموو جۆرە زمانێک بێت و هەموو جۆرە دەنگێک بدەرێنێت و مرۆڤیش هەر کاتێک ویستی و بە پێویستی زانی، دەتوانێت بۆ هەر دەنگێک، هێمایەک چێ بکات.

ئەو ڕێنووسەی ئەوڕۆ کورد بەکاری دەبات، بۆ خۆی ستانداردە و جێی خۆی گرتووە، چونکە چەند سەدەیەکە تەواوی هزر و فەرهەنگی کوردی پێ نووسراوەتەوە و نێزیکەی سەدەیەکیشە ئەلفبێی زمانی خوێندن و نووسینی میلیۆنان خوێندکار و زمانی سیاسەت و کارگێڕیشە. ئەگەر بڕۆکەیەک ناتەواویشی هەبێت، بە قیچێک دەستکاری زۆر کەمەوە هیچ دەردێکی نامێنێت.

هەرچی فراوانەبوون و پێشنەکەوتنی زمانی کوردییە وەک پێویست، ئەوەیان باسێکی ترە. بە بڕوای من فرەوانبوون و پێشکەوتن یا فرەواننەبوون و پێشنەکەوتنی، هیچ زمانێکی ئەم جیهانە، پێوەندیان بە ڕێنووس و تیپ و ئەلفبێی زمانەکەوە نییە، بەڵکە فاکتەری دیکە لەو بوارەدا ڕۆڵ دەبینن. ئەگەر لە ڕووی جیهانییەوە بنۆڕینە فرەواننەبوون و پێشنەکەوتنی زمانی کوردی، ئەوا دەبێ گرنگیی کورد بۆ خۆی وەک نەتەوەیەک و ڕۆڵی کورد لە پرۆسە و ڕووداوە ئابووری و سیاسی و فەرهەنگییەکانی ئەمڕۆی جیهاندا، لەبەرچاو بگرین. ئایا کورد

خاوەنی پێگەیەکی ئابووری و سیاسی بەهێز و کاریگەرە و چ گرنگییەکی ئابووری یا سیاسی لە سەر نەخشەی جیهان هەیە؟ ئایا کورد گەنجینەیەکی فەرهەنگیی دەوڵەمەندی هەیە یا چ داهێنانێکی فەرهەنگی خستووەتە سەر فەرهەنگیی جیهانی و مرۆڤایەتی؟ پێموایە هەموومان وەرامی ئەو پرسیارانەمان بە هاسانی پێ دەدرێنەوە و گرنگیی ئابووری و سیاسی و فەرهەنگیی کوردیش دەزانین! کەوابوو ئەو باسە چ پێوەندێکی بە تیپ و ڕێنووسەوە نییە. هەرچی فرەواننەبوون و پێشنەکەوتنی ڕێنووس و زمانی کوردییە لە نێو کورددا و نەبوونی ئەم ڕێنووس و زمانە، بە زمانی هەموو کورد، ئەوە گەلێک هۆی هەن: ژێردەستەیی کورد وەک نەتەوەیەک، پارچەپارچەیی و دابەشبوونی خاکەکەی و خۆی، بە سەر چوار پێنج دەوڵەتدا، نەبوونی دەسگا و سیستمێکی خوێندن و بارهێنانی سەرتاسەری، نەبوونی دەسگای میدیای سەرتاسەری و زۆریی شێوەزار و بنزار و دابڕانی کورد لە یەکدی، کاڵفامی و سستی هەستی نەتەوەیی و چێکردنی تیپی لاتینی بۆ زمانی کوردی و... هەموو ئەمانە کارێکی وایان کردووەتە سەر ئەوەی، کە زمانی کوردی بە ڕادەی پێویست و بە گوێرەی سەردەم، پێشکەوتن و فرەوانبوون بە خۆیەوە نەبینێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا و سەرباری ئەو هەلومەرجەی زمانی کوردی تێدا بووە، گرفت و ئاستەنگی هێندە گەورەی نەهاتووەتە پێش و گۆڕانی زۆری بە سەردا هاتووە و گەلێک چووەتە پێش و ئێستا تاڕادەیەک هەموو شتێکی پێ دەنووسرێت و لە هەموو بوارێکدا بەکار دەبرێت.

***ڕەوشت: بەڕای تۆ باسوخواسکردن لەسەر گۆڕینی ئەلفبێی عەرەبی کاریگەری سیستمی جیهانگیری نییە بۆ سەر وڵاتانی بچووک و بێهێز ؟***

***شاکەلی:*** باسوخواسی گۆڕینی ئەلفبێ، لە نێو هیچ گەل و نەتەوە و خەڵکێکی دیکەدا نییە و پێموایە تەنێ کوردە و ئەویش **"**خەڵکانێکی سافیلکە و بار بە سەر زمان و فەرهەنگی کوردییەوە**"**، کە کێچ کەوتووەتە کۆڵیان و بە دەستی خۆیان خەریکن ئەوەیشی هەیە، دەیدۆڕێنن و ماڵی خۆیان وێران دەکەن. ئەو ئەلفبێیەی ئەمڕۆ کورد پێی دەنووسێت و خەڵک ناوی عەرەبی و فارسی لێ دەنێت، بەڵێ لە بنەڕەتدا عەرەبییە و ئەویش لە ئارامییەوە هاتووە و کورد لەگەڵ هاتنی ئیسلامدا لە عەرەبی وەرگرتووە، ئەمڕۆ کوردییە و هیچی دیکە نییە. تۆ بنوڕە ئەو زمانانەی، کە بە ئەلفبێی لاتینی دەنووسن، ئینگلیزی، فرانسی، ئەڵمانی، سپانیۆلی،

سوێدی و... تەنانەت تورکییش، هیچ یەکێک لەو خەڵکانەی ئەو زمانانە بەکار دەبەن، ئەلفبێیەکانی خۆیان بە ناوی زمانێکی دیکەوە ناو نابەن. هەرکەسەو ئەلفبێیەکە بە هی خۆی دەزانێت، فرانسی بە ئەلفبێی خۆی دەڵێ: ئەلفبێی فرانسی، ئینگلیز بە ئەلفبێی خۆی دەڵێ: ئەلفبێی ئینگلیزی و تورکیش، تەنانەت تورک، بە ئەلفبێ لاتینییەکەی خۆی دەڵێ: ئەلفبێی تورکی، کە لە ڕاستیشدا لە کاتی دامەزراندن و سەپاندنیدا لە لایەن "ئەتاتورک"ەوە، هەر بە ناوی ئەلفبێی"کەمالی"یەوە، بڵاوکرایەوە.

هیچ فارسێک لە جیهاندا نابینییەوە بە ئەلفبێی زمانەکەی خۆی بێژی ئەلفبێی عەرەبی، لە کاتێکدا زمانی فارسی نەک هەر ئەلفبێیەکەی بەڵگە 60-70%ی وشەکانیشی عەرەبین. دەڵێن کچە فارسێک لە خولێکی فێربوونی زمانی سوێدی لەگەڵ چەند کەسێکی دیکەدا لە پۆلێک پێکەوە دەبن. خوێندکارەکان هەریەکەو خەڵکی وڵاتێک دەبن و چەندین جۆرە زمانی جیاواز قسان دەکەن. مامۆستاکەیان، کە سوێدی دەبێت داوایان لێ دەکات هەرکەس بە زمانی خۆی، بەرانبەر وشەی "تاک – Tack"ی سوێدی، کە بە واتای "سپاس"ی کوردی دێت، وشەکە بە زمانەکەی خۆی بڵێت. یەکێک دەڵێ:"شوکرەن" و یەکێک دەڵێ:"سپاسیبا" و یەکێک دەڵێ:"سوپاس" و یەکێک دەڵێ:"گراسیاس" و کچە فارسەکەیش دەڵێ:"مێرسی" و کچێکی فرانسییش، کە لە تەنیشت کچە فارسەکەوە دادەنیشێت دەڵێ:"مێرسی"، کچە فارسەکەیش بە سەرسووڕمانە یەکسەر دەڵێ:"شما هم میگن میرسی! واتە: ئێوەیش دەڵێن مێرسی!". کچە فرانسییەکەیش بە پێکەنینێکەوە دەڵێ:"بەڵێ ئێمەیش دەڵێین مێرسی". مەبەستم ئەوەیە فارس ئەو "مێرسی"یە فرانسییە بە هی خۆی دەزانێت!.

ئێمە ئەگەر ئاوڕێک لە مێژووی خواست و باسوخواسی گۆڕینی ئەلفبێی کوردی(تیپی عەرەبی) بۆ لاتینی لە کن کورد بدەینەوە دەبینین، ئەو داخوازی و هەوڵانە، پتر لە خەڵکانی ناکورد و بیانییەوە بوونە و ئەوان ویستوویانە ئەلفبێی کوردی بگۆڕن، دیارە بە کاریگەری ئەو هەوڵانەی بیانییان و شانبەشانی ئەوانە، لە نێو کوردیشدا، وەها داخوازی و تەقەلایەک هاتووەتە ئاراوە.

لە ساڵی 1905 دا "مۆرگان"، داوای گۆڕینی ئەلفبێی کوردی بۆ لاتینی، کردووە.

لە سەردەمی یەکەم جەنگی جیهانی و لە ساڵی 1913دا، لە لایەن "مێجەر سۆن"ەوە، هەوڵی دانانی ئەلفبێیەکی لاتینی دراوە، بەڵام ئەو ئەلفبێیە بڵاو نەبووەتەوە.

له ساڵی 1930دا، زانای ئەرمەنی"ئیسحاق مۆرگوڵۆڤ" و "عەرەبی شەمۆ"، ئەلفبێیەکی لاتینییان داناوە و لە نێو کوردەکانی سۆڤییتدا، تا ساڵی 1938 بەکار براوە. بۆ نموونە ڕۆژنامەی "ڕێیاتەزە"، کە بە کوردی دەردەچێت، لە ژمارەی یەکەمییەوە، لە ساڵی1930-1938، بە لاتینی دەرچووە. لە ساڵی 1938-1955،"ڕێیاتەزە"، دەرنەچووە و لە 1955یشەوە تا ئێستا، بە تیپی کریلیک دەردەچێت.

له ساڵی 1931دا" ئێدمۆنز"یش، هەوڵی ئەو گۆڕینەی داوە.

"پیێر ڕۆندۆ"، ئەفسەری فرانسی لە شام، پێش ئەلفبێ لاتینییەکەی "جەلادەت بەدرخان"، یەکەم ئەلفبێی کوردی بە تیپی لاتینی بڵاوکردووەتەوە.

"تۆما بوا"یش، هەوڵی ئەو گۆڕینەی داوە.

ساڵی 1933"مینۆرسکی"یش هەوڵی گۆڕینی ئەلفبێی کوردی داوە.

تەواوی ئەوانە بێجگە لە "عەرەبی شەمۆ"، هەموو کەسانێکی ناکورد بوونە.

لە نێو کورد خۆیشیدا:

لە ساڵی 1931دا و دوای گۆڕینی ئەلفبێی تورکی لە لایەن "مستەفا کەمال ئەتاتورک"ەوە، دەستەی "خۆیبوون" لە دیمەشق، بڕیاری بەکارهێنانی ئەلفبێی لاتینیان لەبری ئەلفبێی عەرەبی بۆ زمانی کوردی دا.

"جەلادەت بەدرخان"، ئەلفبێ لاتینییەکەی خۆی، لە ساڵی 1932دا، بڵاو کردەوە و گۆڤاری"هاوار"ی لە ژمارەی 24ەمیەوە ئیدی بە تیپی لاتینی دەرکرد.

"عەبدوڵلا جەودەت"، لە گۆڤاری"ڕۆژی کورد"دا، داوای گۆڕینی ئەلفبێی کوردی بۆ لاتینی کردووە.

"عەبدوڕەززاق بەدرخان" داوای گۆڕینی ئەلفبێی کوردی بۆ ڕووسی کردووە.

ساڵی 1925،"موحەممەد ئەمین زەکی" و "میرزا موحەممەد باشقە"، کتێبچەیەک بە لاتینی بۆ خوێندنگەی سەرەتایی ئامادە دەکەن.

ساڵی 1933،"تەوفیق وەهبی"، کتێبی "خوێندەواری باو"ی بڵاوکردەوە، کە پتر تیپی ئینگلیزی بەکار بردبوو.

ساڵی 1956، "جەمال نەبەز"، کتێبی "نووسینی کوردی بە لاتینی" دەرکردووە و دەنگی "ڵ" و "ڕ"ی بۆ ئەلفبێیەکەی بەدرخان زیاد کردووە و پاشانیش دەنگی"وێ □ "ی

خستووەتە سەر و بەو گۆڕانانە تا ڕادەیەک ئەلفبێیەکەی بەدرخانی کاراتر کردووە. لێ ئەوانەی، تیپی لاتینی بەکار دەبەن بۆ نووسینی کوردی، ئەو گۆڕانکارییەی "جەمال نەبەز"یان لەبەرچاو نەگرتووە.

ساڵی 1972،"گیوی موکریانی" کتێبی "ئەلف و بێی کوردی وێنەدار بە تیپی لاتینی"ی دانا.

"سادیق بەهائوددین ئامێدی"یش یەکێک بوو لەو دەنگانەی داخوازی لاتینییاندنی ئەلفبێی کوردی دەکرد.

"عەزیز ئاکرەیی"یش لەگەڵ گۆڕینی ئەلفبێی کوردیدا بوو بۆ لاتینی و لەو بوارەدا نووسیویەتی.

ئەگەر تەماشایەکی ئەو بیانییانە بکەین، کە ئەو خواستەیان خستووەتە بەرباس و کۆششیان بۆ وەها کارێک کردووە، دەبینین زۆرینەیان دوو جۆرە مرۆڤ بوون، بڕێکیان خەڵکی سەر بە کڵێسە و ئایینی مەسیحی بوون و بڕەکەی دیکەیشیان ئەفسەر و دەستوپێوەندی لەشکر و وڵاتانی کۆڵۆنیالیستی بریتانیا و فرانسە بوون. من هۆ و مەبەستی بنەڕەتیی ئەو باس و داخوازییەی بیانییان دەگێڕمەوە بۆ:

دابڕینی کورد و نامۆکردنی لەو شوێنگە جیۆگرافیایەی تێیدایە، نەک بەوەی کورد بکەنە قەوارەیەکی سیاسی و خاوەنی خۆی، بەڵکە تەنێ بۆ ئاژاوەنانەوە و دوورخستنەوە و جوێکردنەوەیان لە گەلانی دەوروبەریان و چێکردنی کێشە لە نێوان کورد و ئەو گەلانەدا.

هۆیەکی ئایینی- فەرهەگی: کە مەبەستی مەسیحییاندنی گەلی کورد بووە و بەوەش دابڕینی بووە لە ژینگە ئیسلامییەکەی و لە فەرهەنگی عەرەبی - فارسی- ئیسلامی.

هەرچی کورد خۆیشی بووە، کە هەوای گۆڕینی ئەلفبێی کوردی بۆ لاتینی کەوتووەتە سەر، دیارە ئەودەمە، بە چاولێکەری کردەکەی مستەفا کەمال ئەتاتورک بووە، کە ئەودەمی( و تەنانەت ئێستاش) بەشێکی زۆری کورد، بە چاوی ڕێز و گۆڕان و شۆڕشەوە، لە تورکیای کەمالیستیان نۆڕیوە و کۆڵێک بە ئەتاتورک و تورکیای نوێ و سیکولاریزمە گۆجەکەیانەوە سەرسام بوون.

ساڵانی دوای بڵاوبوونەوەی ئەلفبێ لاتینییەکەی "جەلادەت بەدرخان"یش، بیانووی زۆر هێنراونەوە بۆ ئەو گۆڕینە، کە زۆریان دەخرێنە چوارچێوەی، ناتەواوی و کێماسی و ناڕێکوپێکی و...ئەلفبێی کوردییەوە.

داخوازیی ئەم کوردەی ئێستا بۆ گۆڕینی ئەلفبێی کوردی، دەکرێ بخرێتە چوارچێوەی سەرسووڕمان و واقوڕمان بە ڕۆژاوا و ڕۆژاواپەرستییەوە و بەشێکە لەو دەردەجیهانگەرییەی، کە هەموو جیهانی گرتووەتەوە. ئەگەر ئەو باس و داخوازییە کاریگەرییەکی جیهانگەری بێت لە سەر کوردی بچووک و بێهێز، ئەی وەها کاریگەرییەک بۆ نەکەوتووە و ناکەوێتە سەر، من ناڵێم زمانانی عەرەبی، فارسی، ئوردوو، بەنگالی و...چونکە ئەوانە زمانگەلێکی گەورەن، بەڵکە زمانانی ئەمازیغی، تیگرینی، ئەمهاری، کلدانی، ئاشووری، سریانی، ئەرمەنی، ئازەری(لە ئێران)، جۆرجی و...؟ خۆ ئەوانەیش زمانگەلێکی بچووکن و هیچ لە زمانی کوردییش بەهێزتر نین! هیچ یەکێک لە خاوەنی ئەو زمانانە ئامادە نین، ئەلفبێی زمانەکەی خۆیان بگۆڕن و بیکەن بە لاتینی، چونکە دەزانن، ئەوە لە ماڵشێواندنی خۆیان زیاتر، شتێکی دیکەی لێ شێن نابێت. با نموونەیەکت لەو بارەیەوە بۆ باس بکەم:

پاییزی 1985، لە یەکێک لە کتێبخانەکانی شاری ستۆکهۆڵمدا، گۆڤاری "حۆیۆدۆ"م بەرچاوکەوت، کە ئۆرگانی یەکیەتیی ئاشوورییانە لە سوێد و بە زمانانی عەرەبی، ئاشووری و سوێدی دەردەچێت. لەوێدا و لە بەشە عەرەبییەکەیدا و لە گوتارێکدا سەبارەت بە کۆنگرەی یەکیەتیی ئاشوورییان لە سوێد، کە پێشتر گیرابوو، ئاوها نووسرابوو:"بابەتی دووەم، کە کۆنگرە گرنگییەکی تایبەتی پێ دا، لێدوان و دەمەتەقە بوو لەمەڕ ئەو بڕیار و ئاگادارییەی، کە دەسگای دەوڵەتیی کاروباری بیانییان لە 1983دا دەریکردبوو، بە دانانی ناوی نوێ بۆ زمانی سریانی، کە بەڕێوەبەرایەتیی پەروەردە و فێرکردن پێڕۆی کردووە و دەیەوێت ئەلفبێی سریانی بگۆڕێ بۆ ئەلفبێی لاتینی و وەک هەنگاوی یەکەمیش کتێبی "توخوقورنیا"، کە تایبەتە بۆ فێرکردنی منداڵان لە چاپ درا. وەک ئاشکرایشە، یەکیەتیی لە کاتی خۆیدا بە هەموو شێوەیەک هەوڵ و تەقەلایەکی زۆری دا، بۆ بەرپەرچدانەوە و وەلانانی ئەو هەوڵ و کۆششە، کە دەکران بۆ لێدانی شوێنەواری ژیاری و زمانە پیرۆزەکەمان. بۆ نموونەیش: پێوەندکردن لەگەڵ مامۆستایان و خێزانی منداڵاندا و ڕەفز و ڕەتکردنەوەی کتێبەکە و گرتنی پارێزەرێک بۆ شکاتکردن، لە دەسگای دەوڵەتی کاروباری بیانییان. کۆنگرە هەڵوێستی ڕاست و نەگۆڕی خۆی نوێ و دووپات دەکاتەوە، بەرانبەر بە هەر کەسێک، کە ڕێگە بە خۆی دەدات و دەیەوێت لە پایە و ڕۆڵی زمان و کەلەپوورەکەمان لە ژیاریی مرۆڤایەتیدا، کەم بکاتەوە و لێڵ و تەماوی بکات و تێکبدات. ئێمەیش هاوار دەبەین بۆ ئەو برا و هاوڕێیانەی، کە ڕەنگە

پێشکەوتنی ژیاریی ئەوروپا، کە ئێمەیش ئینکاری ناکەین، مەستیان بکات، داوایان لێ دەکەین، لە ڕووخاندنی گرنگترین پایە و بنگەی شوێنەوارماندا بەشداری نەکەن و منداڵەکانمان لەو تیپانەی، کە شوێنەوار و بیری باوباپیرانی پێ نووسراونەتەوە - لێرەشدا بوار کەمە، لەو ڕۆڵە مەزنە بدوێین، کە ئەم تیپە و ئەم زمانە لە ژیاریی مرۆڤدا بینیویانە- بێ بەری بکەن. کۆنگرە نارەزایی دەربڕی و بڕیاری ڕەتکردنەوە و ڕەفزی کاری بەڕێوەبەرایەتیی پەروەردە و فێرکردنی دا و لە سەر داوای قانوونیی خۆیشی بەردەوام دەبێت".

ئەوە هەڵوێستی، خەڵکێکی ئاگا و بەتەنگ زمان و فەرهەنگ و مێژووی خۆیانەوە هاتووە و ئێستایش لە هەموو دەمێک زیاتر و توندتر، ئەو ئاشووری و سریان و کلدانانە، باوەشیان بە فەرهەنگ و زمان و ئەلفبێی زمانەکەی خۆیاندا کردووە و هەرگیز بە خەیاڵیش بیریان بەلای گۆڕینی ئەلفبێدا ناچێت. ئەگەر جیهانگەری و مەستبوون بە ئەوروپاوە، کاریگەرییان لە سەر گەلان و وڵاتانی بێهێز و بچووک هەبووایە، ئەوا دەبوو ئەو سریان و کلدان و ئاشوورییانە، پێش هەر خەڵکێکی دیکە، ئەلفبێی خۆیان بکردبایەتە لاتینی، چونکە هەم بچووک و بێهێزن و هەمیش وەک ئایین عیساییین، کە ئەوە بۆ خۆی پاساوێکە و دەبوو هاندەرێک بووایە بۆیان، بەڵام نەء، خەڵکی ئاگا و هۆشیار، وەها هەڵەیەک ناکەن.

***ڕەوشت: دوای بڕیاری ئەتاتورک لەمەڕ ڕەتکردنەوەی ئەلفبێی عەرەبی، بەدرخانییەکان هەرچەندە چەوساوە و ئاوارەی دەستی بوون، بەڵام هەر دوای ئەم بڕیارە ئەلفبێی لاتینییان بەکار هێنا، ئێوە ئەمڕۆ چۆن ئەو هەنگاوەی بەدرخانییەکان دەخوێننەوە؟***

***شاکەلی:*** جەلادەت بەدرخان، لە ساڵی 1932دا، ئەلفبێ لاتینییەکەی خۆی بڵاو کردەوە و بە قسەی خۆی، ئەو لە ساڵی 1919ەوە، دەستی بە ڕێکخستنی ئەو ئەلفبێیە کردبوو. لە پێشگوتنی کتێبێکدا، کە لە ساڵی 1932دا، لە شام نووسیویەتی، جەلادەت بەدرخان، باسی ئەوە دەکات، کە ساڵی 1919، لە خەرپووت و دیاربەکر و چیای مەلەتیێ و لە نێو عەشیرەتی (ڕەشوان یا ڕەوان)دا، کاتێک کە لەگەڵ "مێجەر نۆئێل" ناوێکی ئینگلیزدا دەبێت، کە سۆرانی دەزانێت و هەوڵدەدات فێری کرمانجی بێت، کاتێک کە مەتەڵ و ستران و چیرۆکان کۆدەکەنەوە و دەنووسن و بەراورد دەکەن، نۆئێل بەرانبەر بە تیپی عەرەبی، تیپی لاتینی دەنووسێت و دەستنووس و خەتی خۆی بە هاسانی دەخوێنێتەوە. ڕەفیق حیلمی، لە

بەرگی یەکەمی "یادداشت"ەکەیدا، لە بارەی "مێجەر نۆئێل"ەوە، باسی ئەوە دەکات، کە: نۆئێل، یەکێک بووە لە ئەفسەرە ئینگلیزە شارەزاکانی هەرێمی کوردستان و ڕاوێژکاری شێخ مەحموود و یەکەم نوێنەری ئینگلیز بووە لە کوردستان. زمانانی فارسی و فرانسەیی زۆر باش زانیوە و لە ئێراندا زۆر ماوەتەوە. لە ڕێی سیاسەتەوە خزمەتی بریتانیای کردووە. ڕۆژی 1-11-1918، لە کۆبوونەوەیەکدا، بە خەڵکی سلێمانی، کە "عولەما، ئەشراف، سادات و توججار"ی تێدا بەشدار بوون، بە ناوی نوێنەری بریتانیاوە قسەی کردووە و بەو خەڵکەی ڕاگەیاندووە، کە شێخ مەحموود، لە لایەن حاکمی گشتیی عیراقەوە بە حوکمداری کوردستان، ناسراوە. نۆئێل و لە پشت ئەویشەوە "ویلسن"ی حاکمی گشتیی عیراق، دەیانەویست لە دەسەڵاتی شێخ مەحموود کەڵک وەرگرن و لە هەرێمی کوردستاندا، بێ هێزێکی سەربازی، دەسەڵاتی ئینگلیز جێگیر بێت و بە هۆی شێخ مەحموودەوە، سیاسەتی حوکوومەتی بریتانیا، بەڕێوە ببەن. نۆئێل، ناوی (حاکمی سیاسی) لێ نرا. حیلمی دەڵێت "زەمان بە دڵی (نۆئێل) بچوایە بەڕێوە شکم لەوەدا نیە کە بناغەی (کوردستانی گەورە)ی دائەمەزراند، نۆئێل، شوباتی 1919 چووەتە تورکیا و لە لایەن کۆمەڵگەکانی سیاسی کوردیشەوە، میر جەلادەت بەدرخان و دوو کوردی تریش گەیشتوونەتە لای و لەگەڵ "نۆئێل"دا یەکیان گرتووە و بە ناو کوردەکانی خەرپووت و دیاربەکردا سووڕاونەتەوە و بۆ کورد و کوردستان گفتوگۆیان کردووە".

جەلادەت بەدرخان، کە باسی "نۆئێل" دەکات دەڵێت:"ب بلێکرنەکە بیانی، لێ بێ دژواری دەست نڤیسا خۆ دخواند، لێ بەلێ ئەز، هەیا کو من (وو) ژ (ۆ) و (ی) ژ (ێ) دەرخستن، دکەتم هەزار دژواری"، ئەوجا دەڵێ:"د جهدا قەرارا خو دا و ژ خورا ب حەرفێن لاتینی ئەلفابێ یەک لێک ئانی" و پاشان باسی ئەوە دەکات، کە سوودی لە ئەلفبێی یۆنانی و ڕووسی و لاتینی و فرانسەیی وەرگرتووە، بۆ چێکردنی ئەلفبێی لاتینی بۆ کوردی و کاتێک تورکان ئەلفبێی لاتینی خۆیان بڵاوکردەوە ئیدی ئەمیش"ژ بونا هێمانکرنا خوەندنا نڤیسارێن مە ژ کوردمانجێن ترکیرا، مە دەنگێن هن حەرفان ب هەڤ گوهارتن ئو هەرچەند هەبو مە ئەو چەند ژ ئەلفابێ یا خوە خست نێزیکی ئەلفابێ یا ترکان کر". بەدرخان، باسی ئەوەیش دەکات، کە پرسی بە، زۆر خوێندەوار و زانا و نووسەری کورد و بیانی کردووە، بۆ نووسینی ئەلفبێ لاتینییەکەی و گوایە سێزدە ساڵ هەوڵی بۆ داوە. بە بڕوای من، جەلادەت بەدرخان، بۆ

دانانی ئەلفبێی لاتینی بۆ زمانی کوردی، پرسی بە هیچ زمانزانێکی کورد نەکردووە، بەڵکە بڕیارێکی نابەرپرسانە و سەرەڕۆیانەی، خوێندەوارێکی هزر و فەرهەنگ ئەوروپاییێندراو بووە و بە تەنێ بۆ خۆی و بێ بیرکردنەوە لە ئەنجامەکانی، داویەتی. بەدرخان، هەروەک پرسی بە کوردیزانی دیکەی کورد نەکردووە، بۆ خۆیشی زاراوەە کوردییەکانی دیکەی نەزانیوە و تەنێ لە ڕوانگەی زاراوەی کرمانجیی باکوورەوە ئەو بڕیارەی لەبەرچاو گرتووە.

مێژووی گەشەکردن و گۆڕانکاریی ئەلفبێی کوردی، پێشانمان دەدات، کە تا ساڵی 1930یەکان، تاکە ئەلفبێیەک، کورد پێی نووسیوە، ئەلفبێی کوردی"تیپی عەرەبی" بووە و هەموو کوردیش لە هەموو ناوچەیەکی کوردستاندا و هەر زاراوەیەکی بووبێت، پێی نووسیوە. گۆڕانی ڕێژیمی تورکیا، لە خیلافەتەوە بۆ کۆماریی و هاتنی موستەفا کەمال ئەتاتورک، بۆ فەرمانڕەوایی تورکیا و گۆڕینی ڕێنووس و ئەلفبێی زمانی تورکی، لە ئەلفبێی عەرەبییەوە بۆ لاتینی، کەسانی وەک "جەلادەت بەدرخان"ی خستووەتە سەر ئەو ڕایەی، کە دەبێ کوردیش ئەلفبێی خۆی بکاتە لاتینی. ئەڵبەتە جەلادەت بەدرخان بۆ خۆی باسی ئەوە دەکات. بەدرخان، لە ساڵی 1932دا و پاش ئەوەی، کە لە تورکیا ئەلفبێ کرایە لاتینی، ئەلفبێیەکەی خۆی بڵاوکردەوە و بۆ نێزیکخستنەوەیشی لە ئەلفبێی تورکی لاتینی، هێندێک دەنگی کوردی وەک دەنگە تورکییەکان لێکرد. دوای بڵاوکردنەوەیشی ئیدی بەرەبەرە، ئەلفبێ لاتینییەکەی جەلادەت بەدرخان، جێی خۆی گرت و بوو بە بنگەی نووسینی کوردی بە تیپی لاتینی و تا ئێستاش ڕۆژ لە دوای ڕۆژ لەبرەودایە.

بانگاشەی جەلادەت بەدرخان و ئەوانی وەک وی بیر دەکەنەوە و هەندێک لە خوێندووانی کورد لەمەڕ گۆڕینی ئەلفبێی کوردی، بۆ ئەلفبێی لاتینی، لە خراپی و ناپەسەندیی ئەلفبێی عەرەبی و باشی و جوانی و تۆکمەیی ئەلفبێی لاتینییەوە نییە، بەڵکە لە چاولێکەری و مۆدەیەکی باوی لاساییکردنەوەی هەموو شتێکی ئەوروپاییەوەیە و هیچی دی.

دانانی ئەلفبێی لاتینی و بڵاوکردنەوەی لە لایەن "جەلادەت بەدرخان"ەوە، نەک هەر خزمەتی بە پرسی نێزیکخستنەوەی زاراوە کوردییەکان لەیەکدی و یەکگرتنی زمانی کوردی و یەکیەتیی کورد نەکردووە، وەک بۆ خۆی باسی دەکرد "د هەرتشتی دا یەکیتی..دیەکیتی یا زمێن دا گاڤا پێشین یەکیتی یا عەزمانە"، بەڵکە گەورەترین زیانیشی بە کورد و زمانەکەی بەخشی و تاوانێکە لەهەمبەر زمانی کوردی و یەکیەتیی کورد ئەنجام درا.. ئینگلیزەکان و

فرانسەییەکان و پەیمانی لۆزان، چەند ڕۆڵێکی خراپیان لە دابەشکردنی کوردستاندا بینیوە، "جەلادەت بەدرخان"یش، کاریکی هێندە خراپی کردووە و ڕۆڵێکی هێندە خراپی، لە لەتوپەتکردنی زمانی کوردی و کورددا بینیوە. ئەو خەڵکانەیشی، ئەورۆکە شوێنپێ و ڕێگەی ئەویان گرتووەتەبەر، لە خزمەت بە لێکدابڕان و پەرتکردنی کورد و خزمەت بە نەیارانی زێتر، چ ڕۆڵێکی دیکە نابینن.

سازکردنی ئەلفبێی لاتینی بۆ زمانی کوردی، لە لایەن "جەلادەت بەدرخان"ەوە، وەنەبێ پێویستییەکی مێژوویی بێت و کورد لەبەر ئەوەی، تیپی لاتینی بەکار نەبردبێت پەکی کەوتبێت، بەڵکە بە کاریگەریی"مێجەر نۆئێل" ی ئینگلیز و لەژێر کارتێکردن و هاندانی ئەودا و بە کاریگەریی "ڕۆژێ لیسکۆ" و "تۆما بوا" و "پییێر ڕۆندۆ"، جەلادەت بەدرخان، هاتووەتە سەر ئەو ڕایەی، کە دەبێ تیپی کوردی بگۆڕێ بۆ لاتینی، چونکە "نۆئێل" وەک نوێنەرێکی ئینگلیزی کۆڵۆنیالیست و ئەوروپاییەک، دروستکردنی ڕاڕایی و دوودڵی لای جەلادەت بەدرخان و سەلماندنی پەسەندی و باشیی ئەلفبێی لاتینی لای وی، بۆ تێکدانی یەکیەتیی زمانی کوردی و دابڕینی فەرهەنگی کوردی لە فەرهەنگی ئیسلامی، بە ئەرکێکی خۆی زانیوە و هەوڵی بۆ داوە.

جەلادەت بەدرخان، هەر بە بڵاوکردنەوەی ئەلفبێ لاتینییەکەی و بە دەرکردنی گۆڤاری "هاوار"، بە کۆمەکی کۆڵۆنیالیستانی فرانسی لە شام و لە ژمارە بیستوچوارەمییەوە بە تیپی لاتینی ، ئیدی دەستی دایە پرۆژەیەک، کە لە خزمەتی کۆڵۆنیالیستان و دژ بە یەکیەتیی کورد بوو. ئەو کۆڵۆنیالیست و ئەوروپاییانە، سەرلێشێواندن و دواخستنی، نەک تەنێ کورد، بەڵکە تەواوی ڕۆژهەڵات و جیهانی سێیەم، مەبەستیانە و بە هەموو شێوەیەک و لە هەموو بوارێکیشدا کاری بۆ دەکەن. زمانیش یەکێکە لەو بوارە هەرەگرنگانە، دەنا بیانووی جوێکردنەوەی "وو" لە "ۆ" و "ی" لە "ێ"، مەسەلەیەکی هێندە گرنگ و دژوار نییە و نەبووە، مرۆڤ بخاتە سەر ئەوەی، کە دەبێ ئەلفبێی زمانەکەی خۆی بە بڕیارێکی یەک کەسیی و دەسبەجێ بگۆڕێت، وەک جەلادەت بەدرخان بۆ خۆی باسی دەکات. جەلادەت بەدرخان، بێ ئەوەی ئاگاداری ڕەوشی زمانی کوردی بێت، وەک یەکەیەکی جیانەکراوە، و بێ ئەوەی شارەزایی و زانیاری لە زاراوەکانی دیکەی زمانی کوردیدا هەبێت، و بێ بیرکردنەوە لە بەرژەوەندی کورد وەک نەتەوەیەک، و بێ لەبەرچاوگرتنی دواڕۆژی کوردستان، ئەو بڕیارە کوشندەیەی لەمەڕ گۆڕینی

ئەلفبێ داوە و بەوەیش هەڵەیەکی هێندە مەزنی کردووە، کە چاککردن و پینەکردنی یەکجار سەخت و دژوارە.

تۆ ئەگەر بنۆڕیتە چۆنیەتی گۆڕینی ئەلفبێی تورکی(عوسمانی – عەرەبی) بۆ تیپی لاتینیی یا تورکی " کەمالی"، کە بۆ خۆیان وایان ناو نابوو، ئەوەت بۆ ئاشکرا دەبێت، کە بە بڕیارێکی سەرپێی و دەسبەچێی وەک ئەوەی جەلادەت بەدرخان، جێبەجێ نەکراوە، بەڵکە بە پرۆسێسێکی دوورودرێژ و ورد و هەمەلایەنە و بەکاوەخۆ و تۆکمەدا تێپەڕیوە: تورکەکان، کە لە نێوان ساڵانی 1923-1928دا، کارێکی وایان کرد، کە هەر نووسینێک لەبارەی زمانەوە نووسرابا زۆرتر لە ڕێنووس و ئەلفبێ دەدوا. ئیدی بە هەموو شێوەیەک لێکۆڵینەوە و نووسین لە سەر ئەو مەسەلە گرنگە ئامادە دەکرا تا لە مارتی ساڵی 1926دا لە باکۆ کۆنگرەی تورکناسی بەسترا. لەو کۆنگرەیەدا مەسەلەی پەسەندکردنی ئەلفبێی لاتینی بۆ زمانە تورکییەکان وەکو یەکێ لە مەسەلە بنەڕەتەکان خرایە پێش چاو. لەو کۆنگرەیەدا بڕێ تورکناسی بە ناووبانگ لە مەسەلەکەیان کۆڵییەوە و ئەلفبێی عەرەبی و ئەلفبێی لاتینییان بە بالای یەکتر گرت و لەگەڵ یەکیان بەراوردکردن و گرنگی ئەلفبێی لاتینییان بەوردی ڕوونکردەوە و لەبەرچاوگرت. پاش کۆششێکی زۆر و پاش بەراوردکردنێکی وردی هەردوو ئەلفبێیەکە و دەمەتەقەیەکی زۆر لە سەریان، هێشتا دوابڕیاری یەکلاکەرەوەی لە سەر نەدرا و تەنێ ئەوەیە، کە ئەلفبێی لاتینی پەسەند کرا. پاش ئەو پەسەندکردنە بە دوو ساڵان و لە 9 ی ئابی ساڵی 1928دا، پاش ئەوەی، کە کەمال ئەتاتورک گوتارێکی خوێندەوە و گوتی:"زمانە شیرین و دەوڵەمەندەکەمان ئیتر لەمەوپاش بە تیپی نوێباوی تورکی خۆی دەنوێنێ. پێویستە خۆمان لە پیت و پێوار و نیشانەبەنی و نائاشنایانەی کە چەندین چەرخە بیر و هۆشیان لە چوارچێوەیەکی ئاسندا شاردووینەوە ڕزگارکەین". ئەتاتورک بە گۆڕینی ئەلفبێ و کردنی بە لاتینی، وەک خۆی دەڵێت، بۆ ئەوە بوو، کە بیر و هۆشی تورکان، لەو چوارچێوە ئاسنینە، کە تیپی عەرەبی و ئایینی ئیسلامە، ڕزگار بکات! لە یەکی نۆڤەمبەری ساڵی 1928دا، ئەنجومەنی میللەت ئەلفبێی لاتینی پەسەند کرد و چەندین کۆڕ و کۆمەڵەش، وەک "کۆڕی زمان" و "کۆمەڵی وردکردنەوەی زمانی تورکی" دانران بۆ لێکۆڵینەوە و کارکردن، لە سەر هەموو لایەنێکی زمانی تورکی. ئیدی لە پاش ئەوەوە لە بنی هەمانەکەیان دا، و خۆیان گوتەنی، خۆیان ڕزگار کرد. وەلێ ئەو خۆڕزگارکردنە هەرگیز سروشتی نەبوو و بە خواست و ئارەزووی

خەڵک و بە هۆی گۆڕانکاری نێو کۆمەڵگەوە نەبوو، بەڵکە کارێکی ناسروشتی و دەستکرد و زۆرەملێ بوو بەسەر گەلانی تورکیادا سەپێنرا و لەپێویستیی ژیانی فەرهەنگی و لەناخی گەل و پێویستییەکانیەوە هەڵنەقوڵابوو. هەربۆیە ئیدی پاش ئەوەش دوای جوێکردنەوەی ئایین لە دەوڵەت، فێرگە و خوێندگە ئاینییەکان داخران و فێرگە و خوێندنەوەی نوێباو کرانەوە. بەوەشدا دەردەکەوێت، کە بۆ دژایەتی ئایینی ئیسلام، ئەتاتورک، دەبوو مەسەلەکە لە بنەڕەتەوە هەڵتەکێنێت، ئەویش بە گۆڕینی ئەلفبێ عەرەبییەکە و کردنی بە ئەلفبێی لاتینی، کە لە ڕاستیدا ئەلفبێیەکی لاتینی نەبوو، بەڵکە تورکی بوو و تایبەت بۆ زمانی تورکی دانرابوو، هەربۆیەش بە ناوی "ئەلفبێی کەمالی"یەوە واتە: کەمال ئەتاتورکەوە ناو نرابوو.

ئەگەر بنواڕینە ئەزموونی خەڵکێکی دیکە، هەرچەند بڕێک لە کوردستان و کورد و زمانی کوردییەوە دوورن، کە تیپیان گۆڕیوە، بێگومان لەوانیشەوە هەندێک شتمان بۆ ڕوون دەبێتەوە، ئەو خەڵکەش گەلی "ڤیێتنام"ە. گۆڕینی ئەلفبێ لە ڤیێتنام، بە پرۆسێسێکی دوورودرێژدا تێپەڕیوە. ماوەی هەزار ساڵێک و تا دەوروبەری سالآنی 1800ەکان، هەموو نووسراوێک، ئیدی کتێب و هەموو شتێکی دیکە، بە تیپی چینی دەنووسران. پێش دووسەد ساڵێک، کە فرانسییەکان بۆ بڵاوکردنەوەی ئایینی مەسیحی گەیشتنە ئەو ناوە، لەگەڵ خۆدا تیپی لاتینییان گەیاندە ئەوێ و لە شارە گەورەکانی ڤیێتنامدا، لەگەڵ پرۆپاگەندەی عیسایەتیدا لە نێو خەڵکدا بڵاویان کردەوە و خەڵکیش وردەوردە دەستیان بە بەکارهێنانی کرد. ڤیێتنام تا دەوروبەری 1820، کۆڵۆنی چین بووە و لەوەش بە دواوە تا 1954 کۆڵۆنی فرانسە بووە. ئیدی بە حوکمی ئەو بار و ڕەوشە، بێگومان نەک بە بڕیار، تیپی لاتینی وردەوردە جێی تیپی چینی گرتووەتەوە. تا ئێستاش کتێب و نووسینی ڤیێتنامی، بە تیپی چینی ئەو سەردەمە، هەر ماون و زۆر شت هەن، کە هەر نەکراونەتە تیپی لاتینی. هەرچەندە لە 1920ەوە لە خوێندنگەکاندا، خوێندن و نووسین کرا بە تیپی لاتینی، بەڵام تا ئێستاش ئەلفبێی چینی هەر ماوە و خەڵک هەردوو ئەلفبێیەکە دەزانن.

خەڵک، تەنانەت ئەو تورکەیش، کە جەلادەت بەدرخان، لاسایی کردوونەوە و پێیان سەرمام بووە، دەبینین چەند بەرەبەرە و هەنگاو بە هەنگاو ئەو کارەیان ئەنجام داوە و هیچ کەس هەروا لەخۆڕا و بێ بیرکردنەوە، وەها بڕیارێکی نەداوە. ڕەنگە لێرەدا پرسیارێک وەبیردا بێت، کە بەڵێ جەلادەت بەدرخان ئەو بڕیارە سەرپێیەی بە لاتینییاندنی ئەلفبێی کوردی دا، بەڵام خۆ

ئەو نە دەنگی بە هەموو کورد ڕا دەگەیشت تا بیری لاتینییاندنی ئەلفبێی کوردییان پێ ڕا بگەیەنێت و نە دەسەڵاتداریش بوو تا بە سەر کورددا بیسەپێنێت و کەواتە ئیدی بۆ پێڕۆ کرا و جێی خۆی گرت و بوو بە ڕاستییەک؟

جەلادەت بەدرخان، لە سەردەمێکدا ئەو بیرەی بۆ هات و ئەو ئەلفبێیەی هێنایە گۆڕێ، کە سەردەمی دوای جەنگی یەکەمی جیهانی و نێوان هەردوو جەنگی یەکەم و دووەمی جیهانی بوو. لەو سەردەمەشدا کۆمەڵە بیر و ئایدیۆلۆژیایەک بە زەقی هاتبوونە ئاراوە و بووبوونە بنەمای هزری دەسەڵات و خڕبوونەوەی خەڵک لێیان و وەدووکەوتن و سەرسامبوونی خەڵک پێیان. لەو سەردەمەدا:

بیری سۆسیالیزم و کۆمۆنیزم لە 1917دا و لە شۆڕشی ئۆکتۆبەردا لە سۆڤیێت، بوو بە دەسەڵات و موژدەبەخشی "ئازادی و سەرفرازی" بۆ گەلانی جیهان.

بیری نەتەوەیی عەرەبی و بیری سەربەخۆیی عەرەب و ڕزگاربوونیان لە کۆلۆنیالیزم و چێکردنی قەوارە و دەوڵەتی نەتەوەیی عەرەبی، جێی خۆی گرت.

ناسیۆنالیزمی ئێرانی، کە ڕەزاشا نوێنەرایەتی دەکرد و لە 1925-1941 فەرمانڕەوای ئێران بوو، کۆمەڵێک گۆڕانی کۆمەڵایەتی و ئابووری و ڕۆژاوایاندنی هێنایە گۆڕێ.

ناسیۆنالیزمی تورکی(کەمالیزم)، مەبەستم سەردەمی فەرمانڕەوایی مستەفا کەمال ئەتاتورک خۆیەتی، کە لە 1923-1938 بەردەوام بوو، چونکە کەمالیزم ئێستاش ئایدۆلۆژیای دەسەڵاتی تورکیایە، کە تورکیای لە هەموو پێوەندێکی ئیسلامی – عەرەبی – ڕۆژهەڵات، دوورخستەوە.

بیری سۆسیالیزمی نەتەوەیی(نازیزم)، کە لە 1933-1945 ئایدۆلۆژیای دەسەڵات بوو لە ئەڵمانیا و خەریکبوو ببێتە گەورەترین و بەهێزترین دەسەڵاتی جیهان.

تەواوی ئەوانە چ وەک هزر و ئایدیۆلۆژیا و چ وەک دەسەڵات و نموونەی بەڕێوەبردنی دەوڵەت و جڤاک و چ وەک نەخشە و بەرنامەی کار، ئایدیۆلۆژیا و هێزگەلیک بوون، ئەگەر بە ڕواڵەتیش بێت، داوای گۆڕان و نوێژەنکردنەوە و بیرازی جڤاکیان دەکرد و دەیانەویست کۆمەڵگە و دەوڵەت سەرلەنوێ و بە جۆرێکی جیاواز دابمەزرێننەوە و دژە ئایین بوون، هەربۆیەش گەشەیان کرد و بەرەوپێش چوون و سەرکەوتن و میلیۆنان خەڵکیش وەدوویان کەوتن. ئەو ئایدیۆلۆژیانە کاریگەرییەکی وایان کردە سەر خەڵکێک لە نێو کوردیشدا و

سرووشێکی وای پێ بەخشین، کە پێیانوابێت هەموو گۆڕانیک، تەنانەت ئەگەر تێکدانیش بێت، کارێکی خاسە و دەبێ لاسایی بکرێتەوە و هەر ئەوەش وای لێ کردن، کە پەنا ببەنە بەر لاساییکردنەوە و گۆڕینی ئەوەی دەتوانرێ بگۆڕدرێ و دژایەتی ئایین، بەو هیوایەی ئەو کارانە کورد بەرەو ڕزگاربوون و ئازادی دەبەن یا بەو گۆڕینە کورد دەگاتە ئاوات و دەچێتە ڕیزی ئەوانەوە. جەلادەت بەدرخان، کە لە ژێر کاریگەری ئەو بیرکردنەوەیەدا ئەو بڕیارەی دا، دەیزانی ئەو بۆ خۆی دەسەڵات نییە، بەڵام لەوە دڵنیا بوو، کە خەڵکێکی زۆری کوردی مەستی ئەو جۆرە بیرکردنەوە و ئایدیۆلۆژیایانە، شوێنپێی ئەو هەڵدەگرن و وەدووی دەکەون. بە بڕوای من، هەر ئەو دید و بۆچوون و هزر و ئایدیۆلۆژیایانەی ئاماژەم پێدان، کە نە ئەودەمی و نە ئێستایش هیچیان بۆ کورد نەکردووە و ناکەن، هەر ئەوانەن ئێستاش خەڵک لە دەوری تیپی لاتینی خڕدەکەنەوە و ختووکەی هەستی خەڵک دەدەن. بیرکردنەوەی بەدرخان و ئەوانەی ئەودەم و ئێستایش، کە داخوازی لاتینییاندنی ئەلفبێی کوردی دەکەن، هەر یەک بناخە و سەرچاوەیان هەیە و هەر ئەو سەرچاوەیەشە، ئێستایش وا لە خەڵک دەکات پێرۆی بەدرخان بن و پەرە بەو ڕێبازەی ئەو بدەن.

جەلادەت بەدرخان و کامڕان بەدرخانی برای زۆر لە مێژ بووە لە ژێر کاریگەریی ڕۆژاوا و نێوەندە دەسەڵاتدار و بڕیاردەرەکانیاندا بوونە و خواستی ئەوانیان جێبەجێ کردووە. کامڕان بەدرخان یەکەم کوردێک بووە، کە پێوەندی بە ئیسرائیل و زایۆنیزمەوە هەبووە و کاری بۆ کردوون و بنەماڵەی بەدرخانیش هەر لە سەردەمی میرنشینییەکەیانەوە لەو جۆرە پێوەندانەیان هەبووە. ئەو جۆرە پێوەندانە و تێکەڵاوی دەسگا سیخوڕی و بڕیاردەرەکانی ڕۆژاوا و ئیسرائیل، نە ئەودەم و نە ئێستایش، هیچ کاتێک بە قازانج و سوودی کورد نەشکاوەتەوە، بەڵکە ئەوان لەو پێوەندانەدا سوودمەند بوون و کوردیش دۆڕاو. گۆڕینی ئەو ئەلفبێیەیش هەر دەکەوێتە خانەی ئەو دۆڕانە مەزنانەی، کە بە سەر کورددا هاتووە. من ئەو کارەی جەلادەت بەدرخان لە تاوان زیاتر، ناتوانم هیچ ناوێکی دیکەی لێ بنێم.

***ڕەوشت: یەکێ لەو گرفتانەی لە ئەلفبێی عەرەبیدا باس دەکرا، دەوترا بۆ فێربوونی کەسانی بێگانە زەحمەتە، باس لەوەش دەکرێت کە بەکارهێنانی تیپی لاتینی لە زمانی (دیجیتاڵ و تەکنۆلۆژیا ) نزیکمان دەخاتەوە، ئەم ڕایە چەند لە ڕاستییەوە نزیکە؟***

***شاکەلی***: ئەوانەی بانگاشەی گۆڕینی ئەلفبێی کوردی بۆ لاتینی دەکەن، باس لە هەندێک گیروگرفت و کێشەی ئەلفبێی کوردی(تیپی عەرەبی) دەکەن و بڕێک پاساو، بۆ لاتینییاندنی ئەلفبێی کوردی دێننەوە. ئەوەی ئەوان دەیڵێن لە پاساو زیاتر هیچی دیکە نین. ئەوان دەڵێن، بۆ ئەوەی بیانی فێری کوردی ببێت، تیپی لاتینی دەرمانە و چارەسەر و کارەکە فرە هاسان دەکاتەوە. من هەرگیز ئەو قسەیە بە ڕاست نازانم و بڕوام پێی نییە، چونکە ئەگەر بیانییەک بیەوێت زمانێک فێر بێت، ئەوا زۆر بە هاسانی فێری دەبێت، سا ئیدی تیپەکەی هەرچی بێت. هەزاران بیانی، بە تایبەت ئەوروپایی و ئەمەریکایی، هەن، کە عەرەبی، فارسی، عیبری، چینی، ڕووسی، سۆمالی، ئەمهاری، کۆریایی، ئوردوو، ئاشووری، ئەرمەنی، سانسکریت و... دەیان زمانی دیکە، کە بە تیپی لاتینیش نانووسرێن، زۆرچاک دەزانن و بە هاسانییش فێری بوون. مەسەلەی فێربوونی زمانی کوردی لە لایەن بیانییەوە، دەگەڕێتەوە بۆ گرنگیی کورد بۆ خۆی وەک نەتەوەیەک و ڕۆڵی کورد لە پرۆ سێس و ڕووداوە ئابووری و سیاسی و فەرهەنگییەکانی ئەمڕۆی جیهاندا. کورد، کە نە خاوەنی پێگەیەکی ئابووری و سیاسی بەهێز و کاریگەرە و نە گرنگییەکی ئابووری یا سیاسی لە سەر نەخشەی جیهان هەیە و نە گەنجینەیەکی فەرهەنگیی دەوڵەمەند و نە چ داهێنانێکی فەرهەنگیشی خستووەتە سەر فەرهەنگیی جیهانی و مرۆڤایەتی و نە زمانەکەی زمانی وڵاتێکی سەبەخۆ و ڕووگەی گەشتیارانیشە، بۆیە بیانییان هێندە وەتەنگ فێربوونی زمانەکەیەوە نین. کەوابوو ئەو باسە چ پێوەندێکی بە تیپ و ڕێنووسەوە نییە.

ئەگەر تەماشایەکی دەوروبەری خۆمان بکەین و بنۆڕینە هاوسێیەکانی کورد، عەرەب و فارس، کە کوردی عیراق و ئێران، بە تیپێک دەنووسن، هەمان تیپی ئەوانە بە تۆزێک دەستکارییەوە، ئەوان تا چ ڕادەیەک فێری کوردی بوون! من پێمولیە هەرگیز هێندەی ژمارەی قامکەکانی دەست، عەرەب و فارس نابینینەوە، زمانی کوردی بە نووسین و خوێندنەوە بزانن. هەروەها لایەنەکەی دی و هاوسێیەکەی دیکەشمان، تورک، ئەوڕۆکە کوردی تورکیا ، تیپی لاتینی بەکار دەبەن و تورکیش هەمان تیپ، چ تورکێک هەیە کوردی بە نووسین و خوێندنەوە بزانێت!

لامولیە مەسەلەکە هەرگیز کاری بە سەر تیپەوە نییە، بەڵکە بەرژەوەند و ڕۆڵی ئەو زمانە لە جیهاندا، کارەکە ساغ دەکاتەوە. بێجگە لە لایەنی ئابووری و سیاسی، ئایینیش ڕۆڵێکی مەزنی هەیە. خەڵکێکی زۆر بۆ ناسین و تێگەیشتن لە ئیسلام، خۆ فێری عەرەبی دەکەن و قورئان

دەخوێننەوە. بۆ تێگەیشتن لە جوولەکە، چ وەک ئایین و چ وەک بیر و سایکۆلۆژی، خەڵک خۆ فێری عیبری دەکەن. بۆ تێگەیشتن لە "باگاڤەگیتا"ی کریشنا و ئایینی هیندۆیزم، خەڵک خۆ فێری زمانی سانسکریت دەکەن و بۆ تێگەیشتن لە ئایینە کۆنەکانی ئێرانیش، خەڵک خۆ فێری ئاڤێستا و پەهلەوی دەکەن، بەڵام کورد لەو بارەیەشەوە کلۆڵە و خاوەنی ئەو جۆرە شتانە نییە، هەرچەندە ڕەنگە بگوترێ، کوردیش نووسراوی ئایینی تایبەتی خۆی هەیە، لەفەن "مسحەفی ڕەش" و "جلوە" و "سەرەنجام"، لێ ئەو نووسراوانە نەک هەر بیانی، بەڵکە کورد بۆ خۆیشی نەیانیبینیوە و لە نێو خەڵکدا بڵاو نەبوونەوە. جاری وایش هەیە خەڵکی لەبەر سیاسەت و بۆ چوونەناو کۆمەڵگەی کۆمۆنیستییەوە و بۆ کاری سیخوڕی، دیارە جاران، زمانی چینی و ڕووسی فێر دەبوون.

من پێموانییە، فێربوونی عەرەبی و عیبری و سانسکریت و چینی و فارسی و ئەرمەنی و تیگرینی، بۆ ئەوروپاییەک، بەو تیپانەی کە هەیانە، هەرگیز لە فێربوونی کوردی بەم تیپانەی، کە هەیەتی، هاسانتر بێت، وەلێ سێکوچکەی "ئابووری، سیاسی، ئایین"، دیارە دەکرێت "فەرهەنگ"یشیان لە هەندێک باردا بخرێتە سەر، چونکە خەڵکانیکی زۆر تەنیا بۆ شارەزابوون لە فەرهەنگی عەرەب و فارس و خوێندنەوەی ئەفسانە و شیعر و چیرۆکی عەرەبی و شاکارەکانی حافز( حافظ ) و سەعدی و عەتتار( عطار ) و ڕوومی و فیردووسی و سەدان شاکاری دیکە، لە بوارەکانی هزر و فیلۆسۆفی و مێژوو و هەموو جۆرە زانستێکدا، کە بەو تیپە عەرەبییانە نووسراون و دەنووسرێن، خۆ فێری ئەو زمانانە دەکەن، کارەکە سەختتر یا هاسانتر دەکەن.

زمانی دیجیتاڵ و تەکنۆلۆژیا، زمانی ئابووری و بازاڕ و پارەن و ئەوانەن بەرەو بە زمان دەدەن. تۆ بنۆڕە چین و ژاپۆن و ئیسرائیل و کۆریا و هیندوستان و زمانانی چینی و ژاپۆنی و عیبری و کۆریایی و هیندی، چ ڕێگرێک لەبەردەم ئەو زمانانەدا هەیە، کە هیچیان ئەلفبێی لاتینی بەکار نابەن و ئەلفبێی تایبەتی خۆیان هەیە، بەریان لە پێشکەوتن و نزیکبوونەوەیان لە تەکنۆلۆژیا و دیجیتاڵ گرتبێت و بگرێت! ئەو وڵاتانە هەر هەموویان ئەوڕۆ شانلەشانی وڵاتە هەرە پێشکەوتووەکانی خاوەن تەکنۆلۆژیا و دیجیتاڵی جیهانی، وەک ئەمەریکا و بریتانیا و فرانسە و ئەڵمانیا دەدەن و هەندێک جاریش لە پێشی ئەوانەوەن. ئەوان و بە تایبەت چین و ژاپۆن و کۆریا، تەواوی بازاڕەکانی جیهانیان بە تەکنۆلۆژیا و دیجیتاڵی خۆیان داگیر

کردووە. هیندوستان، لە بواری کۆمپیووتەر و تەکنۆلۆژیای زانیاری"IT"دا، لە دوای ئەمەریکا و ئەوانەوە، پێشەنگە. جوولەکە، گرنگترین دەسگاکانی ئابووری و میدیا و زانستگە و زانستی جیهانییان بە دەستە و خودانی مەزنترین گەنجینەی ئاوەزن لە جیهاندا. چین، وەک هێزێکی ئابووری گەورە و بەو ئەلفبێیەی خۆیەوە کە هەیەتی، بەرەو ئەوە دەچێت، لە داهاتوودا کۆنترۆڵی هەموو جیهان بکات.

مامۆستایەکی زمانی ئینگلیزی و خەڵکی شاری لەندەن بە ناوی"ئایۆنا گرانت – Iona Grant" دەیگوت، خەڵکە دەوڵەمەندەکانی گەڕەکەکانی"هۆڵلاند پارک – Holland Park" و "نۆتینگ هیل گەیت - Notting Hill Gate " ، کە دوو گەڕەکی دەوڵەمەندنشینی شاری لەندەنن، ئێستا "لەلە"ی چینی و مامۆستای چینی بۆ منداڵە گچکەکانیان دابین دەکەن، بۆ ئەوەی منداڵەکانیان فێری زمانی چینی ببن، تا لە داهاتوودا بۆیان ئاسان بێت و بتوانن لە چین و لە گەڵ چینیدا کاری ئابووری و بازرگانی ئەنجام بدەن!

زمانی سۆمالی، کە یەکێکە لە زمانە سامییەکان، بە تیپی لاتینی دەنووسرێت و ئەگەر سانایی فێربوون و نێزیکبوونەوە لە دیجیتاڵ و تەکنۆلۆژیا، بە تیپی لاتینی بووایە، ئێستا دەبوو نیوەی ئەوروپا زمانی سۆمالییان زانیبا و سۆمالیش ئێستا هێندەی ئەڵمانیا و ئیتالیا و فرانسە و ئینگلستان و...لە تەکنۆلۆژیا و دیجیتاڵەوە نێزیک بووایە. کەواتە نە هاسانی فێربوونی کوردی لە لایەن بیانییانەوە و نە نێزیکبوونەوە لە تەکنۆلۆژیا و دیجیتاڵ، چ پێوەندێکیان بە ئەلفبێی لاتینییەوە نییە و ئەوە تەنێ قسەیەکی بێ بنەما و نازانستییە.

***ڕەوشت: لە کتێبی (پرسیارەکان هێشتا تینووی وەڵامن)دا فەرهاد شاکەلی دەڵێ: کورد دووجار تووشی لێکترازان و دابەشبوون بووە، جاری یەکەم دوای دابەشبوونی کوردستان و چەسپاندنی سنووره سیاسییەکانی نێوان دەوڵەتە تازەدامەزراوەکانی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست دەستی پێکرد، بەڵام دابڕانی دووەم کە خەتەرناکتر و قووڵترە، بەلای ئەوەوە دوای پەیدابوون و تەشەنەکردنی ئەلفبێی لاتینی ڕوویدا. ئەم دەربڕینە ـ دابەشبوونی ئەلفبێی نووسین ترسناکترە لە دابەشبوونی خاک و جوگرافیا ـ بەنیسبەت منەوە شۆکێک بوو، چونکە "دابەشبوونی یەکەم" دیاریی دوژمنەکانمانە، بەڵام "دابەشبوونی دووەم" ئەمڕۆ بەناوی پێشکەوتنی کوردەوە تەرح دەکرێت، تو لەم بارەیەوە چی دەڵێیت؟***

***شاکەلی***: ئەوەی فەرهاد شاکەلی دەیڵێت، کۆڵێک ڕاستە. منیش دابەشبوون و لێکترازانی کورد، لە ئەنجامی دابەشکردنی وڵاتەکەیان( کوردستان )م پێ ئاسانتر و ئاساییترە لەو دابەشبوون و لێکترازانەی، کە لە ئەنجامی پەیدابوون و تەشەنەکردنی تیپی لاتینییەوە هاتە گۆڕێ، چونکە بەکاربردنی ئەلفبێی لاتینی بۆ زمانی کوردی بووەتە و دەبێتە هۆی دابڕان، لە هەموو مێژوو و فەرهەنگ و ئەدەبی نووسراوی کورد، کە سەرلەبەریان بە (تیپی عەرەبی) نووسراون. هەروەها دەبێتە هۆی دابڕان لە فەرهەنگی ئیسلامی، کە 1400 ساڵێکە فەرهەنگی کوردیشە. ئەلفبێی لاتینی، کورد لەو فەرهەنگە مەزنە و لە دوو زمانی مەزنی، عەرەبی و فارسی، کە کۆڵەکەی فەرهەنگی ئیسلامن، دوور دەخاتەوە. تەواوی ئەو فەرهەنگ و ئەدەبە نووسراوەی، کە ئەوڕۆکە کورد هەیەتی و شانازیی پێوە دەکات، سەرجەمی لە پاش ئیسلامەوەیە و کورد هیچ شتێکی نووسراوی پێش ئیسلامی نییە و ئەگەر هەیشبێت، ئەوا ئەوڕۆکە لە ئارادا نییە و پێشموانییە تازە پەیدا ببێت.

ئەو جۆرە دابڕانە فەرهەنگی و مێژووییە لە نێو کوردی باکووری کوردستان و کوردی کەونە سۆڤیێتدا بە ڕوونی وەدی دەکرێت. دابڕانی باکووری کوردستان ڕەوشێکی وەهای هێناوەتە گۆڕێ، کە کێشەکە تەنێ ئەلفبێ نییە، بەڵکە جۆری بیرکردنەوە و جیهانبینینیشە. ئەوان(بە تایبەت سیاسەتکار و خوێندووانیان ) بێ ئەوەی بە خۆ بزانن، تورکانە و کەمالیستانە دەهزرێن و لە بازنەی بیرکردنەوەی ڕەسمیی تورکیا و فیلۆسۆفی کەمالیزم، سەختە شێوەیەکی دیکەی بیرکردنەوە و دیدیان پێ پەسەند بێت. تەواوی ئەو ڕەوشە، کەسیەتییەکی تا ڕادەیەک تورکێنراوی لێ ئافراندوون، کە لە هەموو ڕەوتار و گوتارێکیاندا وەدی دەکرێت. زۆرجاران

دۆست و برادەری کوردی باکووری کوردستانم، کە کتێبێکی کوردی بە ئەلفبێی عەرەبی نووسراویان دیوە، بە قورئان یا هەر کتێبێکی عەرەبییان زانیوە و هەرگیز بەلای ئەوەدا نەچوون، کە ئەوە کوردییە و ئەگەر گوتوومە ئەوە کوردییە، گوتوویانە: ها سۆرانییە! کوردی بە لای ئەوانەوە، تەنێ ئەوەیە، کە بە تیپی لاتینی نووسرابێت. ئیدی دابڕان و نەگبەتی دەبێ چۆن بێت!

تەواوی ئەو نەوەیەی، بە ئەلفبێی لاتینی گۆشکراوە، کە باس لە شیعر، چیرۆک، شانۆنامە، مێژوو یا هەر شتێکی دیکە بکرێت، پێیانوایە لەو کاتەوە دەستپێدەکات، کە "جەلادەت بەدرخان" گۆڤاری "هاوار"ی دەرکرد و ئەلفبێی لاتینی هاتە ئاراوە و پێش ئەوە ئیدی کورد خاوەنی هیچ نەبووە. ئەم دیتنە هیچی لە دیتنێکی تورکانەی کەمالیستانەی، بە تیپی لاتینی ڕاهاتوو، کە نەک هەر فەرهەنگ، تەنانەت مێژووی وڵاتەکەیشی لە لاتینییاندنی زمانەکەیەوە دەبینێت، دوور نییە. با لێرەدا و لەم بارەیەوە، لەبارەی خۆناسین و خۆلەبیرچوونەوەوە، گێڕانەوەیەکی بیریاری مەزن، "دۆکتۆر عەلی شەریعەتی"ت، وەبیر بهێنمەوە، کە زۆر جوان مەبەستی ئەنگاوتووە و نموونەیەکیشی هێناوەتەوە، کە کتومت لەو نموونانەی سەرەوە دەچێت و ڕێک واقیعی ئاستی بیرکردنەوەی لاتینینووسانی کوردیشت دێنێتە بەرچاو:

شەریعەتی دەڵێ:"کە لە سویسراوە بۆ ئێران دەگەڕامەوە، هاوڕێیەکەم خوێندکارێکی زانستگە بوو. تورک بوو و خەڵکی ئیزمیر بوو. ئەندازیاری کشتوکاڵ بوو و لە سویسرا خوێندبووی. چ هاوڕێیەک لەمە باشتر دەبێت؟ لە دڵی خۆمدا گوتم: ئەم هاوڕێیە زۆربەی خاڵە نادیار و گرێ ناڕوون و شاراوە و تەماوی و وردەکانم لەمەڕ "هونەری پێکهاتنی کۆمەڵگەی تورکی"یەوە، لەڕووی ئایینی و فەرهەنگی و سیاسی و جڤاکییەوە بۆ ڕوون دەکاتەوە و هەر بە نووکی پەنجەکانی ئەو کارەش دەکات. ئەو لاوێکی خوێندووی دنیادیدە بوو و فرانسەییش بە چاکی دەپەیڤی. لە گفتوگۆیەکانمدا لەگەڵیدا لە ماوەی چەند ڕۆژدا هیچم سوود لێ وەرنەگرت...ئەمەش چیرۆکێکی دیکەیە. کە گەیشتینە ئیستەنبووڵ، ڕێپێوان و پێشاندانێکی لەشکریمان دیت..پرسیم: دەبێ ئەمە چی بێت؟ گوتی: لەشکری تورک ئاهەنگی چل ساڵەی دامەزراندنی دەگێڕێت. گوتم: چل سەدە؟ پێکەنی و گوتی: نا، هۆشت لە کوێیە، چل ساڵ. جاری دووەم پرسیمەوە: چل چی؟ دووبارە جەختی کردەوە: چل ساڵ. پاشان بۆی ڕوون کردمەوە، کە من مێژوو و ڕابردووی تورکیا نازانم و گوتی: دەوڵەتی تورک و زانستگە و

ژیاری و بنگە کۆمەڵایەتی و فەرهەنگییەکان و حوکوومەت و لەشکر لە تورکیادا، هەمووی پێش چل ساڵان دامەزراون. ئیدی دوای ئەوە نەمتوانی تەحەممولی بکەم و لە هاوڕێیەتی ئەم بیریارە، کە سەر بە نەتەوەیەکی نوێباو و تازەکییە، کە مێژووی دەگەڕێتەوە بۆ نیوەی تەمەنی مرۆڤێک، هەڵاتم. وام دەهاتە بەرچاو، ئاسمانی قوستەنتینییە هێشتا دوا ڕووداوی مەزنی لەبیرە و بۆ منیش وەک ئەوە وابوو، کە دوێنێ ڕوویدابێت. لەشکرەکانی موحەممەدی فاتیح ساڵی 1453ی زایین، بە دەرکەکانی ئەم شارەدا، کە دڵی ئیمپراتۆریای ڕۆژهەڵاتی ڕۆمانی بوو و مەزنترین نێوەندی ژیاری سەدەکانی ناڤین بوو، وەژوورکەوتن و مەسیحایەتییان بە ژیاریی ڕۆژهەڵاتیی نەتەوەییەوە، لە کەناری زەریای ناوەڕاستەوە هاوێژتە کەنارەکەی دیکە، ئەم ساڵەش(کە نەک ساڵی دامەزراندنی لەشکری تورکیای موسوڵمانی ئەمڕۆیە) بە کۆتایی چاخەکانی ناڤین و سەرەتای چاخی نوێ لە ڕۆژاوادا دانرا. ئەم لاساییکەرەوە بۆشە لەخۆنامۆیە سەیدا ئەندازیارە، کە لە سویسرا خوێندوویەتی و سۆزی(سبەینێ) دەبێتە مامۆستایەک لە زانستگەدا، یا دەبێتە وەزیری کشتوکاڵ لە دەوڵەتێکدا، کە سەرتەڵ و هەڵبژاردەی چینی بیریاری کۆمەڵگەکەیەتی، نازانێت لەشکرەکە پێش شەش سەدە دامەزراوە. لەو کاتەوە، کە گەورەترین کاری سەربازیی ئەنجام دا، ئەو کارەی، کە بووە دەسپێکی بەشێک لە بەشەکانی مێژووی مرۆڤایەتی. هەر لەو کاتەش بە دواوە، مەزنترین ئیمپراتۆریای لە سەدەکانی ناڤین و نوێدا دامەزراند و دەسەڵاتی بە سەر تەواوی دەوڵەتەکانی ئەوروپای ڕۆژهەڵات و یۆناندا گرت. ئەو مزگەوت و پەرستگە مەزنانەی، باپیرانی لە یۆگوسلاڤیا، بولگاریا، ڕۆمانیا و یۆنان، چێیان کرد، ئێستاش نیشانەی مەزناهی و هێز و دەسترۆیشتوویی سیاسی و فەرهەنگی و هزریی ئەوانن. ئەوان تا فرانسە و ئیتالیا چوون و ڤیەننایان تا سەرەتای سەدەی هەژدەیەم و نۆزدەیەم، چەندجاران گەمارۆ دا. لە زەریای ناڤیندا گەورەترین هێزی زەریاییان هەبوو...چی دی بڵێم؟ پێش هەزار ساڵ بەری جەنگی خاچپەرستی و لافاوی هێرشی چەکدارانەی گەلەکۆمەکی ڕۆژاوای دژ بە وڵاتە ئیسلامییەکان گرت. ئێستاکەش شمشێر و قەڵغان و تۆپەکانیان، کە ئایەتی جیهادیان لە سەر نەخش کراوە، لە مۆزە سەربازییەکاندا لە ئەوروپا، سەرنجی هەرکەسێک، تەماشایان بکات، ڕادەکێشێت...چی دی بڵێم؟ پێش ئەوەی ناوی ڕۆژاوای نوێ لە جیهاندا هەبێت و ڕۆشنایی ئیسلامیش لە خۆرهەڵاتەوە هەڵبێت، ئەم خاکە لانکی ژیاریی بیزەنتی و ڕۆمانی ڕۆژهەڵات بووە. مێژووی هەزار ساڵی ئەم ئوممەتەش نیشانەی هێزی لەشکریی و

ژیاریی و زانست و باوەڕ و فەرهەنگ و ئیمپراتۆریای جیهانی و دەسەڵاتی ڕەهایە بە سەر کەوشەنێکدا، کە دەکەوێتە نێوان خۆرهەڵات و خۆراواوە. لە نێوان جیهانی ژیاریی کۆن و جیهانی ژیاریی نوێدا، سێبەری هەردوو باڵی لەیەک کاتدا بەسەر ڕۆژهەڵات و ڕۆژاوادا، پەخش کردبووەوە. تا جەنگی یەکەمیش مەزنترین هێزی ئیمپراتۆریایی و سەربازی بوو لە ئەوروپا و بەشێکی مەزنی ئاسیادا. عەرەب و یۆنان و باکووری ئەفریقا و تەواوی ئەوروپای خۆرهەڵات، لەژێر دەسەڵاتیدا بوون. پێش چل ساڵان، لە ئەنجامی تەکنیکی سەربازیی ئەوروپایی لە پشتییەوە و خەنجەری ئێرانی- عەرەبی لە پێشییەوە، بە سەر ئەژنۆیدا دادەچەمێتەوە و کڕنووش دەبا، و ئینگلیز وڵاتی عەرەبی لێ دەستێنێتەوە، و ئەوروپا، یۆنان و بولگاریا و ڕۆمانیا و یۆگوسلاڤیای لێ دادەبڕێت و لە تەنگەیەکدا ئابلۆقەی دەدات. پاشان ئەتاتورک و لاوانی خوێندووی ئەوروپایێندراو، کە سوڵتانی عوسمانی بۆ خوێندنی تەکنیکی سەربازیی ئەوروپایی و زانستی ئەوروپایی نوێ و زمانانی ئەوروپایی و زانیاری و ژیاریی ئەوروپایی، شاندبوونی بۆ ئەوەی ڕووبەڕووی هێرشی سەربازی و ئابووری و سیاسی و فەرهەنگیی ئەوروپا بوەستنەوە، دەسەڵاتیان گرتە دەست. ئیدی ئەو هێزە جیهانییە مەزنە، پارچەپارچە بوو. ئەو ئیمپراتۆریا عوسمانییە پان و بەرینە گۆڕا و بوو بە دەوڵەتێکی بەزیوی لەتلەتکراوی بچووک. لەو هەموو وڵاتە ڕۆژاوایی و ئاسیایی و ئەفریقاییانەش تەنێ ئیستەنبوول و ئەنقەرەی بۆ دەمێنێتەوە. پاشانیش تیپی لاتینی دەبێتە ئەلفبێی و وەچەیەکی نوێ پەیدابوو و بەو ئەلفبێیە فێر دەبێت و وەها باوەڕ دەهێنێت، کە مێژووی ئەو لە چل ساڵ پێشترەوە دەستپێدەکات، واتە: لە جەنگی یەکەمی جیهانییەوە یا بە تەواوی لەو کاتەوە، کە بەزێنران و لەتلەتکران و گەیشتنە ئەوپەڕی لاوازی و بێبایەخی و دزێوی. لەشکریش — لەگەڵ ئەو هەموو داستانی قارەمانییەتییەی، کە لە ڕابردوویدا هەیە- مێژووی لەو ساتەوە دەست پێ دەکات، کە بەزێنراوە....سەیرە و چ سەیرێک".

ئەمەی شەریعەتی دەیگێڕێتەوە، نموونەیەکە بۆ هەموو لاتینینووسێکی باکووری کوردستانیش، کە لە ڕووی زمان و فەرهەنگەوە، بە موو لە تورک، جوێ ناکرێنەوە و ئەوانیش لەو باوەڕەدان، کە مێژوو، فەرهەنگ و ئەدەبیاتی کورد، لەگەڵ لاتینییاندنی ئەلفبێی کوردیدا، سەریان هەڵداوە.

تاقیکردنەوەی مامۆستایەکی زمانی کوردیت بۆ دەگێڕمەوە، کە پێوەندی بە باسی دابڕانەوە هەیە: لە خوێندنگەیەکی باژێڕی کارڵسگووگە"Karlskoge"ی سوێد، وانەی زمانی کوردیم دەگوتەوە. لە پۆلەکەمدا دوو شاگردم لابوون، تەمەنیان 11 و 12 ساڵان بوون، برا بوون، خەڵکی باکووری کوردستان بوون و بە کرمانجی ژووروو قسەیان دەکرد. نێزیکەی چەند مانگێک وانەم پێ گوتنەوە، ئەڵبەتە بە تیپی لاتینی و کرمانجی ژووروو، واتە وەک ئەوەی، کە خۆیان دەیانویست. پاش ئەو ماوەیە پێم گوتن، ئەگەر هەوڵی ئەوەیش بدەین، لە مانگێکدا یەک دوو سەعاتێک تەرخان بکەین، بۆ فێربوونی تیپی کوردیی باشوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بۆ ئەوەی فێر بن و شارەزا بن لەو شێوە نووسینەدا و زێتریش لەبەر ئەوەی منداڵە کوردەکانی دیکەی هاوەڵیان بەو تیپانە دەیانخوێند، بۆ ئەوەی ئەمانیش چاویان بەو تیپانە ڕا بێت. ئیدی ئەوانیش گوتیان باشە. هەر یەکەمجار، کە کتێب و کەرەستەی خوێندنم، بۆ بردن و دەستمکرد بە ڕوونکردنەوە بۆیان و بۆم نووسین، کە گەڕانەوە ماڵێ و ڕۆژی دووەم هاتنەوە، گوتیان: باوکمان دەڵێ ئەمە عەرەبییە و کوردی تەنێ بە لاتینی دەنووسرێت. گوتم باشە مەیخوێنن. ئیدی هەر لە دوای ئەوەوە هەر، کە کتێب و نووسین و وانەی منداڵەکانی دیکەیان دەدیت، دەیانگوت ئەمە عەرەبییە و کوردی نابێ وا بێت. بەرەبەرە لە خوێندنی لاتینییەکەیش سارد بوونەوە و لە نێو خۆیاندا بە تورکی قسەیان دەکرد. کە دەمگوت بۆ تورکی قسان دەکەن، مەگەر ئێوە کورد نین، دەیانگوت ئێمە کوردین..تورکین..تورکین..کوردین. مەسەلەکەم بە باوکیان ڕاگەیاند. باوکیان یەکێک بوو لەوانەی، کە لە نێو حیزبێکی کوردیدا، خۆی بە سەلجووقە و سەرکردە دەزانی، بەم شێوەیە وەرامی دامەوە:"جا برا پێویستە تورکییەکە بزانن و تورکی زمانی یەکەمیان بێت و چ شەرمیش نییە ئەگەر لە ماڵەوە بە تورکی قسان بکەن. تورکی زمانێکی گەورەیە و ئێمە بە کوردی چیمان هەیە! ئەو زارۆکانە سبەینێ، کە مەزن دەبن کوا کتێبی فیلۆسۆفی بە کوردی هەیە! مارکس، ئەنگڵز و لێنین، کوا بە کوردی هەن! هەر دەبێ بە تورکی بیخوێننەوە". پێم گوت:"کاکە ئەگەر ئێمە بە دەستی خۆمان خۆمان بتوێنینەوە، ئیدی بۆ ڕەخنە لە تورک و عەرەب و فارسەکە بگرین، یا بۆ سیاسەت دەکەین! بۆ خوێندنەوەی مارکس و لێنین دەبێ منداڵەکانت فێری تورکی بن، بەڵام ناتەوێت منداڵەکانت، بۆ ئەوەی خانی و جزیری و نالی و مەولەوی و حاجی قادر و شێخ ڕەزا و مەحوی و گۆران بخوێنێتەوە، فێری کوردی بن".

نموونەیەکی دیکەت بۆ باس بکەم: لەگەڵ هەڤاڵێکمدا، یادی بەخێر، کە خەڵکی دەڤەری بادینان بوو و زانستگەیشی لە عیراق بە عەرەبی خوێندبوو، لە سوید جارێکیان باسی کتێب و چاپەمنی و خوێندنەوەی کوردیمان دەکرد، گوتی:"من بە تیپی عەرەبی ناتوانم بخوێنمەوە، کوردی هەر بە لاتینی دەخوێنمەوە".

گەڕەکێک لە لەندەن هەیە بە ناوی "هارینگەی-Haringey"، شەقامێکی زۆر درێژی تێدایە بە ناوی "گرین لەین – Green Lane"، ئەمبەر و ئەوبەری ئەو شەقامە و کۆڵانەکانی سەر ئەو شەقامە هەموو، فرۆشگە و چێشتخانە و قاوەخانە و شیرینیفرۆش و سەوزە و میوەفرۆش و تەراشخانە و دۆکتۆر و هەموو جۆرە شتێکی دیکەیە و لە سەر تەواوی ئەو شوێنانەیش ناوەکانیان بە تورکی نووسراون و بەشێکی زۆریان ناوی تورکییان هەیە و لەناو ئەوانیشدا ناوی هەندێک باژێڕی کوردستان( دیاربەکر، حەڕان، غازی عەنتەب ) و ناوی وەک( مزگین، دیار، شیروان ) هەن. بەشێکی زۆری ئەوانە کوردن، بەڵام تۆ هەرگیز ناتوانیت بزانیت ئەوانە کوردن یا تورکن، چونکە بە دەگمەن و هەڵە و ڕێککەوتیش وشەیەکی کوردیت بەر گوێ ناکەوێت و تاکە زمان لەوێ تورکییە و جارجاریش وشەیەکی ئینگلیزی دەژنەفیت. لە یەکێک لە کۆڵانەکانی ئەو شەقامەدا، بنکەیەکی گەلێک گەورە و فرەوانی کۆمەڵەیەکی کوردی هەیە، کە سەر بە هەڤاڵانی "پەکەکە"یە. کە دەچیتە ژوورەوە، یەک وێنەی لادیواریی گەورەی "عەبدوڵڵا ئۆیجالان"، کە دەستی بڵند کردووەتەوە و سڵاوت لێ دەکات و پێشوازیت لێ دەکات و دەیان وێنەی شەهیدان بە دیوارەکانەوە هەڵواسراون و تەلەڤزیۆنێکی زەلام پێیە، لێ ئەوەی گوێت لێ نابێت، زمانی کوردییە، هەموو گەورە و گچکە، ژن و پیاو، بە تورکی دەپەیڤن و کۆڵێکیش لەکنیان ئاساییە. ئەگەر ئەوە دابڕان نەبێت دەبێ چی بێت!

ئەلفبێی لاتینی وەچەیەکی وای هێناوەتە بەرهەم، دۆمەڵان ئاسا، بێ ڕەگوڕیشە و بێ هەستکردن، بەو ماڵوێرانی و دابڕان و پێ لە زەوی بڕاوی و لە هەوادا مەلەکردن، ڕێک وەک ئەوەی عەلی شەریعەتی، لەمەڕ وەلانانی ئەلفبێی عەرەبی و هەڵبژاردنی تیپی لاتینی بۆ ئەلفبێی تورکییەوە ئاماژەی پێ دەکات و دەڵێت: "وەچەیەکی نوێ فێری بوو و پەروەردە کرا، ئیدی ئەوانە وا باوەڕیان هێنا، کە مێژووی ئەوان لەو ساڵانەوە دەست پێ دەکات، کە ئەلفبێ بووەتە لاتینی". ئەگەر ئەوە، ئەودەمەی شەریعەتی ئەوەی گوتووە، پاش چل ساڵان، لە گۆڕینی ئەلفبێ و بە شێوەیەکی بنەڕەتی و وەک پرۆسێسێکی لەسەرەخۆ و تۆکمە و نەخشەبۆداڕێژراو، حاڵی

تورکی خودان دەوڵەت بێت، دەبێ کوردێکی بە لاتینی نووس، چی بەسەر بێت و چۆن بیر بکاتەوە!

موحەممەدی مەلا کەریم لە بارەی ئەلفبێی لاتینییەوە دەڵێ: "پێوەندیمان بە کەلەپووری کۆنی خۆمان و گەلانی عەرەب و فارسەوە ئەبڕێت، کە ناتوانین نەڵێین بەشێکی گەورەی بناخەی کولتوورمانی لێ پێک دێت".

تۆ تەماشایەکی ئەو گەلە موسوڵمانانەی یەکیەتیی سۆڤیێتی کۆن بکە، کە چۆن یەکیەتیی سۆڤیێت، بە زۆر و تۆبزی ئەلفبێی ڕووسی بە سەریاندا سەپاند و دەستیانی لە ئەلفبێیەکانی خۆیان پێ هەڵگرتن، تەنێ بۆ ئەوەی پێوەندیان بە کەلەپووری کۆنی خۆیان و گەلانی عەرەب و فارسەوە، کە بەشێکی گەورەی بناخەی فەرهەنگیانی لێ پێک دێت، نەمێنیت و بەو کارەش بە تەواوی لە فەرهەنگی ئیسلام و گەلانی هاوئایین و هاوزمانی خۆیان دابڕێن. لە هەمان کاتیشدا، کە ئەو سیاسەتەی سۆڤێت لەهەمبەر گەلانی موسوڵمان ئەنجام دراوە، گەلانی ئەرمەن و گورۆزینی، کە ئەوانیش لە نێو هەمان سۆڤیێتدا دەژیان، ئەلفبێی خۆیان هێڵرانەوە و نەگۆڕدران و نەکران بە ڕووسی. گەلانی موسوڵمانی سۆڤیێت، تەنانەت گەلانی دیکەی ناموسوڵمانیش، لە سایەی سۆڤیێتدا، چ پاشەڕۆژێکی گەش و ڕووناکیان نەبوو، بەڵکە کۆڵێکیش سەختیی و ناهەمواریيان تووش بوو. ڕادەی دواکەوتوویی سۆڤیێتیش، ئەگەر بۆ خەڵکی دیکە هەندێ کون و کەلەبەری ژیانی فەرهەنگییانی پڕ کردبووبێتەوە، ئەوا بۆ ئەوان( گەلانی موسوڵمان ) نەک هەر پڕی نەکردبووەوە، بەڵکە کون و کەلەبەری دیکەی بۆ کردبوونەوە و پتر ڕووساندبوونی و لە فەرهەنگی خۆیانی داماڵییوون. لەبیرچوونەوەی تیپی عەرەبی و فارسی، زیانێکی زۆری بە پێوەندی فەرهەنگیی ئەم گەلانە بەراوردووی خۆیان و گەلە موسوڵمانەکانی هاوسێیانەوە گەیاند، کە ئەمە ڕاستییەکی حاشا هەڵنەگرە. هەر بۆیەش پاش ئەو گۆڕانانەی، لە سۆڤیێتدا هاتنە ئاراوە و پاش نەمانی سۆڤیێت، گەلانی موسوڵمانی ئەوێش، ئازەری و تاجیک و ئۆزبەک و...داوای گەڕانەوەیان بۆ ئەلفبێی عەرەبی و فارسی جارانی خۆیان کرد، چونکە پاش ئەو گۆڕانانە و پاش تێپەڕبوونی شێست حەفتا ساڵێکی ژیانیان لە ژێر دەسەڵاتی ڕووسیدا، زیان و مەترسی ئەو دابڕان و بچڕانی پێوەندەیان بۆ دەرکەوت. دیارە کوردیش بە تیپی لاتینی، هەرگیز لەوان باشتری بەسەر نەهاتووە، بەڵکە هەر زۆر خراپتریشی بەسەر هاتووە و

دێت، چونکە هەر نەبێت ئەوان قەوارەیەکی سیاسی خۆیان هەبووە و هەیە، چ لە نێو سۆڤییێتدا بووبێتن یا لە دەرێی سۆڤییێت.

دانانی ئەلفبێی لاتینی و بەکاربردنی بۆ زمانی کوردی، لادانە لە قانوونێکی سروشتیی زمانەکە و رێک وەک دەرچوونی شەمەندەفەرێکە لە هێڵەکەی خۆی. زمانی تورکییش بە هۆی ئەتاتورکەوە تووشی ئەو دەردە بوو. بۆ کورد دەبێ شەفەندەفەرە لە هێڵ دەرچووەکە بگێڕدرێتەوە سەر هێڵە ڕاستەکەی خۆی، نەک هەموو شەمەندەفەرەکانی دیکەش بە سەر هێڵە چەوتەکەدا بڕۆن و هەڵەکانی زمانی تورکی و ئەتاتورک دووپات بکەنەوە. ئەلفبێی کوردی (تیپی عەرەبی) بزاڤ و گیانێکی زیندوو بووە و هەیە لە نێو ژیانی کورددا و تێکەڵە بە ویژدان و بیرکردنەوە و مێژووی کورد، بە بەکاربردنی ئەلفبێی لاتینی ئیدی کورد نووسراوی سەر کێلی گۆڕەکانی باوان و باوک و باپیر و داپیریشی بۆ ناخوێنرێتەوە و لەوەش بێبەریی دەبێت. کەواتە کورد لەپێناوی چیدا ئەو پێوەندەی ببڕێت و چاوەڕوانی چ خێر و بێرێکی تایبەتی بێت لە بەکارهێنانی تیپی لاتینی!

بە پەیدابوونی تیپی لاتینی ئەو پێوەند و یەکیەتییە فەرهەنگی، زمانی، هەستی، ویژدانی، گیانەکییەی نێوان کورد و کورد نەما و کوردەکەی باکووری کوردستان، تا هات و تا دێت لە کوردەکەی باشوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستان، دوورکەوتەوە و دووردەکەوێتەوە و تا دێتیش لە تورک و زمانی تورکی و فەرهەنگی تورکی و بیرکردنەوەی تورکیی (کەمالیزم)ەوە، نێزیکتر دەبێت و پتر تێکەڵی دەبێت و تێیدا دەتوێتەوە. تا ئەم ئەلفبێیە لاتینییە نەهاتبووە گۆڕێ، مەلا و فەقێ و خوێندکاری هەموو پارچەکانی کوردستان، بێ گوێدانە سنوورەکانی نێوان وڵاتانی داگیرکارانی کوردستان و بێ گوێدانە جیاوازی زاراوە، بە نێو یەکدا دەهاتن و دەچوون و سوودیان، لە مامۆستا و زانست و خوێندن، لە هەموو قوژبنێکی کوردستان وەردەگرت. هەرچی مزگەوتەکانی جزیرە و بۆتان و ئامەد و حەڕان و تەنانەت ئیستەنبوول و باژێڕە تورکەکانیش بوون، جممەیان دەهات لە خوێندکاری کوردی باشوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستان و بە پێچەوانەیشەوە. ئەو سنوورانەی نێوان تورکیا(باکووری کوردستان) و عیراق(باشووری کوردستان) و ئێران (ڕۆژهەڵاتی کوردستان) و سووریا(ڕۆژاوای کوردستان) و ئەو نەخشە شەیتانییانەی وڵاتانی ئیمپریالیزم بە دابەشکردنی کوردستان و ئەو

دەسەڵاتە دڕندە و نامرۆڤانەی فەرمانڕەوایانی ئەو وڵاتانەی کوردستانیان لە نێواندا بەشراوەتەوە، هیچیان هێندەی تیپی لاتینی، کوردیان لەیەکدی دانەبڕی!

ژنێکی فلستینی، کە مامۆستای زمانی عەرەبی بوو لە ستۆکهۆڵم، پێش چەند ساڵێک پرسیاری ئەوەی لێ کردم، بۆ وانەی کوردی بە دوو سێ منداڵی کورد، کە لەو فێرگەیەدا بوون، ئەو کاری تێدا دەکرد، ناڵێمەوە، چونکە مامۆستای کوردییان نەبوو. گوتم:"منداڵەکان خەڵکی کوێن؟" گوتی:"وا بزانم کوردی تورکیان". گوتم:"ئەوان بە کرمانجی ژووروو و تیپی لاتینی دەخوێنن و من بە کرمانجی خواروو و تیپی عەرەبی وانە دەڵێمەوە". گوتی:"جا کە واتە دوو زمانی کوردی هەن! واتە ئێوە دوو میللەتن". گوتم:"نەخێر یەک زمانی کوردی هەیە و ئێمە یەک میللەتین، بەڵام بارودۆخی جوگرافی و سیاسی و دابەشبوونی کورد بە سەر چەند وڵاتێکدا و نەبوونی قەوارەیەکی سیاسی و...وای لێکردووین". گوتی:"جا خۆ ئێمە بیست سی زاراوەمان زیاتر هەن و جیاوازیی هێندێکیشیان دەگاتە ڕادەی لێکتێنەگەیشتن و لەگەڵ ئەوەشدا یەک زمانی نووسین و یەک ئەلفبێمان هەیە. سیاسەت و سنوور و دابەشبوون کەی کاردەکەنە سەر یەکیەتی زمان و ئەلفبێ". من بۆ خۆم زۆر بڕوام بە وەرامەکەی خۆم بۆ ئەو خانمە نەبوو و زۆر چاکیش دەمزانی ئەو ڕاست دەکات و قسەکەی ئەو دروستە. دەردەکە لە بنەڕەتدا سنوور و زاراوە نەبوو و نییە، بەڵکە تیپی لاتینییە و هیچی دی.

دایکم، کە باسی کەسێکی سەرلێشێواو و گومڕێی کردبا دەیگوت:"نە کەر خوایە و نە ڕایەت بەنە" واتە"نە بەندەی خودایە، کە لە ژێر فەرمانی ئەودا بێت و بە گوێی ئەو بکات و نە ڕەعیەتی خەڵک و بەندەکانی خودایشە، کە هەوڵێک بۆ دنیا بدات"، مەبەستی دەستبەربوون بوو لە هەردوولا، واتە: وەک "کوردەکەی لە هەردوو جەژن بوو". ئێستا لاتینینووسانی کورد، هەم لە عەلی بوون و هەم لە عومەریش، هەرچی فەرهەنگی نووسراوی کورد و عەرەب و فارسە، کە تیپی عەرەبین، لە دەستیان چووە و سەری لێ دەرناکەن و بۆ ئەوان لەگەڵ زمانی چینی و عیبریدا چ جیاوازییەکیان نییە، بەو لاتینییەش نە بوونەتە ئەوروپایی و نە پێشکەوتوون، بەڵکە پتر لە زمان و فەرهەنگ و جیهانبینی تورکی و تورکەوە نێزیک بوونەوە.

***ڕەوشت: دەكرا بەدیاریكراوی پەنجە بخەنە سەر هەریەک لەو كێشە و گیروگرفتانەی كە لە هەریەک لەو پیتانەدا هەیە لە كاتی بەكارهێنانیاندا بۆ دەنگەكانی زمانی كوردی، داخۆ بە بەراورد گرفتی كامیان گرانتر و بنچینەییترە؟.***

***شاكەلی:*** یەكێک لەوانەی داوای لاتینییاندنی ئەلفبێی كوردی(تیپی عەرەبی) دەكرد، سادیق بەهائوددین ئامێدی، بوو. ئامێدی ئەم كێماسییانە لە ئەلفبێی كوردی(تیپی عەرەبی)یدا دەستنیشان دەكات:

1. نەبوونی دەنگی(وی-Ü،û ) وەک ئەوەی، لە توركی و ئەڵمانیدا هەیە و لە سوێدییشدا بە(Y) دەنووسرێت، بۆ نموونە: شێوەی دەربڕینی ئەم وشانە: سوور، دوور، دوو، موو، توو، بوو، بووک، خەسوو، خەزوور، گوو، تووتن، تووتی، تووڕک(توودڕک)، هوون(ئێوە)، نووا(پێش)، لووت، تووتكە، چوو و...، كە لە دەڤەری بادینان، نەک هەمووی، و لە زاراوەی لوڕی و دەڤەری كرماشان و ئیلام و خانەقین و لە هەندێک ناوچەی گەرمێندا لە خوارووی كوردستان دەبنە: سویر، دویر، موی، توی، بوی، بویک، خەسوی، خەزویر، گوی، تویتن، تویتی، تویڕک، هوین، نویا، لویت، تویتكە، چوی و...، كە بە ئەلفبێی كوردی(تیپی عەرەبی) نانووسرێن. هاوڕێم فەهمی كاكەیی، نووسەر و ڕۆژنامەنووس، بۆی گێڕامەوە گوتی:"لە سەردەمی پێشمەرگایەتیدا، جارێكیان لە مامۆستا "مەلا عەزیزی سیامەنسووری"، كە كادرێكی كۆنی پارتیی دیموكراتی كوردستان بوو، پرسیم: مامۆستا گوو خۆشە یا گوی. ئەویش گوتی: وەڵڵا برا گوی وەدەم خۆشە". مەبەستی هەردووک كاكەیی و سیامەنسووری لە "گوو" و "گوی"، شێوەی دەربڕین و دەنگەكەیان بووە.

2. دەنگی (i)ی تیپی لاتینی، كە عەرەب بە "الكسرةالمختلسة" ناوی دەبات، بە تیپی كوردی نانووسرێت.

3. دەنگی (ز) بۆ: بەز، پەز، زاڤا و...، كە لە هەندێک دەڤەری بادینان بە (ظ) دەردەبڕدرێت، واتە: ناتەواوییەكە نەبوونی(ظ)ە.

4. دەنگی (ت) بۆ: تاڤ، تۆڤ، تەڤ، تاری و...، كە لە هەندێک ناوچەی بادینان و هەندێک وشە لە زاراوەی سلێمانیدا، بە (ط) دەردەبڕدرێت، واتە: ناتەواوییەكە نەبوونی(ط)ە.

5. دەنگی (س) بۆ:ساڵ، ساڤا، ساماڵ، سوور و...، كە لە هەندێک ناوچەی بادینان و هەندێک وشە لە زاراوەی سلێمانیدا، بە (ص)دەردەبڕدرێت، واتە: ناتەواوییەكە نەبوونی(ص)ە.

ئەو دەنگانەی "ئامێدی" بە کێماسییان دادەنێت و لە ئەلفبێی کوردی (تیپی عەرەبی)دا بەکار نابرێن یا دەبرێن، بەرهەمی پرۆسێسێکی دووروودرێژە و لە ئەنجامدا وای لێ هاتووە. دەنگی(وی-Ü،û ،y)، کە هەندێک ناوچەی بادینان و لوڕ و زەنگاباد و چەند دەڤەرێکی گەرمێن بەکاری دێنن، هەموو کورد بەکاری ناهێنێت، منیش پێموایە هەبوونی باشە و دەبوو تیپێکی بۆ دانرابا، بەڵام کە نییە و دانەنراوە، لوڕێک و زەنگابادییەک و گەرمێنییەکیش ناتوانن بە تیپی کوردی و بە زاراوەی خۆیان ئەو دەنگە بنووسن، لەگەڵ ئەوەشدا ئەوان قایلن بەوەی، کە نییە و نانووسرێت و وەک خەڵکەکەی دیکە دەنووسن و ڕەخنەش ناگرن. دەنگی (ط، ظ، ص) عەرەبین و تەنانەت فارسیش، کە بەکاریان دەبەن، وەک کورد دەیانکەنە (ت،ز،س)، هەرچەندە ئەوان( فارس) دەیاننووسن، وەلێ وەک عەرەب نایانخوێننەوە، ئیدی ئەگەر بە تەنێ لە ئامێدی وا بگوترێ، خۆ هەموو کورد وا ناڵێن. ئەگەر بەو پێوەرە بێت، خۆ دەبێ کوردێکی هەورامییش داوای ئەوە بکات، کە دەنگی (ذ، ث)، کە لە هەورامیدا هەن و زۆریش بەکار دەبرێن و لە ڕێنووسی کوردی ئەمڕۆدا بوونەتە (ز، س) و فارسیش دەنووسن (ذ، ث)، بەڵام بە(ز، س) دەیخوێننەوە، بنووسرێن. ئەو دەنگانەی(وی-Ü / û،y، ط، ظ، ص)، کە لە ئەلفبێی کوردی (تیپی عەرەبی)دا نانووسرێن و ئامێدی بە کێماسی و کەلێنیان دادەنێت، لەو تیپە لاتینییانەیشدا، کە "جەلادەت بەدرخان" دایناون و ئەو بەلایەوە پەسەندن و ئەوڕۆ کوردی باکووری کوردستان پێی دەنووسن و وا بەرەو ئەوەیش دەڕوات، تەواوی کوردانی سەر بە زاراوەی کرمانجی ژووروو بیکەن بە ئەلفبێی خۆیان، لەوێشدا بەکار نابرێن و نانووسرێن و نین.

ئەگەر بەو شێوە بکرێت، کە ئامێدی دەیەوێت و ئەلفبێیەکە بە دڵی خەڵکی ئامێدی بێت و (ط، ظ، ص) و ئەوانە بگێڕدرێنەوە بۆ ئەلفبێی کوردی(تیپی عەرەبی)، ئەوا دەبێ(ث، ذ)یشی بۆ زیاد بکەین، چونکە لە هەورامان بەکار دەبرێن و لەبەر خاتری خەڵکی هەولێریش، هەرچی (ڵ)ە، بکرێن بە (ر)، "دووکەڵ" و "ماڵ" و "گوڵ"، بکرێن بە "دووکەر" و "مار" و "گور"، لەبەر سلێمانییانیش هەرچی (ەند، ەن)، بکرێن بە (نگ) و (س، ت)یش، لە "سەد" و "تایە" و "سەگ"دا، بکرێن بە (صەد، طایە، صەگ) و لەبەر موکریان و ئەو ناوەش، هەرچی (ر) بکرێن بە (ڕ)، "شەراب" بکرێت بە "شەڕاب" و "فرانسە" بکرێت بە "فڕانسە" و "پرۆسێس" بکرێت بە "پڕۆسێس" و "حەرام" بکرێت بە "حەڕام".

بۆ کورد دانانی تیپی (ز) لە بری(ذ، ز، ض، ظ) و دانانی (س) لە بری(ث، س، ص) و دانانی(ت) لە بری(ت، ط)، کە لە عەرەبیدا هەن، بارێکی گەورە و گرانمان لە سەر شان لادەبات و دەبێ نەمانی ئەو دەنگانە و کردنیان بە یەک دەنگ، بە پێشکەوتن و سەرکەوتن بدەینە قەڵەم، بەڵام ئەگەر بێتو بۆ هەموو دەنگێکی شێوە جیاجیاکانی زمانی کوردی تیپێکی تایبەت دابنرێت، ئەودەمی تیپەکانی ڕێنووسی زمانی کوردی گەلێک زۆر دەبن. هەرچەندە من بۆ خۆم ئێستاکە لە سەر ئەو ڕایەم، کە دانانی هەندێک تیپی وەک"وی(Ü،û ، y)، وێ(ö) و ئەلکەسرەلموختەلیسەی عەرەبی، واتە: تیپێک لەبری"، کارێکی پێویستە بۆ ئەلفبێی کوردی(تیپی عەرەبی).

زۆرێک لە کوردانی سەر بە زاراوەی کرمانجی ژووروو و لە نێویشیاندا "جەلادەت بەدرخان" و "سادیق بەهائوددین ئامێدی" و هی دیکەیش، کە بانگاشەیان بۆ لاتینییاندی ئەلفبێی کوردی کردووە، وەنەبێ هەر ئەو کێماسییانەیان لەبەرچاو گرتبێت و بڕێک وردە سەرنجیان بووبێت یا هەبێت، بەڵکە ئەوان هەر پێیان باشتر بووە، کرمانجی ژووروو بە لاتینی بنووسرێت و پێیانوابووە، ئەلفبێی کوردی(تیپی عەرەبی) بۆ نووسین بە کرمانجی ژووروو دەست نادات و ناڕێکە و ناتەواویی زۆرە و کرمانجی ژووروو بە تیپی لاتینی نەبێت هەرگیز باش و ڕەوان و دروست نایەتە نووسین.

هەرچی گیروگرفتی ئەلفبێی لاتینییە ڕەنگە بتوانین لەم چەند خاڵەدا دەستنیشانیان بکەین:

1. ئەو دەنگانەی، کە بەشێکی زۆریان عەرەبین و هەندێکیشیان دەنگی ڕەسەنی کوردیین، وەک (ث، ح، ذ، ص، ض، ط، ظ، ع، غ) بە تیپی لاتینی نانووسرێن. ئەمڕۆ، کە شیعری مەلای جزیری، خانی، نالی، مەحوی، شێخ ڕەزای تاڵەبانی و تەنانەت گۆرانیش، کە دەکرێنە تیپی لاتینی، ناتەواوییەک و کەلێنێکی زۆر گەورە وەپێش دێن، ئەویش نەبوونی ئەو تیپانەیە، کە لە عەرەبیدا هەن و لە لاتینیدا نین. ئەو دیاردەیە بە زۆری لە شیعری کلاسیک و ئەدەبییاتی کلاسێکدا، وەپێش دێت. بێجگە لەوانەش، تیپی(ح، ع، غ)، کە لە ئەلفبێی کوردی(تیپی عەرەبی)دا هەن و لە زمانی کوردیدا و لە هەموو زاراوەکاندا هەن و بەکار دەبرێن، لە لاتینییەکەدا دەبنە(X،E،H)، کە لەگەڵ(هێ، ئە/ ە، خ)دا چ جیاوازییان نییە. حەسەن، حوسەین، حەسیرەکە(گەڕەکێکی شاری کەرکووکە)، حەمە، موحەممەد، ئەحمەد، حاڵ،

حەپەی سەگ، حیلکەی ئەسپ، حوکوومەت، حەکیم، عەلی، عالم، عالەم، عەلیم، باعەباع، عیسا، عەرەب، جومعە، دەعبا، دەعەجانی، غالی، غاردان، غەوزی بەغدا، غەزاڵ، غەیرە، غەبغەبە و...لە لاتینییەکەدا دەبنە: هەسەن، هوسەین، هەسیرەکە، هەمە، موهەممەد، ئەهمەد، هاڵ، هەپەی سەگ، هیلکەی ئەسپ، حوکوومەت، هەکیم، ئەلی، ئالم، ئالەم، ئەلیم، بائەباء، ئیسا، ئەرەب، جومئە، دەئبا، دەئەجانی، خالی، خاردان، خەوزی بەخدا، خەزاڵ، خەیرە، خەبخەبە و... دیارە هەرچی وشەگەلی قورئانیشە وەک: (رحمن)، (رحیم)، (عبس)، (والضحی) و...لە لاتینییەکەدا دەبنە: (ڕەهمان)، (ڕەهیم) ، (ئەببەسە)، (وەززوها )و...ئەوەدەمیش قورئان بۆ کوردانی موسوڵمان لە قورئانیەتی دەکەوێت و دەبێتە شتێکی دیکە.

2. دەنگی(ڵ، ڕ)، کە لە کرمانجی خواروودا هەن، لە لاتینییەکەدا نانووسرێن: گوڵ، گەڵا، دڵداری، قەڵەو، دەڵپ، بەڵا، دەڵاڵ، پڵاو، پاڵتۆ، پێڵاو، ناوگەڵ، گەماڵ، مڵە، لێڵ، کەڕ و لاڵ، ماڵ، ڕاز، دڕک، مەڕ، زەڕەی نێرەکەر، تڕ، پڕ، قڕەقڕ، مشتومڕ، بڕین و...لە لاتینییەکەدا دەبنە: گول، گەلا، دلداری، قەلەو، دەلپ، بەلا، دەلال، پلاو، پالتۆ، پێلاو، ناوگەل، گەمال، ملە، لێل، کەر و لال، مال، راز، درک، مەر، زەرەی نێرەکەر، تر، پر، قرەقر، مشتومر، برین و...

من لەو بڕوایەدام، کێشە و گرفتی ئەلفبێی لاتینی گەلێک زۆرتر و بەرینترە و چارەسەرکردنیشی گەلێک دژوارترە، هەرچی ئەلفبێی کوردی(تیپی عەرەبییە)، بە بڕێک ماندووبوون و کارێکی یەکجار کەم و کات بۆ تەرخانکردنێک، بە ئاسانی ئەنجام دەدرێت، بەڵام پێش هەر شتێک دڵسۆزی و لێبڕان و بڕیاری دەوێت!

***ڕەوشت: ئەو دەستکەوت و پێشکەوتن یاخود گرفت و کێشانە چین، ڕووبەڕووی ئەو بەشانەی کوردستان بوونەتەوە، کە پیتی لاتینی بەکار دەهێنن؟***

***شاکەلی:*** ئەو بەشانەی کوردستان، کە تیپی لاتینییان تێدا بەکار دەبرێت، باکوور و ڕۆژاوای کوردستانە. بەڵام لەو بەشانەدا بە جۆرێکی فرەوان بەکار نابرێت، چونکە هەم ڕێگە پێ دراو نییە و قەدەغەیە و هەمیش زمانی خوێندن و ڕەسمی و میدیا نییە. دیارە کوردانی باکوور و ڕۆژاوا، پتر ئەو تیپانە لە ئەورووپا بەکار دەبەن. کوردانی سۆڤییەتی جارانیش ئەورۆ پتر لاتینی بەکار دەبەن. من بەشبەحاڵی خۆم، هیچ جۆرە دەسکەوت و پێشکەوتنێک، لە بەکارهێنانی تیپی لاتینیدا نابینم و پێشموانییە کوردانی ئەو بەشانە چییان وەدی هینابێت.

ئەوەی من دەیبینم، کۆمەڵێک گرفت و کێشەیە، تووشی بوون و ڕووبەڕووی بوونەوە، کە تاڕادەیەکی زۆر بۆ خۆیان هەستی پێ ناکەن و بیری لێ ناکەنەوە و پێی نازانن. ئەو گرفتانە ڕەنگە لەم خاڵانەدا خۆ بنوێنن:

1. بەکاربردنی تیپی لاتینی، بووەتە هۆی دابڕانێکی تەواوی ئەوانەی بەکاری دەبەن، لە تەواوی فەرهەنگێکی کوردی، کە بە ئەلفبێی کوردی (تیپی عەرەبی) نووسراوەتەوە. ئەمە وەنەبێ تەنێ ئەوە بگرێتەوە، کە بە زاراوەکانی کرمانجی خواروو(سۆرانی)، هەورامی یا لوڕی نووسراونەوە، بەڵکە تەنانەت ئەوانەیش دەگرێتەوە، کە بە کرمانجی سەروویش، بەڵام بە تیپی عەرەبی نووسراونەوە، وەک: جزیری، خانی، فەقێ تەیران، بایەزیدی، برێفکانی و...ئەوەی بە کرمانجی سەروو لە باشوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا و بە تیپی عەرەبی نووسراوەتەوە.

2. بەکاربردنی تیپی لاتینی، بووەتە هۆی دابڕانێکی تەواوی ئەوانەی بەکاری دەبەن، لە تەواوی فەرهەنگی عەرەبی و فارسی و ئەو زمانانەی دیکەی بە تیپی عەرەبی دەنووسرێن. ئەمەش بووەتە هۆی ڕکبوونەوەی لاتینینووسان، لە هەموو نووسینێکی هەردوو نەتەوەی سەردەست، عەرەب و فارس، کە بووەتە هۆی هەوڵدان بۆ خۆجوێکردنەوە و خۆدابڕین لەوان، لە هەموو ڕوویەکەوە. دیارە لە ڕووی سیاسی و ئابوورییەوە جێی خۆیەتی، لێ لە ڕووی کۆمەڵایەتی و ئایینی و فەرهەنگییەوە، کارێکی نادروستە و ناکرێت و وەها کارێک لە دیتنێکی نەتەوەیی تەسک و دابڕانێکی فەرهەنگی و کاڵفامی زێتر هیچی دیکە نییە.

3. گرفتێکی هەرە مەزنی لاتینینووسان و ئەوانەیشی بانگاشەی بۆ دەکەن و ئەو دەڤەرە جوگرافییایەیشی تێیدا بەکار دەهێنرێت و ئەو خەڵکانەیشی سەرسامن پێی، ئەوەیە ئەوان دیتنێکی ئەنتی ئیسلامی"دژەئیسلامی" فرە خەست و توندیان هەیە و دژی هەموو پێوەندێکن لەگەڵ ئیسلامدا و لەگەڵ هەموو خۆدابڕینێکن لە ئیسلام. گەلێک لەو کوردە "هاوچەرخ و نوێخواز و پێشکەوتنخواز" و "ئەوروپاییندراو" و "مەستی جیهانگەری"یانە، پێیانوایە تەواوی نەگبەتی و کلۆڵی کورد، بە هۆی ئیسلامەوەیە و ئیسلام بە هۆی دواکەوتنی کورد دەزانن. ئەو دواکەوتن و کلۆڵی و نەهامەتی کوردەیش، ئەوان لە ئەلفبێی عەرەبیدا دەیبینن.

ئێمە ئەگەر لە ڕووی مێژووییەوە بنۆڕینە سەرەتای هەوڵدانی خۆقوتارکردن لە تیپی عەرەبی و سازکردنی تیپی لاتینی، دەبینین لە کەسانێکەوە، کە هەم ناکورد"غەیرەکورد" و هەم ناموسوڵمان "غەیرەموسوڵمان" بوون، دەستیپێکردووە و سەریهەڵداوە، کەسانێکی وەک: "مێجەر

سۆن"، "ئیسحاق مۆرگۆڵۆڤ"، "ڕۆژی لیسکۆ"، "تۆما بوا"، "پییەر ڕۆندۆ" و "میجەر نۆئێل"، کە هەندێکیان هاندەری جەلادەت بەدرخان بوونە، بۆ دانانی ئەلفبێ لاتینییەکەی. ئەو کەسانەیش وەک ئایین مەسیحی بوون و بە مەبەست، هەوڵی دوورخستنەوەی کوردیان، لە ئەلفبێی عەرەبی- ئیسلامی داوە.

ئەو دەنگانەی، لە نێو کورد خۆیدا، کە پێیانوایە ئیسلامبوونی کورد، هۆی پاشکەوتنیەتی، هیچ بناخە و بنەمایەکی زانستی و وردبینانەیان نییە و چ بەڵگەیەکی سەلمێنەر و قایلکەریش بۆ پشتیوانیی بۆچوونەکانیان نییە. ئێمە ئەگەر بنۆڕینە جیۆگرافیای کوردستان و تەواوی خۆرهەڵاتی نێوەڕاستیش، دەبینین جڤاکگەلێکی ناموسوڵمان وەک: فەلە"دیان، مەسیحی، عیسایی"، لەنێو ئەو وڵاتانەی ئەو دەڤەرەدا دەژین. ئەو فەلانەش بە سەر کۆمەڵێک نەتەوە و گەلدا دابەش دەبن؛ وەک: "ئەرمەن"، "ئاشووری"، "کلدان"، "سریان" و... هەندێک لەو نەتەوە و گەلانەیش، هەر لە سەرەتای مێژووەوە، لەو خاکەدا ژیاون و خودانی شارستانییەت و فەرهەنگەلێکی مەزنیش بوونە و بۆ نووسینی زمانەکانیشیان، ئەلفبێی تایبەتی خۆیان هەبووە و هەیە و بە نێزیک تیپی لاتینیشدا هەرگیز نەچوون. بێجگە لەو "دیان"انە، خەڵکانی دیکەش، کە وەک ئایین؛ "ئێزدی"، "یارسان"، "عەلەوی"،"دورزی"، "مەندائی، سابیئە" و "زەردەشتی"ن، و وەک نەتەوەیش؛ کورد، عەرەب، تورک یا فارسن و لەو دەڤەرە ژیاون و دەژین و هەندێکیشیان ئەلفبێی تایبەتی خۆیان هەبووە و هەیە. باشە ئەگەر ئیسلام، کوردی دواخستبێت، ئەی ئەوانە بەو ناموسوڵمانیەتییەی خۆیانەوە، بۆچی نەک هەر پێشنەکەوتوون، بەڵکە گەلێک لە کوردە موسوڵمانەکان دواکەوتووترن!

4. خۆ بە پێشکەوتنخواز و هاوچەرخ و نوێخواززانیی، وای لە هەندێک کوردی لاتینینووس کردووە، کە تیپی لاتینی بۆ هەموو کورد هەڵبژێرن و بە باشی بزانن، چونکە تیپی لاتینی زمانگەلێکی پێشکەوتووی وەک ئینگلیزی و فرانسەیی و ئەڵمانی و سپانیۆلی و... پێ دەنووسرێن، کە زمانی دەیان وڵاتی پێشکەوتوون، بەڵام تیپی عەرەبی و فارسی لە وڵاتانی ڕۆژهەڵات و ئیسلامیدا بەکار دەبرێن، کە وڵاتگەلی جیهانی سێیەم و چوارەمن. ئیدی بۆوەی کوردیش لە دواکەوتوویی و ڕۆژهەڵاتیەتی دوورکەوێتەوە، بە ڕای ئەمانە، دەبێ تیپی لاتینی بەکار بهێنێت. ئەم بیرکردنەوەیە ئەنجامێکی هێندە خراپی بە دواوەوەیە، ئەویش سڕینەوەی

هەرچی فەرهەنگێکی کوردە، کە بە ئەلفبێی کوردی(تیپی عەرەبی) نووسراوەتە، کە دەکاتە تەواوی گەنجینەی فەرهەنگی کوردی.

ئەوەی پێیوایە، ئەگەر زمانی کوردی بە ئەلفبێی لاتینی نووسرا، ئیدی کوردییش دەچێتە ڕیزی زمانە پێشکەوتووەکانی وەک، ئینگلیزی و فرانسەیی و ئەڵمانی و ئیسپانیۆلی و...، هەڵەیەکی یەکجار گەورە دەکات، چونکە تەکنۆلۆژیا و پێشکەوتنی ئابووری و جڤاکی و هەلومەرجی ژیان و خۆشگوزەرانیی ئەو گەلانەی، کە خۆیان خاوەنی ئەو زمانانەن - ئەورووپا، نەک وڵاتانیک، کە بندەست و داگیرکراو بوونە و بە تۆبزی فێری ئەو زمانانە کراون - چەندین سەدە لە پێشی کوردەوەن، بەو پێشکەوتنەش زمان پێشدەکەوێت و مەسەلەکە چ پێوەندی بە تیپگۆڕینەوە نییە و بە تیپی لاتینی خەڵک پێش ناکەوێت. ئەگەر وا بووایە، دەبوو زمانی تورکی و سۆمالی، کە ئەوڕۆ بە تیپی لاتینی دەنووسرێن، لە ڕیزی ئینگلیزی و فرانسەیی و...دا بووایەن، یا بە هۆی ئەلفبێی لاتینییەوە، تورکیا و سۆمال لە ڕیزی وڵاتانی ئەورووپای ڕۆژاوا و ئەمەریکادا بووایەن و ژاپۆن و چین و کۆریا و ئیسرائیلیش، کە ئەلفبێی تایبەتی خۆیان هەیە، لە ڕیزی وڵاتانی جیهانی سێیەم و چوارەمدا بووایەن. لە کاتێکدا کە تەواو بە پێچەوانەوەیە، تورکیا و سۆمال، دەرۆزە دەکەن و ئیسرائیل و ژاپۆنیش ملانێی ئەمەریکا و ئەورووپای ڕۆژاوا دەکەن.

ئەگەر زۆریی خەڵکیش، کە بە ئەلفبێی لاتینی دەنووسن بکرێتە پێوەر، ئەوا چین، کە یەک ملیار مرۆڤە، بە ئەلفبێی لاتینی نانووسن. بێجگە لەوانیش زمانانی دیکەی وەک، عەرەبی، فارسی، ئوردوو، هیندی، ژاپۆنی، کۆریایی، عیبری، ئەرمەنی، تیگرینی، ئەمهاری، گورژۆزینی، بەنگالی و...دەیانی دیکەش، بە ئەلفبێی لاتینی نانووسرێن، کە ئەمانەش لەگەڵ چینییەکاندا دەگەنە سێ - چوار ملیار و پتر. هەرچەندە کەم و زۆری خەڵکانێک، کە کام ئەلفبێ بەکار دەبەن، چ گرنگییەکی نییە.

**5**. ئەلفبێی لاتینی کارێکی وای کردووەتە سەر زاراوەکانی زمانی کوردی، کە پتر لەیەکی دوورخستوونەوە. ئەوڕۆ ئەگەر لە ڕووی زمانەوانیشەوە یەک زمانی کوردی هەبێت، لە واقیع و پراکتیکدا یەک زمانی کوردیی یەکگرتوو و ستاندارد، کە هەموو کوردی هەموو کوردستان پێی بخوێننەوە و بنووسن و بپەیڤن، نییە، بەڵکە زۆر ئاشکرایە، زمانی کوردی، ئێستا بە چەند ئەلفبێ و زاراوە دەنووسرێت. کرمانجی سەروو/(تیپی لاتینی، تیپی عەرەبی،

تیپی کریلیک)، دملی(زازاکی)/ تیپی لاتینی، کرمانجی خوارووی/ تیپی عەرەبی. بە دەگمەن هەڵدەکەوێت کوردێک، هەردوو زاراوەی (کرمانجی ژووروو و کرمانجی خواروو)، بە ڕێکوپێکی و بە تەواوی بزانێت، ئەگەر بڵێم هەر نییە، ڕەنگە درۆ نەبێت. بۆ کوردێک، کە بە کرمانجی خواروو و تیپی عەرەبی دەخوێنێتەوە و دەنووسێت، فێربوونی کرمانجی ژووروو بەو تیپە لاتینییەی، هێندەی فێربوونی زمانێکی بیانی سەختە. بۆ کوردێکیش، کە بە کرمانجی ژووروو و تیپی لاتینی دەخوێنێتەوە و دەنووسێت، فێربوونی کرمانجی خواروو و بە تیپی عەرەبی، هەمان سەختیی هەیە. خۆ ئەگەر باس لە دملی (زازایی) و ئەلفبێی کوردیی سۆڤییێت بکەین، ئەوا مەسەلەکە یەکجار ئاڵۆز و سەخت و دژوار دەبێت. بۆ یەکێکی نەک هەر ناکورد، بەڵکە بۆ کوردیش، فێربوونی ئەو هەموو کوردییانە، وەک فێربوونی سێ چوار زمانی بیانی وایە. ئەگەر خۆمان نەخاپێنین و بە چاوی واقیع بنۆڕینە مەسەلەکە، پێموایە جیاوازیی نێوان نۆرویژی و سوێدی، کە دوو زمانی سەربەخۆن، گەلێک کەمترە لە جیاوازیی نێوان زاراوەی هەولێر و سلێمانی و جیاوازیی نێوان دانمارکی و سوێدی، کە دوو زمانی سەربەخۆن، گەلێک لە جیاوازیی نێوان کرمانجی ژووروو و کوردیی فەیلی کەمترە. پێموایە ئەگەر هەموو کورد، هەر بە ئەلفبێ کوردییەکەی خۆیان(تیپی عەرەبی) قایل بووایەین و قایل ببن و بەو زاراوەی کرمانجی خوارووە، کە لە سەردەمی میرنشینی بابان و نالی شاعیر و 1922ەوە، کە بووە زمانی فێرکردن لە باشووری کوردستاندا، تا ڕادەیەک بووەتە زمانی ئەدەبیی یەکگرتووی کوردی لە باشوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا و زۆر لە مێژە جێی خۆی کردووەتەوە و چەسپاوە و بووەتە زمانی خوێندن و کارگێڕی و میدیا، بیاننووسیبا و بیریان لە یەکیەتیی زمانی کوردی بکردبایەوە، کارەکە وای بەسەر نەدەهات و جیاوازیی نێوان زاراوەکانیش هێندە مەزن و زەق نەدەبوو. ئەو زاراوە بەو ئەلفبێیەیەوە، کە ئەوڕۆ بووەتە زمانی ستاندارد لە دوو بەشی کوردستاندا، ئەگەر بکرێ بە زمانی ستانداردی هەموو کوردستان، ئەودەم ئیدی چ گیروگرفتێک نامێنێت و چۆن هەرچی عەرەبی جیهان هەن، بە جیاوازی ئەو هەموو زاراوانەیانەوە، کە هەیانە و جیاوازی هەندێکیان دەگاتە ڕادەی لێکتێنەگەیشتن، لە دەوری یەک زمانی ستاندارد خڕبوونەوە، کە بنەمای تەواوی فەرهەنگ و شارستانییەت و مێژوویانە و لە بنەڕەتیشدا زاراوەیەکی بچووکی هۆزێکی عەرەبە، کە "قورەیش"ە و دواتریش، بووەتە زمانی قورئان و ئیدی بووەتە زمانی هەموو عەرەب و زمانی ئایینی ئیسلامیش. کە زمانە

کوردییەکەیش وای لێهات و بوو بە زمانی خوێندن و زمانی ڕەسمی، ئەودەمی چ کێشەیەک نە بۆ کورد و نە بۆ ناکوردیش وەپێش نایەت.

6. ئەلفبێی لاتینی هەستێکی وای لای زۆر کورد، بە تایبەت ئەوانەی بە کرمانجی ژووروو دەنووسن، ئافراندووە، کە زێتر خۆ بە کرمانج، نەک کورد بزانن، یا بە دەربڕینێکی دی تەنێ کرمانجی ژووروو، نەک زاراوەکانی دیکە، بە زمانی کوردی بزانن. دروستبوونی ئەو هەستە و گەلاڵە و تەشەنەکردنی، لەو باس و نووسین و بانگەواز و داخوازییانەوە هەڵدەقوڵێت و سەرهەڵدەدات، کە ساڵانێکی زۆر و دوورودرێژە، کەسانێکی زۆر هەوڵی بۆ دەدەن و بانگی بۆ دەدەن. جەلادەت بەدرخان و سادیق بەهائوددین ئامێدی، لە سەرووی ئەو کەسانەوەن، هەردەم لەوە دواون، کە تیپی لاتینی پڕبەپێستی دیالێکتی کرمانجی ژوورووە. زۆری دیکەیش هەمان بیروڕایان هەیە و ئەوڕۆکە لە ئەورووپایش لەو دەنگانە زۆرن و زۆر خەڵکیش بە مەبەست و لە زانینەوە، کار بۆ ئەوماڵجیایی و لێکدابڕانە دەکەن. لە ئەورووپا و شوێنگەلی دیکەیش زۆر گۆڤار و ڕۆژنامەی کوردی بڵاودەبنەوە، کە بە دوو سێ زاراوە و دوو ئەلفبێ دەردەچن. تەلەڤزیۆن و میدیاکانی کوردستان و شوێنانی دیکە، هەردەم بە چەند دیالێکتێکی کوردی پەخش دەکەن. بێجگە لەوانەش دەیان کتێب ئەوڕۆکە لەم زاراوەوە وەردەگێڕدرێتە سەر ئەو زاراوەی دی، نەک هەر ئەلفبێیەکەی دەگۆڕدرێت، بەڵکە زمانەکەیشی، ڕێک وەک ئەوەی، ڕووسی بکرێتە عەرەبی یا سپانیۆلی بکرێتە فارسی و...ئەز بۆ خۆم هەرگیز ئەو دیاردەیە بە نیشانەی لەشساغی دانانێم و هەرگیز لەگەڵیدا نیم و ئەوەش بێجگە لەوەی، کە سەختیی جیاوازیی دیالێکتە کوردییەکان دەسەلمێنێت، دیاردەیەکی شووم و پڕ لە نەگبەتییشە، کە پتر بە زانینەوە و بۆ خۆمان مەسەلەکە سەختتر دەکەینەوە و کۆمەک بە لێکدابڕان دەکەین.

7. ئەلفبێی لاتینی، کارێکی وای کردووە، کە نووسەرێکی کورد، یا شاعیرێکی کورد، تەنێ دەنگی بە نیوەی، بڕێک زیاتر یا کەمتر، خوێندووی کورد بگات. ئەمەش ڕەوشێکی وای دروست کردووە، کە نووسەر و شاعیرانی کورد، تەنێ لە لایەن خەڵکانێکەوە بخوێنرێنەوە، کە بەو ئەلفبێیەی ئەوان پێی دەنووسن، دەخوێننەوە و ئەوانەی ئەلفبێیەکەی دیکە بەکار دەبەن، نایانخوێننەوە و تەنێ لە نێو جیۆگرافیای ئەلفبێیەکەی خۆیشیدا دەناسرێتەوە. نووسەرێکی کورد، کە بە تیپی لاتینی دەنووسێت، تەنێ خەڵکانێک دەیخوێننەوە، کە بە تیپی لاتینی دەخوێننەوە. دیارە ئەو نووسەرەیش، بە ئەلفبێی کوردی(تیپی عەرەبی) دەنووسێت، ڕەوشی لە

ڕەوشی نووسەری یەکەم باشتر نییە. هەر یەکێک لەو نووسەرانەش ئەگەر باس لە ئەدەبییاتی کوردی بکەن، بە تایبەت ئەدەبییاتی ئەمڕۆ(تازە)ی کورد، هەر باس لە ئەدەبییاتێکی کوردی دەکەن، کە بەو ئەلفبێیەی خۆیان نووسراوە و دەنووسرێت. بە دەگمەن هەن ئەوانەی، کە چوونیەک و بێجیاوازی و لێزانانە، لەگەڵ هەردوو یا هەرسێی ئەلفبێدا مامەڵە بکەن. لە چل(40) میلیۆن کورد، ڕەنگە لە باشترین حاڵدا 30%ی، کە دەکاتە دوازدە(12)میلیۆن، خوێندەوار هەبێت. لەو دوازدە میلیۆنە 1%ی ئەگەر نووسین و خوێندنەوەی هەردوو ئەلفبێیە سەرەکییەکان، عەرەبی و لاتینی بزانێت، ئەوا دەکاتە 120هەزار کەس. من، لە باشترین حاڵدا، لەو بڕوایەدام، نەک 120هەزار کەس، بەڵکە 1200 کەس، کە دەکاتە 0،01%ی سەرجەمی خوێندووی کورد و 0،003%ی سەرجەمی کورد، نییە، بتوانن ئەو دوو ئەلفبێیە وەک یەک بەکار ببەن و ئاگاداری هەموو شتێکی سەر بە ئەلفبێیەکەی دیکەیش بن. ئەگەریش هەبن، دەبێ سوپاسگوزار بین. ئەگەر نووسەر یا شاعیر یا باسکارێکی عەرەب یا فارس یا تورک، تەواوی خەڵکانی سەر بەو گەل و نەتەوانە بیانخوێننەوە و بیانناسن، ئەوا لای کورد ئەو ڕەوشە نییە. دەکرێ نووسەرێکی عەرەب، ناوی "نووسەری هەموو عەرەب"ی لێ بنرێت، وەلێ نووسەرێکی کورد، لەبەر ڕەوشی زمان و ئەلفبێیەکەی، هەرگیز نابێتە "نووسەری هەموو کورد"، بەڵکە لە باشترین حاڵدا "نووسەری نیوەی کورد" یا "نووسەری سێیەکی کورد"ە و بەوەش، دەبێتە "نیوەنووسەر" یا "نووسەرۆکە" یا "مینی نووسەر" یا شتێکی دیکە. هەرچی ڕەوشی سترانبێژ و شانۆکار و سینەماکار و مووزیکژەنە، تا ڕادەیەک حاڵیان لە حاڵی نووسەران باشترە، چونکە ئەوان هێندە ئەلفبێ و نووسین بەکار ناهێنن.

هاوینی 1984، لە "خوێندنگەی بەرزی گەلیی بیسکۆپس ئارنۆ - Biskops Arnö Folkhögskola" لە "بیسکۆپس ئارنۆ Biskops Arnö " لە سوێد، خول(کۆرس)ێکی یەک حەفتەیی کرابووە، بۆ باسکردن لە بارەی زمان و مێژوو و ئەدەبی کوردییەوە. نێزیکەی سی چل کوردێک، بەشدارییان تێدا کرد و منیش یەکێک بووم لەوان. فەرهاد شاکەلی و ڕەشۆ زیلان، سەرپەرشتکارانی خولەکە بوون. یەکێک لە چالاکییەکانی کۆرسەکە ئەوە بوو، بانگهێشتنی هەندەک خەڵکی شارەزا و لێزان لە بواری ئەدەب و زمان و مێژووی کورددا بکرێت، بۆ ئەوەی لێکۆڵینەوە و باسی ئەزموونی خۆیان، پێشکەش بکەن. یەکێک لەو کەسانەی بانگهێشت کرا، سەیدا"جگەرخوین"ی شاعیر بوو.

فەرهاد شاکەلی، شاعیری میوانی پێشکەش کرد و پاشان "جگەرخوین" باسی ژیانی خۆی و شیعرەکانی خۆی کرد و ماوەیەک قسەی کرد. پاشان گوتیان کێ پرسیاری هەیە با بفەرمووێت. لەبەر ئەوەی "جگەرخوین" پیر بوو و گوێی گران بوو، دەبوو ئەوەی، پرسیار دەکات بچێتە تەنیشتییەوە دانیشێت. برادەرێکی کەرکووکی پرسیاری هەبوو، هەڵسا و چووە کنی دانیشت و گوتی: مامۆستا ڕەئیت چییە بە لەتیف هەڵمەت و شیعرەکانی؟ منیش قاقایەکی پێکەنین گرتمی و یەکسەر خۆم پێ نەگیرا و هۆڵەکەم بەجێهێشت. دوای چارەکە سەعاتێک، کە باسەکە تەواو بوو و هەموو هاتنە دەرێ، هەندێک لەو برادەرانە لە منیان پرسی، کە بۆ وام کرد!. گوتم: برا "جگەرخوین" نەک لەتیف هەڵمەت، بەڵکە "گۆران"ی شاعیریش بەو مەزنییەی خۆیەوە ناناسێت!

ئێستا من لە تۆ دەپرسم، سەربارى ئەو هەموو گرفتانە، گرفت و کێشەی دیکە ماون، مەبەستم لە ڕووی فەرهەنگییەوە، تووش و ڕووبەڕووی ئەو بەشانەی کوردستان، کە تیپی لاتینی بەکار دەهێنن، ببنەوە!!!

***ڕەوشت: فەرهاد شاکەلی، لە دیدارێکیدا دەربارەی تیپی لاتینی دەڵێت: (ناکوردیو نازانستی)یە. دەکرێ ناکوردی بێت، چونکە لەگەڵ دەنگەکانی زمانی کوردیدا ناگونجێ، بەلام چۆن نازاستییە لە کاتێکدا بەشێکی زۆری زمانە زیندووە جیهانییەکان بەکاری دەهێنن؟.***

**شاکەلی:** تیپی لاتینی بۆ زمانی کوردی، ناکوردین، چونکە تەواوی ئەو دەنگانەی لە زمانی کوردیدا هەن، دەرنابڕن و هەموو دەنگێک تیپی خۆی نییە. بۆ نموونە"ح، ڕ، ع، غ، ڵ"، ئەمانە هیچ تیپێک نییە، هەر یەکێک لەو دەنگانە دەربڕێت، کە وابوو دەکرێ بخرێتە خانەی نازانستیشەوە، دیارە ئەمەیان بۆ زمانی کوردی، چونکە لە بناخەدا لە سەر بنگە و بنەمایەکی زانستی، واتە: لەبەرچاوگرتنی تەواوی پێویستییەکانی زمانی کوردی(بە هەموو زاراوەکانییەوە) و تەواوی دەنگەکانی زمانی کوردی و پێوەندی زمانی کوردی لەگەڵ زمانانی دیکەی ئێرانیدا و خوێندنەوەی باری جیۆگرافیایی و ژینگە و و دیرۆک و هەلومەرجەکانی دیکەی زمانی کوردی و پێوەندی زمانی کوردی بە ئایینی ئیسلام و زمانی عەرەبییەوە( وەک زمانی ئایینی ئیسلام نەک لە ڕووی بنەچە و ڕەگی زمانەوە)، دانەنراوە و هیج یەکێک لەوانە ڕەچاو نەکراوە. بێجگە لەوانەش ئەو لاتینییەی جەلادەت بەدرخان، کە ئێستاکە بووەتە بناخەی لاتینییاندنی

زمانی کوردی، لاساییکردنەوەیەکی لاتینییە تورکییەکەی 'مستەفا کەمال"ە و هیچی دی. زمان، کە بنگەی پێکهاتنی نەتەوە، کلیلی فەرهەنگی نەتەوە، کەرەستەی هەست و ئاوەز و هۆش و بیرکردنەوەی نەتەوە، بناخەی یەکیەتی نەتەوە، ناسنامەی نەتەوە و پردی پێوەندی نەتەوە بە جیهان و نەتەوەکانی دیکەوە پێکدەهێنێت، هەروا بە بڕیارێکی سەرپێی ئەلفبێیەکەی، کە گرنگترین کەرەستەی زمانەکەیە، ناگۆڕدرێ. زمان نیشتمانە و ناشێ بگۆردرێ و ناشێ دەسکاری بکرێت. ڕەنگە چێکردنی ئەلفبێیەک بۆ نووسینی زمانێک، کە پێشتر ئەلفبێی نەبووبێت و تەنێ زمانی ئاخافتن بووبێت، کارێکی فرەهاسان بێت و چ دژوارییەک ساز نەکات، وەک ئەوەی سۆمال. کاتێک، کە موحەممەد سیاد بەڕی، کە لە 1969-1991 سەرۆک کۆماری سۆمال بوو و بە کوودێتایەک هاتە سەر کار، لە 1970دا، ئەلفبێی لاتینی کردە ئەلفبێی زمانی سۆمالی، کە پێشتر ئەو زمانە چ ئەلفبێیەکی نەبوو و تەنێ زمانی زارەکی بوو. هەرچەندە ئەو کارەی "سیاد بەڕی"یش، تەنێ بۆ دوورخستنەوەی سۆمال بوو، لە ژینگە "ئیسلامی – ئەفریقی – عەرەبی"یەکەی، لێ لەگەڵ ئەوەشدا، ئەو لاتینییەی سۆمال، یەک حەمکە زانستیتر بوو، لە لاتینییەکەی جەلادەت بەدرخان و ئەوانەیشی چاو لەو دەکەن. ئەوەیان بۆ کورد، دەنا لاتینی بۆ زمانگەلێکی ئەوروپایی، کە بنچینەی فەرهەنگ و زمان و هەموو شتێکیان بەو تیپانەوە گرێدراوە و هەرچییان هەیە بەو تیپانە نووسراوەتەوە، بۆ دەبی نازانستی بێت، مەبەستم بۆ ئەوروپاییان. ئەو پرسیارە لە فەرهاد شاکەلی بۆ خۆی بکەیت، ڕەنگە وەرامی زیاتر و باشترت بداتەوە.

***ڕەوشت: بەشێک لە ڕووناکبیرانی کورد بە قەناعەت و دڵنیاییەوە لەگەڵ بەکارهێنانی تیپی لاتینیدان، تەنانەت لە ئەمڕۆشدا، هەشە پێیوایە ئەم کارە بۆ ئێستای کورد نەگونجاوە، دەکرێت بیر لەو کارە بکرێتەوە وەختێک کورد چارەنووسی کەوتە دەست خۆی و دەوڵەتی هەبوو، بەڕای تۆ ئەمڕۆ یاخود هەر زرووفێکی تر زمانی کوردی پێویستی بە چارەسەرێکی وا هەیە؟***

***شاکەلی:*** ئەوەی هەوای لاتینی لە کەللەی داوە، لاتینییاندنی زمانی کوردی بە چارەسەری هەموو دەردەکانی کورد دەزانێت. ئەوانە، هەر بە پێخاوسی تێیکەوتوون، بەشێکی زۆریان نەک هەر ڕووناکبیر و خوێندوو نین، بەڵکە هیچ جۆرە ئاگاییەکیان لە بارەی زمانەوە نییە و هی وایشیان تێدایە، زمانی کوردی هەر نازانێت. هاوڕێم "تاهیر هەورامی"، کە ماوەیەک لە

"خوێندنگـەی بـەرزی گـەلیـ- FolkhÖgskolan"  لـە "بیـسکۆپس ئـارنۆ - Biskops ArnÖ" لە سوێد دەیخوێند، جارێکی گێڕایەوە، کە کۆمەڵێک لەو "زمانەوان و زمانناسانە"ی، کە هەریەکەو لە وڵاتێکی ئەوروپاییەوە دەهاتن و  زووزوو لـەوێ خـڕدەبوونـەوە و لە ژێر نـاوی"کورمـانجی"دا، لـە بـارەی زمانـەوە دەدوان، لـەوێ دیـوە و لـە یـەکێکیـانی پرسیـوە، ئەمانە چۆن زمانزانن و لـەبارەی زمانـەوە چییـان کـردووە، وەک نموونـەش دەست بـۆ یـەکێک ڕادەکێشێت و دەڵێ ئا ئەوە! کـابرایش دەڵێ، ئـەوە شـوان بـووە لـە کـوردستان، کرمـانجی بـاش دەزانێـت. پرسـیاری یـەکێکـی دیکـە دەکـات، کـابرا دەڵـێ، ئـەوە لـە ئیتالیـا چێشتخانەی هـەیـە، کـرمانجییـەکـی بـاش دەزانێت! ئـەو"فیلۆلۆگ" و "لینگویـست"انـە، کێشەکـانی زمـانی کـوردی لێکبدەنەوە و داهاتووی زمانی کوردی دیاری بکەن، دەبێ زمانی کوردی چی بەسەر بێت!

بـەشـێکی زۆری ئـەمانـە بـە چـاوی سیاسـەت و بـە مێشکێکی تـورکی و کـەمالیـستانە و سەرسامییەکی تا ڕادەی مەستبوون بـە ئەوروپا و جیـهانگـەرییـەوە و ڕقبوونـەیـەک لـە ئیـسلام و هەموو پێوەندێک بە ئیسلامەوە، هاواری لاتینییاندنی زمانی کوردی دەکەن. ئـەمانـە، زۆرجـاران ئەم بیانووانە دەهێننەوە بۆ سەرخستنی پرۆژە و بیری لاتینییاندنی زمانی کوردی:

1. جـوانی و ئاسـان و ڕەوانـنووسین، کـە گـوایـە لـە بـەر ئـەوەی کـوردی زمانێکـە لـە زمانـە ئارییەکان، ئیدی بە لاتینی نەبێت جوان و ئاسان ورەوان پێی نانوسرێت.

2. ئابووری و کات، کە گوایە ئەم جۆرە نووسینە بە "ئەلفبێی عەرەبی" لـەڕووی ئـابووری، کات و ئەرکەوە، زۆر لە سەر کورد دەکەوێت.

3. ئەلفبێی کوردی(تیپی عەرەبی)، تـەنێ بـۆ دیـالێکتی سلێمانی و سۆرانی دەستدەدات و لاتینییەکە بۆ کرمانجی سەروو چاکترە و کرمانجی ئەگەر بە لاتینی نـەنووسرێت، هـەرگیـز بـە باشی پێی نانووسرێت.

4. زانین لە نێو میللەتی کورددا بە ئەلفبێی کوردی(تیپی عەرەبی) ناچێتە سەر.

5. بیانییان بەم تیپانەی ئێستای زمانی کوردییـەوە(تیپـی عـەرەبی)، نـاتوانن فێـری کـوردی ببن.

6. تیپـی لاتینـی خێراتـر کـورد پـێش دەخـات و دەیباتـە ڕیـزی گـەلان و وڵاتـانی پێشکەوتووەوە.

بۆ بەرسڤدانەوەی ئەو بیانووانە دەتوانم بێژم:

ئەگەر زمانی کوردی یەکێک بێت لە زمانە ئارياييەکان و لە نێو هەرەپێشکەوتووەکانی ئەوانیشدا بێت، وەک هەندێک کەس پێیانوایە، چی داوە لەوەی بە چ تیپێک بنووسرێت، جوان و ئاسان و دروست و ڕەوانە! خۆ زمانی فارسییش لە زمانە هەرەپێشکەوتووەکانی ئارییە و بە تیپی غەیرەلاتینیش دەنووسرێت، کەچی زۆر جوان و دروست و ئاسان و ڕەوانیشە. بە بەراوردیش ڕێنووسی کوردی گەلێک لە ڕێنووسی فارسی پێشکەوتووترە، بە تايبەت لە ڕووی چارەسەرکردنی بزوێن(ڤاوڵ) و لابردنی هەندێک کۆنسونانت، کە تايبەتن بە زمانی عەرەبییەوە و هێشتا لە فارسیدا ماون. فارسان هەرگیز گلەیی لە بەختی خۆیان ناکەن و قایلن بەو ڕێنووسەی خۆيان و هەر بەو ڕێنووسەش، هەزاران شاکاريان لە بوارەکانی هزر و فیلۆسۆفی و مێژوو و هەموو جۆرە زانستێکدا نووسیوە و دەنووسن و هەرگیز پێشموانییە، مەگەر خودا سەری لێ شێواندبن، بەتەمای گۆڕینی ئەلفبێیەکەيان بن!

من هەرگیز ناتوانم لەوە تێبگەم، کە بۆ ئەم جۆرە ئەلفبێیە لە ڕووی کات و ئابووری و ئەرکەوە زۆر لە سەر کورد دەکەوێت. دەبێ ئەو لەسەرکەوتنە چ پێوەندێکی بە شێوەی تیپەوە هەبێت! خۆ ئەو تیپانەی کورد پێیان دەنووسێت"تیپی عەرەبی"، لە تیپی چینی، ژاپۆنی، ئەرمەنی ، تیگرینی، ئەمهاری، ئاشووری و عیبری، سەختتر نین. ئێستا تەکنۆلۆژیا و پێشکەوتن و چاپ و چاپەمەنی و کۆمپیوتەراندنی هەموو بوارەکانی ژيان، بە تايبەت جیهانی چاپ و پەخشکردنەوەی نووسین بە هەموو جۆرەکانییەوە و میدیای بینراو، هەموو جیهانی گرتووەتەوە و کوردیش لێی بێبەش نەبووە و نابێت.

لەوەتی نووسین بە کوردی هاتووەتە گۆڕێ، کورد بە هەموو زاراوەکانییەوە، بێ جیاوازی، بە ئەلفبێی کوردی(تیپی عەرەبی)ی نووسیوە و چ گرفت و کێشەیەکی لەگەڵدا نەبووە. تەواوی ئەدەبیاتی کرمانجی سەروو و خواروو و هەورامی و لوڕی(باباتاهیر، جزیری، خانی، نالی، مەولەوی، مەحوی و... ) هەموو بەو ئەلفبێیە نووسراون تا ئەتاتورک نەهاتبووە سەرکار و ئەلفبێی تورکی نەلاتینرابوو و "جەلادەت بەدرخان"یش کوێرە ڕێی شوێن پێی تورکانی نەگرتە بەر و ئەلفبێی کوردی نەلاتینیاند، ئەم پەتای تیپی لاتینییە، نەکەوتبووە نێو کوردەوە و کوردیش وەک عەرەب و فارس و هەموو ئەوانی دیکەی ئەلفبێی عەرەبی بەکار دەبەن، بە ڕەوشی خۆی قایل بوو. بانگەوازی ئەوەی هەر زاراوە و ئەلفبێیەکی خۆی هەبێت، بێجگە لە

کوتکوتکردنی زمانی کوردی و جوێکردنەوەی زێتر، هیچی دیکە نییە، وەک ئێستا بە چاوی خۆمان دەیبینین.

ئەگەر خەڵک لە بڵاوکردنەوەی زانیاری بن و ئەوەیان لا مەبەست و گرنگ بێت، ئەوا بە تیپی بزمارییش بێت، دەتوانن بڵاوی بکەنەوە. ئەگەر بەراوردێکی وەک یەک و دوولایەنی و هاوسەنگ بگرینە بەرچاو، پێموانییە میللەتانێک، کە بە تیپی غەیرەلاتینی دەنووسن، لە میللەتانێک، کە بە تیپی لاتینی دەنووسن، کەمتر زانیاری و هزر و فەرهەنگ بڵاو بکەنەوە. تۆ بنۆڕە فارس، عەرەب و... کە چەند بە بەرهەمن و چەندین کتێب لە بواری جوداجودادا دەدەرێنن. چاوێک لە کتێبخانەی ئێرانی( فارسی ) بکە بزانە چی تێدا نییە! ئەو مەسەلەیە بە ڕادەی خوێندەواری و پێشکەوتنی هەر میللەتێکەوە بەندە و چۆنیەتی تیپەکە، هیچ ڕۆڵێک لەو بارەیەوە نابینێت. ئاگایی و هۆشیاربوونەوە و پێشکەوتن چ پێوەندێکی بە ئەلفبێ و تیپەوە نییە.

ئەگەر بیانووی بارهێنان و فێرکردنی زارۆک و خوێندن بێت لە فێرگە و خوێندنگەکاندا و نموونەیش زارۆکی کوردی باکووری کوردستان بێت، کە ناتوانن کتێب و گۆڤار و ڕۆژنامەی کوردیی باشوور و ڕۆژهەڵات کوردستان بخوێننەوە، لەبەر ئەوەیە ئەوان بە تیپی کوردیی باکوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستان ڕانەهاتوون و نایزانن و کتێب و ڕۆژنامە و گۆڤار و بڵاوکراوەی کوردیی باشوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بە هۆی سنوور و سیاسەتی تورکیاوەە، هەر ناگەنە ئەوان. منداڵی کوردی باکووری کوردستان، نەک هەر بڵاوکراوە و نووسینی ڕۆژهەڵات و باشووری کوردستان و بە تیپی عەرەبی نووسراو ناخوێننەوە، بەڵکە بە خوێندنەوەی کوردیی لاتینییش هەر ڕانەهاتوون، چونکە ئەوان بە کوردی ناخوێنن و زمانی خوێندنیان تەنێ تورکییە. ئەو کتێب و گۆڤار و ڕۆژنامە کوردییانەی، کە بە تیپی لاتینی دەنووسرێن، لە ئەوروپا و دەرەوەی کوردستان دەردەچن و بە دەگمەنیش ناگەنەوە کوردستان. واتە: زارۆکی کوردی تورکیا مەگەر لە ئەوروپا، ئەویش ئەگەر زۆر بە تەنگییەوە بن، فێری زمانی کوردی بین.

بیانی، بە تایبەت ئەوروپاییان، ئەگەر لە فێربوونی زمانێک بن، چ باکیان بەوە نییە بە چ ئەلفبێ و تیپێک دەنووسرێت. ئەوان کۆمەڵێک فاکتەری دیکە پاڵیان پێوە دەنێت بۆ فێربوونی هەر زمانێک. لەم ئەوروپایە خەڵکی وا هەبوون و هەن، زمانانی چینی، هیندی، عەرەبی، فارسی، ئاشووری، عیبری، ئەرمەنی و...دەزانن، ڕەنگە خەڵکی سەر بەو زمانانە خۆیان هێندەی

ئەمان، باشی نەزانن. "هێنریک سامۆیل نویبەری- Henrik Samuel Nyberg" سویدی، کە لە نێوان 1889-1974دا ژیاوە و پرۆفێسسۆری زمانە "سامی"یەکان بووە لە زانستگەی "ئوپسالا"ی سوید و فیلۆلۆگ (زمانەوان)، ڕۆژهەڵاتناس و دیرۆکزانی ئایینییش بووە. هەرچی زمانانی عەرەبی، پەهلەوی( فارسی کۆن)، فارسی نوێ، ئارامی، سریانی، عیبری، ئەمهاری، ئەرمەنی، سانسکرێت و ...دەیانی دیکەی، کە بە تیپی نالاتینیش دەنووسرێن، بێجگە لە زمانانی ئەوروپایی و جیهانیی دیکە، هەمووی زانیوە. زمانی عەرەبی بە زاراوە جیاوازییەکانییەوە بە جۆرێک زانیوە، کە خەڵکی سەر بەو دیالێکتانە، نەیانزانیوە و هەستیان بەوە نەکردووە، کە ئەم پیاوە عەرەب نییە یا کەسێکی سەر بەو زاراوەی خۆیان نییە.

تۆ چاو بدە کەناڵە تەلەڤزیۆنە عەرەبییەکان، جاری وا هەیە ئەوروپایی و ئەمەریکایی و ڕووسی وا، دێنە سەر ئەو کەناڵانە و بە عەرەبی قسان دەکەن و پرسی سیاسی و ئابووری و فەرهەنگی شیدەکەنەوە، هەر دەڵێی عەرەبی، زمانی دایکیانە. بیانییان، کە پێویست و خواستیان بە فێربوونی زمانی کوردی بوو، کوردی بە تیپی جنۆکانیش، نەک عەرەبی نووسرابێت، هەر فێری دەبن.

ئەوەی پێیوایە، ئەگەر زمانی کوردی بە ئەلفبێی لاتینی نووسرا، ئیدی کوردیش دەچێتە ڕیزی گەلە پێشکەوتووەکانی جیهانەوە و زمانی کوردییش وەک، ئینگلیزی، فرانسەیی، ئەڵمانی، سپانیۆلی و... پێشدەکەوێت، هەڵەیەکی یەکجار گەورە دەکات، چونکە شوێن و جێگەی سیاسی، ئابووری، فەرهەنگی، ژیاری و...هەر گەل و نەتەوەیەک لە جیهاندا، ئەو پێشکەوتنە دیاری دەکات. ئەو ڕاستییانەی، دەبنە هۆی پێشکەوتنی گەل و وڵات و زمان، چ پیوەندێکی نزیک یا دووریان بە جۆری ئەلفبێوە نییە و تیپگۆڕینیش بۆ لاتینی نابێتە هۆی پێشخستنی گەل و زمان. ئەگەر وا بووایە، دەبوو زمانی تورکی و وڵاتی تورکیا، کە وا بۆ هەشتا ساڵ دەچێت تیپی لاتینی بەکار دەبەن، ئێستا وەک سوید و ئەڵمانیا و ئینگلستان و فرانسە و ئەمەریکا بووایە، و ئیسرائیل، ژاپۆن، چین، کۆریا و... لە ڕیزی وڵاتگەلێکی دواکەوتووی وەک مۆریتانیا، جیبۆتی، کوردستان، ئەفغانستان و... بووایەن، کەچی ڕێک بە پێچەوانەوەوەیە.

من لە هیچ یەکێک لەو پاساوانەی بۆ لاتینییاندی ئەلفبێی زمانی کوردی دەهێنرێنەوە، تێناگەم و پێشمووانییە کورد نە لە ئێستایدا و نە لە داهاتوویشیدا، بەوەی کە خودانی دەوڵەت بێت یا نە، پێویستی بەوە هەبێت، ئەلفبێی خۆی بگۆڕێت و بیکاتە لاتینی. ئەلفبێ چ پێوەندێکی

بەوەوە هەیە، تۆ دەوڵەتت هەیە یا نە! مەگەر ئێران دەوڵەت نییە! مەگەر ئەفغانستان دەوڵەت نییە! مەگەر عەرەب پتر لە بیست دەوڵەتیان نییە! مەگەر جوولەکە، ئەسیووپیا، ئێریتریا، پاکستان، ئەرمەنستان، گورجستان، بەنگلادیش، چین، کۆریا و... هەموو دەوڵەت نین! کێ لەوانە بیری لە گۆڕینی ئەلفبێ کردووەتەوە بۆ لاتینی و کام لەوانە لەبەر نەبوونی تیپی لاتینی پەکی کەوتووە!

ئەوەی هەندێک کورد بە کێشە و گرفت ناوی دەبەن، واتە: ئەلفبێی کوردی(تیپی عەرەبی) و وەدووی چارەسەر و دەرمانەوەن بۆی و پێیانوایە تیپی لاتینی ئەو دەرمانەیە، بیرکردنەوەیەکی گۆج و سەقەتە و من بۆ خۆم، هیچ نەخۆشی و دەردێک لە ئەلفبێی کوردییدا نابینم و ئەگەریش کێماسییەک و یا وردە کەلێنێکیش هەبن، ئەوە هەر ناکاتە ئەوەی، نە لە ئێستادا و نە لە داهاتوویشدا، کورد دەستبەرداری بێت و بیکاتە لاتینی. ئەمە وەک ئەوە وایە تۆ خانوویەکی باشت هەیە و تێیدا دەژی و ڕەنگە برێک ڕەنگکردن یا چاککردنی پەنجەرەیەکی پێویست بێت و هیچ پێویستییەکی بە تێکدان نەبێت ، تۆ بێیت و بیرووخێنیت و بڵێی من لەبری ئەمە خانوویەکی دیکە دروست دەکەم. هیچ خاوەن ئاوەزێک مێژووی چەندین سەدەی خۆی ناسڕێتەوە و خۆی ناکاتە پەند، وەک ئەوەی کە بە سەر گەلی تورک و تورکیادا هاتووە.

***ڕەوشت: بەکارهێنانی تیپی لاتینی لە کەناڵەکانی ڕاگەیاندنەوە بەتایبەت دوو حزبی دەسەڵاتدار، چ پاساوێکی زانستی هەیە، لە کاتێکدا ئەو ئەلفبێیەی لە ڕابردوو و ئێستاشدا بە ڕەسمی بەکاردێت لە خوێندن و دیراسە و هەموو بوارە ڕەسمییەکانی تریشدا، ئەوە مانای نەبوونی سیاسەتێکی فەرهەنگی ناگەیەنێت؟ تا چەند کارێکی سەرکەوتووە ئێمە بچینە ژێر باری بڕیاری هەولێی تاکەکەسەوە؟***

***شاکەلی:*** بەکارهێنانی تیپی لاتینی لە میدیای کوردستاندا و بە تایبەت لە کەناڵی تەلەڤزیۆنەکانی دەسەڵاتەوە، هیچ پاساوێکی زانستی نییە و هەڵەیەکی گەلێک مەزنیشە. ئەو تەلەڤزیۆنانە لە پێشبڕکێیەکی گەلێک خێرادان لەو بوارەدا. تۆ کەمجار بەو ئەلفبێ کوردییەی، کە لە ڕابوردوو و ئێستادا، زمانی فێرکردن و خوێندن و کارگێڕی و ڕەسمی بووە، نووسین دەبینیت. ئەو کەناڵە تەلەڤزیۆنانە لەگەڵ کەناڵە تورکییەکانی تورکیادا، لەو ڕووەوە، چ جیاوازییەکی ئەوتۆیان نییە. ئەوە هیچ، کە دەق و ناو و سەردێڕی نووسینەکان و ناوی

گۆرانی و ناوی پرۆگرام و زۆری دیکەیش، کە من ئێستاکە وەبیرم نایەنەوە، دەبینی تەنانەت وشەگەلی وەک"هەواڵ، هەواڵەکان، دەنگۆباس"، خەریکن لەبەین دەچن و وشەی نیووز"News"ی ئینگلیزی جێگەیان دەگرێتەوە و کە تۆ چاو دەدەیتە تەلەڤزیۆنەکە لەو کاتەیدا، کە نووسراوە"News "، هەر بە ئینگلیزییەکەی، وادەزانیت لە ئینگلستان، ئەمەریکا یا هەر وڵاتێکی دیکەی ئینگلیزی زمانیت. وشەی"سپۆرت"، جێی بە وشەی "وەرزش"، لەق کردووە و کورد وا خەریکە وەرزشی لەبیر دەچێتەوە.

ئەو تەلەڤزیۆنانە و ئەوانەیشی، کە لە پشتیانەوەن و سیاسەت و شێوە و نەخشەی کارکردنیان دادەڕێژن، ئەگەر پێیانوایە ئەو کارە لەبەر کوردی باکووری کوردستان دەکەن، چونکە ئەوان ئەلفبێی کوردی(تیپی عەرەبی) نازانن، ئەوە کارێکی یەکجار سەقەتە. ئەوە بیرکردنەوە و بۆچوونێکی سیاسییانەیە بۆ کێشەی زمان یا سیاسەتی زمان. ئەگەر ئەوان لە ڕووی یەکیەتی خاک و نەتەوەی کورد و بەرژەوەندی کوردەوە بیانڕوانیایەتە پرسی زمان، ئەوا هەر ئەو کوردی و ئەلفبێیەی باشووری کوردستانیان بەکار دەبرد و بەوەش کوردی باکووری کوردستان، بۆ خوێندنەوە و لێتێگەیشتنی بڕێک خۆیان شەکەت دەکرد و چاو و گوێیان بەو جۆرە نووسیانە ڕادەهات. تۆ دەزانی ئەوەی ئەوان دەیکەن، تەمەڵکردنی خەڵکی لاتینینووس و خوێنەری لاتینییە و هەنگاوێکە بەرەو بەڕەسمی ناساندنی ئەو تیپانە و ڕێگەخۆشکردنێکە بۆ بەکارهێنان و بەرەبەرە جێگرتنەوەی ئەلفبیێ کوردییەکەی ئێستا و چاوبڕکێیەکیشە لەگەڵ ئەوروپا و ئەمەریکا و جیهانی مەسیحیدا.

من پێموایە ئەگەر لە سیاسەتدا، دژایەتی ئایین یا ئایینی ئیسلام یا حوکمی ئاخوند و ویلایەتی فەقیە لە ئێراندا، و کۆمونیزم لە سۆڤێتدا(جاران)، و فەرمانڕەوایی دیکتاتۆر و بنەماڵە و تاکەحیزب و تاکەکەس و شۆڤینیزمی عەرەبی لە عیراقدا(سەردەمی بەعس) و لە سووریادا، و شۆڤینیزمی تورکی و کەمالیزم لە تورکیادا، سوودێک بە ئۆپۆزیسیۆنی نێو ئەو وڵاتانە یا کورد ببەخشێت، ئەوا ئەلفبێی زمانی کوردی (تیپی عەرەبی) لە باکووری کوردستان و لە تورکیا، چەکی خۆڕزگارکردنە و دەکرا و دەکرێت سوود لەوە وەربگیردرێت و بەوەش تەنێ بەوە، خۆ لە شۆڤینیزمی تورکی و تورکی بە ئەلفبیێ لاتینی نووس، و ئەرمەنستان و گورجستان و ئازەربایجانی بە کریلیکی و هی دیکە نووس، جوێ بکرێتەوە. پێشموایە ئەگەر لە تورکیا، ئەرمەنستان، گورجستان، ئازەربایجان و شوێنانی دیکە، کە ئەورۆ

بە ئەلفبێی لاتینی و کریلیک و شتی دیکە دەنووسن، ئەلفبێ عەرەبییەکەی زمانی کوردی لە شێوەیەکی نهێنیشدا بمابایەوە و لە نێو خەڵک و مزگەوت و پەناوپێچدا وەک "کلامە پیرۆزەکانی یارسانەکان و زمانی عیبری لە نێو جوولەکەی پەرپوەی هەموو دنیادا و هەموو جۆرە نهێنییەکی خۆش"، ئەوا تا ئێستاش دەما و لەبەر ئەوەی، کە قەدەغەیش بوو، خەڵک پتر لێی نێزیک دەبوونەوە و فێری دەبوون و وەک چەکی خۆجوێکردنەوەیش، لە ئەلفبێ و فەرهەنگی سەردەست و دەسەڵاتدار بەکار دەبرا.

هەرچی سیاسەتی فەرهەنگییە و ئەوەی پێی دەگوترێ سیاسەتی فەرهەنگی، ئەمڕۆ لە کوردستاندا نییە. سیاسەتی فەرهەنگی بە واتای گرنگییدان بە فەرهەنگ و دەوڵەمەندکردنی و پاراستن و پێشخستنی گشت ژینگە فەرهەنگییەکان. کە دەکاتە هەرچی کاری فەرهەنگی و زمانەوانی و میدیا و چاپ و پەخش و ئەوانەیە، بە گوێرەی نەخشەیەکی تۆکمە و ورد و فرەلایەنە، لە لایەن پسپۆر و شارەزایانی ئەو بوارەوە دابنرێت، بە لەبەرچاوگرتنی مێژووی نەتەوە و هەموو ڕەهەندە فەرهەنگی و بەرژەوەندە نەتەوەیی و نیشتمانییەکان و بە پشتگریی دەسەڵاتێکی سیاسی دڵسۆز و لێوەشاوە، بخرێتە گەڕ و پێڕۆ بکرێت و بە پێی ئەو نەخشەیە هەموو کارەکان ئەنجام بدرێن، ئەمڕۆ ئەوە لە کوردستان نییە و نابینرێت و هەستی پێ ناکرێت. پاشاگەردانییەکی زۆر ئاشکرا لەو بوارەدا وەدی دەکرێت و هەر کەسێک لەو بوارەدا کار دەکات، ئیدی پێیوایە بۆ خۆی هەوساربەدەستی فەرهەنگ و زمانی کوردی و میرفەرهەنگ و میرزمانە و چۆنی بۆ بلوێ وەهای داژوا. دیارە ئەوەش هەرگیز ئەنجامێکی باشی نابێت و لە وەها بوارێکیشدا کاری تاکەکەسی هەرگیز لە کاری فرەیی و هەرەوەزی سەرکەوتووتر نابێت. لە کوردستان سەربار ی وەزارەتی فەرهەنگ، بە سەدان لق و چل و پۆیەوە، هێندەی دەسگا، ڕێکخراو، کۆمەڵە، یانە، یەکیەتیی، گرۆ، دەستە و مەکتەبی کاوێژکار"ڕاوێژکار" و بنکەی فەرهەنگیی لێیە، کە لە ژمارەی نانەواخانە و دەرمانخانە و چالاوی ئاوخواردنەوەکان پترن. ئەو دەسگایانەش هێندە ڕۆژنامە، حەفتەنامە، مانگنامە، وەرزنامە، بڵاوکراوە، پەخشخانە، ڕادیۆ و تەلەڤزیۆنیان لەبەردەستە، کە نایەنە ژماردن. تەواوی ئەوانە مەیدانی پێشبڕکێی پارەخواردن و بە فیڕۆدانی پارەن، کە خەڵکی کوردستان چ پێویستییەکیان پێیان نییە، چونکە ئەگەر 1% خزمەت بە خەڵک بکەن، ئەوا 99% خزمەت بە دەسەڵات دەکەن و بانگاشە و پرۆپاگەندە بۆ دەسەڵات دەکەن و مێشکی مرۆڤی کوردستانی

بۆ دەسەڵات سڕ دەکەن، جا تــوو خــوا ئــەوە بــوو بــە سیاسەتی فەرهەنگی! وەها سیاسەتێکی فەرهەنگی نەبوونی گەلێک قازانجترە لە بوونی بۆ خەڵکی کوردستان.

نەک هەر سیاسەتی فەرهەنگی، بەڵکە سیاسەتی خوێندنیش نییە. فێربوون و بارهێنان و خوێندن، کە دەسپێکی چوونە نێو زەریا و جیهانی زمانە و گرنگترین قۆناخی ژیانە بۆ زارۆکان، کە لەوێوە یەکەم هەنگاو دەنێن بەرەو جیهانی خوێندەواری و فەرهەنگ. زارۆک لەوێوە بنگەی زمانی دادەڕێژێ و لەوێوە خۆشەویستی زمان و فەرهەنگی لا دروست دەبێت و لەوێوە نیشتمانی خۆی دەناسێت. تۆ بنۆڕە سیاسەتی فێرکردن و بارهێنان و خوێندن لە کوردستان، کە ئێستا لە چ قەیرانێکدایە! ئێستا دوای نێزیکەی سەد ساڵێک لە خوێندنی زمانی کوردی لەو وڵاتەدا، وا خەریکە تارماییی مەترسییەکی گەورەی هەڵوەشانەوە و داڕووخانی سیستمی خوێندنی زمانی کوردی دێتە ئاراوە و هەرچی ڕیسە دەیکاتەوە خوری و هەموو ئەوەی کراوە دایدەتەپێنێت. دەڤەری بادینان وا خەریکی بڕیاردانی ڕەتکردنەوەی ئەو زمانە کوردییەیە، کە زۆر لە مێژە هەم زمانی خوێندن و هەم زمانی ڕەسمیی خەڵکی کوردستان بووە. ئەگەر ئەوە سەربگرێت و دەسەڵاتی کوردستان چارەسەری نەکات، سبەینێ چوار هەنگاوی گەلێک زیانبەخش و خەتەرناکی بەدوودا دێن و پاش ئەمە بە ماوەیەکی کەم:

1. ئەلفبێی زمانی کوردی لەو دەڤەرە دەلاتینیێنرێ.

2. خەڵکانی سەر بە زاراوەکانی دیکەی زمانی کوردی(هەورامی، لوڕی و...) و تەواوی بنزاراوەکانی (زەنگەنە، کاکەیی، جموور، زەنگابادی، باڵەکایەتی، خۆشناوەتی، شێخبزەینی، کەڵهوڕ، لەک، جاف و...)، هەر هەموو ڕێگەی بادینان دەگرنەبەر و ئەوانیش داوای خوێندن بە زاراوەکانی خۆیان دەکەن.

3. مامەڵە لەگەڵ زاراوەکاندا وەک زمانی سەربەخۆ دەکرێت و هەر زاراوەیەک بەرەبەرە دەبێتە زمانێکی سەربەخۆ.

4. ئەودەمە ئیدی بوونی کورد وەک یەک نەتەوە لێکدەترازێ و لە یەک نەتەوەوە دەبێتە چەندین نەتەوە.

لە کوردستان نە سیاسەتی فەرهەنگی و نە سیاسەتی خوێندن و نە سیاسەتی ئابووری و نە سیاسەتی کشتوکاڵ و نە سیاسەتی ئەلەکتریک و ئاو و سووتەمەنی و ترافیک و نە هیچ سیاسەتێکی دیکە، تەنانەت سیاسەتی سیاسەتیش، نییە. سیاسەتکار و دەسەڵات چ خەمێکی

جیددی و هەنووکەیی بۆ مەترسییەکان ناخۆن. زۆرجاران هێندەی خەڵکێکی دیکەی ناکورد لە خەمی کورددان، دەسەڵاتی کوردی بۆ خۆی هێندەی خەم نییە. بنۆڕە دۆستێکی دێرین و خەمخۆری کورد، کە هەردەم لە کورد باشتر ڕەوشی کورد دەخوێنێتەوە، چۆن ئەو خەمەی هەڵگرتووە. تۆ بنۆڕە زانای مەزنی تورک"ئیسماعیل بێشکچی"، کە چۆن ڕەوشی زمانی کوردی پێ دژوارە و چۆن چارەسەرکردنی بە کارێکی هەنووکەیی دەزانێت. بێشکچی دەڵێت:"بەکارهێنانی زمانی کوردی و بنیادنان و گەشەپێدانی زمانێکی هاوبەشی نووسین لە نێو کورددا مەبەست و ئەرکێکی سیاسییان تێدایە. ئەو ئەرکە سیاسییە ئەمەیە: کوردستان وڵاتێکی دابەشکراو و پارچەپارچەیە. حاڵی نەتەوەی کوردیش هەروایە. سیاسەتی کۆلۆنیالیستانەی( پەرتکە و  زاڵبە ) خاسەتێکی هەڵاوردەی هەیە، کە نابێ لە بیرمان بچێتەوە و چاوپۆشی لێ بکەین. ئەم سیاسەتە دەتوانێ لە هەر کات و شوێنێکدا بچێتە بەرگێکی ترەوە و دەربکەوێتەوە. کۆمەڵی کوردەواری زۆر بە قووڵی دابەشکراوە. کورد لە تورکیا و ئەورووپا تیپی لاتینی و لە عیراق و سووریا و ئێران تیپی عەرەبی و لە سۆڤیەت تیپی کلیریک بەکار دەهێنن، بەم پێیە بەکارهێنانی ئەم تیپە جیاوازانە، بووەتە هۆی ئەوەی باش لەیەکتر تێنەگەن. جا بۆ ئەوەی ئەم سیاسەتە لەکار بخەین، دەبێ تێبکۆشین زمانێکی کوردی هاوبەش، لە ڕووی نووسینەوە بنیاد بنێین. ئەم مەسەلەیە خەباتێکی گورج و گۆلانەی درێژخایەنی پێ دەوێ. بۆیە چاوەڕوانکردنی دامەزراندنی دەوڵەت و دواخستنی ئەم ئەرکە بۆ ئەو کاتە هەڵەیەکی گەورەیە. ئەو هەڵوێستەی کە بایەخی پێویست بە زمان و فەرهەنگ دەدات، ڕێ بۆ کاروانی بنیاتنانی دەوڵەت خۆش دەکات و نێزیکی دەخاتەوە".

لەودەچێت نەک هەر سیاسەتکارانی کورد، بەڵکە خەڵکی ڕووناکبیر و فەرهەنگی و خوێندووی کوردیش، هەندێکیان نەبێت، بەتەنگ زمانی کوردییەوە نەبن و پەرۆشی کێشەکانی نەبن و بڕێکیشیان هەر ئاگایان لەو کێشانە نەبێت. ئەوەی داوای لاتینییاندنی زمانی کوردی دەکات، هەرگیز بیری بۆ ئەنجامە خراپەکانی ئەو کارە ناچێت و هەر بۆیەش میدیا و کەناڵەکانی ڕاگەیاندن دەکاتە سەکۆ و بڵندگۆی پەرەپێدان و بڵاوکردنەوەی تیپی لاتینی. ئەوانە داهاتووی زمانی کوردی لە پۆشاکێکی لاتینییدا دەبیننەوە، کە بەلای ئەوانەوە ئەوە هەموو شتێکە. کورد نابێ دەستەودامان دانیشێت و چاوەڕێی داهاتوو بکات، داخوا زمانی کوردی لە سەر دەستی ئەو بەرپرسانەی میدیا و ڕاگەیاندن و دەسەڵاتدارانی بێئاگای کورد،

چی بە سەر دێت یا پێبوابێت، کە ئیدی بڕاوەتەوە و زمانی کوردی دەلاتینێنرێت و دەبێ بە چەپڵەوە بەرەپیری بچین. دەسەڵاتداریەتی کوردستان ئەگەر هەست بە بەرپرسیاریەتی دەکات، بۆ خۆی دەبێ ئاگایانە و بەرپرسانە بڕیاری خۆی بدات و چاوەڕێی داهاتوو نەکات، چونکە چەندی ئەو کێشەیە دوابخرێت چارەسەرکردنی دژوارتر دەبێت.

پرۆفێسسۆر "بوو ئویتاس – Bo Utas"، پرۆفێسسۆری زمانانی ئێرانی و چەند ساڵ سەرۆکی بەشی ئێراناسی لە ئەنیستیتووی زمانانی ئەفریقایی – ئاسیایی لە زانستگەی ئوپسالا لە سوێد، کە ئێستا خانەنشینە، لە گوتارێکیدا بە ناوی"زاراوەکوردییەکان و زمانی نووسین"، کە بە زمانی سوێدی لە گۆڤاری"Svensk- Kurdisk Journal"و لە ساڵی 1986دا بڵاوکراوەتەوە، دەنووسێت:" بەکاربردنی سێ جۆرە ئەلفبێی جیاواز بۆخۆی، گیروگرفتی پراکتیکی دێنێتە پێشەوە... ئەوەی ئێستا لەبەرچاوە ئەوەیە، کە ڕەنگە کەس لەنێو هیچ یەکێک لەو وڵاتانەی، کە ئەو ئەلفبێ عەرەبی، لاتینی و کریلیکییەی تێدا بەکار دەبرێن، ئامادەی ئەوە نەبێت، دەستبەرداری ئەلفبێی تایبەتی خۆی ببێت. هەروەها پێکهاتن لەسەر یەک ئەلفبێ، لەسەر حیسابی ئەوانی دیکە، لە تاراوگەیش، کارێکی سەختە، ئەگەر هەر نەکردە نەبێت. هەرچی جیاوازییە زمانەوانییەکانە، کە لەنێوان هەردوو دیالێکتە سەرەکییەکاندا، کرمانجی و سۆرانی، هەن، ئەوانە ئەمڕۆ هێندە گەورەن، کە بێگومان بۆ نێزیککردنەوەیان لە یەکدی، کارێکی یەکجار دوورودرێژ و ئاگایانەی دەوێت. بۆ وەدیهێنانی شتێکی لەو بابەتە، دەسەڵاتێکی نێوەندەکی پێویست دەکات، کە لە سەرووی بەشبەشی و دەڤەردەڤەرییەوە بوەستێ و بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ بەردەوامی و نوێنەرایەتی خەڵکی هەبێت (یا ئامرازی دەسەڵاتی ئەوەی هەبێت، کە بەرژەوەندی لایەک بەسەر لایەکانی دیکەدا بدات). لە کاتی نەبوونی وەها دەسەڵاتێکدا، ڕەنگە لەبارترین ڕێگە ئەوە بێت، کە ئاگایانە هەوڵ بدرێت بۆ تێگەیشتنێکی زێتر لەنێوان زاراوەکاندا، بۆ نموونە بەهۆی ئەوەی، کە ڕێگە بە هەموو دیالێکتە جیاوازەکان و شێوەکانی نووسین بدرێت، کە پێکەوە لە چاپەمەنی، خوێندن و وانەگوتنەوە، شانۆ، پەخشی ڕادیۆ و شتگەلی دیکەدا، پێکڤە بڵاو ببنەوە و پێشان بدرێن و ئەمەش شتێکە، کە بێگومان کوردەکان بۆ خۆیان دەبێ خەریکی بن و هەوڵی بۆ بدەن".

کەواتە ئەو دەسەڵاتەی پێویستە بۆ بەگژداچوونی بەشبەشی و دەڤەردەڤەری، نەک هەر ئێستا بەڵکە لە ساڵی 1991ەوە لە کوردستان هەیە و ئەمڕۆیش لە هەموو دەمێکی دیکە زیاتر ئەو

دەسەڵاتە جێگیرترە و ئەوە ئەرکی ئەو دەسەڵاتەیە، کە ئێستا ئیتر بڕیاری ڕاست و دروست و واقیعییانە بدات و کارێکی وا بکات، کە هەموو ئەو دیالێکتە کوردییانە بەرەو ئەوە نەڕۆن هەریەکەیان ببێتە زمانێکی سەربەخۆ، بەڵکە ئەو زاراوەی، کە جێی خۆی گرتووە، بکرێتە زمانی خوێندن و زمانی ڕەسمی هەموو دەڤەرەکانی کوردستان و لە پەنایشیدا هەموو زاراوەکانی دیکە لە میدیادا و وەک زاراوەیەکی دەڤەری و لە دەڤەرەکانی خۆیاندا بەکار بهێنرێن. دەسەڵاتی کوردستان گەرەکە لەوە تێبگات، کە زمانی کوردی ئێستا لە قەیراندایە و لەبەردەم دووڕیانێکدایە و دەبێ هەرچی زووە چارە بکرێت و یەک لەو دوو ڕێیە هەڵبژێدرێت. دەسەڵاتی کوردستان، ئەگەر ماڵوێرانی و کوشتنی زمانی کوردی و بەشینەوە و زێتر لەتکردنی کوردی دەوێت، ئەوا با تەواوی زاراوە و بنزاراوەکان بەکەیفی خۆیان بکەن و هەموویان ببنە ڕەسمی و هەریەکەو ئەلفبێیەک بۆ خۆی هەڵبژێرێت و ناوی خۆی لە زاراوەوە بگۆڕێ و بیکا بە زمان، ئەگەریش یەکیەتیی کورد و یەکیەتیی کوردستانی گەرەکە، ئەوا ئەوەی سەدان ساڵە بنیات نراوە و بنگەکەی ئەو ئەلفبێ و زمانە کوردییەی ئێستای باشوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستانە، ناوی ئەلفبێ و زمانی ڕەسمی کوردستان( کە ئێستا نیمچە سەربەخۆیە )ی لێبنێ و کێشەکە ببڕێتەوە. دیارە ئەوەش، ئەوەی دووەم، بڕیاری دروست و هەڵبژاردنی ڕێگەی ڕاستە و بەوەش ئیدی ڕێگە لەو لاتینییە دەگیرێت. هەرچەندە کوردستان هێشتا نەبووەتە دەوڵەت، لێ ئێستا دەوڵەتۆکەیە، بۆیە من پێموایە زمانی یەگرتووی کوردی، گەلێک لە دەوڵەتی کوردی پێویسترە و بە زمانی یەکگرتوو بناخەی دواڕۆژێکی ڕۆشن و چەسپاو دادەنرێت و هەرچی پەلەکردنیشە لە یەکلاکردنەوەی ئەو کارە، زووتر و خێراتر بۆ پێشەوەچوونە بۆ گەیشتن بە سەربەخۆیی کورد. دەسەڵاتی کوردستان ئەگەر ئەوەی پێ نەکرێت ئیدی چی پێ دەکرێت!

***ڕەوشت: بەشێکی زۆر لەو ڕەخنە و تێبینییانەی لەسەر ئەلفبێی گونجێنراوی عەرەبی بۆ کوردی تۆمار کراون، لەسەردەمێکدا بوون کە کتێبی چاپکردن وەک ئێستە نەبووە، بۆ چاپکردنی نووسینی کوردی گرفت هاتۆتە پێش، هەروەها لەو کاتەوە تا ئێستە ڕێنووس و ئەلفبێی کوردی گەلێک دەستکاری کراوە، ئێوە ئەگەر سەرنج لەو تێبینی و ڕەخنانەی ڕابردوو بدەن، تا چەندە ئەمڕۆ ڕاست و دروست دەردەچن؟***

***شاکەلی***: پێموایە لە وەرامی پرسیارەکانی پێشوودا، باسمان لەو ڕەخنە و تێبینییانەی لە سەر ئەلفبێی کوردی(تیپی عەرەبی) کرد، کە هەندێک کەس دەیخەنە ڕوو. تۆ ئەگەر بنۆڕێتە نووسینە کوردییە کۆنەکانی سەردەمی جزیری و خانی و.. دواتریش نالی و مەولەوی و.. دواتریش شێخ ڕەزای تاڵەبانی و.. دوای ئەوەیش گۆران و... ئیدی تا ئێستا، دەبینیت گۆڕانێکی یەکجار گەورەیان بە سەردا هاتووە. جاران لەگەڵ ڕێنووسی عەرەبی و فارسیدا، جیاوازییەکی ئەوتۆیان نەبوو. تەنانەت لە سەردەمی دەستپێکردنی خوێندن بە زمانی کوردی لە 1922دا، ڕینووسی کوردی وەک ئێستا نەبوو. ئێستاکە زۆر چووەتە پێش و دەتوانم بڵێم هەموو ناتەواوییەکانی زمانی کوردی پڕ دەکاتەوە. ڕەنگە تەنێ گرفتی ئەلکەسرەلموختەلیسە"الكسرةالمختلسة" و ئەلکەسرە"الكسرة" کە بە (ی) دەنووسرێن، ئەمە بڕێک ناجۆرە، بۆ نموونە تۆ بنۆڕە ئەم ناو و وشە عەرەبییانە، کە لە زمانی عەرەبیدا بە "بلال"، "هلال"، "سالم"، "ماهر"، "طاهر"، "صادق" و "حزب" دەنووسرێن، کە دەیانکەیە کوردی بە "بیلال"، "هیلال"، "سالیم"، "ماهیر"، "تاهیر"، "سادیق" و "حیزب" دەنووسرێن، لێرەدا ئەو تیپی "ی"ە لە نووسیندا، لەگەڵ تیپی"ی"ی لە ناوی"سیروان" و "میران" و "هیران"دا چ جیاوازییەکیان نییە، دەبوو بۆ ئەو "ی"انەی لە "بیلال"، "هیلال" و...دا هەن، تیپێک هەبووایە یا ڕەنگە هەر بە "بیلال" و "هیلال" و... نووسرابان، بەڵام بە بێ دانانی دوو خاڵەکانی "ی"ەکە، واتە: تیپێکی"ی"ی بێخاڵ لە شێوەی "ی" ناوەڕاست، بەڵام بێ خاڵ چێ کرابا یا ڕەنگە هەر بەکارهێنانی چوکڵەیەکی وەک کەسرەی عەرەبی، کێشەکە چارەسەر بکات. دەنگی"وێ" کە بە دوو تیپ دەنووسرێت لەگەڵ نەبوونی دەنگی"وی/ Ü،û، y"، کە تا ڕادەیەک پێویستە هەبن، بڕێک بن لە وردە گرفتەکان، تەواوی ئەوانەش زۆر بە ئاسانی چارەسەر دەکرێن، ئەگەر خواستی ڕاست بۆ گۆڕان و چاکسازی هەبێت. لەوانە بترازێت پێموایە هیچ ڕەخنەیەکی دیکە جێی خۆی نییە و مانەوەی ئەوانەیش کاریگەرییەکی

خراپ ناکاتە سەر ئەلفبێی کوردی. تۆ سەیری ئەلفبێی عەرەبی و فارسی بکە، کە بۆ کەسێکی ئەو زمانانە نەزانێت و لە واتای وشەکان تێنەگات، چەند سەختە خوێندنەوەی هەر وشەیەک، دیارە بە هۆی ئەو بزوێنانەوە، کە گەرەکە بەکار ببرێن، هەرچی کوردییە، ئەگەر کەسێکی زمانەکەیش نەزانێت و تێی نەگات، لەبەر گۆڕینی ئەو بزوێنانەی لە عەرەبی و فارسیدا هەن بە تیپ لە کوردییەکەدا، ئەوا کوردییەکە، گەلێک ئاسان و ڕەوان دەخوێنرێتەوە. هەرچی پرسی چاپ و چامەنی و پەخشخانە و ئەوانەیە، پێموایە ئەمڕۆ لە کوردستان سەدان دەسگای چاپ و پەخشخانە هەن و بە باشترین شێوەیش کتێب و گۆڤار و ڕۆژنامە و حەفتەنامە و مانگنامە و وەرزنامە و سەدان شتنامە و هیننامەی دیکە چاپ دەکەن. ئەگەر لە ڕابوردوودا گلەیی و ڕەخنەیەک لە چاپ و بڵاوکراوەی کوردی بووبێت، تەکنۆلۆژیای چاپ و کۆمپیوتەر ئێستا کارەکانیان هێندە ئاسان کردووە، کە هەرگیز بواریان بۆ هیچ ڕەخنە و گازندەیەک لەمەڕ سەختیی بڵاوکردنەوە بە ئەلفبێی کوردی(تیپی عەرەبی) نەهێشتووەتەوە. ئێستا زمانی کوردی(بە تیپی عەرەبی) زۆر بە جوانی و ڕێکوپێک و ڕەوان لە کۆمپیوتەر و ئینتەرنێتدا شانبەشانی زمانانی دیکە، کە بە تیپی نالاتینی دەنووسرێن، لەگەڵ هەموو زمانە زیندووەکانی جیهاندا بەکار دەهێنرێت.

2007-9 -5

**** ئەم دیدارە لەگەڵ چەند دیدارێکی دیکەدا، بەشێکە لە کتێبێک، بە ناوی (ئەلفبێی لاتینی..زمانی ستاندارد) ، کە لە بڵاوکراوەکانی پرۆژەی (تیشک) ە و (ڕەوشت محەمەد) ، ئامادەی کردووە و (فەرهاد شاکەلی)، پاشگوتاری بۆ نووسیوە، لە چاپخانەی چوارچرا، لە کوردستان، لە ساڵی 2008دا، بڵاوکراوەتەوە و لە لاپەڕە 123-186ی ئەو کتێبەدایە.***

# زمانی ستاندارد بە زۆری و کەمی خەڵکەکە نییە، کە قسەی پێدەکەن

**دیمانەیەک لەگەڵ (ئەمجەد شاکەلی)دا**

**سازدانی : محەمەد عەلی وەلی**

***ڕۆژنامە:*** زۆرجار باس لە زمانی یەکگرتووی کوردی و دروستکردنی زمانی ستانداردی کوردی دەکرێت ، تۆ چ ڕێگەیەکت پێباشە بۆ دروستکردنی زمانی ستاندارد بیگریتە بەر ؟

***ئەمجەد شاکەلی:*** من پێموایە ئێستا زمانی ستانداردی کوردی بۆ خۆی هەیە ، ئەم زمانەی من و تۆ ئێستا پێی دەنووسین و دەخوێنینەوە ئەمە بووەتە زمانی ستاندارد، ئەم ستانداردە بە پێوەرێک وەرگرین بۆ زمان ، ئەم زمانە (شێوەزارە) ی، کە بەهەڵە ناویان ناوە سۆرانی و بۆ خۆی کرمانجی خوارووە، زمانێکە لە سەدەی ڕابردووەوە، لە دەوروبەری 1920 ە کانەوە خوێندنی ئەم وڵاتەی پێ کراوە و زمانی ڕۆژنامەوانی و کاری ڕەسمی حوکوومەت بووە ، ئەگەر حیسابی حوکوومەتەکەی شێخ مەحموود بکەیت.

***ڕۆژنامە: زۆر کەس هەن ئەوە دەکەنە پێوەر، کە کام شێوەزار زۆرینەی ئاخێوەرانی هەیە ئەوە بکرێتە زمانی ستاندارد تۆ لەمبارەوە ڕات چییە ؟***

***ئەمجەد شاکەلی:*** ئەگەر حیسابی زۆرینە بکەین ڕەنگە کرمانجی سەروو بێت ئەمە کەسمان لاریمان لێی نییە ، بەڵام زمانی ستاندارد بە زۆری و کەمی خەڵکەکە نییە، کە قسەی پێدەکەن ، ئەمە پێوەر نییە ، زمانی ستاندارد ئەو زمانەیە توانیبێتی جێی خۆی لە بواری میدیا و خوێندندا کردبێتەوە ، زمانی ڕەسمی دەوڵەت بێت (هەرچەند ئێمە تائێستا دەوڵەتمان نییە) ، زمانی ڕەسمی حوکومەت بێت. ئەم زمانەی، کە ئێستا عەرەب پێی دەخوێنێت و پێی دەنووسێت و هەموو ڕێزمان و ڕێنووسی لەسەر دانراوە، زمانی کەمینەیەکی عەرەبە لە ناوچەی نیوە دورگەی عەرەبیدا کاتی خۆی قورەیش بەکاریان هێناوە و دواتریش بووەتە زمانی قورئان، ئێستا هەر ئەو زمانە بووەتە بنەمای زمانی عەرەبی و هێشتا بەکار دەبرێت .

***ڕۆژنامە: ئێستا هەوڵێک لە ئارادا هەیە بۆ زاڵکردنی شێوەزارێک بە سەر ئەم زمانە ستانداردەی، کە تۆ دەڵێیت چەند ساڵە دروست بووە ، جێی خۆی گرتووە ئەمە چۆن دەبینی؟***

***ئەمجەد شاکەلی:*** ئەمە کارێکی باش نییە ئەو شێوەزارەی، کە لەسەردەمی شێخ مەحموودا کاری پێکراوە جێی خۆی گرتووە و خەڵک بەکاری دەهێنێت ، ئەگەر لە هەندێک شوێن ئەم زمانەش نەبووەتە زمانێکی ستاندارد لەبەر ئەوە بووە، کە زمانی نووسین و خوێندن نەبووە و بواری بەکارهێنانی میدیای کوردی و زمانی ڕەسمی کورد نەبووە.

***ڕۆژنامە: هەندێک لەوانەی لە بواری زماندا قسە دەکەن پێیانوایە زمانی ستاندارد بە پاڵپشتی بڕیاری سیاسی دروست دەبێت ، هەر ئەمەشە وایکردووە هەندێک کەس هەوڵی ئەوە دەدەن، کە زمانێکی ستاندارد لەم سەردەمەی ئێستاماندا دروست بکەن ، ئەو پاڵنەرە سیاسییانە چەند سەرکەتوو دەبن لە دروستکردنی ئەو زمانەدا ؟***

***ئەمجەد شاکەلی:*** پاڵنەر و فاکتەر و دەسەڵاتی سیاسی دەتوانێت ئەو زمانەی بیەوێت دروستی بکات ، بۆ نموونە ئەگەر ئێمە هەندێک شوێن وەرگرین ، من ناڵێم وەک زمان، بەڵام وەک گۆڕینی ئەلفبێ باسی بکەین ، ئەلفبێی لاتینی، کاتێک زیاد بەڕڕی سۆمال هاتە سەرحوکم زمانی نووسینیان نەبوو ، لەبری ئەوەی دەست بە شێوەنووسینێک بکات یان ڕێنووسێک دانێت یان تیپێک بەکار بهێنێت بۆ نووسینی زمانەکەیان نزیک بێت لە عەرەبییەوە ، چونکە زمانی سۆمالی بەشێکە لە زمانە سامییەکان ، ئەو ئەلفبێی لاتینی هەڵبژارد و ئەلفبێی عەرەبی هەڵنەبژارد .

***ڕۆژنامە: لەوەتەی ئەم کیانە کوردییە لە هەرێمی کوردستاندا هەیە گۆڕانکارییەک بەسەر زماندا هاتووە ، تۆ ئەو گۆڕانکارییە بە سلبی دەبینی یان ئیجابی ؟***

***ئەمجەد شاکەلی:*** ئەو گۆڕانکارییانە بە ئاشکرا دیارن. ئەگەر لە ڕووی ڕێنووس و خاڵبەندی و هەندێک ڕێزمانەوە تەماشا بکەین، تاڕادەیەک هەست بە لاوازییەکی زۆر دەکەین. ئەگەر ڕەوشی ئێستای زمانی کوردی لەگەڵ سەردەمێکدا، کە کۆڕی زانیاری کورد لە بەغدا هەبوو و ئەو دەمەی مەسعوود موحەممەد و چەندانی تر لەوێ کاریان دەکرد، بەراورد بکەین ، لەو ڕووەوە ئەوان پێشکەوتوتر بوون و حاڵی زمانی کوردی باشتر بوو. نەمانی کۆڕی زانیاری کورد زیانێکی زۆری بە زمان و ئەدەبی کوردی گەیاند، ئەم پاشاگەردانییەی لە زمانی کوردیدا دروست بووە دەرئەنجامی ئەوەیە، کە دەسگایەکی نێوەندەکی نییە بتوانێت کۆنترۆڵی پرسەکانی زمان بکات و ڕەئی هەبێت لەو مەسەلانەدا ، ئێستاش ئەو دەسگایەی بە ناوی کۆڕی زانیاری کوردستانەوە هەیە ، دەسگایەکی ئیفلیج و بێکەڵک و بێکارە و هیچی نەکردووە و هیچی پێناکرێت.

***ڕۆژنامە: هەندێک ڕا هەیە لە سەر هێنانەوەی پیتی لاتینی بۆ ڕێنووسی زمانی کوردی ئایا ئەمە چەند سوود و زیان بە زمانی کوردی دەگەیەنێت؟***

***ئەمجەد شاکەلی:*** بەکارهێنانی تیپی لاتینی بۆ زمانی کوردی بە هیچ شێوەیەک بە قازانجی زمانی کوردی نییە، چونکە کورد ئێستا کۆمەڵێک حەرفی هەیە پێی دەنووسێت و ئێستا موڵکی کوردن و بە هیچ شێوەیەک نە عەرەبین و نە فارسین و نە هیچی تر. هەندێک تیپمان خستۆتە سەر ئەو تیپانە، هەرگیز عەرەب نایاننناسنەوە وەک (ژ ، چ ، گ) یا ئەو تیپانەی حەوتەکانیان لە سەرە یا لە ژێرە، ئەمە لەلایەک ، لە لایەکی ترەوە ئەم تیپانەی ئێستا بەکاری دەهێنین چ ناتەواوییەکیان هەیە بۆ زمان؟ بۆچی ناتەواون؟ کوێیان ناتەواوە؟ دواتر بەکارهێنانی تیپی لاتینی زیانی ئەوەمان لێدەدات، کە ئەوەی ئێمە چەندین ساڵە لە باوباپیرانی خۆمانەوە بۆمان ماوەتەوە، وەک کەلەپوورێکی فەرهەنگی نەتەوەیی لەناو دەچێت ، چونکە ئەمە دەسگای گەورە گەورەی پێویستە تا ئەوەی، کە چەندان ساڵە نووسراونەوە دووبارە بخرێنەوە سەر تیپی لاتینی، ئەم پەتایەش ( تیپی لاتینی ) ئێمە لە دەوڵەتی تورکیاوە گرتوومانە و بۆمان هاتووە ، ئەوەش کەمال ئەتاتورک هێنای بۆ ئەوەی تورکەکان لە ئیسلام و لە عەرەب دابڕێت، ئەمەش زیانێکی زۆری لە فەرهەنگی تورکیا و زمانی تورکی داوە ، بۆ نموونە ئێستاش، تورک کە شتەکانی خۆیان دەنووسن پێویستیان بە وشەی عەرەبی هەیە، زمانەکەیان چەند وشەی خۆیانی تێدایە ئەوەندەش وشەی عەرەبی تێدایە و هەمووی بەهەڵە دەخوێننەوە، ئەمەش زیانێکی گەورەیە بۆ ئەوان، دەیان هەزار کتێب و دەکیۆمێنتیان هەیە تا ئێستا نەکراونەتەوە بە تورکی نوێ و تیپی لاتینی .

***ڕۆژنامە: ئەمڕۆ فەوزایەک لە بواری ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەگەریدا هەیە ، ئەو فەوزایەش بۆتە مایەی زیاتر بێسەروبەرکردنی زمانی کوردی، کە هەر حیزب و کۆمپانیایەک دەسگایەکی ڕاگەیاندنی هەیە ئەمە مەترسی چەندە؟***

***ئەمجەد شاکەلی:*** وەک پێشتریش وتم نەبوونی دەسگایەکی باڵا، کە هەمووکات بۆ یەکلاکردنەوەی کێشەکانی زمان بگەڕێیتەوە بۆی، ئەو فەوزا و پاشاگەردانییە دروست دەکات ، ئەوەی ئێمە لە میدیای کوردیدا دەیبینین، فەوزایەکە ئەو پەڕی دیار نییە، هەر دەسگایەک شێوەنووسین و شێوەزمانێک بەکاردەهێنێت، دواتر لە دەسگا بینراو و بیستراوەکاندا، بە

تایبەت تەلەڤزیۆنەکان، دەبینی بە دوو دیالێکتی کرمانجی خواروو  و کرمانجی سەروو، هەموو بابەتەکان پەخش دەکرێنەوە ، هەواڵێکی سۆرانی یەکێکی تری کرمانجی ، گۆرانییەکی سۆرانی و یەکێکی کرمانجی، هەمووشتەکان لە سەر نیوەیە، وەک پەنجا بە پەنجاکەی سیاسەتی پێشووی ئەم دوو حیزبە دابەشکراوە. لە ڕووی نووسینیشەوە دەبینی هەر بڵاوکراوەیەک شێوە دارشتن و ڕێنووسێکی تایبەتی خۆی هەیە.

**** لە ژمارە(212)ی ڕۆژی یەکشەممەی 4-5-2008ی ڕۆژنامەدا، بڵاوکراوەتەوە.***

# زاراوە کوردییەکان و زمانی نووسین

**نووسینی: پرۆفێسسۆر بوو ئویتاس**

**وەرگێڕانی لە سوێدییەوە: ئەمجەد شاکەلی**

زمـانی کـوردی، لـەڕووی زمانـەوانییـەوە، زمـانێکی ئێرانییـە و بـە چـەنـد زاراوەیـەک دەناسـرێتەوە. لەنێو زمانـە ئێرانییـە هاوچـەرخـەکانـدا، دەکـرێ زمـانی کـوردی، لـەگـەڵ زمـانی پەشتۆ( زمانی ئەفغانییەکان )دا، وەک زمانێکی نێزیک بەراورد بکرێت.

هەردوو زمانی کـوردی و زمـانی پـەشتۆ، دەکـرێ لـە ڕووی زۆریـی خـەڵکانێـک، کـە پێیـان دەئاخڤن و لە ڕووی جیاوازی و دابەشبوونی زاراوە و دابەشبوونیان بەسەر چەند دەوڵـەتێکدا، بەراورد بکـرێن. بـەڵام لـەکاتێکدا،کـە پـەشتۆن یـا "پـەتانـەکـان"، وەک لـە ڕۆژهـەڵات وایـان پـێ دەڵێن، تەنێ بەسەر دوو وڵاتدا، ئەفغانستان و پاکستان، دابەش دەبن، کـوردەکـان وەک خویایـە، لەنێو چـەنـد دەوڵـەتێکدا دەژیـن، کـە لـە پێنج کـەمتـر نـین: عیـراق، ئێـران، سووریا، تورکیـا و یەکیەتیی سۆڤیێت[83]. لەڕاستیدا ئەم ڕەوشە، هەوڵدان و کاری ئەوانی بۆ چێکردنـی یـەک زمـانی هاوبەشی نووسین، هیچ ئاسان نەکردووە.

***پێوەندی زاراوە و زمانی نووسین:***

پێـوەنـدی نێـوان زاراوەکـان و زمـانی نووسـین لـە ئـەمـڕۆی زمانـە جیـاوازە ئێرانییـەکانـدا، بەشێوەیەکی گشتی ئاڵۆزە و گەلێک جۆراوجۆرە. بێگومان زمانی فارسیی نوێ ئەو زمانەیە، کـە پتـر بەکار دەبرێت و زمانی سەرەکییە لە ئێراندا، بەڵام لەگەڵ ئـەوەشـدا زمـانی دایکیـی کـەمتـر لە نیوەی دانیشتووانی وڵاتەکەیە. زمانی فارسیی نوێ ئەو زمـانی نووسـینەیە، کـە بـەم شـێوەیـەی ئێستای و بە ئـەلفبێی عـەرەبی، پتـر لـە 1000 سـاڵێک بـەر لـە ئـەمـڕۆوە پێـی دەنووسـرێت. ئەوەی جێی سەرنجە ئەوەیە، ئەم زمانی فارسییە لە بنەڕەتدا لە یەکێک لە زاراوە ناسـراوەکانـەوە یا ئەوانەی، کە ئەمڕۆ قسەیان پێ دەکرێت، پەیدا نەبووە، بەڵکە لـە بنـەڕەتـدا زمـانێکی تێکـەڵـە و وەک ئامراز و ڕێگەیەک بۆ پێوەند و لـەیـەکتێگـەیشتن بـەسـەر زاراوە و سنووری زمانـدا، سـاز بـووە. شـێوەیـەکی تایبـەتی لـە فارسـیی نـوێ تاجیکستانە، کـە لـەسـەر زەوینـە و پایـەی هـەنـدێ تایبـەتمـەنـدیی زاراوەیـی لـە کۆمـاری تاجیکـستانی سـۆڤیێتی نـاوەڕاسـتی ئاسـیادا، کـە لـە 1930یەکانەوە بە تیپی کریلیک( ڕووسی ) دەنووسرێت، گـەشـەی کـردووە. ئـەمـە نموونـەیـەکـی

[83] کورد لە ئەرمەنستان، گورجستان و ئازەربایجانی سۆڤیێت دەژین.( وەرگێڕ ).

پڕمانا و فێرکارانەیە لەمەڕ ئەوەی، کە چۆن دەکرێ لەڕێگەی پرۆسێسی تەرکیزکردنی بەهێز لە سەر زمان و بەڕێوەبردنی فەرهەنگییەوە، زمانێکی نووسینی نوێ چێ بکرێت.

زمانێکی دیکەی ئێرانی، کە لە 1930یەکانەوە بە تیپی کریلیک دەنووسرێت، زمانی ئۆسێتییە، کە لە لایەن نیومیلیۆن کەسەوە لە قەوقاسی سۆڤێیت قسەی پێ دەکرێت. ئەم زمانە لە دوو زاراوەی سەرەکی پێکهاتووە، کە زاراوەی (ئیرۆن)ی لای خۆرهەڵاتەوە دەبێتە بنەمای زمانی ئەدەبیی زاڵ. بێجگە لەوەش ڕەوشێکی دیکە لەبارەی زمانی بەلووچەکانەوە وەدی دەکرێت. ئەو زمانە لەلایەن گەلێکی تاڕادەیەک مەزنەوە(نزیکەی 5 میلیۆن) لە پاکستان، ئێران و ئەفغانستان(و تەنانەت گرۆیەکی بچووکیش لە ئاسیای نێوەڕاستی سۆڤێیت) قسەی پێ دەکرێت. پەرتوبڵاویی زاراوەکان و جیاوازییان لەسەردەمی جیاوازدا، بوونەتە بنەما بۆ هەوڵدان بۆ نووسینی زمان. هەمیشە ئەلفبێی عەرەبی بەکار براوە، بەڵام بە هۆی ئەو جیاوازییە فۆنەتیکییە یەکجار گەورەیەی، کە زاراوە جیاوازەکان- بۆ نموونە- هەیانە، هەرگیز ئەو ئەلفبێیە نەگەیشتووەتە ڕێنووسێکی چەسپاو و جێگرتوو. ئەم نموونە جیاوازانەم لەمەڕ پێوەندی نێوان زاراوە و زمانی نووسین وەک پێشەکییەک هێنایەوە، بۆ ئەوەی ئاماژە بەو جۆرە پێوەندە زۆربگۆڕە بکەم کە هەیە. مرۆڤ گەرەکە بیر لەوە بکاتەوە، کە زمانی نووسین، بەرهەمی پرۆسێسێکی مێژووییە، وەک ڕێسایش زۆر درێژخایەن، وەک فارسیی نوێ، بەڵام جارنا کورت مینا تاجیکی. کەوایە بە وردی و دروستدیتن و لەبەرچاوگرتنی فاکتە مێژووییە گشتییەکان(بێ ئەوانەی کە پێوەندیان بە زمانەوە هەیە) بۆ تێگەیشتن لە گەشەکردنی زمانێکی نووسین، شتێکی گرنگە.

**کۆمەڵێک زاراوە:**

هەردوو زمانی پەشتۆ و کوردی، بەسەر کۆمەڵێک زاراوەدا دابەشبوون، بەڵام لەکاتێکدا، کە جیاوازییەکانی نێوان زاراوەکانی زمانی پەشتۆ بە شێوەیەکی سەرەکی لەڕووی فۆنەتیکەوەیە، جیاوازیی نێوان زاراوە کوردییەکان بەشێوەیەکی سەرەکی و زۆرتر لەڕووی مۆرفۆلۆگییەوەیە(واتە: بیناسازی وشە). ئەو ڕەوشەی زمانی پەشتۆ هەیەتی، کاری سازکردنی زمانێکی نووسینی هاوبەش ئاسان دەکات، بەمەرجێک ئەگەر ئەلفبێیەک دابنرێت بۆ ئەو زمانی نووسینە. ئەلفبێیەک، کە بتوانێت جیاوازییە گرنگ و لەبەرچاوەکانی نێوان دەنگەکان داپۆشێ

و بشارێتەوە. ئەمەش دەتوانرێ بگوترێ، کە پەشتۆنەکان کردوویانە. ئەوان ئیدی لە کۆتایی 1600ـەکانەوە ئەلفبێیەکی عەرەبیی دەسکاریکراویان بەکار بردووە، کە ڕێگە بە دەنگ و دەربڕینە زاراوەییە جیاوازەکان، کە بە هەمان تیپ دەنووسرێن، دەدات. زمانی کوردی لەو ڕووەوە لە بارێکی سەختتردایە. زاراوە کوردییەکان تاڕادەیەکی زۆر لەیەکەوە دوورن، بەتایبەت لەڕووی مۆرفۆلۆگییەوە. لەڕاستیدا ئەو زاراوانە چەند لە ڕووی جیۆگرافیاوە لەیەکەوە دوور بن، پتر لەڕووی زمانەوە جیاوازن. بەشێک لەو زاراوانە، کە لەلایەن خەڵکانێکەوە، کە خۆیان بە کورد دەزانن، قسەیان پێ دەکرێن، هێندە لە زاراوە سەرەکییەکانەوە دوور و جیاوازن، کە زمانەوانە ئەوروپاییەکان، وەک زمانی جیاواز سەیریان دەکەن. ئەوان لەو نیشانە و تایبەتمەندییانەوە بۆ ئەوە چوون، کە زاراوە دەبێ ئامرازێکی هەمەلایەنەی هاوبەش بێت بۆ لەیەکتێگەیشتنی ئەو کەسانەی، کە زانیارییەکی بنگەیی تایبەتیان نییە. لە پراکتیکدا ئەو نیشانە و تایبەتمەندییانە بەدەگمەن لە ژیانی ڕۆژانەی ئەم جیهانەدا پارێزراون. تەنێ تەماشای ئەوەی، کە پێی دەڵێن"زمانانی نوورد"[84] بکە! ئایا سوێدی و نۆروێژی وەک ئاسا هەردوولایەنە هی لێکتێگەیشتنن؟.

**پۆلێن:**

جوێکردنەوەی زاراوە کوردییەکان لە نێوان چەند بەشێکدا تاڕادەیەک خویایە، بەڵام بە هۆی نەناسراوی و کەمیی توێژینەوە لە بارەیانەوە، هیچ جۆرە پۆلێنێک تا ئێستا، ناکرێ بە بنجبڕ و تەواو بژمێردرێت. بەشێوەیەکی ئاسایی، جیاوازیی لەنێوان زاراوە باکوورییەکان و زاراوە باشوورییەکاندا (جاران دەشگوترا"ڕۆژاوایی" و "ڕۆژهەڵاتی") یا سەروو، ناوەند و خوارووداا، دەکرێ. گرنگترین سنوور لەنێوان زاراوە باکوورییەکان و زاراوە ناوەند-باشوورییەکاندا، بەشێوەیەکی زەق لە زەریاچەی ورمێ(لە ئێران)وە دەڕوا تا دەگاتە ڕووباری زێی گەورە و بە کەنار ئەو ڕووبارەدا دەڕوا تا دەگاتە دیجلە (باشووری مووسڵ لە عیراق). سنووری نێوان زاراوەکانی ناوەند و باشوور، وەک ئاسایی دەکەوێتە دەڤەرەکانی باکووری کرماشان(لە ئێران) تا خانەقین و جەوەڵ حەمرین(لە عیراق). لە ڕۆژاوای دیجلە و باکووری

[84] زمانانی نوورد: سوێدی، نۆروێژی، دانمارکی، ئیسلاندی و فەرئۆیی دەگرێتەوە. (وەرگێڕ).

زێی گەورە و زەریاچەی ورمێ، واتە لەنێو کوردەکانی باکووری ڕۆژاوای عیراق، سووریا، تورکیا و یەکیەتیی سۆڤیێت، زاراوە باکوورییەکان وەدی دەکرێن، کە وەک کورتکردنەوە پێیان دەگوترێن کرمانجی(هەندێ جاریش تەنانەت کرمانجیی سەروو). ئەوانە بۆ نموونە زاراوەکانی دیاربەکر، بۆتان و شەنگار لە باکووری ڕۆژاوا و بایەزید و بادینان لە باکووری ڕۆژهەڵات، دەگرنەوە. ئەو دەڤەرە لە ڕووی دانیشتووان و جیۆگرافیاوە، گەورەترین ناوچەی کوردە. گرۆی زاراوەکانی ناوەند، کە ئەمڕۆ پتر زاراوەکانی خواروویان پێ دەگوترێن، سۆرانی، موکری و زاراوەی سلێمانی(پێتەختی کوردستانی عیراقی ئێستا)[85]، نموونەگەلێکی لەبەرچاویانن. بەشێوەیەکی کەمتریش زاراوەکانی کرماشانی و لەکی(لە ئێران) لەنێو زاراوە باشوورییەکاندا دەژمێردرێن. کوردەکان خۆیان زاراوەی فەیلی(لوڕی)ش لەنێو ئەوانەدا دەژمێرن. گرۆ زاراوەیەکی دیکەش، کە کوردەکان بەپێچەوانەی زۆربەی زمانەوانە ئەوروپاییەکانەوە بە زاراوەگەلێکی کوردی دەژمێرن، زاراوەگەلی گۆرانی- هەورامی لە خوارووی ڕۆژهەڵات(عیراق) و زازایی لە باکووری ڕۆژهەڵات (تورکیا)ن.

### پارسی میدی:

ئەم هەموو زاراوانە بڕێک هاوبەشیی زمانەوانییان هەن و وەک ئاسایی دەبرێنەوە سەر ئەو لقەی، کە پێی دەگوترێ "زمانانی ئێرانی باکووری ڕوژاوا" لە خێزانی زمانە ئێرانییەکان. زمانانی پێشووی ئێرانی باکووری ڕۆژاوا لە مێژووی ئێراندا، پارسی (لەسەردەمی پاشایەتیی پارس یا ئەرساسی 250 پ.ز- 225 ز) و پاشایەتیی میدی(600 پ.ز- 500 پ.ز)، کە تەنێ بە چەند ناوێکی کەم و چەند وشەیەکی وەرگێڕاوەوە ناسراوە. بێگومان باسی خزمایەتی و نێزیکایەتییەک لەگەڵ ئەم زمانە کۆنانەدا لەلایەن کوردەکانەوە هاتووەتە گۆڕێ، بۆ ئەوەی بانگاشەی بەردەوامییەکی مێژوویی بەرەودواوە بکەن و بەتەواوی خۆیان ببەستنەوە بە دەوڵەتی میدیاوە، کە دەگەڕێتەوە بۆ بەرەبەیانی مێژوو. هێشتا لە ڕووی زمانەوانییەوە، ئەم

[85] سلێمانی تا پێش ساڵی 1974 لە ڕووی فەرهەنگیی و بزێوییەوە بە پێتەختی کوردستانی عیراق دادەنرا، بەڵام وەک شار و گەورەیی و پێشکەوتن وئابووری، کەرکووک پێتەختی کوردستانی عیراق بوو. تا ساڵانی 1950 و 1960کان، خەڵکی سلێمانی، کە بچووایەن بۆ کەرکووک، دەیانگوت : دەچین بۆ شار. لە ساڵی 1974 یشەوە ئیدی سلێمانی شوێنگەی پێتەختیەتی کوردستانی عیراقی لەدەست دا و هەولێر ئەو ڕۆڵەی هەردوو سلێمانی و کەرکووکیش دەبینێت. (وەرگێڕ).

پێوەندە زۆر دوورە لە ئاشکراییەوە. بۆ نموونە بۆ ئەو 1000 ساڵەی، بەسەر پێشکەوتنی زماندا لەنێوان پارسی و کوردیدا تێپەڕیوە، هیچ بەڵگەیەک بەدەستەوە نییە و چ شتێکیش کۆمەک بەوە ناکات. بەگشتییش زۆر سەختە پارسی بە لق و بەری میدی بژمێردرێت، و ئەگەر پێوەندێکی زۆر لاوازیش لەنێوان میدی، کە ئێمە هیچ زانیارییەکمان لەبارەیەوە نییە و نایزانین و کوردیدا هەبێت، ئەوا گەوی ئەو پێوەندە، کە 2000 ساڵێک دەبێت، ناتەواوە.

دابەشکردنی زمانانی ئێرانی نوێ و زاراوەکانیشیان، بەسەر گرۆی باکووری ڕۆژاوا و باشووری ڕۆژاوادا، کارێکی دڵنیاکار نییە. فارسیی نوێ، کە بە گرنگترین زمانانی باشووری ڕۆژاوا دەژمێردرێت، زۆر شتی باکووری ڕۆژاوای تێدایە، و هەروەها بەلووچی، کە ئەمڕۆ لە خوارەوە لە باشووری ڕۆژهەڵات قسەی پێ دەکرێت، لە کوردی پتر سیمای باکووری ڕۆژاوای پێوەیە.

**کۆمەڵێک ئەلفبێ:**

بەگوێرەی پەرتبوون و فرەلایەنییەک، کە لە زمانی کوردیدا وەدی دەکرێت، ڕاستییەک دێتە گۆڕێ و دەبێتە هۆی ئەوەی، کە بە کۆمەڵە ئەلفبێیەک بنووسرێت، لەوانەش: عەرەبی، لاتینی و کریلیک (ڕووسی). ئەمەش بێگومان بە مێژووی فەرهەنگی کوردی و باری سیاسی ئەمڕۆوە، گرێدراوە. کۆنترین ئەدەبی کوردیی نووسراو، کە پارێزرابێ و مابێتەوە، دەگەڕێتەوە بۆ ساڵانی 1500 و1600 ـەکان و بە زاراوەیەکی باکوور( کرمانجی )، کە جزیری( دەگەڕێتەوە بۆ باژێڕی جزیرە، کە لەو سەردەمەدا پێتەختی میرنشینی بەناوبانگی کورد، بۆتان بوو )یە. ئەم کەونە ئەدەبە بە زۆریی بریتییە لە شیعری شاعیرانی وەک مەلای جزیری، فەقێ تەیران و چیرۆکە شیعرییە مەزنەکەی ئەحمەدی خانی، مەم و زین، کە بە شاکاری نەتەوەیی کورد ناوی دەرکردووە. ئەم کارانە بە ئەلفبێی عەرەبی نووسراون، بە شێوەیەک، کە زۆر لە ڕێنووسی فارسیی نوێوە نێزیکە. ئەو شاعیرانە بە گشتی، شێوە و قانوونەکانی شیعری عەرەبی- فارسی، پێڕۆ دەکەن. ئەم زمانە ئەدەبییە کوردییە لە بنجوبناواندا لەسەر زاراوەی جزیرە دانراوە، کە بە تێکچوونی میرنشینی بۆتاندا تێپەڕی و بوو بە زمانی نووسینی کوردەکانی باکوور، ئەوەی کە ئەمڕۆ پێی دەڵێن"کرمانجی"، (هەرچەندە "کرمانجی" لە ڕاستیدا بە شێوەیەکی گشتی بە واتەی کوردی دێت ). ڕووناکبیرە کوردەکان، کە لە کۆتایی سەدەی پێشووەوە، لەنێو

چوارچێوەی دەوڵەتی عوسمانیدا هەوڵیان داوە، بۆ ژیاندنەوەی فەرهەنگی کوردی، ئەو زمانی نووسینەیان بەکار بردووە و بەو زمانەش یەکەم ڕۆژنامە و گۆڤارگەلێکی کوردی (کوردستان لە قاهیرە ساڵی 1898 و کورد لە ئیستانبوول ساڵی 1907) دەرچوون. دوای ئەوەی کە تورکیا لە 1920 ـەکاندا، ئەلفبێی لاتینی بۆ زمانی تورکی هەڵبژارد، کوردەکانیش لە تورکیا دەستیان کرد بە بەکار بردنی ئەم ئەلفبێیە بۆ کرمانجییەکەیان و تا ئەمڕۆش - لەو ماوە کورتانەی، کە بۆیان ڕەخساوە زمانی کوردی بۆ نووسین بەکار ببەن- هەر وا دەکرێت. کوردەکان لە یەکیەتیی سۆڤییێت، کە زاراوەیەک دەپەیڤن لە زاراوەی ئەسڵیی جزیرەوە نێزیکە، بە شێوەیەکی گشتی بە هەمان زمان دەنووسن، بەڵام لە ساڵانی 1930 ـەکانەوە بە ئەلفبێی ڕووسی.

**زاراوەی هەورامی:**

لە ناوەڕاست و خوارووی کوردستان، ئەو زمانی نووسینەی،کە لەسەر زاراوەی جزیری دامەزرابوو، زۆر کەم هێزی بڵاوبوونەوە و گشتگریی و بڕەوی هەبوو. لەو دەڤەرەدا، لە سەرەتادا، زاراوەی هەورامی(بەشێک لە گۆرانی)، وەک زمانی ئەدەبی پایەی سەردەستی وەرگرت. هەورامی، وەک سەرەتای ئەدەبی جزیری، بە ئەلفبێی عەرەبی دەنووسرا. گرنگیی زاراوەی هەورامی وەک زمانی نووسین، دەگەڕێتەوە بۆ جودابوونەوەی دەستە و تەریقەتێک بەناوی"ئەهلی حەق"[86] ، لە ئیسلام. ئەوان زمانی عەرەبییان وەک زمانی ئایین، وازلێهێنا و ئەو زاراوەیەی زمانی کوردییەیان کردە زمانی ئایینی خۆیان. دواتر هەورامی بوو بە زمانی نووسین، لە میرنشینی ئەردەڵانی کورددا، کە سەرەتا شارەزوور(لە عیراقی ئێستا) و پاشان، دوای 1612، سنە(لە ئێرانی ئێستا)ی هەبوو وەک پێتەختی. بەوەدا بڕێک لە ڕۆڵە گرنگەکانی ئایینەکان، لە ناساندن و دیاریکردنی زمانی نووسیندا، وەدەر دەکەوێت و مرۆڤ لەوەش تێدەگا، کە زاڵبوونی زمانی عەرەبی لەنێو ئیسلامدا، بە پەیدابوونی زمانی نووسینی ناوچەیی تۆڵەی کراوەتەوە.

---

[86] ئەهلی حەق، یارسان و کاکەیی، سێ ناوی جیاوازن بۆ پێڕۆیانی ئەو خەڵکەی سەر بەو ڕێبازەن. پێڕۆیانی ئیسلام ئەو ئایینە بە لادانێک لە ئیسلام دەدەنە قەڵەم. بەڵام ئەوان خۆیان بە ئایینێکی جیاواز لە ئیسلام و ئایینەکانی دیکە دەزانن. کتێبە پیرۆزەکانیان و کلامەکانیان بە زاراوەی هەورامی- گۆرانیی کوردین. (وەرگێڕ).

**لە سلێمانییەوە بۆ سۆرانی:**

لەگەڵ تێکچوون و هەڵوەشانەوەی میرنشینی ئەردەڵاندا، زاراوەی هەورامی لە ساڵەکانی 1800 ـەکاندا شوێنگەی خۆی وەک زمانی نووسین لە دەریی خەڵکانی سەر بە ئەهلی حەق، لەدەست دا. لە ناوەند و خوارووی کوردستان، بەرەبەرە زمانێکی نووسین، کە لە سەر زاراوەکانی ناوەڕاست دامەزرابوو، جێی ئەوی گرتەوە. ئەوانەی کە پێیان دەگوترا میرانی بابان، لە ساڵی 1784 ـەوە سلێمانییان کردە پێتەختی فەرمانڕەواییەکی کوردی، کە تاڕادەیەک سەربەخۆیی خۆی تا نیوەی ساڵانی 1800 ـەکان پاراستبوو. بە کارتێکردنی زاراوەی گۆرانی و زاراوەی شارەزوور، کە زاراوەی بنەڕەتیی بابانەکان بوو و زاراوەکانی دیکەی ناوەڕاست، لە 1800 ـەکاندا زمانی نووسینی سلێمانی، کە بوو بە ئامرازێکی گرنگ بۆ ئەدەبی کوردی، چێ کرا. لە سەردەمی لەنێوچوونی دەوڵەتی عوسمانی و پەیدابوونی عیراقی نوێدا، زاراوەی سلێمانی بوو بە زمانی سەردەستی نووسین، بۆ کوردەکانی عیراق و بوو بە نیشانەیەکی گرنگی ئەو نەتەوەخوازییەی، کە بە خێرایی لەگەڵ خەباتی کوردەکاندا بۆ سەربەخۆیی، بڵاو بووەوە.

لەبەر ئەوەی کوردەکان لە عیراق، لە بەکاربردنی زمانەکەیان، لە خوێندن و ئەدەبدا، دەرفەت و بوارێکی باشتریان لە کوردانی وڵاتانی هاوسێیان هەبووە، زاراوەی سلێمانی لە سەردەمی ئەمڕۆماندا بووە بەو زمانە نووسینە کوردییەی، کە لە هەمووان زێتر بەکار دەبرێت. ئێستا وەک ئاسایی پێی دەگوترێ "سۆرانی" کە لە بناخەدا ناوی زاراوەیەک بووە لە دەوروبەری باژێڕی ڕەواندز. دوای کوودێتای 1958 ی قاسم بەتایبەت، کوردەکان لە عیراقدا، هەلی گەشەپێدانی زمانی نووسینی خۆیانیان بۆ ڕەخسا، وەک نموونە بە هۆی دەستپێکردنی خوێندنی بابەتی کوردناسی لە زانستگەی بەغدا، ئیدی زاراوەی سۆرانیی سلێمانی، لەڕێگەی ئەوەی، کە گەلێک وشە و هێڵ و سیمای زمانی لە زاراوە نێزیکەکانەوە وەرگرت، کەسیەتییەکی گشتی وەرگرت و پەیدا کرد. ئەم "سۆرانی"یە بوو بە زمانی فەرمیی گشت کوردەکانی عیراق. ئەمەش بۆ نموونە لە کتێبی خوێندنگەکان و وانەگوتنەوەدا بەکار دەبرێت. ساڵی 1968 زانستگەیەکی کوردی لە سلێمانی کرایەوە و فەرهەنگستانێکی کوردیش لە ساڵی 1970دا دامەزرا (لە ساڵی 1978دا بوو بە بەشێک لە فەرهەنگستانی عیراق). سۆرانی، ئێستا بە ئەلفبێیەکی عەرەبیی دەستکاریکراو دەنووسرێت، کە بە پێچەوانەی

شێوەی ئاسایی بەکاربردنی ئەو جۆرە ئەلفبێیە، بۆ هەموو بزوێنەکان نیشانەی تایبەت دانراوە. هەرچی وشەی عەرەبییشە بەگوێرەی فۆنەتیکی کوردی دەنووسرێتەوە، واتە بەگوێرەی شێوەی دەربڕین و دەنگیی کوردی، نەک بە حینجەی عەرەبی. ئەمەش لەنێو ئەو ئەلفبێ عەرەبییە گونجێنراوانەی، کە لە بەشێکی زۆری جیهانی ئیسلامیدا هەن، وەک فارسیی نوێ و پەشتۆ، کە دوو زمانی ئێرانین، شتێکی نائاساییە. یەکەم نیشانەکانی ئەم ئەلفبێ کوردییە دەستکاریکراوە، لە ڕۆژنامەی کوردستان، کە لە سەرەوە باس کرا، و لە وەرگێڕانێکی ئینجیلدا، کە لە ساڵی 1905دا کراوە، وەدی دەکرێت. ئیدی لە سالانی 1930 ـەکان بەملاوە، گەشەی پێ درا و بەم شێوەیەی ئێستای لەو بیرازە زمانەوانییەوە، کە پاش ئەوەی قاسم لە 1958دا دەسەڵاتی گرتەدەست، جێی خۆی گرت. تەنانەت لە ئێرانیش دوای ئەوە ئیدی دەستکرا بە بەکاربردنی ئەم ئەلفبێ عەرەبییە دەستکاریکراوە. لەوێ زمانێکی نووسین بەکار دەبرێت، کە نێزیکی سۆرانییە و لە زاراوەی موکرییەوە سەرهەڵدەدات و لەگەڵ هەندێک سرشتی زاراوەی سلێمانیدا تێکەڵ دەکرێت. بەڵام لە کات و ماوەی کورتدا، بەتایبەت لە سەردەمی ئەوەی، کە بە "کۆماری مەهاباد" ناو دەبرێت لە سالانی 1945-1946دا، زمانی کوردی بەشێوەیەکی برێک فراوان لە ئێران پێی بڵاو کرایەوە.

**ڕەوشی ئەمڕۆی زمانی کوردی:**

بە شێوەیەکی زۆر لەبەرچاو و دیار، ڕەوشی زمانی کوردی، بەهۆی ئەو بارە سیاسییەوە، کە کۆمەڵانێکی زۆری کوردی تەنگاوی ئاوارەیی کردووە، زێتر سەخت و ئاڵۆز دێتە بەرچاو. لەبەر ئەوەی پڕانی ئەو کوردە ئاوارانە لە ڕووی سیاسی و فەرهەنگییەوە چالاکن، ژمارەیەکی زۆری کتێب و گۆڤار بە زمانی کوردی، لە گەلێک لە وڵاتانی ئەورووپای ڕۆژاوا و لەنێو ئەوانیشدا لە سکەندیناڤیا، پەخش دەکرێنەوە. بێگومان لەبەر هۆی پراکتیکی و نەتەوەیی، هەوڵدان و بۆچوونی لەو جۆرە، کە هەموو جۆرە زمانە نووسینەکان لەگەڵ یەکدا بەکار ببرێن، بۆ ئەوەی لە داهاتوودا ئەوانە لە زمانێکی ستانداردی کوردیدا یەک خرێن، هەن. بەو نموونانەی سەرەوە من هەوڵمدا ئەوە پێشان بدەم، کە فراژووتنی زمانێکی نووسینی لەو جۆرە، پرۆسێسێکە، زۆر شت، هەم ئەو شتگەلەی کە پێوەندیان بە زمانەوە هەیە، و هەم ئەو شتگەلەی کە پێوەندیان بە زمانەوە نییە، دەگرێتەوە. هەر بەکاربردنی سێ جۆرە ئەلفبێی جیاواز بۆخۆی،

گیروگرفتی پراکتیکی دێنێته پێشەوە. ئەوەی ئێستا لەبەرچاوە ئەوەیە، کە ڕەنگە کەس لەنێو هیچ یەکێک لەو وڵاتانەی، ئەو ئەلفبێ عەرەبی، لاتینی و کریلیکییەی تێدا بەکار دەبرێن، ئامادەی ئەوە نەبێت، دەستبەرداری ئەلفبێی تایبەتی خۆی ببێت. هەروەها پێکهاتن لەسەر یەک ئەلفبێ، لەسەر حیسابی ئەوانی دیکە، لە تاراوگەیش، کارێکی سەختە، ئەگەر هەر نەکردە نەبێت. هەرچی جیاوازییە زمانەوانییەکانە، کە لەنێوان هەردوو زاراوە سەرەکییەکاندا، کرمانجی و سۆرانی، هەن، ئەوانە ئەمڕۆ هێندە گەورەن، کە بێگومان بۆ نێزیککردنەوەیان لە یەکدی، کارێکی یەکجار دووردرێژ و ئاگایانەی دەوێت. بۆ وەدیهێنانی شتێکی لەو بابەتە، دەسەڵاتێکی نێوەندەکی پێویست دەکات، کە لە سەرووی بەشبەشی و دەڤەردەڤەرییەوە بوەستێ و بۆ ماوەیەکی دووردرێژ بەردەوامی و نوێنەرایەتی خەڵکی هەبێت (یا ئامرازی دەسەڵاتی ئەوەی هەبێت، کە بەرژەوەندی لایەک بەسەر لایەکانی دیکەدا بدات). لە کاتی نەبوونی وەها دەسەڵاتێکدا، ڕەنگە لەبارترین ڕێگە ئەوە بێت، ئاگایانە هەوڵ بدرێت بۆ تێگەیشتنێکی زێتر لەنێوان زاراوەکاندا، بۆ نموونە بەهۆی ئەوەی، کە ڕێگە بە هەموو زاراوە جیاوازەکان و شێوەکانی نووسین بدرێت، کە پێکەوە لە چاپەمەنی، خوێندن و وانەگوتنەوە، شانۆ، پەخشی ڕادیۆ و شتگەلی دیکەدا، پێکڤە بڵاو ببنەوە و پێشان بدرێن و ئەمەش شتێکە، کە بێگومان کوردەکان بۆ خۆیان دەبێ خەریکی بن و هەوڵی بۆ بدەن. ئێمەی سکەندیناڤیایی ئەگەر "نووردیزم"ی خۆمان بە مەبەست و ئاگاییەوە ئەنجام دابا، لەوانە بوو ئێستا لەبارەی ئەم جۆرە گونجاندنە فەرهەنگییانەوە پترمان زانیبا. کە حاڵ وەک ئەمڕۆ بێت، ئەوا ئێمە لەم بارەوە هیچ شتێکمان نییە،خەڵک لێمانەوە فێر بن.

***سەرچاوە:***


***Utas, Bo, Kurdiska dialekter och skriftspråk, Svensk-kurdisk journal, 2, 1986,ss 8-10.***


**** پرۆفیسسۆر بوو ئوتاس، سەرۆکی بەشی ئێرانناسییە، لە ئەنیستیتووی زمانانی ئەفریقایی- ئاسیایی، لە زانستگەی ئوپسالا لە سوێد. ئەم گوتارەش لە بەهاری 1987دا کراوەتە کوردی. (وەرگێڕ).***

## نێوەرۆک

ـ دەسپێک........................................................................................................ 5
ـ گیروگرفتی ئەلفبێ و دیالێکت لە زمانی کوردیدا و چەند سەرنجێک ........ 17
ـ زمانی یەکگرتووی کوردی، گەلێک لە دەوڵەتی کوردی، پێویستترە .......... 57
ـ پاشخانێکی "پەلکەزێڕینە" و پرۆژەی کتێبی خوێندنی کوردیی زارۆکان ....... 77
ـ ئەلفبێی لاتینی و زمانی ستاندارد ................................................................... 93
ـ زمانی ستاندارد بە زۆری و کەمی خەڵکەکە نییە، کە قسەی پێدەکەن... 147
ـ زاراوە کوردییەکان و زمانی نووسین .......................................................... 153